# پرسەکانی مۆدێرنیزم

# پرسەكانی مۆدێرنیزم

**(ژان بودریار، تۆنی پیكنی، كریشان كۆمار، راجێر سكراتۆن، ماڵكۆم برادبوری، جەیمز مەك فارلەن، ئانتۆنی گیدێنز، یەدۆڵلا موەقێن، بابەك ئەحمەدی و دەیڤید هێڵد)**

**وەرگێڕانی**

**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**



**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانكۆی سەلاحەددین و دەزگای موكریانی**

**١**

ناوی كتێب: **پرسەكانی مۆدێرنیزم**

نووسینی: **كۆمەڵێك نووسەر**

وەرگێڕانی: **ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی كاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موكریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال ڕواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٣٢)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەكەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٣٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

# پێرست


مۆدێرنیته........................................................ ٧
دەلاقەیەك بە سەر پێناسەی مۆدێرنیزم............................ ٢٧
مۆدێرنیته وبەكارهێنانه واتاییەكانی.............................. ٥٥
مۆدێرنیته و مۆدێرنیزم...................................... ٦١
ناو و خەسڵەتی مۆدێرنیزم..................................... ٧٣
ئایا مۆدێرنیته پرۆژەیەكی رۆژئاواییه.............................. ١٣١
لۆكاچ و مۆدێرنیزم........................................... ١٣٩
مۆدێرنیزم و پرسه نوێیەكان.................................. ١٥٧
مۆدێرنیته و قەیران............................................. ١٧٣
له مۆدێرنیتەوه بۆ پۆست مۆدێرنیته............................ ٢٤٣
جوگرافیای مۆدێرنیزم...................................... ٢٥٧

# مۆدێرنیته

**ژان بودریار**

مۆدێرنیته نه چەمکێکی کۆمەڵناسانەیە و نە چەمکێکی سیاسی و نە چەمکێکی تەواو مێژوویی. مۆدێرنیتە تایبەتمەندیی شارستانییە. تایبەتمەندییەك لە هەمبەر سوننەتدا، واتە لەبەرامبەر هەموو کولتوورە سوننەتییەکان یان کولتوورەکانی پێش خۆی رادەوەستێ. مۆدێرنیتە لە بەراورد لەگەڵ چەند جۆریی جوگرافیی و سیمبولێکی کولتووریی سوونەتیدا، خۆی وەکو یەکێتییەکی هاوڕەگەز لە سەرانسەریی جیهاندا دەسەپێنێ کە لە رۆژئاواوە سەریهەڵداوە. بەم حاڵە وەك چەمکێکی نارەسەن دەمێنێتەوە کە لە سۆنگەیەکی جیهانییەوە، نیشاندەری هەموو چەشنە کامڵبوون و گۆڕانە لە شێوەی ئەندێشەدا.

مۆدێرنیتە وەکو لاکدراوێکی ئاڵۆز لە ئوستوورەو راستەقینە، لە هەر بوارێکدا مانایەکی تایبەت بە خۆی هەیە: دەوڵەتی نوێ، تەکنیکی نوێ، مۆسیقای مۆدێرن، شێوەکاریی نوێ، هەر کام لەوانە وەکو دیمەنێك لە بابەتێکی گشتی و پێویستییەکی کولتووریی خۆ دەردەخەن. مۆدێرنیتە کە بەرهەمی بەشێك لە راپەڕینە قووڵەکانی نێو رێکخراوی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە، لە ئاستی ئاکار و شێوەی ژیان و رۆژانەدا هەست پێدەکرێ و تا ئەو شوێنە پەل دەهاوێ کە تەنانەت دەتوانین بە کاریکاتێرێك لە خۆی دابنێین. مۆدێرنیتە هەمیشە لە فۆڕم، ناوەڕۆك، لە زەمان و پانتادا، لە حاڵی گۆڕانێکی ئاسمانی



دایە و وەکو ئوستوورە تەنیا وەکو سیستەمێك لە بایەخەکان نەگۆرە و بەرەو پاش نییە. لەم مانایەدا دەبێ بە پیتی گەورە بنووسرێ (Modernity) و لەم سۆنگەیەوە لە سوننەت (Tradition) دەچێ.

لەو رووەوە کە مۆدێرنیتە چەمکێکی شرۆڤەیی نییە، یاسایەکیشی بۆ نادۆزرێتەوە، تەنیا دەتوانرێ خەسڵەتگەلاکی بۆ وەبەرچاو بگرین. هیچ تیۆرێکی تایبەتیشی بۆ نەنووسراوە، تەنیا لۆژیکێك لە مۆدێرنیتە وێنا کراوە و هەروەها ئایدیالۆژییەکیشی خراوەتە پاڵ. مۆدێرنیتە وەکو ئەخلاقی یاسامەندی گۆڕانکاریی، دەست دەکا بە دژایەتی لەگەڵ ئەخلاقیی یاسامەندی سوننەت. بەم حاڵە مۆدێرنیتە هەر بە هەمان رادە لە بەرامبەر گۆڕانکارییە بنچینەییەکاندا وریا و نیگەرانە. لە راستیدا مۆدێرنیتە **"سوننەتی نوێ"**یە (بە وتەی هارۆڵد روزنبێرگ) و ئەگەرچی لەگەڵ قەیرانی مێژوویی و پێکهاتەییدا پێوەندیی هەیە، بەڵام تەنیا نیشانەی ئەو نەخۆشییە. قەیران شرۆڤە ناکا، بەڵکو بە شێوەیەکی نارِوون ئاراستەی دەکا: بەردەوام لە قەیران رادەکا. لە راستیدا مۆدێرنیتە وەکو هێزێکی کە ئارِمانج پەروەردە دەکا و ئایدیالۆژییەکی بنچینەیی، دژایەتییە مێژووییەکان دەردەخا و دەیانکاتە دەرهاویشتەی شارستانییەت. قەیران دەکات بە بایەخ، واتە ئەخلاقێکی دژواز.

بەمجۆرە مۆدێرنیتە وەکو تیۆرێك کە سەرلەبەریی شارستانییەتێك خۆی تێدا دەناسێتەوە، کاردانەوەیەکی کولتووریی دارِێژراو وەئەستۆ دەگرێ و بە دزییەوە لەگەڵ سوننەت رێکدەکەوێ.

## سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە

مێژووی ئاوڵناویی **"مۆدێرن"** لە وشەیی مۆدێرنیتە کۆنترە. لە هەموو بوارێکی کولتوورییدا **"کۆن"** و **"مۆدێرن"** دوابەدوای یەك لەکارکراون و واتاشیان هەبووە، بەڵام مۆدێرنیتەیەکی جیهانگیر بوونی نییە، بە واتایەکی دیکە پێکهاتەیەکی مێژوویی و باس هەڵگر بۆگۆڕان و قەیران لە ئارادا نییە. وەها پێکهاتەیەك تەنیا لە ئەوروپای پاش سەدەی شازدەدا دەبیندرێ و تەنیا لە سەدەی نۆزدەدا دەتوانین مانایەکی کامڵی بۆ وەبەرچاو بگرین.

## ڕێنێسانس

لە کتێبی وانەی قوتابخانەکاندا، "سەردەمی نوێ ( Les Temps Modernes)" بە دوای سەدەکانی ناڤیندا دێ، واتە لە کاتی دۆزینەوەی ئەمریکا لە لایەن **کریستۆف کۆلۆمبەوە** (١٤٩٢) هەتا دواتر. داهێنانی دەزگای چاپ و دۆزینەوەکانی گالیلە دەبنە دەستپێکی هیومانیزمیی ڕێنێسانسی مۆدێرن. لە بواری هونەر و بەتایبەتی ئەدەبیاتدا ـ لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە ـ مشتومڕ لە نێوان **"کۆنەخوازان"** و **"نوێخوازان"**دا ساز دەبێ و بەوپەڕی خۆی دەگا. دووبەرەکی نانەوەی قووڵی مۆدێرنیتە هەرێمی ئایینیش دەگرێتەوە: **ڕیفۆرماسیون** (لوتەر لە ٣١یی ئۆکتۆبەریی ١٥١٧دا لە ڤینبێرگ نەوەد و پێنج تێزیی خۆی وەك دژایەتی لەگەڵ لێبوردەیی پاش تۆبەکردن {the indulgences} ئاراستە دەکا) و پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی **پرۆتستان** دەپچڕێ و هەروەها ئەو دەرەنجامانەیی کە تووشی دنیای کاتولیك دەبێ ( کۆنسول تێرنێت ١٥٥٢- ١٥٥١، ١٥٤٩- ١٥٤٥، ١٥٦٣- ١٥٦٢). کەنیسەی کاتولیك لە سەرەتاکانی سەدەی شازدە بەخێرایی هەوڵ دەدا لە خۆیدا چاکسازیی بکا و دەیەوێ بە کۆمەڵگایەکی مەسیحیی، مۆدێرن کە ڕووەو



جیهان و پەرەپێدەرە بگات. ڕەنگە ئەمە روونی بکاتەوە کە بۆچی وشەی مۆدێرنیتە زیاتر و بە شێوەیەکی باو لە وڵاتانی خاوەن دابونەریتی ڕۆمیدا جێی خۆش کرد و قبووڵ کرا، ئەگەرچی لەم وڵاتانەدا سوونەتە ناوبراوەکان وردە وردە نۆژەن کرانەوە. لە ڕاستیدا وشەی مۆدێرنیتە تەنیا لەو وڵاتانەی کە پێشینەی درێژخایەنی سوونەتییان هەیە واتایەکی بەهێزی دەبێ. بۆ نمونە، لە وڵاتێکی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە سوونەت یان سەدەی ناڤینی نەبووە، وێدەچێ باسکردن لە مۆدێرنیتە بێجێ بێت. بە پێچەوانە، مۆدێرنسازیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە کولتووری بەهێزی سوونەتییان هەیە ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی دەبێ.

لەو وڵاتانەدا کە لە ژێر کاریگەریی ڕێنێسانسی کاتولیکی دابوون، پێوەندیی مرۆڤخوازیی ڕۆژانە و سیکولار لەگەڵ دابونەرییت پەرستیی زەمینیتری فۆرم و نەریتی کاتولیکی، زۆر باشتر لە یەکگرتوویی ویشکی ئەقڵخوازیی لەگەڵ ئەخلاقخوازیی نێو کولتووریی پرۆتستاندا بۆی هەیە خۆی لەگەڵ ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی ژیان بگونجێنێ کە هۆکاری گەشەی مۆدێرنیتەن.

مۆدێرنیتە تەنیا ڕاستەقینەیەك نییە کە پێوەندیی هەبێ بە گەشەی خێرای تەکنیکی و زانستی و سیاسیی دوای سەدەی شازدە، بەڵکو بە کایەی نیشانەکان، دابونەریت و ئەو کولتوورانەش دادەنرێ کە ئەم گۆڕانە پێکهاتەیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی دابونەریتی ئایینی و پێگەی کۆمەڵایەتی.

## سەدەکانی حەڤدە و هەژدە

لە ماوەی سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا بنچینە فەلسەفی و سیاسییەکانی مۆدێرنیتە دارێژران. ئەم بنچینانە بریتی بوون لە: ئەندێشەی تێکخوازانە و مۆدێرنی **ڕاسیۆنالیزم** کە **دیکارت** و فەلسەفەی ڕۆشنگەریی نوێنەرەکانیان

بوون، دەوڵەتی پاشایەتی لەگەڵ تەکنیکە ئیدارییەکانی کە بە دوایی سیستەمی فیۆدالیدا سەقامگیر بوو، داڕێژرانی زانستی فیزیکی و سروشتی کە بوونە هۆی دەرکەوتنی یەکەم بەرهەمەکانی تەکنۆلۆژیی بەکارهێنەر (ئەنسکلۆپیدیای دیدرو). لە روانگەی کولتوورییەوە، لەم سەردەمەدا هونەر و زانستەکان بە تەواویی لە ژێر دەسەڵاتی ئایین هاتنە رزگار بوون. مشتومڕ و ناکۆکیی نێوان **کۆنەخواز** و **نوێخواز** (مۆدێرنەکان) لە سەرانسەری ئەم سەردەمەدا درێژەیی هەبوو: لە نووسینەکانی **پێرەڤ** ((Perravt و **فۆنتێنیل** (Fontenelle)ەوە (سەبارەت بە کۆنەخوازان و نوێخوازان، ١٦٨٨) کە یاسایەکیان بۆ گەشە و پێشکەوتنی رۆحی ئینسانی هەڵدەوێنجا، هەتا دەگاتە **رۆسۆ** (وتارێك سەبارەت بە مۆسیقای مۆدێرن، ١٧٥٠) و **ستاندال** (راسین و شکسپیر، ١٨٢٣) کە قوتابخانەی رۆمانتیزمی وەکو مۆدێرنیزمێکی رادیکال ناساند و نێوەڕۆکەکەی کردە ئاکاری رۆژانە و بابەتی وەرگیراو لە مێژووی نەتەوەیی. ئەم ناکۆکییە ناسێنەری بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە کە لە دەرەوەی هەرچەشنە رێنێسانس یان لاساییکردنەوەدا درێژەی دەبێ. بەمحاڵە مۆدێرنیتە هێشتا نەبۆتە شێوازێکی ژیان (وشەکانیشیی هێشتا لەو سەردەمەدا وەبەرچاو نایەن)، بەڵام بۆتە بۆچوونێك (بە مانای پێشکەوتن). وشەی مۆدێرنیتە لە سەردەمایەکدا لایەنێکی بۆرژوا ـ لیبراڵیی وەخۆگرتووە کە دواتریش لە روانگەی ئایدیالۆژیکییەوە نیشانەکانی دەمێنێتەوە.



## شۆڕشی پیشەکاریی و سەدەی بیست

شۆڕشی ١٧٨٩، دەوڵەتی مۆدێرن، جێگیر، دیموکراتیك و بورژوا و میللەت، لەگەڵ سیستەمی یاسامەند و رێکخراوی سیاسی و بوروکراتییەکەی سەقامگیر کرد.

پێشکەوتنی هەمیشەیی زانست و تەکنیك، دابەشکرانی لۆژیکیی کاری پیشەیی، بووە هۆی سەرهەڵدانی رەهەندێکی نوێتر لە گۆڕانی هەمیشەیی و رماندنی داب و نەریت و کولتووری سوونەتی لە گۆرەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. هاوکات دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی **کاریش** بووە هۆی دروستبوونی کەلەبەرێکی سیاسیی قووڵ لە بواری بەربەرەکانێی کۆمەڵایەتی و دژایەتیی کە لە سەرانسەری سەدەکانی نۆزدە و بیستدا درێژەی هەبوو. بێجگەلە ئەم دوو لایەنە سەرەکییە، زۆربوونی جەماوەر و شارنشینی و گەشەی دێوئاسای ئامرازی پێوەندیی و زانیاریی، بە دڵنیاییەوە مۆدێرنیتەی وەکو ئاکاری کۆمەڵایەتی و شێوەیەك لە ژیان کە نەتەنیا لەگەڵ گۆڕان و تازەگەریی، بەڵکو لەگەڵ دڵەڕاوکێ، بێ ئۆقرەیی، جووڵانەوەی هەمیشەیی و زەینییەتی بگۆڕ، تێکهەڵچوون و قەیرانیشدا پێوەندیی تۆکمەی هەیە و هەروەها وەکو نموونە یان ئوستوورەیەکی ئاڕمانجیی نیشانی دا. لەم بوارەدا مێژووی دەرکەوتی خودی وشەکە (تیوفییل گوتیە، بودلار، دەوروبەریی ساڵیی ١٨٥٠) گرینگە، چونکە لەم سەردەمەدا کۆمەڵگایەکی مۆدێرن هەست بە بوونی خۆی دەکا و وەکو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بیر لە خۆی دەکاتەوە. بەم شێوەیە مۆدێرنیتە دەبێتە بەهایەکی بان دەست، نموونەیەکی کولتووریی و چەشنێك ئەخلاق، دەبێتە ئوستوورەیەکی سەرچاوەیی کە لە هەموو شوێنێکەوە حازرە و دەتوانێ تا رادەیەك پێکهاتە مێژووییەکان و دژایەتییە پێکهێنەرەکانی بشارێتەوە.

## لۆژیکی مۆدێرنیته

### چەمکی تەکنیکی ـ زانستی

گەشەی بەرفراوانی زانست و تەکنیك بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواتردا گەشەی ئەقڵ خوازانە و سیستماتیکی ئامرازی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبەرایەتی و رێکخستنیان، چاخی مۆدێرنیتەی بە چاخی پشکوتنی بەرهەمهێنان ناودێر کردووە: زیاتربوونی کاری مرۆڤ و زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدا، کە هەرکیان بۆ ئاستی بەرهەمهێنەری هێز و خشتەی پسپۆڕیی و ئەوپەڕی کاردانەوەی بەرهەمهێنان دابەزیون. ئەمە تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان نەتەوە مۆدێرنەکانە. تەنانەت ئەگەر ئەم "**شۆڕش**"ەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ژیانیان نەگۆڕیبێ، چونکە تا رادەیەك دەستی لە پێوەندیی بەرهەمهێنان و پێوەندیی کۆمەڵایەتی نەداوە، لانیکەم دەبێ قبووڵی بکەین، کە هەلومەرجی ژیانی لە بەرەیەکەوە هەتا بەرەیەکی تر گۆڕیوە. ئەمڕۆکە ئەم شۆڕشە بۆتە هۆی گۆڕانێکی قووڵ لە مۆدێرنیتەدا: تێپەڕین لە شارستانییەتی کار و پێشکەوتوویی، گەیشتن بە شارستانییەتی بەکارهێنان و گەشتوگوزار کردن.

بەڵام ئەم گۆڕانە رادیکاڵ (بنچینەیی) نییە، چونکە مەبەستی بەرهەمخوازانەی کۆمەڵگا ناگۆڕێ. زەمان هەروا لە رووی سەعاتەوە دابەش دەکرێ و پێویستیی **ئایندەخواز** و لە سەر تەوەری کاردانەوە هەروا وەکو تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ئەخلاقی مۆدێرنی کۆمەڵگای بەرهەمهێنەر ماونەتەوە.



### چەمکی سیاسی

سەڵتبوونی دوڵەتی سیاسی خۆی لە خۆیدا تەنیا هی سەردەمی نوێیە (Temps Modernes)، لەبەر ئەوەی سەڵتبوونی ژیانی تایبەتیی پێوەندیی هەیە بە چاخی نوێ و هیچی دیکە... لە سەدەکانی ناڤیندا ژیانی خەڵك و ژیانی دەوڵەت یەکێکن: مرۆڤ بنەڕەتی راستەقینەی دەوڵەتە... لە سەردەمی نوێدا دوو جۆریی سەڵتبوون دژایەتیی رەنگدانەوەی سەڵتبوونە "(مارکس، رەخنە لە سەر فەلسەفەی دەوڵەتی هێگل).

لە راستیدا هاتنەئارای سەڵتبوونی دەوڵەت لە ژێر هێمای یاسای بنەڕەتیی، و پلەی رواڵەتیی تاك لە ژێر هێمای مڵکایەتی تایبەتیی، پێکهاتەی سیاسی مۆدێرنیتە دادەڕێژن. لەم سەڵتبوونەدا راسیۆنالیزمی (بوروکراتیك)یی دەوڵەت و قازانجی تایبەتیی و وشیاریی تایبەتیی بە شێوەی یەکترخواز کۆ دەبنەوە. ئەم دوو جۆرییە کۆتایی کاریی هەموو سیستەمەکانی پێشوو رادەگەیەنێ، واتە ئەو سیستەمانەی کە تێیاندا ژیانی سیاسی بە شێوەی ریزبوونێکی رێکخراو لە پێوەندییە شەخسییەکان دەناسێندرا. دەسەڵاتی دەوڵەتی بوروکراتیك تەنیا بە هۆی پێشکەوتوویی مۆدێرنیتەوە گەشەی کردووە. مۆدێرنیتە کە لەگەڵ بەرفراوانیی ئابووریی سیاسی و باقی سیستەمە رێکخراوەییەکان پێوەندییەکی نزیکی هەیە، سەرلەبەری ژیان دەگرێتەوە. دەبێتە هۆی و جووڵەخستنی ئەوان و بە قازانجی خۆی رێکیان دەخا و بە پێی تێگەیینی خۆی دێت بە شێوەیەکی ئەقلانی مانایان دەکاتەوە و دواتر بە پێداگرییەوە لە بەرامبەر ئەم لایەنگرییانەدا رادەوەستێ (ژیانی عاتیفیی، زمانەکان و کولتووره سوونەتییەکان)، رەنگبێ بە شێوەی کاتی بە هەمیشەیی دابنرێ: هەرچۆنێك بێ رەنگە یەکێك لە رەهەندە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە (یان سەرەکیترین رەهەندەکەی)، واتە دەوڵەتی سەڵتی سەقامگیر کەوتبێتە نێو رەوتێك لە

خۆڕانەگریی. ناچارییەکانی دەسەڵاتخوازنەی دەوڵەت و توانەوەی بوروکراتیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکیی بێگومان قەیرانی قووڵ لەم هەرێمەدا دێنێتە ئاراوە.

## چەمکی دەرونزانی

بەپێچەوانەی رێککەوتنی گشتی لە چەشنی جادوویی، ئایینی و سیمبولیکیی نێو کۆمەڵگای سوننەتی (هاوبەش)، نیشانەی سەردەمی مۆدێرن دەرکەوتی تاکە بەو ئاستە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی، واتە وشیاریی سەربەخۆ، دەرونزانی و دژێیەتیی شەخسیی، بەرژەوەندیی تایبەتی و لە راستیدا ناوشیاربوون. هەرچی زیاتر تاك بکێشرێتە ناو تۆڕی پێوەندییە گشتی و رێکخراو و دامەزراوییەکان، لە کەسایەتی ئەودا (تاك) **لە خۆنامۆبوونی** مۆدێرن، سەڵتبوون، لەکیسدانی شوناسی خود لە کاتی کارکردن و پشووداندا و هەروەها نەتوانین لە پێوەندیگرتن و شتیتریش زێدەتر دەبێ، لەبەرامبەردا سیستەمێکی کامڵی گەیشتن بە کەسایەتیی لە رێگەی شت و نیشانەکان، قەرەبووی کەمووکورییە ناوبراوەکان وەئەستۆ دەگرێ.

## مۆدێرنیتە و زەمان

زەمانمەندیی مۆدێرن لە سەرجەم رەهەندەکاندا تایبەتە:

**لایەنی ساتژمێر:** ئەمە کاتێکە کە دەپێورێ و تاك بەو هۆیەوە چالاکییەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. ئەم زەمانە سەڵتە وەکو ئەوەی کە دابەشکردنی کار و ژیانی کۆمەڵایەتیی زەق دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ



پێویستبوونی لایەنی **داهێنرانە** و دێتە شوێنی ریتمەکانی کارکردن و جێژنەکان. زەمانمەندیی بوروکراتیك تەنانەت کاتی **"دەست ئاواڵەیی"** و گەمەکانیش رێکدەخات.

**لایەنی هێڵیی:** زەمانی **"مۆدێرن"** ئیتر سەردەمێك (cyclical) نییە، بەڵکو بە پێی هێڵی **رابوردوو ـ ئێستا ـ داهاتوو** و سەرچاوە و کۆتایی تێگەیینێکی دیاریکراوەوە گەشە دەکا. وێدەچێ کە **"سوننەت"** جەختی کردبێتە سەر رابوردوو و مۆدێرنیتەش لە سەر داهاتوو، بەڵام لە راستیدا تەنیا مۆدێرنیتەیە کە رابوردوویەك (سەردەمێکی تێپەڕکراو) نیشان دەدا و لە هەمان چاخدا دیمەنی داهاتوویەك بە پێی دیالێکتیکی گونجاو دەردەخا.

**لایەنی مێژوویی:** بەتایبەتی لە هێگلەوە و بەرەو دواتر مێژوو دەبێتە لایەنی زاڵی مۆدێرنیتە. لە هەمان حاڵدا مێژوو، چونکە گۆڕانی راستەقینەی کۆمەڵگا و سەرچاوەیەکی باندەستە کە تەنیا بۆ ساتێك دەرفەتی ئەوە بە خۆی دەدا کە بڕوانێتە دوائەنجامی خۆی.

مۆدێرنیتە وەکو **زنجیرەیەکی شایانی هەڵسەنگاندن و شیاوی** نەگەڕاوەو **ساتژمێرانە یان بوونێکی دیالێکتیك**، ریتمی ئاهەنگێکی تەواو نوێی بۆ خۆی وەرێخستووە. ئەمە سیمایەکی زۆر گرینگی مۆدێرنیتە و وێنەیەکە لە دژایەتییەکانی. بەڵام لە ناخی ئەم سەردەمەدا کە ناڕوونە، هیچ چەشنە تاهەتایەکی تێدا بەدی ناکرێ. شتێك مۆدێرنیتە جیاواز دەکا ئەوەیە کە دەیەوێ هەمیشە بە شێوەی هاوچەرخ بمێنێتەوە، واتە بە دوای هاوکاتییەکی (Simultaneity) جیهانییەوەیە. بەجۆرە مۆدێرنیتە ئەگەرچی لە سەرەتادا ئیمتیاز و گرینگیدا بە رەهەندی پێشکەوتوویی و داهاتوو، بەڵام ئەمڕۆکە وێدەچێ کە هەرچی زیاتر لەگەڵ زەمانی هەنووکە و ئەم ئێستا و ژیانی رۆژانە پێوەندیی هەبێ، واتە راست بەپێچەوانەی بەردەوامیی (duree) مێژوویی.

## گوتاری مۆدێرنیتە

### داهێنان و پێشەنگ

مۆدێرنیتە لە بواری کردەی کولتوور و نەریت، لە دژایەتی فۆڕمیی، هەروەها لە پێوەندیی بنچینەیی لەگەڵ ناوەندخوازێتی بوروکراتیك و سیاسی لە هاوڕەگەزکردنی فۆڕمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە هۆی ستایشکردنی زەینی قووڵ، تامەزرۆیی، رەسەنایەتی، تاکانەبوون، بابەتی بگۆڕ، مەزنیی وەسف نەبوو، واتە بە کورتی بە وەژێرخستنی یاساکانی تێکرووخانی ناخیی وشیارانە یان ناوشیارانەی کەسایەتی، دەردەکەوێ.

"**شێوەکاری ژیانی مۆدێرن**" لە نووسینی **بودلار** وەکو پردێك کە رۆمانتیسیزم و مۆدێرنیتەی هاوچەرخ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەسپێکی جووڵە بۆ گەڕان بە دوای "**هەموو ئەوانەی کە نوێن**" رادەگەیەنێ، بۆ ئەم سەرگەردانییەی بابەتی زەینیی: "هاهانێ، خەریکە رادەکا، خەریکە، دەگەڕێ، بەدوای چیدا دەگەڕێ؟ بەدڵنیاییەوە ئەم پیاوە، بەوجۆرەی کە من وێنەم کێشاوە، ئەم مرۆڤە گۆشەگیرە بەهێزی وێناکردنی ئاوا بەهێزەوە کە خەریکە لەم سەرەوە تا ئەوسەری قاقڕ بە سەر مرۆڤەکاندا هەنگاو هەڵدێنێتەوە، بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێ کە ئێمە دەتوانین پێی بڵێین مۆدێرنیتە".

مۆدێرنیتە لە گشت ئاستەکاندا گەشەونشە دەدات بە جوانیناسیی دابڕان، داهێنانی تاکی و تازەگەریی تۆمارکراو بە دەستی دیاردەی کۆمەڵناسانەی پێشەنگ (چ لە بواری کولتووریی و چ لە بواری مۆددا)، نیشانەیەکی دیکە خاپوورکردنی هەرچی بەرفرەتری فۆڕمە سوونەتییەکانە (شێوازە ئەدەبییەکان، یاسا هارمۆنییەکان لە مۆسیقادا، یاساکانی پرێسپێکتیڤ و نواندنەوە لە شێوەکاریدا، ئاکادیمیزم، و بە گشتی ئۆتۆریتە و رەوایی بوون نموونەیی وەرگیراو لە بواری مۆد، پێوەندیی جنسی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی).



### کەرەستەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی، مۆد و کولتووریی گشتی

ئەم لایەنگرییە بنەڕەتییە بەتایبەتی لە سەدەی بیست بە دواوە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پیشەکاریی کەرەستە کولتوورییەکان و بەشداریکردنی مەزنی کەرەستەکانی پێوەندیی گشتی (چاپەمەنی، سینەما، رادیۆ، تەلەڤیزیۆن و پڕوپاگەندە) چالاکیی هەبووە. ناجێگیربوونی فۆڕم و ناوەڕۆك خێرا بوو، بە چەشنێ کە پێشبینی شۆڕشەکان لە شێواز و مۆد و نڤیسار و نەریتی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام نادرێ. بەمجۆرە مۆدێرنیتە بە بنچینەکردنی خۆی لە گۆڕانێکی پرسپێکتیڤ، لە جووڵەی کامێرایەکی بەردەوام بگۆڕ، واتا دەگۆڕێت، بەچەشنێ کە نەختە نەختە سەرلەبەری بایەخی گەورەی پێشکەوتن کە لە سەرەتادا بناغەکەی پێك دەهێنا لە ناودەچێ هەتا مۆدێرنیتە هەرچی زیاتر بەرەو جوانیناسییەك بڕوا کە گۆڕان تەنیا لەبەر گۆڕان پەسند دەکات. لە راستیدا مۆدێرنیتە بە سەڵتکردنی خۆی و دۆزینەوەی چەشنێك Rhetoric ی نوێ دەکەوێتە نێو یارییەك یان چەندین سیستەم لە نیشانەکان و لەئاکامدا تەنیا و تەنیا لەگەڵ مۆد دەگونجێ، مۆدێك کە لە هەمانکاتیشدا ئەنجام و مەبەستی مۆدێرنیتەشە.

هۆی ئەمەش ئەوەیە کە مۆدێرنیتە دەچێتە نێو رەوتێکی بازنەیی لە گۆڕانەکان کە لەوێدا گشت فۆڕمەکانی رابوردوو (کەوناری، فۆلکلۆریك، گوندی، نەریتی) گەوهەری خۆیان لەکیس داوە، بەڵام وەکو نیشانەگەلێك لە رەمزێك کە تێیدا سوونەت و نوێ (neo) کۆن و مۆدێرن، دەبنە هاومانای یەکتر و بەنۆرە چالاك دەبن، بۆتە ئارمانج. ئیتر مۆدێرنیتە بە هیچ چەشنێ هەڵگری بایەخی دابڕان نییە، بەڵکو چەمکێکە کە خۆی لە بەشە بچووکە بەجێماوەکانی گشت کولتوورەکانەوە رێچکە دەبەستێ، راست بەو چەشنە کە لە توانا و ئامرازە تەکنیکییەکانی خۆی یان لە ناڕوونیی گشت بایەخەکان کەڵك وەردەگرێ.

## سوونەت و مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگاکانی دنیای سێهەمدا

### خاپووربوون و گۆڕان

تایبەتمەندیی جیاوازەکان، پاژە پێکهێنەرەکان، پرس و دژایەتییەکانی مۆدێرنیتە لە شوێنێکدا بەهەموو هێزییەوە دێتە ئاراوە کە لەوێدا کاریگەریی مێژوویی و سیاسیی مۆدێرنیتە لە هەموو کاتێ توندوتیژتر بووە، واتە لە کۆمەڵگا عەشیرەییەکان یان سوونەتیی دەستبەسەرداگیراودا. **ئاپتەر** داگیرکار وەك **"هێزێکی مۆدێرن ـ کار"** و نموونەیەك دەناسێنێ کە لە ڕێگەیەوە بەمۆدێرنکردن فۆڕمێکی جیهانیی بە خۆیەوە گرتووە".[1]

سیستەمە کۆنترەکانی گۆڕینەوە، پاش هاتنەئارای پوول و بەرفرەبوونەوەی ئابووریی بازاڕیی، هەڵوەشانەوە. سیستەمە سوونەتییەکانی دەسەڵاتیش لە ژێر گوشاریی داگیرکار و دەزگا ئیدارییەکەی یان بوروکراسییە نوێیە خۆرسکەکانەوە وەلانراون.

هەرچۆنێك بێ غیابی شۆڕشێکی سیاسی و پیشەکاریی قووڵ، زۆرجاران تەکنیکیترین و هەناردەییترین لایەنەکانی مۆدێرنیتەن کە کۆمەڵگا ڕوو لە گەشەکان دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە: **بابەتە بەرهەمهێنراوە پیشەیی و دەکارکەرەکان و کەرەستەکانی پێوەندیی گشتی.** لە ڕاستیدا مۆدێرنیتە لە ماتریالبوونە تەکنیکییەکەیدا هەر لە سەرەتاوە وەك نمایشێك ئاراستەی ئەم کۆمەڵگایانە دەکرێ و کاریگەرییان لە سەر دادەنێ، نەك ئەوەی کە لە ڕێگەی ڕەوتێکی درێژخایەنەوە بێت و شوێن لەسەر بیرمەندی ئابووریی و سیاسیی تایبەتی ڕۆژئاوا دابنێ. هەرچۆنێ بێ ئەو تۆزەی کە بە هۆی تەقینەوەی مۆدێرنیتەوە لە سەر داوێنی ئەم وڵاتانەدا نیشتووە، دەرەنجامیی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە: خاپووربوونی شێوەی ژیانی خۆجێیی بەگوڕتر و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هێنانەئارای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان گورجتر دەکا.



### خۆڕاگریی و ئاوێتەبوون

بەم پێیە ئەگەر مۆدێرنیتە لە جیهانی سێیەمیشدا بە شێوەی دابڕان بێتە ئاراوە، لێکدانەوەی وردتر لە بواری مرۆڤناسیی سیاسیدا پاش شەڕی دووەمیی جیهانی ئەوە دەردەخا کە پرسەکان زۆر ئاڵۆزترن [2]. سیستەمی سوونەتیی (خێڵەکی، تیرەیی) لە بەرامبەر گۆڕاندا خۆڕاگریی کرد و پێکهاتە مۆدێرنەکان (ئیداریی، ئەخلاقیی، ئاینزایی) لەگەڵ ئەم هێزانە تێکەڵاو دەبن و مل بە سەیروسەمەرەترین سازانەکان دەدەن. مۆدێرنیتە هەمیشە لە زەمینەیەکی ئەوتۆدا و لە ڕێگەی دەرکەوتنەوەی سوونەتدا دێتە ئاراوە، بەڵام ئەمجارەیان سوونەتێکە کە واتای پارێزگاریکردن لە خۆی لەکیس داوە. **"فاوره"** تەنانەت باسی ئەوە دەکا کە چۆن جووتیارەکانی هەرێمی **ئوره** لە دووبارە وەڕێخستنەوەی مکانیزمە سیاسییە سوونەتییەکان بۆ دەربڕینی خواستەکانی خۆیان بۆ پێشکەوتن، کەڵکیان وەرگرت هەتا دژ بە خاو و خلیچکبوونی ئامراز و نیشانەکانی مۆدێرنیتە لە ناوچەی خۆیاندا ناڕەزایەتیی دەربڕن [3].

ئەمە زۆر گرینگە: خەڵکناسیی ڕوونتر لە مێژووی ئەورووپا ئەوە دەردەخا کە هەقیقەتی مۆدێرنیتە ئەمەیە کە مۆدێرنیتە قەت گۆڕانکاریی یان شۆڕشێکی بنچینەیی نییە، بەڵکو هەمیشە سەرقاڵە بە یارییەکی وردی کولتووریی لەگەڵ سوونەت و تەنیا لە باس و خواسێکدا تەواو دەردەکەوێ کە لەوێدا سوونەت و مۆدێرنیتە **بەکاوەخۆ**، لە ڕەوتێکی پێکهاتوو لە ئاوێتەبوون و سازاندا ڕووبەڕوویی یەکتر دەبنەوە. بەم پێیە ئەو لێکدانەوانەی پشت بە **"دیالێکتیکی دابڕان"** دەبەستن، دەبێ شوێنێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسەکە خۆش بکەن هەتا ڕوو لە گەشەبوونی ئاوێتەبوون بناسنەوە.

## ئایدیالۆژییەکان وەکو نیشانەگەلێك لە مۆدێرنیتە:

لێکدانەوەی کۆمەڵگا رزگاربووەکان لە ژێر چنگی چەوسێنەر پەردە لە سەر تێگەیشتنێکی روونی دیکە لە مۆدێرنیتە هەڵدەداتەوە: **ئایدیالۆژیی**. ئایدیالۆژییەکان (نەتەوەیی، کولتووریی یان سیاسی) هاوکات لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ژیانی خێڵی و مۆدێرنبوون سەریان هەڵدا. ئەم ئایدیالۆژیانە کە لە رۆژئاواوە هاتن و بە هۆی مەراسیم و بڕوا سوننەتییەکان زۆربوون و توانەوە، زیاتر لە ژێرخانی ئابووریی، بوونە گۆڕەپانی هاتنەئارای گۆڕانکاریی و دژایەتییەکان و شوێنی بازدانی بەها و رەفتارەکان. لێرەدا قسەی بێ ناوەڕۆکی مۆدێرنیتە زیاتر لەئارادایە کە بە گشت ناڕوونییەکانییەوە لە کۆمەڵگایەکدا دەردەکەوێ کە دواکەوتوویی و گەشەنەکردوویی راستەقینەیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە.

ئەم چەشنە وردبوونەوانە بۆ ئاراستەکردنی پێناسەیەك لە **ناسازەیی** مۆدێرنیتە بەکەڵکن. خاپووربوون و گۆڕانکاریی، هەروەها ناڕوونی، سازان و ئاوێتەبوون. لە راستیدا مۆدێرنیتە زیاتر لەوەی دیالێکتیکی بێت چەشنێك **ناسازەیە**. ئەگەر ئایدیالۆژیا چەمکێکی لە جۆری **"مۆدێرن"** بێت، ئەگەر ئایدیالۆژییەکان دەربڕینی مۆدێرنیتەن، بێگومان مۆدێرنیتەش بۆ خۆی تەنیا رەوتێکی بەرفرەی ئایدیالۆژیکە.



# ئایدیالۆژیی و مۆدێرنیتە

## پارێزکاریی لە رێی گۆڕانکارییەوە

بەمجۆرە گەشەونشەیی مۆدێرنیتە چ لە رۆژئاوا و چ لە دنیای سێهەمدا وەك ناوەندی هاتنەئارای دابڕان و وەك رێچارەیەکی سازشکارانە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەستوپێوەندییەکانی نەزم و سوننەتدا روودەدا. جووڵەیەکی کە مۆدێرنیتە لە گشت ئاستەکاندا بەدیی دێنێ (کۆمەڵایەتی، پیشەیی، جوگرافیی، زەماوەند، مۆد، ئازادیی سێکسی) تەنیا بەشێك لەو گۆڕانکارییە رێکدەخا کە سیستەمەکە قبوولێەتی، بێ ئەوەی لە بنەڕەتەوە بیگۆڕێت. **بالاندیە** سەبارەت بە وڵاتانی ئەفریقیای رەش دەڵێ: رووبەڕووبوونەوە سیاسییەکان لە گۆڕەپانێکی بەرفرەدا و لە رێی باس و گفتوگۆ سەبارەت بە سوننەت و مۆدێرنیزم خۆیان نیشان دەدەن و مۆدێرنیزم لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ ئەوان دەبێتە ئامراز نەك مەبەستی سەرەکی.[٤]
بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە لە وڵاتانی گەشەکردوودا مۆدێرنیتە هێزێك نییە کە جارێکی دیکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی بخوێنێتەوە، بەڵکو (لە یاریکردنەکەی لەگەڵ سوونەتدا) گۆرەپانێکە کە لەوێدا لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان هەڵدەکشێنە سەرخان هەتا بە دەمامکێك داپۆشرێن، شوێنێك کە تێیدا دیالێکتیکی واتای کۆمەڵایەتی لە کۆدەکانی ئاخافتن و ئوستوورەیی مۆدێرنیتەدا زەبریی لێدەکەوێ.

## ناڕوونی لە نواندن

گۆڕانکاریی پێکهاتەی سیاسی، ئابووریی، تەکنۆلۆژیك و دەروونناسییەکان، هۆکارە مێژووییە عەینییەکانی مۆدێرنیتەن. ئەوان بە

شێوەی ئۆتۆماتیکی مۆدێرنیتە پێکناهێنن. لە راستیدا مۆدێرنیتە وەك ڕەتکردنەوەی گشت ئەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییانە و یان لانیکەم وەك ڕەتکردنەوەی راڤەکردنەوەیان لە ژێر سەردێڕی شێوازی کولتووریی، شێوەی بیرکردنەوە، دەبێتە شێوەی ژیان و ڕۆژانەیی واتا.

مۆدێرنیتە شۆڕشی تەکنۆلۆژیك و زانست نییە، بەڵکو یاریی و تێکهەڵچوونی رواڵەتیی شۆڕشە لە گۆڕەپانی نواندنی ژیانی شەخسیی و کۆمەڵایەتی، لە لایەنی ڕۆژانەیی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، کەرەستە و ئامرازی ژیان، خۆشگوزەرانیی ناو ماڵ یان داگیرکردنی کەوندا. زانست و تەکنۆلوژیی هەر لە خۆیانەوە مۆدێرن نین، بەڵکو کاریگەرییەکانیان مۆدێرنن. مۆدێرنیتە ئەگەرچیی لەسەر بنەمای هاتنەئارای مێژووی زانست دارێژراوە، بەڵام تەنیا لە ئاستی ئوستوورەیی بوونی زانستدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

مۆدێرنیتە نە ئەقڵمەندیی وشیاریی تاکە و نە سەربەخۆییەکەیەتی، ئەگەرچیی هەر ئەم وشیارییە کە دایرشتووە. پاش تێپەڕکردنی گەشەی سەرکەوتووانەی ئازادیی و مافە تاکییەکان مۆدێرنیتە، ستایشکردنی کۆنەخوازیی وێنایەکە کە لە هەموو شوێنێکدا کەوتۆتە بەر هەڕەشەی هاوچەشن و یەکدەستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی: لە راستیدا مۆدێرنیتە وەگەڕخستنەوەی هەر ئەم زەینییەتە لەکیس چووەیە لە سیستەمێك لە "**بە شەخسیکردن**"ە و لەوێدا رواڵەتەکانی مۆد و ئارمانجە کۆنترۆڵکراوەکان دەوری سەرەکیی دەگێڕن.

مۆدێرنیتە دیالێکتییەکی مێژوو نییە، بەڵکو خودی رووداوە، نمایشی هەمیشەیی ساتی حازرە، گشتگیربوونی کورتەی ئەو هەولانەیە کە لە راگەیەنە گشتییەکانەوە بڵاودەبنەوە.

مۆدێرنیتە گۆڕانکاریی گشت بایەخەکان نییە، بەڵکو خاپوورکردنی گشت بایەخەکانی پێشووە بێ ئەوەی تێپەڕ کرابن، ناڕوونیی گشت بایەخەکانە لە ژێر



نسێی دارِشتێکی گشتگیردا. ئیتر چاکە یان خراپە بەرباس نین، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئێمە لەوپەڕی چاکە و خراپەوە نین (ڕەخنەی نیچە لە مۆدێنیتە).

مۆدێرنیتە شۆڕش نییە، ئەگەرچی لە شۆڕشەکان وەك تەگەرێك کە پێیی بڕوات، کەڵك وەردەگرێ (شۆڕشی پیشەکاریی، سیاسی، کۆمپیوتەریی، شۆڕشی خۆشگوزەرانی و تاد) و هەر بەوجۆرەی کە **لاوفێور** دەڵێ: مۆدێرنیتە "نسێی شۆڕشی دۆڕاوە، لاسایی کردنەوەیەکی لاواز و بێ ناوەڕۆکە لەو... ئەگەر لە نێو دنیای سەراوبنی دانێین و نەهێڵین لەسەر پێی خۆی راوەستێ، ئەو کات ئەرکەکانی شۆڕش بەجێدێنێ. واتە هونەر، ئەخلاق، ئایدیالۆژییەکان تێپەڕ دەکا..."[٥]. دەتوانین ئاوا پەرە بەو وتەیە بدەین: و جوولە، زێدەیی، جۆرەکانی رزگاریی، بەڵام مۆدێرنیتە کاری خۆی بە شۆڕشێکی هەمیشەیی لە فۆڕمەکان، لە یاریی گۆڕانکاری و لە ئەنجامدا لە بازنەیەکدا کە لەوێدا پێشێلکردنی پەیمانی ئاشکرا لە جیهانی سوننەت گەمارۆ دەدرێ، بە ئاکام دەگەیەنێ.

## کولتووری ڕۆژانە

بەردەوامی و **باڵادەستیی** لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سوننەت بوون، مۆدێرنیتە بە ئاواڵاکردنی دابڕان و نابەردەوامبوون، ئەم ئێستا لە نێو جەغزێکی نوێدا گەمارۆ دراوە. مۆدێرنیتە کە ئیتر مەیلی ئایدیالۆژیکی ئاوەز و پێشکەوتنی لەکیس داوە، ئەم ئێستا زیاتر لە جاران خۆی بە یاریی فۆڕمیی گۆڕان دڵخۆش دەکا. تەنانەت ئوستوورەکانی بە دژی رادەوەستن (تەکنۆلۆژی، سەردەمێك سەرکەوتوو بوو و ئەمڕۆکە بە هەڕەشە دادەنرێ). ئارمانج و بایەخە مرۆڤییەکانیشی ئیتر چوارچێوەی مۆدێرنیتەیان وەلاناوە و ڕۆییشتوون. مۆدێرنیتە ئەم ئێستا زیاتر لە جاران وەك **باڵادەستبوونی** سەڵتی گشت هێزەکان دەستنیشان دەکرێ. ئازادیی فۆڕمییە، خەڵك بەرەو جەماوەرییبوون دەڕۆن،

کولتوور دەبێتە مۆد. مۆدێرنیتە کە سەردەمێك گەشەونشەی پێشکەوتن بوو ئەم ئێستا چەشنێ هەولَی کۆمەڵایەتییە بۆ خۆشگوزەرانی هەرچی زیاتر. ئوستوورەکەی سەرلەبەری سەڵتبوونی روو لە زێدەبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەپۆشێ، سەڵتبوونێکی کە لە تەختی بنەکەیدا نەختە نەختە مۆدێرنیتە دەکولێ و لێکدانەوە بەرەو ئەوە دەڕوا هەتا ببێتە کولتووری رووداوەکانی رۆژانە.



**پەراوێزەکان:**


١. D. Apter. The Politics of Modernization, Chicago: University of Chicago Press, ١٩٦٥.

٢. George Balandier. Political Anthropology ( tr. A. M. Sherridan-Smith), New York: Random House, ١٩٧٠.

Edmund Leach. Political Systems of Highland Burma, London: G. Bell and Sonas, ١٩٥٤.

D. Apter. Op. cit.

٣. J. Favret. "Le Traditionalisme par exes de modernite", Archives europeennes de sociologie, ٨ (١٩٦٧).

٤. Balandier, Op. cit.

٥. Henri Lefebver, Introduction a la modernite, Paris: Minuit.


**سەرچاوە:**


سرگشتگی نشانەها، نمونەهایی از نقد پسامدرن/ بودریار...، مترجمان، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٤. چاپ دوم.

# دەلاقەیەك بە سەر پێناسەی مۆدێرنیزم[١]

## تۆنی پیکنی

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە بەملاوە مۆدێرنیزم وەکو زاراوەیەکی گشتی لە مێژووی کولتووریدا خۆی بە کۆیەکی زۆر جۆراوجۆر و بەرفراوانی دابڕان و لێکپچڕانی جوانیناسانە لە سوننەتی ریالیزمی ئەورووپا نیشان داوە. لە دەقە نوێخوازەکان (شیعر، چیرۆك، هێڵکاری، میعماری و ئاهەنگ سازی و ... تاد)دا فۆڕمی جوانیناسی ئیتر بە شێوەی روون و ئاشکرا دنیای کۆمەڵایەتیی دەرەکی نیشان نادا، بەڵکو وەکو بابەتی جێی سەرنج دەبێتە کەڵکەڵە یان هۆگری، بەتایبەتی لە شوێنێکدا کە تەنانەت رەنگە **راستییەك** پێك بێنێ کە سەردەمایەك وەکو ئاوێنە نیشانی دەدا. شوێنی سەرهەڵدان و دەسپێکی تەڤگەڕی نوێخوازی کە تا رادەیەك لە سەری کۆکن، یەکیان ساڵی (١٨٤٨)ە، دوای سەرکوتی دڕندانە و بێبەزییانەی شۆڕشەکانی ئەوکات نووسین و ئەدەبیاتی کلاسیك یان ریالیست لە بەرهەمەکانی **شارڵ بۆدلێر** [٢] و **گوستاڤ فلوبێر**[٣]دا هەڵقوڵی کە پڕبوون لە کێشە و قەیران. دووەم ساڵەکانی (١٨٨٠)ە، لە نێوان ئەم ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەزموونخوازی جوانیناسانە بەخێرایی سەریان هەڵێنا: لە **ناتۆرالیزم**[٤]ەوە بگرە تا دەگاتە **سیمبولیزم**[٥] و **کوبیزم** [٦] و **ئیکسپێرسیونیزم** [٧] و **فۆتۆریزم** [٨] و [٩]**Constructivism** و قوتابخانەی **ڤۆرتیسیزم** [١٠] ی ئینگلیسی (بزووتنەوەی ئۆبستڕە و زەینی کە لە چەمکەکانی قوتابخانەی **کوبیزم** و **فۆتۆریزم** پێکهاتووە و لە دەوروبەری ساڵەکانی (١٩١٢ هەتا ١٩١٥) دا خولقا)، **سورریالیزم** [١١] ، **داداییزم** [١٢]و باقی قوتابخانە و بزووتنەوە ئەدەبی و هونەریەکان. بەڕای نزیك بە تەواوی نووسەران و



بیرمەندان، لووتکە و گەشەی مۆدێرنیزم ساڵەکانی (١٩١٠ هەتا ١٩٣٠)یە و دوای مۆدێرنیزم دەنگی هونەرمەندە نوێخوازەکان لە ئەڵمانی هیتلەری و رووسیای ستالینی دا قڕخەبڕ کرا و خودی ئەوانیش بە مەرگ شەرمەزار کران و لە باقی شوێنەکانی ئەورووپاش کردەوەیەك لە بەرامبەر جوانیناسی ریالیست ــ لە هونەردا سەرنجدان بە بەرپرسایەتی و بەڵێنی کۆمەڵایەتی بە جێی ئەزموونە تاکییەکان ــ وەکو وەڵامێك بۆ جەمسەربوونی سیاسی لە رادەبەدەری ئەورووپا کەوتە گەڕ.

ئەوەی کە ئایا دەتوانرێ لە نێو زۆربەی داهێنان و تازەگەریە سەرنجڕاکێشەکانی جوانیناسی کە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا ئافرێندران، تایبەتمەندی یان دەستنیشانکاری گرینگی گشتی و تاك جیا بکەینەوە گومان هەیە: بەشێك لە بزووتنەوە و قوتابخانە نوێخوازەکان دەستیان کردووە بەستایشی داهاتوویەکی پشت ئەستوور بە پیشەکاری و تەکنۆلۆژیا و خێرایی و گەشەکردن و چالاکی لە کۆمەڵگای شارەکان، بەشێکی دیکە لە بزووتنەوەی مۆدێرنیستی و نوێخواز دەڕوانێتە سەردەمای خۆش و زێڕینی رابوردووی دەستەیی (Gemeinschaft) ی سەرەتایی کە بە شێوەی شهودی و ئیشراقی هاوسەنگ و هاوئاهەنگی سروشت بوون. تاقمێکیش هەوڵیاندا هەتا بیچم و قەوارەی جوانیناسییەکی تایبەت بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هەڵبەت لەو سەرەوە کە ژیانی هاوچەرخیان بۆ خود وەکو چوارچێوەیەك دەستنیشانکردبوو. بەم پێیەش شێوە جوانیناسییەکی مەبەستی ئەوان دەبوایە زۆر کامڵ و بەرفرە و گشتگیر بن، لە بەرامبەر ئەم دەستەیشدا نوێخوازانێك هەبوون کە هەوڵیان دەدا هەتا لەم بزووتنەوە بەرین و هێرشبەرە بەشێك لەو توخمانە دەرکێشن کە کەمکردنەوە خوازێکی کاملن، دەرکەوت و ئیلهام گەلێکی زوو تێپەڕن، هایکۆی دوو رستەیی خەیاڵ خوازن، شانۆیی بیست چرکەیی سامۆیل بێکت و ئەو

هێڵکاریانەی کە تا ڕادەیەك کاڵ و بەتاڵ و بێ وێنەن، لە لایەکی تـرەوە گـشت ئەم نوێخوازانە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەڵگری هەڵوێستگرتن و خواست و ڕێ هەڵبژاردن و مەبەست و بەرنامەی جیاواز و شێواو و دژواز بوون:

لە قوتابخانـەی نوێخـوازی فۆتـۆریزمی **ڤلادیـمیر مایاکۆفـسکی**-ەوە کـە بەختەوەری بۆ **بۆلشڤیزم** نیـشان دا هـەتا نوێخـوازی **فیلیپـۆ مـارینێتی** کـە لایەنگری لە **موسولینی** دەکرد، لە ئیکسپێرسیونیزمی **گاتفرید بـین**-ەوە کـە پشتیوانی هیتلەر بوو هەتا خۆنیشاندانی توندوتیـژ و ڕادیکاڵانـەی **ئێرنێـست تۆلێر** کە بەرەو ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی چەپ ڕۆیشت. ڕەنگە تەنیا شتێکی کە لە لایەن هونەرمەندانی ئەم دەورەیەوە قبووڵ کرا و تێیدا هاوبەش و هاوڕا بـوون، سەرنجی لەرادەبەدەر بـە فـۆڕمی جوانیناسـانەیە (کـە ئـەویش لـە ڕوانگـە و هەڵوێستی ئایدیالۆژیە جیاوازەکان و جاریواشە دژ بە یەك هێزی وەبەر دەنرێ). بۆ ئاراستەکردنی تایبەتمەندیی زیاتری پێناسـەی تایبـەتی مـۆدێرنیزم ئامـاژە دەکرێ بە داڕشتنی بزووتنەوەیەك لـە دڵـی کێـشە و قـەیرانێکی کولتـووری و کۆمەڵایەتی کە تایبەتمەندییە کلیلییەکانی بریتین لـە: دەرکـەوتنی کولتـووری جەماوەری و چینی کرێکـار و خـەباتی فیمینیـستی، تـەکنۆلۆژیا نوێیـەکانی دەسکەوتی دووەم شۆڕشی پیـشەکاری و ئـەزموونی گـشتگیری شـارە گـەورە ئیمپریالیستییەکان.

لە ماوەی ئەم سـاڵانەدا لـە نێـوان بزووتنـەوە جیاوازەکـانی مارکـسیزمدا مشتومڕێکی گەرم و بەهێز سەبارەت بە گرینگی و شوێن و جێگەی مۆدێرنیزم هاتە ئاراوە کە لە قاڵبی بزووتنەوەی ناسراو بە **کێـشەی ئیکـسپێرسیونیزم** ی ساڵانی دەیـەی ١٩٣٠دا گەیـشتبووە قۆنـاغی گەشـەی خـۆی. مارکسیـستە مەزنەکان وەکو **گیۆرگ لۆکاچ** لەو کەڵە مارکسیـستانەیە بـە هـۆی وەلانـانی مەعریفە ناسیی تێڕامان و **فۆرمالیزمی** خودبینانە و ئاڵۆزەکەیەوە، سـوننەتی



بێ گرێی تایبەت و ئەزموونی قورسی دەروونی لە بەرامبەر وێنەی کامڵی تاك لە کۆمەڵگادا کە ڕیالیزمەکەی دەینەخشاند و هەروەها بە هۆی وەپێشخـستنی ئوستورە لە بەرامبەر مێژوودا، مۆدێرنیزمی شەرمەزار و ڕەت کـردەوە. بـاقی مارکسیستەکان لەوانە **والتێر بێنیامین** و **بێرتۆڵت برێشت** و **تیۆدۆر ئـادۆرنۆ** هەرکام بە هۆی هۆگەلێك و بەڕادەی جیاواز پێشوازیان لە بزووتنەوەی نوێ کرد، ڕەنگە بتوانرێ بەرهەمەکانی ئەوان زیاتر بە چەشـنی **مارکـسیزمی نوێخـواز** دابنرێن هەتا لە چەشنی **مارکسیزمی سەبارەت بە نوێخوازی**. لە سـاڵەکانی دواتردا و لە کولتووری مۆدێرنیستیدا ئەم خاڵە کە خودی داکۆکیکردن لە سـەر فۆڕم دەورێکی زاڵی سەبارەت بـە کـامڵبوونی ماتریـالیزمی **ڕۆژئـاوایی** یـان دیالێکتیکی لە بەرامبەر ماتریالیزمی **ڕۆژهەڵاتی** یان **میکـانیکی** نیـشان دا کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە ــ ڕەنگە بتـوانرێ کتێبـی **مێـژوو و هۆشـیاری چینایەتی لۆکاچ** لە ڕیزی بابەتی یەکەم دابنرێ (Lunn ، ١٩٨٥).

لە ماوەی بیست یان هەر ئەوەندە ساڵەدا هەست پێکردن و درکی ئێمـە لـە مۆدێرنیزم دیسان بە دەرکەوتنی پۆست مـۆدێرنیزم ـــ لـە پێـشدا لـە بـواری میعماریدا، بەڵام دواتر لە باقی لقە کولتوورییەکاندا ــ گۆڕدراوە. ئاوا **پۆسـت مۆدێرنیزم** پێش هەموو شتێك لە بەرامبەر مۆدێرنیزمدا خۆی پێناسە کرد.

ئەگەرچی مۆدێرنیزم لە تەواوی هـەرێمی ئـەزموونی سـەردەمای پێـشوودا هەڵبژاردنێکی ناتەواوە، بەڵام بە سەر پێناسـەکانی ئـەم دواییانـەی ئێمـە لـە جوانیناسیی پێشڕەوی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زاڵ بووە. لە حاڵی حازردا ئەو شتەی کە شێوەی مۆدێرنیزمی بەخۆیەوە گرتووە شـتێك نییـە بێجگەلـە : میعماریی کـارکردخوازی سـەختگرانە و قورسـی **لوکوربوزنـە**[١٣] و شـێوازی نێونەتەوەیی [١٤]، یان میعماریی **ڤالتێر گروپیوس** [١٥] و میعماری **باوهاوس** [١٦] بە بێ بەکارهێنانی جوانکاریی ڕازاندنەوە و هەر چەشنە ئیمتیاز بۆ تـاکبوونی

مرۆڤایەتی. لە روانگەی پێکهاتەییەوە بە شێوەی یەکدەست لە گەلێ هێڵی راست دارێژراوە ــ کە لە تەکنیك و پێکهاتەکان (پۆڵا و چیمەنتۆ باشییەکی تایبەتیان هەیە)دا حاڵەتی هونەریی پێوە دیارە.

بەم شێوەیە جوانیناسیی مۆدێرنیست دەتوانێ لە سەر چەشنی دابەشکردنی دوو چەشنی بلیمەت بێن **هونەری زۆر باش** و **کولتووری جەماوەریی** دابنرێ، رواڵەت و سەردەرانە بریقەدار و سپییەکان و سەربانی تەختی میعماریی **لوکوربوزیە** لە بەرامبەر بینا نزمەکان و پۆلێ خانووی شارنشینی دەوروبەری دادەنرێن. ئەم پێناسەیە لە مۆدێرنیزم (یان ئەو شتەی کە بەشێك لە تیۆریسیەنەکان پێی دەڵێن **مۆدێرنیزمی زۆر باش**) بە رادەی پێویست کراوەیە تا بتوانێ بەشێك لە ئەزموونەکانی هاوچەرخ وەخۆ بگرێ ــ بۆ وێنە شیعرەکانی **تی. ئێس. ئیلیۆت** کە لەرادەبەدەر **دژوار و رەمزاوییە**، ئەو ئەزموونانەی کە لە راستیدا لە زۆر شوێنی ترەوە خاڵی هاوبەشی کەمتریان لەگەڵ میعماری نێونەتەوەیی دا هەیە.

لە بەرامبەر ئەمەشدا ئێمە شاهیدی چەواشەکران و کۆچێکی خێراین لە سوننەتی مۆدێرنیزم: سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیزم لە کۆتاییەکانی (١٩٦٠) لە سەرەتادا خۆی وەکو چەشنێ **پۆپۆلیزم** ئاراستە کرد. چەشنێ گەڕانەوە بەرەو سوننەتە ناسراوەکان، سوننەتە خۆجێیەکان، تەنانەت سوننەتەکانی بازرگانی گشتی. هەڵبەت دوای ماوەیەکی زۆر سەرگەردانی و چەواشەبوون لە بلیمەتخوازییەکی پێشڕەو کە بە هیچ چەشنێ ناسازێ.

مانیفێستەکانی پۆست مۆدێرنیزم سەردێڕی نامۆ و دوور لە زەینیان هەیە، وەکو فێربوون لە **لاس و گاس** و **باوهاوس**-ەوە هەتا **ئاوڕهاوس** (ماڵی ئێمە From Bauhaus to our House) کە لەوانەدا زیاتر سەرنج دەدرا بە هاوئاهەنگی پیت و وتە و هاوکێشبوونی سەرواکان. هاندەر یان هەوێنی



سەرەکیی کە توخمی **مێژووخوازی** بوو، واتە گەڕانەوەیەکی بەکاوخۆی شێوازە چەند رەهەندییەکانی رابوردوو وەك سەرچاوەی ئیلهامدەر بۆ سەردەمای هەنووکە. هەڵبەت ئەمەش بەجێی ئەوەی کە ئەوان بە نێوی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و ئاقڵانەبوونی کارکردخواز شەرمەزار بکرێن.

هاوتای ئەم چەشنە پێشکەوتوویە میعماریانە لە بواری چیرۆکە خەیاڵییەکاندا هەمان شتە کە **لیندا هاچن** پێی دەڵێ **ئەوپەڕی چیرۆکی مێژوونووسانە** و نووسەرانێك وەکو **گابریەل گارسیا مارکێز**، **گۆنتێر گراس**، **جان فۆلز**، **ئەی ئێل دکترۆف** و **سەلمان روشدی** لە سیما ناسراوەکانی ئەم بزووتنەوەیەن.

چیرۆك و رۆمانی لەم چەشنە دەگەڕێنەوە سەر بیچمی گشتی و پێش زەمینەی چیرۆك، **Plot**، مێژوو یان پێشینەی گشتی چیرۆك و سەرچاوە و بابەتەکەی. ئەو بابەتانەی کە لە رواڵەتدا سەردەمایەك بە هۆی کەڵکەڵەی زۆری چیرۆکە خەیاڵییە (**Fictional**) مۆدێرنیستییەکان بۆ سەربەخۆیی دەق و هەستکردبوون، رەتکراونەتەوە، هەڵبەت ئەمەش بە بێ وەلانانی ئەم کەڵکەڵە و سەرقاڵییە زەینییەکانی **ئەوپەڕ چیرۆکی** یان **ئەوپەڕ خەیاڵی** (**Metafichional**) دەرەنجامی ئەوە بریتییە لە چەشنێك یان ژانرێکی ــــ **Poradoxical** یان دژواز کە تێیدا مێژوو بە تەواوی قبووڵ و پشتگیری لێ کراوە و لە هەمان حاڵیشدا کێشە ساز دەکا.

بە گشتی پۆست مۆدێرنیزم بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش و هاندەر ئاسۆی نوێی لە هەمبەر (Cultural otherness) ، شێوازە لەبیر کراوەکان، یان سەرکوتکراوی رابوردوو نیشان داوە و هەروەها تیشکی خستۆتە سەر ئەو دەنگانەی خراونەتە پەراوێزەوە، واتە تەڤگەڕی ژنان و لاوان و قولەڕەشەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی جیهانی سێهەمی. لە فەلسەفەدا ئەم

هەڵسەنگاندنە پۆزەتیڤەی دەنگەکان و ئەزموون و گێڕانەوەکانی تر لەچاو **ئەوپەڕگێڕانەوە مەزنەکان**، بێچمی شك و گومانیان بە خۆوە گرتووە، ئەوپەڕگێڕانەوە گەلێك کە بە بەستێنی سەرهەڵدان و کامڵبوونی زانست لە رابوردوو دادەنرێن.

گێڕانەوە مەزنەکانی رۆشنگەریی هاوڕێ لەگەڵ ئەقڵی گشتی و جیهانییەکەی کە بە سەر خورافەپەرستی و خەیاڵدا زاڵ بوو و گێڕانەوەکانی **مارکسیزم** هاوڕێ لەگەڵ روانگەکەی بۆ پرۆلتاریا بە نێوی چینی کرێکارانی جیهان وەکو چوارچێوەیەکی سپی ئەندازەیی**گروپیوس** یان **لوکوربوزیە** بەنێوی دەرکەوتنی ئەقڵانی بوونی **تۆتالیتەرە** کە بەرگەی بچووکترین ناکۆکی و نارەزایەتی، دژایەتی، یان **پلۆرالیزم** ناگرێ. بە پێچەوانەوە فەلسەفەی پۆست مۆدێرن زیاتر لە هەموان لە بەرهەمەکانی **ژان فرانسوا لیوتاردا** لەسەر رێژەیی بوونی ناسین و رێژەیی بوونی زانست و کەوتنە ژێر کاریگەریی دەق داکۆکی دەکا و دەیەوێ بە جێی **ئەقڵ، هەقیقەت** یان **گشتیبوون** لە **کایە زمانییە ناوچەییەکانی ڤیتگنشتاین** بدوێ.

لە روانگەی پۆست مۆدێرنیزمدا **مارکسیزم** هەمیشە لە بارمتەی پرۆژەی سەرکوتگەری مۆدێرنیتە دایە کە دلڕەقانە مێژووە راستەقینەکان بە مێژووی داسەپاوی بزووتنەوەی چینایەتی یان شێوەکانی بەرهەمهێنان بەرتەسك دەکاتەوە. مارکسیستەکان بە تاوانبارکردنی پۆست مۆدێرنیزم بە رێبازی **لاساییکردنەوە و روونووسکردنەوەی بەرهەمەکانی مامۆستایانی تەکنیك و شیزۆفێرنی و بزرکردن و ئەوەی کە مێژوو بە هیچ چەشنێ ناتوانێ رووبەڕووی بزووتنەوەگەلێکی بچووك بێتەوە، یان ناوەند بەتەواوی لە سوژە بسڕێتەوە بە شێوەك کە هێزی هەر چەشنە کردەوەیەکی سیاسی (یان هەموو چەشنێکی تر)یان لێ ستاندۆتەوە و دژایەتی لەگەڵ پۆست مۆدێرنیزم دەکەن**. هەر



بەوجۆرەی کە لەم تاوان و دژی تاوانانە دەوەشێتەوە، ناکۆکییەکانی نێوان **مارکسیزم** و **پۆست مۆدێرنیزم** زۆر تایبەتمەندیی هاوبەشیان لەگەڵ کێشەکانی پێشووی نێوان مۆدێرنیزم و سیاسەتە مارکسیستییەکاندا هەیە و هەنووکە بە هەمان پێویستی سەرنجیان دەدرێتێ کە کێشەکانی مۆدێرنیزم و مارکسیزم لە سالآنی دەیەی (١٩٢٠ و ١٩٣٠) بەرچاو بوون. بەرچاوترین تەڤگەری پێشکەوتووی ئەوکات (دەیەکان) نەبوو بە کێشەی وروژێنەری مشتومڕی دڵتەزێن، بەڵکو دەرکەوتنی چەشنێ **مارکسیزمی نوێخوازیی** کراوە لە **وڵاتی هیچ کەس** [17] لە نێوان ئۆردوگاکانی نەیاران دابوو. بەم شێوەیە ئێستاش ئێمە هەست بە خۆگرتنی سەنتێز و مارکسیزمێکی **پاش نوێخوازی** دەکەین کە دەتوانین نیشانەکانی لە بەناوند گەیشتنی لە ناکاوی جوگرافیا لە نێو خوێندنەوە کولتوورییەکانی مارکسیزمدا ببینین. پۆست مۆدێرن بۆ جێگیرکردن، یان رێکوپێککردنی باسەکانی پانتا و شوێن لە نێو تیۆریی مارکسیستیدا، بە گشتی لە سەر بەرتەسکی یان (**Locality**) یان زەمینە و نێوەڕۆك داکۆکی دەکا ئەویش بە بێ بەختکردنی کەڵکەڵە سیاسییەکانی دوکتوریەنی مارکسیزم.

**پەراوێزەکان:**

١. Tony Pinkney, An Introduction to the Definition of Modernism, in Tom Bottomore(ed) “ADictionary of Marxist Thought” ٣re revised edn, (Onford: Blackwell ١٩٩٦) pp.

٢. **شارڵ بۆدلێر** (١٨٢١ ــ ١٨٦٧) شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی و هونەری فەرانسەیی، ئەو پێیوابوو کە هیچ چەشنە جوانییەکی ڕەها و گشتی یان هەمیشەیی کە هەموو کەس دەبێ قبوولی بکا، بوونی نییە، بەڵکو جوانی لە لای جەماوەر و کولتوورەکانی دیکە جیاوازە. لەلایەکی دیکەوە تاکبوونی هونەرمەند بۆ خولقانی جوانی دەوری سەرەکیی هەیە و ئەگەر ئەم تاکبوونە سەرکوت بکرێ، یان پێشی پێ بگیرێ ئەوکات هونەر تووشی ناحەزی دێت: **جوانی دایە سەیر و سەمەرە و نامۆیە** پەندێکی ناسراوە. **بۆدلێر** ئەم بانگەشەیەی پێ دروست نەبوو کە هونەر دەبێ لە خزمەت مەبەستی کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی دابێ. ئەو یەکێك لە ڕێبەرانی قوتابخانەی **هونەر بۆ هونەر** بوو. بۆدلێر پێیوابوو کە توانایی پێگەیین و گەشەی هەر هونەرمەندێك لە رووی توانایی ئەو هونەرمەندە بۆ کێشانەوە و وێناکردنی **پاڵەوانخوازیی** ژیانی مۆدێرن هەڵسەنگێندرێ.

زۆربەی ڕەخنەگران ناوی **باوکی مۆدێرنیتە** یان خولقێنەری مۆدێرنیزمی جوانیناسی لە هونەردا لە سەر **بۆدلێر** دادەنێن. **دەیڤید هارڤی** پێیوایە بۆدلێر یەکەم کەسێ بوو کە لە وتاری گرینگی خۆی بە نێوی **شێوەکاری ژیانی مۆدێرن** (١٨٦٣)، لە چەند ڕستەی تایبەتدا مۆدێرنیتەی پێناسە کرد و لە راستیدا بە ڕێزەوە لە سەری دوا: **مۆدێرنیتە چەشنی گواستنەوە و تێپەڕینە، بزووتنەوەیەکی بێ گرێ و کورتخایەن و مەرجدارە، نیوەی هونەرە و نیوەکەی دیکەی هەرمانە، بێ سەرەتا و کۆتا و نەگۆڕە.**



٣. **گوستاڤ فلوبێر** (١٨٢١ ــ ١٨٨٠) ڕۆماننووسی فەڕەنسایی، بە هۆی شێوازی وردبینانە و شێوەی گێڕانەوە یان گێڕانەوەی دیارینەکراو و عەینی لە نێو چیرۆکەکانیدا ناسراوە. ناسراوترین چیرۆکی ئەو **مادام بوڤاری** (١٨٥٧) ــ ە کە چیرۆکێکی ریالیزمانەی تاڵە لە ژیانی بورژوازیدا (و.ف).

٤. **ناتۆرالیزم**: ئەم زاراوەیە باسی شێوەیەك لە کاری هونەری دەکا کە لەودا هونەرمەند هەوڵ دەدا هەتا شت و دیاردەکان نەك بە شێوەیەکی شێوازی یان چەمکی، بەڵکو هەر بەو شێوەیەی کە لە فۆڕمی ئەزموونکراوی خۆیدا دەبیندرێن ئاراستە بکا. ئەم زاراوەیە یەکەمجار لە ساڵی (١٦٧٢ ز)دا لە لایەن **جیوڤانی بی پێترۆبلوری** (١٦١٥ ــ ١٦٩٦) نووسەر و هونەرمەندی ئیتالی لەسەر قوتابخانەی شێوەکاریی لایەنگرانی **مایکل ئانجلومریسی دوکار واجیو** (١٥٧١ ــ ١٦١٠) بە بەرچاوترین شێوەکاری ئیتالی سەدەی هەڤدە دانرا. **کارا واجیستەکان** باوەڕیان بە کۆپیکردنی ورد و وەفادارانەی سروشت هەبوو. جا لە روانگەی ئێمەدا چ ناحەز بن یان جوان بەم حاڵە **ناتۆرالیزم** ئارمانیکردنی سروشت رەت ناکاتەوە. بۆ وێنە لە روانگەی ئاناتۆمیی لەشی مرۆڤەوە پەیکەرە یۆنانییەکان دەتوانن ناتۆرالیستی بن، بەڵام لەو سەرەوە کە دەتوانێ پێوانەیەك بێ بۆ چەشنی جوانی کە لە دنیای ئاسایی و رۆژانە دەستی پێی ڕاناگا و بەم پێیە ئارمانی ئیدەئالیستییە (و.ف).

٥. **سیمبۆڵیزم**: بزووتنەوەیەکە لە گۆڕەپانی شیعر و ئەدەبیات و هونەر کە لە ساڵی (١٨٨٠) لە فەڕەنساوە دەستی پێکرد و لەدەیەی (١٨٩٠)دا بە شیعرەکانی **مالارمێ** و **ڤێرلین** بەوپەڕی خۆی گەیشت. مەبەستی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەتی لە مەیدانی شیعردا وروژاندن و وەخەبەرهێنان بوو نەك تەنیا ناساندن. سەردێڕەکەشی شوێنەوار هەڵگرتن و شهود و هەست و عاتیفەکان بوو. لە راستیدا دەتوانرێ سیمبۆڵیزم بە چەشنێ کردەوە لە بەرامبەر

مەبەستە سروشتخوازەکانی قوتابخانەی **ئیمپرسیونیزم** و هەروەها هاوتای **ریالیزم** بزانرێ کە **گوستاڤ کوربە** (١٨١٩ ـــ ١٨٧٧) شێوەکاری فەرەنسایی و بناغەدانەری قوتابخانەی شێوەکاریی ریالیزمی فەرەنسا دایڕشتبوو، ئەو پێی وابوو کە شێوەکاری تەنیا دەبێ باسی ئەو شتانە بکا کە **بەدەستەوەن و راستەقینەن**. لە بەرامبەردا سیمبۆلیستەکان هەوڵ دەدەن هەتا شتە شاراوە و رەمزییەکان دەربڕینێکی وێنەیی و وێناکردن ببەخشن.

بە باوەڕی شاعیران لە نێوان ریتمی ئەو وشانەی کە لەکار دەکرێن لەگەڵ مانای وشەکان هاوئاهەنگی و نزیکایەتی هەیە. بەم پێیە شێوەکارە سیمبولێستەکانیش وایان بیر دەکردەوە کە رەنگ و هێڵ بەتەنیایی دەتوانن روانگە و بۆچوونەکان نیشان بدەن. رەخنەگرە سیمبولێستەکان سەرنجیان دەدا بە کێشانەوەی ئەو هێڵانەی لێك دەچن و دۆزینەوەی هاوتەریبیی لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی هونەردا، بۆ وێنە شێوەکارییەکانی **ئۆدیلون رێدۆن** (١٨٤٠ ـــ ١٩١٦) یان لەگەڵ شیعرەکانی **بۆدلێر و ئیدگار ئالان پۆ** و هەروەها موسیقای **کلۆد دیبۆسەر** بەراورد دەرکرد. بەم پێیە سیمبولێستەکان بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردن لە بەرامبەر وەسف یان شرۆڤەی راستەوخۆ و بەراوردکردنی ئاشکرادا بە پێی ریزبەندی دەجوولانەوە. لە روانگەی شێوەی کار و دەستووری شێوازخوازانە، هونەرمەندە سیمبولیستەکان جیاوازیی گەورەیان لەگەڵ یەکتری هەبوو: بۆ وێنە **گوستاڤ مورۆ ئا** (١٨٢٦ ـــ ١٨٩٨) کە لە هونەرمەند و شێوەکارە ناسراوەکانی قوتابخانەی سیمبۆلێزم بوو، لە ژێر کاریگەریی **رۆمانتیزمی** رەمز ئاسا (exotic)ی مامۆستای خۆی **تیۆدۆر کاسی ری یو** (١٨١٩ ـــ ١٨٥٦)دا شێوەکاری دەکرد. کەچی **پیەر پڤوی دوشاوانە** (١٨٢٤ ـــ ١٨٩٨)ی فەرەنسایی کە لەسەر دیوار شێوەکاری دەکرد بە شێوەی کاڵ، بزر، کپ و بێدەنگ و لە هەمان حاڵدا مات و خەمۆك دیوارەکانی دەنەخشاند.



یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەربڕینی هەستی ئایینی بوو. لە هەمانکاتیش لە بەرهەمی سیمبولێستەکاندا سەرنج و کەڵکەڵە لە بەرامبەر بابەت گەلێك وەکو **مەرگ** و **نەخۆشی** و **تاوانیش** دەبیندرێ. ئەم قوتابخانەیە بەگشتی لەگەڵ نێوی فەرەنسا گرێ دراوە، بەڵام بوو بە تەڤگەری بەرینی نێونەتەوەیی و هونەرمەندانێك وەکو **سێر ئیدوارد کولی بێرن** و **جۆنزی** شێوەکار و هێڵکاری ئینگلیزی و **ئیدوارد مانچی** شێوەکار و خەراتی کاری نۆروێژی بە بەشێك لەم بزووتنەوەیە دادەنرێن (و.ف).

**٦. کوبیزم:** لەو بزووتنەوە هونەریانە (لە شێوەکاری و تا رادەیەك لە پەیکەر تاشیدا)یە کە لە لایەن **پیکاسۆ** (١٨٨١ ــ ١٩٧٣) و **ژۆرژ براك** (١٨٨٢ ـــ ١٩٦٣)ەوە داهێنرا. یەکەم وێنە و شێوەکارییە کوبیزم ـ یەکان لە ساڵی ١٩٠٧ ەوە پێشکەش کران. لە کوبیزمی شێکاریدا فۆرمەکان بە پاژی سادەی ئەندازەییدابەش دەکرێن و هەموو روانگە و دیدە جیاوازەکان سەبارەت بە شتێك پێکەوە نیشان دەدەن. لە کوبیزمی پێکهاتەییدا کە لە ساڵی ١٩١٢ ەوە دەستی پێکرد زۆر جاران پاژی جیاوازی شتەکان وەکو رۆژنامە و شەمچە و جگەرە و .. تاد لە شێوەکاریدا لێکدەدرێن.

**٧. ئیکسپێرسیونیزم:** زاراوەیەکە لە رەخنە و مێژووی هونەردا کە نیشاندەری کەڵکوەرگرتنە لە دەستکاری و گەورە نیشاندان و سانسۆڕی شوێنەوارە عاتیفی و ئیحساسییەکان: ئیکسپێرسیونیزم بە شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز بەکاردەهێنرێت و دەتوانین لە بابەت شێوە جیاوازەکانی هونەردا کاری پێ بکەین، بەڵام بەگشتی لەگەڵ هونەری دیداری و بیستن ئاوێتە بوو. ئیکسپێرسیونیزم لە واتای گشتی و بەرفرەهی خۆیدا بۆ هەموو هونەرێك لە کار دەکرێت، بەڵام هەستە زەینییەکان دەخاتە ئەوپەڕی بینینە عەینییەکان و ئەو وێنانە نیشان نادا کە لە دنیای دەرەکیدا لەگەڵ بینینەکانی ئێمە یەکتر

دەگرنەوە، بەڵكو زیاتر حاڵەتە زەینییەكانی هونەرمەند دەدركێنێ. لە لایەكی دیكەوە وشەی **ئیكسپێرسیونیزم** بە بزووتنەوەیەكی بەرفرەهی هونەری مۆدێرنی ئەوروپا دەگوترێ كە شوێنی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ **ڤان گۆك**. ئەو هەوڵی دەدا هەتا بە كەڵكوەرگرتن لە رەنگ و هێڵ بە شێوەیەكی هەستیارانە و عاتیفی ژان و ئازاری سامناكی مرۆڤ نیشان بدا. بە واتایەكی دیكە وشەی ناوبراو بە بزووتنەوەیەك دەگوترێ كە لە ساڵی (١٩٠٥ هەتا ١٩٣٠) لە گۆڕەپانی هونەری ئەڵماندا هێزی زاڵ بوو. لوتكەی ئیكسپێرسیونیزمی ئەڵمان لە بەرهەمی هونەرمەندانی گرووپی ( **Die Brucke / The Bridge**)، **Die Blaue Reiter**) دا دەبیندرێ. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بەرهەمەكانی **ڤاسیلی كاندیسكیدا** لە بە سەڵت گەیشت.

**٨. فۆتۆریزم:** بزووتنەوەی هونەری پێشڕەوی ئیتالیا كە لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە لایەن **فیلیپۆ توماسو مارینێتی** شاعیری ناسراوی ئیتالی دامەزرا. **فۆتۆریزم** لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەكی ئەدەبی بوو، بەڵام كەسایەتییە دیارەكانی ئەم بزووتنەوەیە شێوەكار بوون وەكو **جیا كوموس باللا** (١٨٧١ ـــ ١٩٥٨) ، **ئومیترتۆ بۆچیونی** (١٨٨٢ ـــ ١٩١٦) **لوئیجی رسۆیللۆ** (١٨٨٥ ـــ ١٩٤٧) و **جینو سیویرینی** (١٩٦٠ ـــ ١٨٨٣). بێجگەلەوە بواری میعماری، پەیكەرتاشی، مۆسیقا، سینەما و وێنەگری گرتەوە. مەبەستی ئەم بزووتنەوەیە كە لە راگەیاندنە جۆراوجۆرەكاندا ئاشكرا كرابوو دابڕان بوو لە رابوردوو و كولتووری ئاكادیمی و رێزدانان بۆ گەشەكردن، دەسەڵات و تەكنۆلۆژیای مۆدێرن. نیشاندان و پێشكەشكردنی ئەم بزووتنەوەیە بە یەكێك لە كەڵكەڵە سەرەكییەكانی شێوەكارە فۆتۆریستەكان دادەنرا و بەرهەمەكانیان زۆر جاران لە **سەڵتەوە** نزیك دەبۆوە.



هەڵبەت **فۆتۆریزم** وەكو بزووتنەوەیەكی رێكخراو لە ساڵی (١٩١٦) دا بە مردنی **بوچیونی** ـــ گەورەترین كەسایەتی فۆتۆریزم ـــ لێك هەڵوەشاوە، بەڵام شوێنەواری بەرچاوی لەسەر بزووتنەوەی فۆتۆریستی روسیە (كەسایەتییەكانی بریتین لە: **ناتالیا گنچاروفا** (١٨٨١ ـــ ١٩٦٣)، **میخایل لارینۆف** ( ١٨٨١ ـــ ١٩٦٤) و **كازمیر مالیڤیچ** (١٨٧٨ ـــ ١٩٣٥) ) و هەروەها لەسەر قوتابخانەی **ڤۆرتیسیزمی** بریتانیا و **كریستۆفێر ریچارد وانیە نێڤیسۆن** گەورەترین شێوەكاری فۆتۆریستی ئینگلیستان) دانا. لە فەرەنساش **مارسێل دوشام** و **رابێرت دلانی** بەشداری بەرفرەكردنی قوتابخانەی **فۆتۆریزم** بوون. **دادایستەكانیش** بەتایبەت لە كەڵكوەرگرتن لە شێوە پڕ كێشەكانی خۆیاندا تا رادەیەكی زور لە ژێر كاریگەری فۆتۆریزم دابوون.

٩. **Constuctivism** یان بزووتنەوەی **هونەری سەڵت** لە روسیا لە ساڵی ١٩١٣ لە لایەن **ڤلادیمیر تاتلین** (١٨٨٥ ـــ ١٩٥٣) دەستی پێكرد. ئەو لەگەڵ برایانی **ئانتوان پڤسنێر** (١٨٨٦ ـــ ١٩٦٢) و **نائوم گابو** (نائوم نیمیا پڤسنێر لە ساڵی (١٩١٥)دا نازناوی **گابۆ** ی بۆ خۆی هەڵبژارد). ( " Gabo Neemiap naum" JJ ١٩٧٧, ١٨٩٠) دوو كەس لە شێوەكار و پەیكەرتاشە ناسراوەكانی رووسیا لە ساڵی ١٩٢٠ دا مانیفێستی ریالیستی خۆیان چاپ كرد كە یەكێك لە پرۆگرامەكانی ئەوان **خوڵقان و داڕشتنی هونەر** بوو. **ئانتوان پڤسنێر** براگەورەی **نائوم گابو** (پڤسنێر) بوو كە لە ساڵی (١٩٣٠) ەوە خۆی نیشتەجێی فەرەنسا كرد. ئەو و براكەی بەیارمەتی و دەوری چالاك و سەرەكیی **تاتلین** لە داڕێژەران و پێشڕەوانی سەرەكیی قوتابخانەی **Constuctivism** لە هونەری شێوەكاری و پەیكەرتاشی دادەنرێن. نێوی قوتابخانەی **Constuctivism** لە سەردێڕی سەرەكیدا یەكێك لە بەرنامەكانی مانیفێستی ریالیستی ئەوان، واتە لە چەمكی **دروستكردنی هونەر** وەرگیراوە. برایانی

**ڤسنێر** ئەم بۆچوونەیان قبووڵ نەبوو کە هونەر دەبێ لە خزمەت ئەو مەبەستە دابێ کە بۆ کۆمەڵگا پڕبایەخ و کاریگەرە و هونەری سەرلەبەر سەڵتیان قبووڵ بوو کە تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی دەردەخست. ئەو لە کەرەسەی پیشەکاری وەکو پلاستیك و شووشە کەڵکی وەردەگرت. **تاتلینی** شێوەکار دارێژەر و پێکهێنەری بینا سەڵتەکان کە زۆرجاران وەکو **باوکی** **Constuctivism** ناسراوە، لە ١٨ساڵیدا شێوەکاری دەکرد و هەتا ساڵی ١٩١٤ ئاوێتەی ژیانی دەریایی بوو. زۆربەی شێوەکارییە سەرەتاییەکانی ئەو زیاتر تایبەت بوون بە بابەتە دەریایەکان کە لە گرینگترینەکانیان دەتوانین ئاماژە بکەین بە **گەمیەوان** (وێنەی خودی شێوەکار) لە مۆزەخانەی لێنینگراد (١٩١١ ــ ١٩١٢). ساڵی ١٩١٠ ئەو لە چەندین پێشانگەی بەرهەمە پێشەنگەکان لە رووسیادا بەشداری کرد و لەگەڵ **گنجارروفا** و **لارینوف** کە **تاتلێنیان** بە منداڵ دەزانی هاوکاری نزیکی هەبوو. **تاتلین** لە ساڵی ١٩١٤ دا چووە بێرلین و پاریس و چاوی بە **پیکاسۆ** کەوت کە لە دوای ساڵی ١٩١٤ دا ئیلهامبەخشی خوڵقانی چەندین بەرهەمی ئەو بوو. **تاتلین** و **ئەلەکساندر رادچنکۆ** (١٨٩١ ــ ١٩٥٦) شێوەکار و پەیکەرتاش و وێنەگری رووسی لەو هونەرمەندانە بوون کە بەرنامەکانی **Constuctivism** یان دەربارەی میعماری و هێڵکاری بەکارهێنا. لە ساڵی ١٩٢٢دا **گابۆ** و **ڤسنێر** دوای ئەوەی قوتابخانەی **Constuctivism** لەلایەن حکوومەتی ئەنجوومەنەکانەوە شەرمەزار کرا، رووسیایان بەجێهێشت و لەگەڵ باقی شاربەدەرەکان بە مەبەستی گەشەپێدان و بەرفرەکردنەوەی ئارمانجەکانی قوتابخانەی **Constuctivism** بۆ سەرانسەری ئەورووپا هەوڵیاندا. بۆچوون و دەنگ و بەرهەمی ئەوان شوێنەواری قوڵی لە سەر **باوهاوس** لە ئەڵمانیا، **دوستیزێل** لە هۆلەند و دەستەی داهێنەری **سەڵت** لە فەرەنسا بەجێهێشت.



**١٠. ڤۆرتیسیزم** لەو بزووتنەوە پێشەنگانەی ئینگلیستان بوو کە زۆری تەمەن نەکرد و رێك پێش شەڕی یەکەمی جیهانی سەریهەڵدا. کەسایەتیی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە هونەرییە **ونیدهام لوویس** (١٨٨٢ ــ ١٩٥٧) شێوەکار و چیرۆکنووس و رەخنەگری ئینگلیزییە کە ماوەی ٧ ساڵ لە پاریس ژیا، ساڵی ١٩٠٩ گەڕاوە بۆ ئینگلستان. پێش شەڕ زۆر هەڵسوڕ و چالاکانە خەریکی کارە هونەرییەکانی خۆی بوو و دەورێکی زۆر گرینگی بۆ خۆگرتنی بزووتنەوەی هونەری سەڵت و پێشڕەوی بریتانیا گێڕا. ئەو ماوەیەکی کورت لەگەڵ **راجێرفرای** (رەخنەگر و شێوەکاری ئینگلیزی) لە کارگەی **ئۆمگادا** هاوکاری کرد. لە ساڵی ١٩١٤ دا **ناوەندی هونەری شۆڕشگێڕانەی** دامەزراند کە هەر لەوێدا بزووتنەوەی **ڤۆرتیسیزم** سەری هەڵێنا.

ناوبراو لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی **ڤۆرتیسیزم** و سەرنووسەری بڵاوکراوەی ئەم بزووتنەوەیە بە نێوی **Blast** بوو. ئەو دواتر رایگەیاند کە **ڤۆرتیسیزم لە راستیدا شتگەلێك بوون کە من بۆ خۆم لە قۆناغێکی تایبەتدا گوتبووم یان بەڕێوەم بردبوون**، بەڵام باقی ئەندامانی بزووتنەوەکەش لەگەڵ شێوازی نیوە سەڵت و ئامێر ئاسای **راجێرفرای** هاوڕێ بوون. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە شێوەکارانێکی هەڵکەوتوو بکەین وەکو **ڤۆدزۆرس**، **نێڤنسۆن**، **رابێرتس** و پەیکەرتاشانێك وەکو **ئێپیێستین** و **گودیە ــ بێریژسکا**، ڤۆرتیسیزم شوێنەواری لەرادەبەدەری لە کوبیزم و فۆتۆریسم وەرگرتبوو. نێوی ڤۆرتیسیزم لە لایەن **ئەزراپاوندی** شاعیرەوە داهێنرا بوو. ئەمەش رەنگە ئاماژە بە بۆچوونێك بێ کە **ئۆمبێرتۆ بۆچیوڤێنی** (١٨٢٢ ــ ١٩١٦) شێوەکار و تیۆریسیەن و تاکە پەیکەرتاشی بزووتنەوەی فۆتۆریزم گوتبووی کە ئافراندنی هەموو چەشنە بەرهەمێکی هونەری دەبێ لە حاڵەتی گەردەلولی عاتیفییەوە سەرهەڵێنێ. تەنیا پێشانگایەك لە بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩١٥دا دانرا و خودی بزووتنەوەکەش

نەیتوانی لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەردەوام بێت. ئەو کارانەی لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە ژێر نێوی **گروپی X** بۆ ژیاندنەوەی ئەم بزووتنەوەیە ئەنجام دران هیچ دەرەنجامێکیان نەبوو و نەزۆك مانەوە. بەم حاڵە ڤۆرتیسیزم گرینگییەکی زۆری بۆ لە خۆگرتنی یەکەم هەوڵە ڕێکخراوەکان بۆ دانانی زەین لە مەیدانی هونەریی بریتانیا نیشان دا. هەروەها دواتر شوێنەوارێکی بەهێزی بۆ سەقامگیر و کامڵبوونی مۆدێرنیزمی بریتانیا بوو.

**١١. سوریالیزم**، بزووتنەوەیەك لە هونەر و ئەدەبیات کە لە فەرانسەدا پێرۆکە بوو لە ماوەی ساڵانی دەیەی ١٩٢٠ و دەیەی ١٩٣٠ دا گەشەی سەند و نیشاندەری چەشنێ هۆگریە بە توخم و بابەتی سەیر و نامۆ ، خەیاڵی ، دژ و نائەقڵانی. **سوریالیزم** لە سەرەتادا وەکو بزووتنەوەیەکی خەباتکارانە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەندێشەکردن و ئەنجامدان و لە ڕاستیدا بە چەشنێ شێوەی ژیان دادەنرا، نەك ئەوەی بە کۆیەك لە ڕوانگە شێوازخوازانەکان بزانرێ. لەم ڕووەوە لە **دادابیزم** دەچوو کە بە سەرچاوەی بنەڕەتی سوریالیزم دەناسرا. ئەگەرچی هەر دووك بزووتنەوەکە دژی ڕاسیۆنالیتە بوون، بەڵام سوریالیزم بە پێچەوانەی **دادا** کە **پوچخواز** و **نهیلیستی** بوو، بە بزووتنەوەیەکی **باش** و **پۆزەتیڤ** دادەنرا. **ئاندرێ بێرتۆن** (١٨٩٦ ـــ ١٩٦٦) شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری فەڕەنسایی کە گەورەترین تیوریسیەنی ئەم بزووتنەوەیە بوو، یەکەم مانیفێستی سوریالیزمی لە ساڵی ١٩٢٤ دا چاپ و بڵاوکردەوە و دوای ئەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بوو بە نێوی **شۆڕشی سوریالیستی**. دووەمین مانیفێستی سوریالیزمی ئەو لە دوایین ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە لە بەفرانباری ١٩٢٩ دا چاپ کرا، بەڵام کتێب و وتارگەلی جۆراوجۆری تری سەبارەت بە سوریالیزم نووسی. **بریتۆن** مەبەستی لە بزووتنەوەی سوریالیزم چارەسەرکردنی مەرج و بارودۆخە دژوازەکانی خەیاڵ و ڕاستەقینەی پێشوو و هەروەها گۆڕینی



ئەوان، ڕاستەقینەیەکی ڕەها یان ڕاستەقینەیەکی بەرفرە و ڕاستەقینەی مەزن بوو. ئەو و باقی ئەندامانی بزووتنەوەکە سەرنجیان دەدا بە بۆچوونەکانی **فرۆید** سەبارەت بە نەستکرد و نیوەنەستکرد و پێوەندییەکانی ئەم دوانە لەگەڵ خولیا و خەون، بەڵام شێوەی ئەوان بۆ دۆزینەوەی هاندەرەکان و هەستی خەوتوو و هەروەها بۆچوون و خەیاڵەکان بەتەواوی لەگەڵ شێوەی **فرۆید** جیاواز بوو. هەڵبەتە هەرچەندە داکۆکی و ویستە دووپاتەکانی **بریتۆن** بەرچاو بوون، بەڵام لە نێو ئەندامانی بزووتنەوەکەدا وەها هاودەنگییەك نابیندرێ، بەجێی ئەوانە کەموکوڕی، ناکامی و جیاوازیی بیروبۆچوون، مشتومڕ و دەرکران لە گروپ و هێرشی ئەندامان بۆ سەر یەکتر تایبەتمەندیی ناسراوی بزووتنەوەکە بوو. لە **سوریالیزمدا** بە گشتی دەکرێ ئاماژە بە سێ جۆرە خۆنیشاندانی جیاواز بکەین:

**أ.** لە لایەکەوە بەشێك لە هونەرمەندان گەلێ شێوەی جیاوازیان بۆ لابردنی کۆنترۆڵ و چاوەدێریی ئاگادارانە داهێنا. بۆ وێنە **ماکس ئێرنێست** (١٨٩١ ـــ ١٩٧٦) هونەرمەندی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٥٨دا بووە هاوڵاتیی فەڕەنسا و بوو بە یەکێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی **سوریالیزم**. **ئاندرێ ماسۆن** (١٨٩٦ ـــ ١٩٨٧) شێوەکار و پەیکەرتاش و نووسەری فەڕەنسایی و **خوان میرۆ** (١٨٩٣ ـــ ١٩٨٣) شێوەکار و هێڵکار و گرافیستی ئیسپانی لە ساڵی ١٩١٩ ەوە زۆربەی ژیانی لە پاریس تێپەڕ کرد و لە ئەندامانی سەرەکی بزووتنەوەی سوریالیزم بوو، بەڵام لە ژێر کاریگەریی **فوبیسم** و **کوبیزم** (ئەو لە دۆستە نزیکەکانی پیکاسۆ بوو) و **دادابیزمیش** دابوو.

**ب.** لەلایەکی ترەوە تاقمێك لە هونەرمەندان لە شێوەکارییەکانی خۆیاندا بە دوودڵی سەرنجی لە ڕادەبەدەر و وەبەرچاوگرتنی تەواوی پاژەکان هەوڵیان دەدا چەشنێ هەستی وەهمی لە ڕاستەقینە بەو وێنانە ببەخشن کە هیچ چەشنە واتایەکی لۆژیکییان نەبوو. هونەرمەندانێك وەکو **سالڤادۆر دالی** (١٩٠٤ ـــ

١٩٨٩) شێوەکار و پەیکەرتاش و گرافیستی ئیسپانی کە دوای ئەزموون و تێپەڕکردنی سەردەما و قۆناغەکانی **کوبیزم** و **فۆتۆریسم** و شیوەکارییە میتافیزیکییەکان لە ساڵی **١٩٢٩** دا تێکەڵاوی سوریالیزم بوو. زۆر زوو بوو بە ناسراوترین کەسایەتی و نوێنەری سوریالیزم و هەروەها **رێنێ مەگریت** (١٨٩٨ ــ ١٩٦٧) شێوەکاری بەلجیکی لە سیما ناسراوەکانی سوریالیزم بوو.

**ج.** لە کۆتاییدا بۆ تێکەڵاوکردنێکی سوریالیستی لە بواری میعماری و پەیکەتاشی و هێڵکاری و شێوەکاریدا، لە ئاوێتەکردن و لەلای یەکدانانی ئەو بابەتانە کەڵك وەردەگیرا کە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبوو هەتا هەست و مانایەك بخولقێنن، زۆر ناراستەقینە یان خەیاڵی نەبن، بەڵکو راستەقینە ببێتە دەرەوەی دنیای ئاسایی. سوریالیستەکان بۆ پاساوی ئەم کارە کەڵکیان لە دەقێك وەردەگرت کە لە ناکاو پاژە لێك دوور و دژ بەیەکەکان تێکەڵی یەکتر بکا، ئەویش رستەیەك بوو لە شاعیری بەناوبانگی فەڕەنسا **ئیزدور کاسە** بە نازناوی **کۆنت دولوتری ئامون** (١٨٤٦ ــ ١٨٧٠) کە لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە بە یەکێك لە پێشڕەوان و ئیلهامدەرانی خۆیان دادەنرا، دەیگوت: **جوان وەکو ئەوەی کە لەناکاو تووشی مەکینەی دروومان و چەتری سەر مێزی نەشتەرگەری بوون...**

سوریالیستەکان زۆر زوو لە سەرانسەری جیهاندا پەرەیان سەند و بوو بە یەکێك لە جیدیترین و پڕ کێشەترین بزووتنەوە جوانیناسانەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی لێهات. یەکێك لە پێشانگە گرینگەکانی بەرهەمە سوریالیستەکان کە بە دەستی **بریتۆن** کرایەوە لە ساڵی **١٩٣٦** دا بەڕێوە چوو. ئەم بزووتنەوەیە گەیشتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە لە کاتی دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانیدا و هەروەها لە کاتی داگیرکرانی فەڕەنسا بە دەستی ئەڵمان زۆربەی هونەرمەندە ئەڵمانی و فەڕەنساییەکان بەرەو ئەمریکا



کۆچیان کردبوو. ئەگەرچی لە نێوان شەڕدا سوریالیزم وەکو بزووتنەوەیەکی رێکخراوەیی تێکشکا و لەم سەردەمایەدا زیاترین هێزی خۆی لە کار کردبوو، بەڵام رۆحی **سوریالیزم** بە داکۆکیکردن لەسەر شتە سەیر و سەمەرەکان و داکۆکی لەسەر دەربڕینی شاعیرانە و هەستە ناسکەکان شێوە خۆنیشاندانێکی بەدیلی **فۆرمالیزم** یان **فۆڕمخوازیی** زاڵ بەسەر کوبیزم و چەشنە جیاوازەکانی هونەری سەڵت پێشکەش کرد ، شێواز و میتۆدەکانی سوریالیزم شوێنەواری لە سەر هونەرمەندانی زۆربەی وڵاتان داناوە، بۆ وێنە ژێدەر و سەرچاوەی سەرەکیی ئیکسپێسیونیزمی سەڵت بوو.

**١٢. دادا:** لەو بزووتنەوە هونەریانەی ئەوروپا و ئەمریکایە و دیارترین تایبەتمەندییەکەی شۆڕشێکی توندوتیژانەیە بە دژی بایەخە سوننەتییەکان. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩١٥ دا لە لایەن گروپێك لە هونەرمەندان و نووسەران وەکو **هانس ئارپ** (١٨٨٧ ــ ١٩٦٦) شێوەکار و پەیکەرتاش و شاعیری فەڕەنسایی و **تریستان تسارا** شاعیری خەڵکی رۆمانی وەڕێکەوت. لە راستیدا دەبێ ئەم بزووتنەوەیە بە بەرهەمی وەهم سڕینەوەیەك دابنرێ کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە سەرچاوەی گرتووە، شەڕێك کە زۆربەی نووسەران و هونەرمەندان بە تەنز و تەوس و رەشبینی و ئانارشییەوە رووبەڕووی بوونەوە. لە **دادا** دا لە سەر توخمی نالۆژیکی، پوچ و بێ ناوەڕۆك داکۆکی دەکرا و هەروەها بۆ خولقانی بەرهەمە هونەرییەکان گرینگبوونی شانس و هەڵکەوتیان لەرادەبەدەر زل دەکردەوە. بەپێی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان کە سەر چۆنیەتی داهێنانی **دادا** (وشەیەکی فەڕەنسایی بۆ ئەسپی چێوی) ئەنجام دراوە، وادیارە ئەم سەردێڕە بە هەڵکەوت و بە هۆی دمە چەقۆیەکی گیرفانی کە لە سەر لاپەڕەیەکی دیکشنێری دانراوە هەڵبژێردرا و لە راستیدا سیمبولێکە لە هەڵوێستی دژی ئەقڵانیی ئەم بزووتنەوەیە. هونەرمەندانی **دادا** شێوازێکی

تایبەتیان نەخولْقاند، بەڵام بۆ ئەوەی یاسا و ڕێسا گشتییەکان تێکبدەن یان هەڵیبوەشێننەوە کەڵکیان لە گاڵتەجاڕی و ئاکارە هاندەرەکان وەرگرت. هەر بەو شێوەیەی کە لە ئەدەبیاتدا شیعری بێمانا خۆی نیشان دابوو، مونتاژ و تێکەڵاوکردنی ڕەنگە جۆراوجۆرەکان و کەڵکوەرگرتن لە توخمە حازر و ئامادەکانیش بە فۆڕمە دیارەکانی دەربڕین و واتا دادەنرا. **دادا** زۆر زوو پەرەی سەند (بە تایبەت لە نیویۆرك **مارسێل دوشام** و **مەن رێی** دوو کەس لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون). لە ساڵی **١٩٢٢** دا پیشانگەیەکی نێونەتەوەیی لە پاریس دانرا کە تایبەت کرابوو بە بەرهەمە **دادایستییەکان،** کەچی لەم ساڵە بەدواوە وەکو بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو نەیتوانی بەردەوام بێ، بەڵام شوێنەوارەکانی زۆر قووڵ بوون بەتایبەتی لەسەر **سوریالیزم** (ئەو بەشەی کە بەرەو پوچی و شتە سەیر و سەمەرە و نامۆکان دەچوو)، واتە **ئیکسپیرسیونیزمی** سەلْت و هونەرە چەمکییەکان.

**١٣. لێکۆربوزیە،** (شارل ئیدوارد ژانێریت ١٨٨٧ ـــ ١٩٦٥) میعمار و شێوەکار و نووسەری بە ڕەچەڵەك سویسییە کە ساڵی **١٩٣٠** بووبە هاوڵاتیی فەڕەنسایی. **لێکۆربوزیە** بە گشتی وەکو یەکێك لە گەورەترین و کاریگەرترین میعمارانی سەدەی بیستەم ناسرا و لە مێژووی شێوەکاریی مۆدێرنیشدا وەکو یەکێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی **پوریزم** (Purism) خاوەنی شوێن و پلەی تایبەت و مەزنە.

**پوریزم** بزووتنەوەیەك بوو لە شێوەکاری فەرانسە کە لەگەڵ جوانیناسیی نوێی هونەرە ئامێرییەکان گرێدرا بوو و لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ ـــ ١٩٢٥) دا پێگەیشت و گەشەی کرد. لە دامەزرێنەران و لایەنگرانی **پوریزم** دەتوانرێ ئاماژە بکرێ بە **ئامێدێ ئۆزتینفان** و **لیکۆربۆزیە**. ئەوان بەو باوەڕەوە کە قوتابخانەی **کوبیزم** لەسەر ڕێی ڕاستەقینەی خۆی لای داوە ڕەسەنایەتی و



متمانەی خۆی لەکیسدا و بەرەو چەشنێ هونەری جوانکاری و دیکوراسیونی ڕۆیشت و بەم پێیە تووشی نزمی و داڕزان هاتووە، بەم دەرەنجامە گەیشتن کە دەبێ بە شێوەی جیدی بۆ بنیاتنانەوە و ساغکردنەوەی بناغەی هونەری بێ گرێ هەنگاو هەڵبگیرێ و بەربەرەکانی بکرێ. ئەوان پێیان وابوو کە دەبێ بە پێداگرییەوە هەست و عاتیفەکان کە **لایەنگری کردن لە شیعری عاشقانەی ئەندازەیی**ــ باشترین و گونجاوترین وەڵامە بۆ ئەو وێنانەی خۆش ئاهەنگن و بە باشی لێکدراون ــ دوور بخرێنەوە. **لیکۆربۆزیە** هەتا ساڵی **١٩٢٩** هەر خەریکی شێوەکاری و کێشانەوەی شتە بێ ڕۆح (**Still Life**)ەکان دەبوو. بەڵام لەم ساڵە بەدواوە سوژە و مرۆڤەکانیش کەوتنە نێو کۆمپۆزسیونی ئەوەوە، هەڵبەت ئەو لە ساڵی **١٩٢٠** دا هەر بەو شێوەیەی کە شێوەکارییەکانی خۆی بە نێوی **ژانرە** ئیمزا کرد نێوی **لیکۆربۆزیە** (قسقەڕە)ی لەسەر خۆی دانا. لیکۆربۆزیە لە نێوی یەکێك لە باپیرانی ئەوەوە وەرگیراوە و هەروەها ـــ جناس ـــ ێکە لە ئاماژەکردن بە نزیکایەتی دەموچاوی ئەو بە قشقەڕە. بێجگەلە بەرهەمە شێوەکاری و میعمارییەکان لە بواری هێڵکاری، وێنەسازیی کتێب، لیتوگرافی، وێنەکانی پێوەندیدار بەو پەردانەی لە سەر دیوار و کاناپێ دەدرێن، بەرهەمی بەرچاوی دیکەی هەیە. هەروەها زۆر بەرهەمی نووسراوی لە بواری کتێب، دەفتەری نووسینی ڕۆژانە و وتاری لێ بەجێماوە.

١٤. **شێوازی نێونەتەوەیی** (International) سەردێڕێکە کە **هانری راسێل هیچکاك** و **فیلیپ جانسۆن** لە کاتالۆگی پێشانگەی میعماریی ساڵی **١٩٣٢** لە مۆزەی هونەرە مۆدێرنەکاندا بە دەستەیەك لە بیناکانیان گوت کە لە ماوەی ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تا ساڵی (**١٩٣١**) داڕێژراون و میعماری کرابوون (بە تایبەتی ئەو بینایانەی کە لە لایەن **ڤالتێر گروپیوس، لیکۆربوزیە، لودڤیك میز ویندێر روهە، و جی.جی.پی. ئود** ـــ ەوە

داڕێژرابوون). بە گشتی بیچمی ئەم بینایانە بە شێوەیەکە کە داکۆکی زۆر دەکا لە سەر کارکرد و بەکارهێنانیان، بەڵام لەم بیچمانەدا کارکردخوازی دەروەستی توخمی جوانیناسییە لە میعماریدا. ئەو بناغە و قاعیدە هونەریانەی بە شێوەیەکی بەرچاو بیناکان پێکدێنن لە بەرامبەر باڕستا لە سەر کێش، لە بەرامبەر سیستم و قاعیدەمەندی لە سەر هاوتەریبی، لە بەرامبەر ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنی پاژەکان لە سەر کەڵکوەرگرتن لە جوانکارییەکان زیاترین پێداگری دەکەن کە دواتر **هیچکاک** داکۆکیکردنی لە سەر دەربڕین و ناساندنی وردی پێکهاتەی پێوە زیاد کرد. بێجگەلە ئەمە لە ساڵی **١٩٣٢** دا **هیچکاک** و **جانسۆن** کتێبێکیان لە ژێر سەردێڕی شێوازی نێونەتەوەیی چاپ کرد و هەر بەو شێوەیەی گوترا لە حاڵی حازردا ئەم سەردیڕە بە بزووتنەوەیەکی گرینگی میعماریی مۆدێرن دەگوترێ کە هەڵگری میعماریی وەرگیراوە لە بزووتنەوەی هونەرە زەینییەکانی ناسراو بە **دواستیژل** De Stil (نێوی گۆڤارێکە بە زمانی ئەڵمانی کە لە **١٩١٧** بڵاوکرایەوە و مەبەست لەویش ئاگادارکردنەوەی مرۆڤی مۆدێرنە لە دەنگ و بیروبۆچوونی نوێ سەبارەت بە هونەری وێناکردن، ئاگادارکردنەوەیە لە فۆڕمی تەواو سەڵت).

هەروەها بزووتنەوەی ناوبراو شوێنەواری لە قوتابخانەی **باوهاوس** وەرگرتووە و تایبەتمەندیی بەرچاوی هەیە کە لە هەندەسەی چوارگۆشەی شوێن و لاپەڕەی تەخت بەکاردەهێندرێ. ئەم شێوازە نیشاندەری تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ناسراوترین ناسێنەران و نوێنەرانی ئەم شێوازە و لە حەیاتیترین سەردەماکانی نیوەی دووەمی سەدەی هەنووکەدا دەتوانرێ ئاماژە بکرێ بە **میەوندر روهەر، ڤالتێر گروپیوس، لیکۆربوزیە** و باقی کەسایەتییە ناوچەییەکانی تر وەکو **جی. تی. ریتڤێلد** لە هۆلەند یان **سکید مور، ئۆڤینگز** و **مریێل** لە ئەمریکا. ئەم شێوازە هەتا ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ ش درێژەی هەبوو.



١٥. **ڤالتێر گرۆپیوس** (W. Gropius ١٨٨٣ ــ ١٩٦٩) میعمار و داڕێژەر و مامۆستای هونەرەکانی میعماری لە ساڵی **١٩١٨** قوتابخانەی میعماری و هونەری بەکارهێنانی **باوهاوسی** دامەزراند و بوو بە بەرپرسی ئەوێ (لە پێشدا لە **ڤالیمار** و لە ساڵی **١٩٢٥** دا لە **دسائو** هەتا ساڵی **١٩٢٨** ) لە ساڵی **١٩٢٨** لە بێرلین دەستی کردەوە بە چالاکییە میعماری و نەخشەسازییەکانی خۆی. ساڵی **١٩٣٤** کاتێ **ناسیونال سۆسیالیزم** (نازییەکان) بە دەسەڵات گەیشتن **گرۆپیوس** ئەڵمانی بەرەو ئینگلیستان بەجێهێشت. لەوێ لەگەڵ **ماکسول فرای** میعمار و نەخشەسازی بریتانی هاوکاری کرد. ساڵی **١٩٣٧** چووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە زانینگەی **هارڤارد** هەتا ساڵی **١٩٥١** خەریکی گوتنەوەی وانەی میعماریی مۆدێرن بوو. ئەو تا کۆتایی ژیان هەڵسوڕ و چالاك بوو. لە کارنامەی چالاکییە نەخشەسازی و میعمارییەکانی **گروپیوسدا** تووشی زۆر بینای گەورە و بەرز دێین کەر هەرکامیان لە چەشنی خۆیاندا بێهاوتان و لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی میعمارین. هەروەها بە نیشانەیەك لە تایبەتمەندی و ناوبانگی جیهانی ئەو دادەنرێن. ئەگەرچی هەڵسوڕانی سەرەکیی **گرۆپیوس** لە بواری میعماریدا بوو، بەڵام کاریگەریی ئەو لەسەر بزووتنەوە مۆدێرنیستییەکان لە گشت لقەکانی هونەری وێناکردندا بەرچاوتر لە هاوڕێبازەکانی خۆی بوو. لە هیچ کوێ نەبیندراوە کە بە رادەی قوتابخانەی میعماری و نەخشەسازیی **باوهاوس** کە **گرۆپیوس** دایمەزراندبوو، هونەرمەندانی ئاوا زۆر و دیار پێکەوە کۆ بووبێتنەوە.

**١٦. باوهاوس:** لە قوتابخانە هونەری و نەخشەسازی و میعمارییەکانە کە بە پێی بۆچوونی **وێرکبوند** داڕێژرا و لە ساڵی **١٩١٩** دا وەکو تەواوکەری **قوتابخانەی هونەری بەکارهێنانی ڤایمار** دامەزرا. خودی **وێرکبوند** لە ساڵی **١٩٠٧** دا لە لایەن **هێرمەن مۆدێسیوس** بە میعمار و دواتر چاوەدێر و بەرپرسی

**بەشی بازرگانیی قوتابخانە هونەری و پیشەییەکانی پروس** دانرا. ئەو لە ژێر کاریگەریی **ڤیلیام موریس** و **بزووتنەوەی هونەر و پیشەکان** دابوو. مەبەستی سەرەکیی **وێرکبوند** تەیارکردنی هونەرمەندان بوو بە ئامرازی بەرهەمهێنانی ئامێری بۆ زۆرکردنی بەرهەمە هونەرییەکان و گەرەنتی کردنی جێگە و پێگەی ئەڵمان لە بازاڕە پیشەییەکان و گۆڕەپانی هەناردندا. مەبەستی راگەیاندراوی **وێرکبوند** نەتەنیا بەرهەمهێنانی کەلوپەلی سەرەکی و خۆڕاگر و کەڵکوەرگرتن لە ماتریالی و کەرەستەی نایاب بوو، بەڵکو بەکەڵکوەرگرتن لەو ئامرازە گەیشتن بوو بەگشتگیرییەکی سەرلەبەر ئەندام ئاسا و هەستیار کە شیاوی بەکارهاتنە و لە هەمانکاتیشدا هونەرییە. گرینگترین پێشانگەی بەرهەمەکانی **ویرکبۆند** لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆڵن بەرێوەچوو کە تێیدا **ڤاڵتێر گرۆپیوس و ئادۆلف مێیەر** نەخشەسازیی کارخانەیەکیان کرد و لە ساڵی ١٩١٩دا **ڤالتێر گرۆپیوس** سەرپەرشتی و ئیدارەی کارەکانی **باوهاوس ـ ی** وەئەستۆ گرت کە دەیویست بە داوی ئارمانەکانی **موتسیوس**دا بڕوا، بەم شێوەیە **باوهاوس** بە ڕێنوێنی و رێبەرایەتیی **گرۆپیوس** هەتا ساڵی ١٩٢٥ لە ڤایمار درێژەی بەکارەکانیدا. ساڵی ١٩٢٥ **باوهاوس** بۆ دیسائۆ گوێسترایەوە و هەتا ساڵی ١٩٣٢ درێژەی بە ژیانی خۆیدا، بەڵام کاتێ نازییەکان لە ساڵی ١٩٣٣ دا بە دەسەڵات گەیشتن، لێك هەڵوەشاوە. **گرۆپیوس** لە (١٩١٩ ـ ١٩٢٨) بووبە بەرپرسی ئەوێ. ئەو دەیویست هەتا بەرنامە و مەبەستەکانی لە رێی **باوهاوس** ـــ ەوە بە ئەنجام بگەیەنێ کە لە مانیفێستی ئاپریلی ١٩١٩ ی خۆیدا رایگەیاندبوو، واتە یەکگرتووکردنی هونەر و داهێنەر و پێکهێنەرەکان لە ژێر نسێی هونەری میعماری و چاوخشاندنەوەی هونەرمەندان بە سەر پیشە و هونەری خۆیان.



زۆربەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی هونەرو میعماریی مۆدێرن ـ وەکو **کلەی، کاندینسکی، ماهولی ناگی، شلیمێر، بریڤێیر، هانس مێنێر، لودڤیك میز، ڤەندێر رۆهە** ـ لە **باوهاوس** پەروەردە کران. ئەگەرچی زۆر جاران لەسەر گەلێ بابەتی وەکو رۆڵە رێژەییەکانی هونەر، تەکنۆلۆژیا و سیاسەت جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر بوو. کەڵکەڵە و بۆچوونە داهێنەرەکانی ئەوان سەبارەت بە فۆڕم ـ ماتریال و کەرەستەی بیناسازی و پێویستی کاری کۆ بووبە بەشێك لە نیشانە دیارەکانی **شێوازی نێونەتەوەی** لە میعماریدا کە بە ئاشکرایی لە فۆڕمە سانا هەندەسییەکانی ئەو بەرنامە پیشەییانە بوو کە **باوهاوس** ئیلهامی پێ بەخشیبوون، بەڵام ئەم بۆچوونانە نەیانتوانی لە قەوارەی سوننەتی ئاکادیمیتردا بپارێزن. رەنگە بەم هۆیە کە داکۆکی لەرادەبەدەریان لەسەر بەکارهێنانی فۆڕمە سەڵتەکان دەکرد و کەمتر سەرنجیان دەدا بە نەفسی کەڵکوەرگرتن و جۆری کەڵکوەرگرتن و شێوە و گرفتەکان. فێرکارییەکانی **باوهاوس** هەتا ساڵی ١٩٧٠ لە فۆڕمی جۆراوجۆردا و بە چەند ئاڵوگۆڕییەك لە زۆربەی قوتابخانە و پەیمانگاکانی میعماری و نەخشەسازی درێژەی هەبوو.

١٧. بۆ وێنە زۆربەی تیوریسیەنە مۆدێرنەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە شیعرێکی **بۆدلێر** پێیان، وایە تەنیا بەوەچنگ هێنان و داگیرکردنی رۆحی زەمان و وێکهێنان، یان راگرتنی تایبەتمەندییەکانی گەڕیان و راکردنی زەمانەکە دەتوانین بە هەرمانی و تاهەتایی بگەین. ئەم چەشنە روانگەیە بۆ میعماران و هونەرمەندە مۆدێرنەکان کە بە داڕشتن و دروستکردنی شوێنەکان (بینا و دامودەزگاکان) تاوانبارن، مزگێنی دەربوو. **ڤەندێر رۆهە** لە میعمارە ناسراوەکانی ساڵانی ١٩٢٠ دەنووسێ: تەنیا لە چوارچێوەی شوێن دایە کە لە ئیرادەی زەمان دەگەین، بەڵام بە پێی بۆچوونی تاقمێکی تر لە نوێخوازان **بەشوێنکردنی زەمان** لە رێی وێنەکان و ئاماژە و خەیاڵ و ئاماژەی بەرچاو و

هاندەر، زەبری چاوەڕواننەکراو یان تەنیا لە ڕێی هونەری **مونتاژ/ کولاژ** (هونەری تێکەڵکردنی تیکە جۆراوجۆرەکان / هونەری ئاوێتەکردنی ڕەنگە جیاوازەکان) کارەکە بەوپەڕی دژواری و کێشەسازی گەیشتووە، **بۆدلێر** لەم بابەتەوە لە شیعرێکی خۆیدا دەڵێ:

وشیاربوون، لە سەردەمای بووندانییە
سەردەمای بوون ئەو کاتەیە لە گوڵزار دای
کاتێ لە باخ دای و گوێ بیستی زەمزەمەی بارانی
ئەی دەست بەسەری سامی مێژوو و هیوای داهات
لە یادت بێ
کە تەنیا زەمانە دەتوانێ زەمان داگیر بکا...

**سەرچاوەکانی ئەم وتارە:**


١) Bottomore, T.B.A Dictionary of Marxist Thought, (Basil-Blackwell, ١٩٩١).

٢) Harvey, David, The Condition of Postmodernity, (Basil-Blackwell, ١٩٩٠).

٣) Hutcheon, Linda: A Poetics of Postmodernisim: Hostory, Theory, Fiction, (New York, London: Routledge, ١٩٨٨).

٤) Jameson, Fredrick: "Postmodernism or the Cultural Logic of Late Capitalism" New Left Review, ١٤٦, July-August ١٩٨٤.





٥) Lunn,Eugene: Marxism and Modernism: An Historical Study of Lukac, Brecht, Benjamin, and Adorno, (London: Verso, ١٩٨٥).

٦) Lyotard, Jean-Francois, The Postmodern Condition: A Report on Knowledge: (Manchester: Manchester University Press ١٩٨٤).

٧) Williams, Raymond, The Politics of Modernis: Against the new Conformesits, ed. Tony Pinkney.(London: Verso, ١٩٨٩).


**سەرچاوە:**


مدرنیتەو مدرنیسم، **مجموعەء** مقالات، ترجمە و تدوین: حسینعلی **نوذری**، چاپ، ١٣٨٠ ـ انتشارات نقش جهان.

# مۆدێرنیته و بەکارهێنانه واتاییەکانی

*کریشان کۆمار**

**مۆدێرنیته** چەمکێکی ناتەبایە. ئەم چەمکە هەم لە بابەتە نیگەتیڤییەکانی خۆی مانا وەردەگرێ و هەم لە بابەتە پۆزەتیڤییەکان. بە واتایەکی دیکە ماناکانی مۆدێرنیته لە لایەکەوە لەو بابەتانەدا شاراوەیە کە خودی ئەوان (بابەتەکان) رەت دەکاتەوە و لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە سەر بابەتگەلێك کە قبوولیان دەکا و دەیانسەلمێنی. بەم پێیە ئەم وشە یان زاراوەیە دەتوانێ لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا بە ماناگەلی تەواو جیاواز خۆی نیشان بدا، هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە چ شتێك رەت دەکاتەوە یان لە بەرامبەریدا چ شتێك قبووڵ دەکرێ و دەسەلمێندرێ. بۆ وێنە وشەی لاتینیی ***Modernus*** لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا بۆ ***ئەگوستین*** لە لایەکەوە نیشاندەری رەتکردنەوەی کفر، لارێیی و بێدینی بوو، لە لایەکی دیکەوە دەرکەیەك بوو بەرەو سەردەمای نوێی مەسیحی بوون.

ئەمە لە حاڵێك دایە کە بیرمەندانی چاخی **رێنێسانس** بە زیندووکردنەوە و دووبارە خولقاندنەوەی ***هیومانیزمی*** کلاسیك دەیانویست لە هەمانکاتی ئاوێتەکردنەوەی هیومانیزم لەگەڵ مەسیحی بوون، لە نێوان ***لە مێژینە*** و ***مۆدێرن*** و دەوڵەت و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان جیاوازی دابنێن. کەمێك بەملاتر و لە سەدەی هەژدەهەم و چاخی رۆشنگەریدا شاهیدی ئەوەین کە بیرمەندانی رۆشنگەریی نەتەنیا چەمکی ***ناڤین*** یان ***ناوەڕاست*** (سەدەکانی ناوەڕاست)یان لە



نێوان ***لە مێژینە*** و ***مۆدێرن*** داناوە، بەڵکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی و دەستنیشانکار چەمکی مۆدێرنیان بۆ پێوەندی و هەڵسوکەوتی نزیك لەگەڵ دوو چەمکی دیکە، واتە ***ئێرە*** و ***هەنووکە*** دیاریکرد.

ئەم چەشنە لێدوانە سەبارەت بە مۆدێرنیته و ئەم چەشنە مانا دۆزینەوەیە بۆ مۆدێرنیته، گەڕیان و هاتووچۆی نوێیی پێ بەخشی. لەم دەورەیە بەدواوە بوو، کە کۆمەڵگای مۆدێرن وەکو کۆمەڵگای ئێمەی لێهات، واتە ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە تێیدا دەژین و ژیاوین، جا چ کۆمەڵگای سەدەی نۆزدەیی بێ یان کۆمەڵگای سەدەی بیستەمی. کۆمەڵگای رۆژئاوایی کە نیشاندەری روونترین دژایەتی یان جیاوازییە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی پێشوو یان کۆمەڵگاکانی دیکە بۆتە نیشانەی مۆدێرنیته. ئەم تەڤگەرە هەرێم و چوارچێوە و سنووری مۆدێرنیتەی نیشاندا. ***مۆدێرنیزاسیۆن*** یان ***مۆدێرنیزەکردن*** هاوتا و هاوسەنگی **رۆژئاوایی بوون** یان **رۆژئاوایی کردن** بوو.

بەم جۆرە لە سەدەی هەژدەهەمەوە کۆمەڵگای مۆدێرن بوو بە هەڵگری نیشانەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایی. کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگایەکی پیشەکاری و زانستیی بوو. قەوارە سیاسییەکەی ***دەوڵەت ـ نەتەوە*** دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوو کە لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریی خەڵکی، مەشرووع بوونی خۆیان وەردەگرت. لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئابووری و گەشەی ئابووریی دەوری سەرەکیی دەگێڕا و لە هەمان حاڵدا سەرکەوتوو نەبوو. وەها جێیەکیان داگیرکردبوو کە هیچ هەرێم یان گۆڕەپانێکی دیکە نەیدەتوانی لە هەمبەر ئەم چەشنە ئابووریانەدا راوەستی یان رکەبەریی بکا. سیستەمە ئەندێشەییەکان و سەرەکیترین ئایینە فەلسەفییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە بریتی بوون لە ***ئەقڵخوازی*** (راسیۆنالیزم) و ***قازانج خوازی*** (یوتیلیتاریانیزم). مۆدێرنیته لە گشت ئەم قەوارانەدا نەتەنیا رابردووی خۆی رەت دەکردەوە، بەڵکو سەرجەم

ئەو کولتوورانەشی وەلادەنا کە نەیاندەتوانی بە ئاستی هەستکرد و تێگەیشتوویی خۆیان بگەن. ئەمە هەڵەیە ئەگەر بڵێین مۆدێرنیتە مێژوو رەت دەکاتەوە یان وەبەرچاوی ناگرێ چونکە لە روانگەی مۆدێرنیتەدا بەراوردکاری و جیاوازی و دژایەتی لەگەڵ رابردوو ـ شوناسێکە کە دایمە دەگۆڕدرێ ـ بە پێویستیترین خاڵی گەڕانەوە دادەنرێ. تەنانەت شوناس دۆزینەوەی پەیوەستە بەم خاڵی گەڕانەوەیە. واتە پەیوەستە بە هەبوونی ئەو رابردوویە کە مۆدێرنیتە لە دژایەتی و جیاوازی لەگەڵ رابردوو مانای پێدەبەخشرێ و شوناسی خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام دروستی ئەم خاڵە لەوە دایە کە مۆدێرنیتە پێیوایە رابردوو هیچ چەشنە ئەزموون و پەندێکی بۆ ئەو پێ نییە. سەرنج و ویستی مۆدێرنیتە دایمە بەرەو ***داهاتووە***. کۆمەڵگای مۆدێرن بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی دیکە پێشوازیی لە داهێنان و خولقاندن و تازەگەرییە نوێیەکان کردووە و هاندەریانە. دەتوانرێ بگوترێ کە لە راستیدا کۆمەڵگای مۆدێرن ***سوننەتی نوێی*** داهێناوە.

مۆدێرنیتە لە ماناکەی دیکەی خۆیدا، واتە ***کۆمەڵگای پیشەکاریی مۆدێرن*** کەوتۆتە بەر باس و مشتومڕێکی زۆری لە سەر کراوە. باشترین و کاملترین لێکدانەوە سەبارەت بەم مانایەی مۆدێرنیتە لە بەرهەمی فەیلەسوفان و تیۆریسیەنە مەزنە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەدا، واتە **هێگل**، **مارکس توکویل**، **وێبر**، **زیمبل**، **دورکیم**...دا دەبیندرێ. لێکدانەوە و روانگە تیۆرییەکانی ئەوان لە زۆر بواردا بۆ کۆمەڵگا هەنووکەییەکان وەراست گەڕاوە و باش و گونجاوە. تەنانەت هەرچەند لە زۆر شوێنی جیهاندا **سوسیالیزمی دەوڵەت** دۆڕاوە و بە ئاکام نەگەیشتووە، بەڵام هەنووکەش باوەڕ بە لێکدانەوکانی **مارکس** دەکرێ و جێی متمانەن. کەچی گەشەی بەشێك لە بزووتنەوەکانی سەردەمای ئێمە (هاوچەرخ) ــ جیهانی بوونی



ئابووری، شکستی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، کۆڕەوی مەزنی جەماوەر ـ بوو بە هۆی ئەوەی تاقمێك لە بیرمەندان وای دانێن کە مۆدێرنیتە بەرەو کۆتاییە. ***جێفری باراکلۆف*** مێژووی هاوچەرخی وەکو شتێکی جیاواز لە مێژووی مۆدێرن ئاراستە کرد. تاقمێکیش هەنگاویان خێراتر کرد و سەردەمای ***پۆست مۆدێرنیان*** راگەیاند.

هیچ کام لەم بانگەشانە کەسیان رازی نەکرد و قبووڵ نەکران. سەرجەم ئەو بزووتنەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا ریشەی نەگۆڕ و لە مێژینەیان لە مۆدێرنیتەی کلاسیکدا هەیە. ئەم خاڵە بە تایبەتی سەبارەت بە داکۆکیی دووبارە لە سەر چەمکی ***تێپەڕین*** یان ***Tronseince*** , جیاکردنەوە، پڕشوبڵاوی و نەبوونی هەستی مانا بۆ رەوتی مێژوویی، راستە. بیرمەندانێك وەکو بودلێر، نیچە، بورکهارت پێشتر لە بابەت ئەم چەشنە لایەنگریانەی سەردەمای خۆیان دوابوون. ***مرۆڤی داهاتووی نیچە لە راستیدا هەمان کێشە، دژوازی و ئەو رەنجانەی ئەزموون کردبوو کە هەنووکە مرۆڤی پۆست مۆدێرن لە سەر رێگای خۆیدا دەیبینێ.***

مۆدێرنیتە هیچکات دیاردەیەکی تاك یان لە ریزی دەستەیەکی نەگۆڕدا نەبوو، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو شتە بوو کە مارکس وێبر و بە تایبەتی ***گیۆرگ زیمبل*** باوەڕیان پێی بوو. گەشە و دینامیزمی مۆدێرنیتە هەمیشە پاژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی پێك دادەدا، هەمیشە لە نێوان توخم و پاژە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری مۆدێرنیتەدا دژایەتی و تێکهەڵچوون دەبینین: ***ئابووری دژی سیاسەت، کولتووری ئەقڵمەندی ئامرازی*** و شتەکانی تریش. زۆربەی ئەو شتانەی هەنووکە لە ژێر سەردێڕی ***پۆست مۆدێرنیتە***دا لە ئارادان یەکەم جار لە شۆڕش یان یاخیبوونی کولتووری دژ بە مۆدێرنیتە خۆی نیشاندا کە لە سەرەتای سەدەدا نیشاندەری بزووتنەوەی مۆدێرنیزم

بوو. لە راستیدا مۆدێرنیزم بریسکانەوەی داکۆکییەکانی مۆدێرنیتە بوو لە سەر کارکردخوازی و ئاڵۆزیی تەکنۆلۆژیا، بەڵام مۆدێرنیزم لە قەوارەی بزووتنەوەگەلێك دا وەکو ***سوریالیزم*** و ***دادایزم*** لە هەمبەر هۆکارەکانی بنەمای راستەقینەدا لایەنگریی دەکرد لە هۆکارەکانی ***توخمی زات***. بەم شێوەیە بەشێك لە عادەت یان رەوشتە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەی بە دزێوی نیشان دا. گومان لەوە دانییە کە کۆمەڵگای مۆدێرنی هەنووکەیی لە زۆر لایەنەوە هەمان کۆمەڵگای مۆدێرنی سەردەمای **مارکس وێبر** نییە. تەنانەت دەبێ لەوپەڕی مۆدێرنیتەوەوە بکوترێ کە بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە لە رابردوودا چاوەڕوانی دەکرا مۆدێرنیتە بە مانای کۆمەڵگای رۆژئاوایی لە هیچ کام لە قۆناغە تایبەتییەکانی ئەو (کۆمەڵگا رۆژئاواییە)دا نابینین، یان بە بۆچوونی ***گیدێنز*** ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ***ئایا لە بنەڕەتدا مۆدێرنیتە بە دیاردەیەکی رۆژئاوایی دادەنرێ؟*** هەڵبەت مۆدێرنیتە بە یەکێك لە بنەڕەتەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایی ناسراوە. بەڵێن و باوەڕ بە پێگەیین و گەشەی هەمیشەیی و تازەگەریی هەموو کات پێویستی بەوە هەیە کە ئەو قەوارە و وێنانەی هەن بە قەوارەیەکی کورتخایەن، زووتێپەڕ و مەرجدار دابنرێن. بەم پێیە هەمیشە دەبێ چاوەڕوانی دەرکەوتنی تایبەتمەندی و قەوارە نوێیەکان بین. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە ***دینامیزمی سەرەکیی رەوتی پیشەخوازی چۆن هەڵسەنگێندرا یان وەرپێخرا؟*** جیهانگیری شێوەی ژیانی پیشەکاریی شاهیدێکە لەسەر هێز و توانایی هەمیشەیی. لە هەمان حاڵدا رەوتی پیشەخوازی بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ ئەو سیستەمانە دادەنرێ کە لایەنگری ژیانی سەر ئەم زەوییەن. لەم بەشەدا کە پیشەخوازی رەنگە لەگەڵ بەرتەسکییەکانی خۆی رووبەڕوو بێتەوە. دووبارە ئەندێشەکردن



و رێ هەڵبژاردنێکی نوێ کە لەسەر رێی ئەم بابەتەیە بە باشی دەتوانێ بەشێ لە هەڵسووڕانە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە وەلا بنێ.

لێرەدا ئایا ئەم بابەتانە ئێمە بەرەو ***ئەوپەڕی مۆدێرنیتە*** یان ***پۆست مۆدێرنیتە*** دەبا، ئەمە شتێکە کە لانیکەم هەنووکە وەڵامی پێ نادرێتەوە، یان کەس نییە بتوانێ لەسەری بدوێ.

**پەراوێزەکان:**

* Krishan kumar ،"***Modernity and its conceptual uses***" ،in K.Kumar ،The Rise of Modern Society ،(Oxford: Blackwell ، ١٩٨٩).

# مۆدێرنیته و مۆدێرنیزم

ئیتیمۆلۆژی و تایبەتمەندییە سینتاکسییەکان [١]

**راجێر سکراتۆن ـ مالکۆم برادبوری**

له بارەی چەمکی **"مۆدێرنیته"** و **"مۆدێرنیزم"** گەلێ شت هەن، که له دیدی واتاناسی و سینتاکسی و ئیتیمۆلۆژی و زمانناسییەوە باسیان لێدەکرێ، بەڵام لێرەدا زۆر بە کورتی روانگەی **سکراتۆن** لەمەڕ مۆدێرنیته و ئیتیمۆلۆژییەکەی و دواتر بۆچوونەکانی **برادبوری** و دیتران ئاراسته دەکرێت که باسی مۆدێرنیزم و بەکارهێنانە سینتاکسییەکانی مۆدێرنیزمە.

دژایەتیی نێوان **"لە مێژینە"** و **"مۆدێرن"** یەکەمجار لە چاخی رێنێسانسدا هاته ئاراوه، بەڵام وێدەچێ که مانای تەواومۆدێرنی وشەی مۆدێرن داهێنراو و بەدیهاتووی داهاتووه، واته تێگەیشتنێکی گۆڕاو له جیهان و خود که سەرچاوەکەی ژیانه له ئێستا یان هەنووکەدا نەك رابوردوو یان پێشوو. لە روانگەی ئیتیمۆلۆژی و زمانناسییەوە ئەم زاراوەیە (مۆدێرنیته) ـ دەگەڕێتەوه سەر وشەی "Mode" و وشەی "Fashion". چەمکی مۆدێرنی ئەم وشەیه (مۆدێرنیته) ئاماژه دەکا به سەرجەمی ئەو شتانەی بۆ تاکێ که دەیەوێ له هەنووکەدا بژیت، گرینگ و پێویست و حاشاهەڵنەگرن ـ یەکەمجار له بەرهەمەکانی **"ژان ژاك رۆسۆ"** و دوای ئەویش له بەرهەمی زۆربەی نووسەران و بیرمەندانی چاخی رۆشنگەری و سەردەمای رۆمانتیکدا هاتۆته ئاراوه. رەنگە یەکەمجار ئەمە **هێگل** بوو، که



لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و بێوێنەی سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤی مۆدێرن پێشکەش کرد:

کەسایەتییەك که مێژوو لەهەمبەر خۆی و خۆی لەهەمبەر مێژوو دادەنێ، ئاوا بیردەکاتەوه که **ئایا ئەم دوانه هاوتەریب و هاوڕێی یەکترن یان نا؟**

مۆدێرنیته وەکو دانانی هەستکردانەی تاك له نێو مێژوو و دیاریکردنی ئاگادارانەی شوناس و شوێن و جێگەی خود له مێژوودا دەتوانێ بچێته فۆڕمێکی گەشبینانه یان رەشبینانەوه. له هەردوو حاڵەتدا نەتەنیا دەبێ گۆڕانکاریی له شێواز و دەربڕیندا رووبدات، بەڵکو دەبێ له گەوهەر و چەندایەتیی هزری سیاسیشدا بێته ئاراوه. مرۆڤی مۆدێرن له نێو رەوتی پێوەندییەکی وشیارانه لەگەڵ مێژوودا دەژی. ئەگەر له دەرەوەی چوارچێوەی باو و سوننەتدا هەڵدەسووڕێ ئەم رەوته تا رادەیەك دەکەوێته نێو مانای کینایی و خوازەییەوه: ئەگەر پێیوایه بەڵێنی داوه بەداهاتوو یان له رووی بوێری و خۆنەپاراستنەوه یان بەپێی هێزێکی پێشبینیکردنه که پێی دەڵێ **مێژوو چۆن دەبێ بەرەو پێشەوه هەنگاو بنێ**. تاقمێك پێیانوایه که پاوانخوازیی، بەرهەمی تایبەتیی ئەم وشیارییه مۆدێرنەیه. ئەم باوەڕه رەنگه یەکەمجار له توێی بەرهەمەکانی **ئێدمۆند برێك** و **هێگل**دا هاتبێته ئاراوه و هەڵگری پێداهەڵگوتنی باو، عادەت، داب و نەریت و دەمارگرژی گەلێکه له لایەن ئەو مرۆڤانەی لەم بابەتانه دوور بوونەتەوه و وشیارییان بووه هۆی ئەوه که کەلەبەر بکەوێته نێوان ئەوان و بابەتی ستایشکراو و رێزلێگیراو.

بێجگەله ئەم شۆڕشه دەشگوترێ تیۆر یان بۆچوونێکه که گەشه و تەشەنەی خۆی به قەرزداری رۆحی مۆدێرن دەزانێ. رەنگه بەم هۆیه که شۆڕشی تێکدەر و لەناوبەری مێژوویەکه که رۆحی ناوبراو هەمیشه خۆی

لەگەڵ بەراورد دەکا. دەتوانین ئەو ناکۆکییەی نێوان پاوانخوازی و شۆڕش هەر بەوجۆرەی باسی لێوەکرا لە دابەشکردنی جەمسەریی **کارڵ مانهایمدا** ببینین: **مانهایم** ئەندێشە و بیرکردنەوە دەکاتە دوو بەشی ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیا. تاقمێکیش پێیانوایە کە گەوهەری مۆدێرنیتە نهیلیزمە و گرێدراوە بە قبوولکرانی مەحاڵبوونی نهیلیزمەوە. بەم پێیە رای بیرمەندانێك وەکو **ئیوان تورگینێف**، **فرێدریش نیچە** و **میخایل دۆستۆیوفسکی** لەسەر ئەم بابەتە دەناسرێتەوە. [2] بۆ وەڵامدانەوە بەم بارودۆخە نالەبارە، تەنیا مرۆڤی مۆدێرن دەتوانێ بیر لە تیۆری **"بەڵێن"** بکاتەوە لە بەرامبەر ئەو پلان و سیاسەتانەی تەنیا لە رێی بێبەڵێنی و پشت تێکردن لەوان پاساویان بۆ دەدرێتەوە.

سەرەڕای کەڵکەڵە هزرییەکانی رۆحی مۆدێرن، ئارمانجی مۆدێرنیتە هەروا بەگوڕە و هەڵگری دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی خۆیەتی. بانگەوازکردن بۆ مۆدێرنیزەکردنی ماف، یاسا، دامەزراوەکان، پیشەکاری و بەرهەم، شێوەکانی ژیانی مرۆڤ، ئایین و ئایینزاکان بۆتە پێوەرێکی گرینگ یان تایبەتمەندیی سەرەکیی گوتاری سیاسی. ئەم پرسە بووە هۆی ئەوەی تاقمێك پێیان وابێت وشەی مۆدێرن لەگەڵ عادەتی لە پێشبوونی مەبەست لە ئامرازەکان و هەروەها گۆڕینەوەی ئامێرە پیشەییە هەڵسووڕەکان لەگەڵ مرۆڤی دەستەوەستان، بەیەك شت دابنێن، بەڵام وێناچێ لە مشتومڕەکانی سەبارەت بە مۆدێرنیزاسیون (نوێکردنەوە)دا پرسەکان زۆر سادە و سانابن. خاڵی ناوبراو تەنیا دەبێ بە بیچمێکی بەرتەسك لە بوارێکی بەرین لە دژایەتییەکان بزانرێ.

لەلایەکی دیکەوە تیۆری مۆدێرنیتە کە لە ئەم ئێستادا بوارەکان و لقی جۆراوجۆری وەك کۆمەڵناسی، ئابووری، دەروونزانی، مێژوو، فەلسەفە،



ئەدەبیات، هونەر، تیۆری کولتووری، تیۆری کۆمەڵایەتی، جوانیناسی، زمانناسی، دیاردەناسی و باقی لقەکانی دیکەی تەنیوەتەوە (هەم لە جێی پسپۆڕی زانستی و ئاکادیمیی ئەم لقانە و هەم لە چوارچێوە گشتییەکاندا) ـ لە راستیدا هەوڵێکی یاسادار و وردە بۆ دۆزینەوە و تێگەیین لە تایبەتمەندییەکان و چۆنایەتی و چوارچێوەی **"هەنووکە"** لە رێی بەراوردکردنی لەگەڵ سەدە و چاخەکانی رابوردوو. لێرەدا کاتێ لەم لایەنەوە دەڕوانینە مۆدێرنیتە، پێوانە و تایبەتمەندیی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزینەوە لەوانە: گەشەو پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژی، بازرگانی، جۆراوجۆریی کاروپیشەی ئابووری، هاتنەئارا و گشتگیرتربوونی سیستەمی سەرمایەداریی، پۆلیس، دەزگای زانیاری و سیخوڕی، پێداویستییە پێشکەوتووەکانی گواستنەوە و گەیاندن، پێوەندیی ئاسمانی، دەریایی، زەمینی، دۆزینەوەو داگیرکردنی پانتاکانی دەرەوەی کەش، تەکنۆلۆژی پێوەندیی لە رێگای مانگی دەستکردەوە، چاودێری و کۆنترۆڵی ورد و گشت لایەنەی سەرەجەم کاروبار و لایەنەکانی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی، گەشەی لادین و چەند خودایی، گەشەی عەقڵانییەتی بوروکراتیك، هێرشی عەقلانییەتی ئامرازی بۆ گۆڕەپانی عەقلانییەتی کولتووری، گەشەی لەرادەبەدەری شارنشینی و کۆڕەوی مەزن لە دێهات و شارە بچووکەکانەوە بەرەو شارە گرینگ و گەورەکان، تەشەنەی لەکارکردن خوازی، زاڵبوونی کولتووری رۆژئاوایی یان بە واتایەکی دیکە بە رۆژئاوایی بوونی جیهان [3] و جیهانگیریی رۆژئاوا [4] بەرفراوانبوونی دیموکراسی و لە هەمانکاتدا گەشەی پیشەخوازی، ئامێریزم، لە خۆنامۆبوون (ئێلیناسیون) و زۆر بابەتی دیکە کە لێرەدا تەنیا ئاماژەمان بە چەند دانەیەکیان کرد.

بەڵام لە راستیدا خاڵی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ سەر دژوازبوونی مەعریفەناسییەکەی: دنیای مۆدێرن دنیایەکە شوێنەواری لە چاخی رۆشنگەرییەوە وەرگرتووە، دنیایەکی زانستییە و لە هەمانکاتدا ناڕازی، ئەمە لەکاتێکدایە کە دنیای پێش مۆدێرن دنیایەك بوو خۆرافەپەرست و پڕ لە وەهەم، ساویلکە، زووباوەڕ، دنیایەکی جادوویی و سیحراوی. بەم پێیە زۆربەی مشتومڕە گرینگە فەلسەفییەکانی سەبارەت بە بوار و گۆڕەپان و سنووری ئەقڵ یان زانستن. هێمای مۆدێرنیتە لێکدەدەنەوە. لە فەلسەفەدا زۆرجاران مۆدێرنیتە بۆ دەستنیشانکردنی چاخ و قۆناغ و ساتی جۆراوجۆری گەشبینییە مەعریفە ناسییەکان لە کارکراوە.

لە سەدەی چاردەی زایینیدا نۆمینیمالیزم (Nominimalism) یان فۆڕمی مۆدێرنی ریالیزم لە ناکۆکی لەگەڵ فۆڕمی کۆن یان Antique دا بوو. لە سەدەی هەژدەیەمدا **دیکارت** بە هۆی باوەڕی بە بیرکاری و زانستی سروشتی بە "باوکی فەلسەفەی مۆدێرن" ناسرا بوو. **رۆسۆ** تەڤگەرێکی وەرێخست کە بەو پێیە ئەقڵ بەجۆرە نەخۆشییەکی بەژان و درێژخایەن بۆ مرۆڤایەتی دادەنرا نەك ئەوەی خشڵی جوانیی مرۆڤەکان بێ. **هێگڵ** ئەم بۆچوونانەی بە هێنانەئارای فۆڕمێکی سەرتری ناسین ـ ئەقڵی دیالێکتیکی یان تیۆری ـ قورس و قایمتر کرد کە خەریك بوو هەتا تاك رەهەندیی ئەقڵیخوازی "**رۆشنگەری**"ی سەدەی هەژدەیەم باڵادەست بکا. بەم شێوە سەرکۆنەکردن یان بە سووك و چروککردنی رۆشنگەریی بە بیانووی ئەوەی کە کارەسات و ئەو نەهامەتییانەی کە لە مۆدێرنیتەوە سەرچاوەیان گرتووە یان توندوتیژییەکانی شۆڕشی فەرەنسا، بوونەتە کارێکی ئاسایی و گشتگیر. دواتر هەر ئەم بابەتە بە چەند گۆڕانکارییەك لە "**تیۆری ئایدیۆلۆژی**"ی کارل **مارکسیشدا** ئاراستە کرا، لە بۆچوونەکانی فرێدریش نیچەدا ئەم



چەمکە لە فۆڕمی شەرمەزارکردنی سەرلەبەری فەلسەفەی رۆژئاوا، لە سەردەمای سۆکراتەوە هەتا چاخی خۆی رەگی داکوتا.

لە فەلسەفەکانی سەدەی بیستەمیشدا جارنەجارێك لە خۆبایی و جێ خۆشکەریی مۆدێرنیتە وەبەرچاو دەکەوێ، بەتایبەتی لە لایەن پۆزێتێڤیزمی لۆژیکی و ماتریالیزمی دیالێکتیك کە بۆ زیندووکردنەوە و خوڵقاندنەوەی هەوڵیاندا، بەڵام لە لای تری پرسەکەدا فەیلسووفانێك وەکو ماکس **هورکهایمر** و **تیودۆر ئادۆرنۆ** و **مارکوزە** و **هابرماس** و **مەك ئینتایر** لایەنگری و پشتیوانیی جیدییان لە مەتەریزی رەخنەگرتن کرد و بەرنامەیەکی تۆکمە و بەهێزی نوێیان لە ژێر سەردێڕی "**تیۆری رەخنەیی**" ئاراستە کرد. لە بەرامبەریشدا فەیلسووفانی **پۆست مۆدێرنیزم** ویستیان بەرەنگاری ئەم بزووتنەوە رەخنەییانە ببنەوە و بەسەریاندا زاڵ بن. ئەویش لە رێی تاوانبارکردنی ئەوان بە چەشنێ ئاڵۆزیی شاراوە یان کەوتنە داوی ئەو شتەی دەیانخستە بەر رەخنەوە، لەم روانگەیەوە ئەوان (تیۆریسیەنە رەخنەییەکان) بە تیۆری "**رۆشنگەری**"یەوە بە دواهەقیقەتێکەوە نووساون. تیۆرێك کە ئێمە سەرەڕای گشت شتەکان لانیکەم هیوادارین لێی نزیك ببینەوە.

بەڵام لەمەڕ بەکارهێنان و واتاکانی **مۆدێرنیزم** لە روانگەی **سینتاکسی** و زمانەوانییەوە دەبێ بگوترێ ئەگەرچی ئاوەڵناوی "**مۆدێرن**" بۆ زۆربەی دیاردەکان و لە سەردەما جۆراوجۆرەکاندا لەکارکراوە، بەڵام لە ئێستادا وشەی "**مۆدێرنیزم**" وەکو واتایەکی گشتگیر و کامڵ جێی خۆی خۆش کرووە کە دەڕوانێتە لایەنگرییەکی نێونەتەوەیی لە شیعر، چیرۆك، شانۆ، مۆسیقا، فیلم، شێوەکاری، بیناسازی و باقی لقە هونەرییەکانی رۆژئاوا لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لایەنگرییەك کە شوێنەواری قووڵ و بەرچاوی لە

سەر بەشێکی گەورەی هونەری سەدەی بیستەمدا داناوە. ئەم لایەنگرییە راست پێش یان کەمێك پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە لوتکەی گەشە و بەربلاوی خۆی گەیشت. لە ئێستادا بە دڵنیاییەوە ناکوترێ کە ئایا ئەم لایەنگرییە هەروا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا، ئایا بوونی عەینی هەیە یان ئەوەی چاخێکی نوێ لە شێوازەکان دەستی پێکردووە؟ بەم پێیە **فرانك کریمۆود** دابەشکردنێکی پڕ قازانجی لە نێوان دوو قۆناغ یان دەورەی مۆدێرنیزمدا ئەنجام داوە:

مۆدێرنیزمی کۆن (Palaeo – modernism) و مۆدێرنیزمی نوێ ( neo – mod)، پالیو مۆدێرنیزم نیشاندەری یەکەم تەڤگەڕەکانی نێو گۆڕەپانی هاتنەئارا و گەشە و کامڵبوونی مۆدێرنیزمە و نێوی مۆدێرنیزمیش نیشاندەری بزووتنەوەگەلێك وەکو سوریالیزم و پاش پێکهاتەخوازییە. تاقمێکی دیکە بەتایبەتی لە ئەمریکا (نووسەرانێك وەکو ئیهاب حەسەن، رۆی بۆڤێن، عەلی ریتانسی، لیزلی فیدلێر و... تاد) جیاوازی و پۆلینبەندیی ئاشکراتریان ئاراستە کردووە، چەشنێ شێوازی پۆست مۆدێرنیستیی نوێ کە بووە هۆی دژکردەوەیەك لە هەمبەر فۆڕمالیزمی مۆدێرنیستی. چەشنێ هونەری دێهاتیی جیهانی و گروپی، بەرهەمی چاخی پاش کولتووری کە لەسەر بزووتنەوەگەلێك وەکو "هونەری شانسی"، "دژی هونەر"، "دژی ئەدەبیات"، "هونەری خۆوێرانگەر" و "رۆمانی نوێ" داکۆکی دەکا.

مۆدێرنیزم لە پلەی زاراوەییدا نیشاندەری شێوازێکی تایبەت و کامڵە و وەکو کۆسپی سەر رێگای رێژەیەکی زۆر لە بزووتنەوە بچووك و جۆراوجۆرەکانە کە دەکەونە ریزی ناتۆرالیزمی بەسەرچوو، لێرەدا دژایەتیی لەگەڵ **پۆزێتیڤیزم** و دژایەتیی لەگەڵ رەنگدانەوە لە زۆربەی هونەرمەندان و بیرمەندانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بە تایبەتمەندیی ئاشکرای ئەم



بزووتنەوە بچووکانە دادەنرێن. بەم پێیە دەتوانین مۆدێرنیزم بە هەڵگری بزووتنەوەگەلێك دابنێین وەکو سیمبۆلیزم، ئیمپێرسیونیزم، سەردەمای[٥] (Decadence) لە کۆتایی سەدە، فاوڤیزم Fauvism، کوبیزم، پاش ئیمپێرسیونیزم، فۆتۆریزم، Constuctivism، ئیماژیسم Imagism و ڤۆرتیسیزم لە قۆناغێکدا کە تا شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتریش درێژەی دەبێ. بێجگەلەوانە لە کاتی شەڕ و دوای شەڕ سێ بزووتنەوەی دیکە سەریان هەڵدا کە دەتوانین ئەوانیش لە ریزی ئەو بزووتنەوانەدا پۆلینبەندییان بکەین کە شوێنەواریان لە شێوازی مۆدێرنیزم وەرگرتووە: ئیکسپێرسیونیزم، دادا و سوریالیزم. بەشێك لەم بزووتنەوانە لەگەڵ یەکتریدا زۆر ناکۆکن. بەڵام لە هەمانکاتدا لە روانگەی شێوازییەوە زۆر خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. بەم پێیە بزووتنەوەگەلێك وەکو ئاتونالیزم Atonalism لە مۆسیقا، دژایەتی لەگەڵ دووبارە نواندنەوە لە شێوەکاری، شیعری بێ کێش، شرۆڤەی توخمە چیرۆکییەکان، رەوتی هێنانەئارای وشیارانە لە رۆمان، کارکردخوازیی لە بیناسازیی و بە گشتی کەڵکوەرگرتن لە کەش یان فۆڕمە ئاسمانی و زەوینییەکان یان فۆڕمە تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتر لە بەرامبەر فۆڕمە هێڵی و سادە و نواندنەوەکان لە تایبەتمەندییە گرینگ و هاوبەش و دووپات بووەکانن. تایبەتمەندییەکی هاوبەشی دیکە کە رەخنەگران لێی دەکۆڵنەوە ئامادەبوونی توخمی **داهێنانسڕینەوە**یە (بە باوەڕی فرانك کرێمۆود) لە فۆڕمە مۆدێرنیتەکاندا: **داهێنانسڕینەوە** لە ناخخوازیی تەکنیکی یان لە هەستکردی خوازەیی و کنایی. لە بواری ئەدەبیات و هونەرە دیدارییەکانیشدا وەرچەرخانێك دەبینین لە چاخی کۆتایی رۆمانتیکخوازیی لە بزووتنەوەی سیمبۆلیزم و ئیمپرسیونیزمەوە بەرەو

وێناکردن و سازکردنی وێنا و سیمبولّسازیی دژوار و کلاسیك و ناشەخسی و دواتر بەرەو رۆمانتیکخوازیی مۆدێرن و فیزیولۆژیك لە سوریالیزمدا.

مۆدێرنیزم سەرانسەری ئەوروپای تەنییەوە و لە سەردەمای جیاواز و لە نێو ولاّتانی جۆراوجۆردا بەوپەڕی هەلّسووڕان و دەسکەوتەکانی خۆی گەیشت: لە رووسیا راست لە سالّەکانی پێش شۆڕش، لە ئەلّمان لە سالّەکانی دەیەی ١٨٩٠ و دیسان لە سالّەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، لە ئینگلیستان لە سالّەکانی پێش شەڕ واتە سالّی ١٩٠٨، لە ئەمریکا پاش سالّی ١٩١٢، بەلاّم لە فەڕانسە مۆدێرنیزم نەیتوانی بە لوتکە بگا، بەلّکو هەلّکشان و داکشان و پڕشوبلاّویی هەبوو کە پاش ١٩٣٩ کەوتە سەراولێژییەوە. لە نێوان ولاّتە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها لە نێوان لقە جۆراوجۆرە هونەرییەکاندا دانوستان و کارلێکی زۆر بەدی کرا، کارلێکی زۆر ئالۆز و تێکهەلّکێشراو لە نێوان چوارچێوەی جۆراوجۆردا روویدا: شیعر بە شێوەی مۆسیقای لێهات، شێوەکاری بوو بە پەیکەرتاشی، بیناسازی بە لایەنی هونەریی گەیشت و دواتریش لە هەر لقێکدا پۆلێك دۆزینەوەی پسپۆڕانە سەری هەلّێنا.

لە لایەکی دیکەوە مۆدێرنیزم خاوەنی توخمەی پێکهێنەر و پالّپشتی جوانیناسی و فۆڕمی تایبەت بەخۆی بووە و زۆرجاران دەتوانین بە بزووتنەوەیەکی دابنێین کە دەیهەوێ سنووری جوانیناسیی خۆی لەهەمبەر هێزی هەڕەشەی هزری، کۆمەلاّیەتی و مێژووییەك بپارێزێ کە لەگشت سۆنگەیەکەوە بوونیان خستۆتە ژێر مەترسی جیدییەوە، بەلاّم ئەم پرسە زۆر بەرفراوان و بەربلاّوتر بووە لە گۆڕانکارییە فۆڕمییەکان. پێوەندیی مۆدێرنیزم لەگەلّ بیر و ئەندێشەی مۆدێرن و پۆلۆرالیزمی مۆدێرن و لەگەلّ ئالّوگۆڕ و گۆڕانکاریی مەزنی سەربازی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و



ئایدیۆلۆژیکیی سەدەی حازر زۆر جیدییە و جێی تێفکرینە. تاقمێك پێیان وایە کە لە راستیدا فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنیزم ـ هەرکامیان بە توخم و پاژە جۆراوجۆرەکانی خۆیان وەکو دابەشبوون و پڕشوبلاّوی و ناخخوازیی و قەیران ـ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رووخان و هەلّوەشانەوەی سەرجەم سوونەتە هونەرییەکانیان تۆمارکردووە. ئەم چوارچێوە جۆراوجۆرانە بە دوایین مەتەرێزەکان دادەنرێن کە لە لایەن جوانیناسییەوە بە دژی بەربەرییەت و وەحشیگەریی بەکاردەهێنرێن. (هەر بەو شێوەیەی لە زۆربەی بزووتنەوە سیمبولّیستییەکاندا دەبینرێ). هەروەها دەتوانین بە گەڕان و سەرنج و پشکنین بۆ دۆزینەوەی شتێکی تازەی دابنێین. ئەوەی روون و ئاشکرا بێ ئەم خالّەیە کە مۆدێرنیزم هەم لە دیدی شێوە و جۆری پێشکەشکردن و هەم لە دیدی روانین و روانگە و بۆچوون، شێوەی تێگەیین و باوەڕی خودەوە بە چەشنێ گواستنەوەی خێرای رادیکالّی شیاوی کۆمەلّگا و ئەرکی هونەرمەند و هونەرەکەی و فۆڕمی هونەریی لەقەلّەم دەدرێ. لە راستیدا مۆدێرنیزم بە شێوازی بازنەیی هەمیشە بگۆڕی **زەمان ـ شوێنە**وە دادەنرێ، بەم هۆیە هونەرمەندە مۆدێرنیستەکان بۆ حالّیبوون و تێگەیینی خۆیان نیازیان هەیە بە پێوانەگەلێك بێجگەلە پێوانەی گونجاوی هونەرەکانی چاخەکانی پێشوو.

یەکێکی دیکە لەو گۆڕەپانە گرینگانەی تێیدا مۆدێرنیزم بوو بە سەرچاوەی گۆڕان و هەلّوێستی نوێ، گۆڕەپانی ئایین و زانستی کەلام یان بە واتایەکی باشتر گۆڕەپانی خواناسییە. لەم پێوەندییەدا مۆدێرنیزم بوو بە تەڤگەرێك بۆ هێنانەئارای ئالّوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان یان مۆدێرنیزەکردنی بیر و بۆچوون و باوەڕی کەلامی، ئایینی و وەلانان یان لانیکەم ساغکردنەوەی بەشێك لە باوەڕە باو و زالّەکان لە خواناسەکاندا. هاوتەریب لەگەلّ ئەمانە پێشڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە هەولّیاندا لە ڕێی بە

خزمەتگرتنی دەرەنجام و دەستکەوتەکانی رەخنەی ئاسمانی و دۆزینەوە زانستییەکان و کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی کولتووری مۆدێرن بە مەبەستە ناوبراوەکان بگەن. لە ئینگلیستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا واتای مۆدێرنیزم بۆ خواناسە مۆدێرنەکان و باقی لایەنگر و پشتیوانانی لیبرالیزمی ئایینی بەکارهێنرا، بەڵام بەکارهێنانی سەرەکیی مۆدێرنیزم وەك سەردێرێك بوو بۆ روانگە و بۆچوونەکانی دەستەیەك لە بیرمەندان و هزرڤانانی کەنیسەی کاتولیکی رومی.

راگەیاندراوی گشتیی پاپ **"پیوس"**ی دەیەم کە لە ساڵی ١٩٠٧ دا بڵاو بۆوە، بووە هۆی ناوبانگ و جێمتمانەیی و شوناسی گشتییان و هەروەها لە راستیدا بە چەشنێ حوکمی مەرگیشیان بوو. رێبەرانی ئەم دەستەیە **ئالفرێد لوییزی** (١٩٤٠_١٨٥٧ ) و **جۆرج تیرێل** (١٩٠٩_١٨٦١ ) بوون. دوو کەس لە قەشە بلیمەتەکان لەگەڵ خوێندنەوەی رەخنەیی سەبارەت بە شوێنەکانی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی ناکۆك بوون. ئەوان بانگەوازی پرۆستانتیزمی لیبراڵیان رەتکردەوە کە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی **"رەسەن، نایاب و پیرۆز"** بوو و بەجێگەی ئەوە پێشوازییان کرد لە رەوتی بەرفرەبوونەوەی گەشەی ئایینی و مەسیحی لە مێژوودا. لەدیدی ئەواندا بنەرەتە ویشك و ستایشکراوەکان، مەراسیمی دۆعا و ئایینی کەنیسەکانی کاتۆلیکی رۆمی بە نیشانەی باش، کاریگەر و بایەخدار لە ئیمان و ژیانی رۆحانی دادەنران، بەڵام پێیان وابوو کە کاتۆلیزمی نوێ و کاملتر خەریکە بێتە ئاراوە. پاپ حوکمی کافربوونی ئەوانیدا و کەنیسەی کاتۆلیکە رۆمییەکان دەبوایە لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەوان خۆببوێرن.



**پەراوێزەکان:**

١. R. Scruton & M. Bradbury "Modernity and Modernism: Etymology and Syntactic Features", in R. Ellmann & C. Feidelson (eds.) The Modern Tradition (N.Y: ١٩٦٥).

٢. Westernization of tha world.

٣. Globalization of tha west.

٤) Decadence سەردەمای **لەناوچوون**، لقێك لە تەڤگەرە سیمبولیستی و جوانیناسییەکانی سەدەی نۆزدە (هونەر بۆ هونەر) لە بواری ئەدەبیاتدا. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵانی دەیەی ١٨٤٠ بەدواوە بۆ نارەزایەتی لە هەمبەر کۆمەڵگای بۆرژوازیی فەرەنسا سەریهەڵدا و لەسەر توخم گەلێك وەکو سەرئێشەی درێژخایەن، تاویاو، بێزاربوون لە دنیا ئەویش لە تێروانینی سیمبولیستییانە بۆ شیعر و شاعیر، داکۆکی دەکا و باوەڕی بە بەڵێنی ئەخلاقیی هونەرمەندە. وەکو زۆربەی بزووتنەوە سیمبولیستییەکان لە ناوچوونیش دیاردەیەکی نوێ بوو کە بوو بە بەرسڤێکی زەینی و شێوازێکی ژیان. دروشمی پەرەپێدەرانی ئەم بزووتنەوەیە وتەیەکی بەناوبانگی **ژان نیکۆلاس ئارتوور رێمبو** (١٨٩١_١٨٥٤) شاعیری فەرەنساییە کە: شاعیر بە تێکدانی هەمیشەیی و چڕ و بەڵگەداری سەرجەم چەمك و واتاکان، خۆی وەکو چاوەدێر و بینەرێك نیشان دەدا.

بزووتنەوەی لەناوچوون هاوڕێ لەگەڵ جۆرێ لە هەستی دژە نۆرمی، بێ بەڵێنی و بێهیوایی کۆتایی سەدە، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ بزووتنەوەکانی دەیەی ١٨٨٠ و ١٨٩٠دا هەبوو.

## ناو و خەسڵەتی مۆدێرنیزم

*مالکۆم برادبۆری / جەیمز مەک فارلەن*

**سەردەماکان بە پێچەوانەی مێژووی ڕۆژ ژمێریی، هەقیقەتیان نییە. تێگەیشتن گەلێکی پەسندخوازانەن کە ئێمە بە دەوری ڕووداوەکانی ڕابردوودا هەڵیان دەچنین، لە باسەکاندا سەرنج دەدەین، بەڵام زۆرجاران ئەندێشەی مێژوویی بە لاڕێدا دەبەن.**

***G. M . Trevelyan***

(١)

ناسینی هەژێنەری کولتوور هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی ئەو گۆڕانکاریی و ئاڵوێریی و هەستیاربوونانەی کە لە مێژووی هونەر و ئەدەب و ئەندێشەدا بە شێوەی سیستماتیك دێنە ئاراوە ـ ئەمەش زۆرجار سێ چەشنە هێزی جیاواز نیشان دەدا: لە لایەکەوە ڕادەی ئەو هەژانانەی ڕۆژ بەدی دەکرێن کە بە ڕواڵەت لەگەڵ گۆڕانکاریی بەرەکان دێن و دەڕۆن. ئەو هێڵانە دەپێون کە لە جوولانەوەی سەرەتاوە تا ئەوپەڕی هێز و هەروەها لە دوا لەرزە نزمەکاندا درێژەیان دەبێ. دەیەیەك پێوانەیەکی گونجاوە، ئەو ئاڵوێر و گواستنەوانەی گەورەترن و کاریگەریی قووڵ و درێژخایەنتریان هەیە، بە سیستەمی پێوانەیەکی تر تایبەت دەکرێن و سەردەمای بەرفرەبوونەوەی شێواز و هەستیاربوون هەڵدەچنن کە دەکرێ بە پێوانەی سەدە بەراورد بکرێن. دەستەی سێهەم بریتیین لە گواستنەوە مەزنەکان و ئەو هەڵچوونانەی کە کولتوور هەڵدەتەکێنن، وێکهاتنە بنەڕەتییەکانی ڕۆحی خولقێنەری مرۆڤ، کە لە ڕواڵەتدا تەنانەت خۆڕاگرترین و



بە بەهرەترین بیر و باوەڕ و تیۆرەکانی ئێمە پێك دادەدەن. بەشێکی زۆر لە ڕابردوو وێران دەکەن (بۆ دڵنەوایی ئەوان نێوی وێرانە مەزنەکانیان لە سەر دادەنێین). سەرلەبەری شارستانییەت یان کولتوورێك دەخەنە ژێر پرسیارەوە و وایان لێدەکەن کە زۆر خێرا خۆیان بنیات بنێنەوە. ئەم وتەیە کە سەدەی بیستەم هونەرێکی نوێی بۆ بەدیاریی هێناوین حاشاهەڵنەگرە و ئەم وتانە دۆزینەوەی بەشێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی خۆی. بەڵام زۆر لەوە زیاتر پێمان وایە کە ئەم هونەرە نوێیە لە هەڵچوونی چەشنی سێهەمەوە ڕێچکەی بەستووە. ئەم بۆچوونە سەیر و سەمەرە و سەرسوڕهێنەر نییە. یەکێك لەو لایەنانەی سەردەم کە لێی دەدوێین ئەمەیە کە زۆر بە توندوتۆڵی مێژوو دەخولقێنێ، لە خزمەتی تیۆرەکانی ***قەیران ـ تەوەر*** دایە و هەڵتەکێنەری مێژوویە. ئەم تیۆرانە زۆر ئاشنان و ئێمە تەنیا لەبەر پێویستیی ئاماژە بە نموونەی کورت دەکەین، بۆ وێنە ***هێربێرت ریـد*** Herd bert read لە ساڵی ١٩٩٣دا بۆچوونەکەی بە کورتی ئاوا دەردەبڕێت:

***پێش هەنووکەش لە مێژووی هونەردا گەلێ شۆڕش سەریان هەڵداوە. هەر بەرەیەکی نوێ شۆڕشێکی نوێی لە سەر دەستە. لە هەر قۆناغ، لە هەر سەدە یان شتی لەم چەشنە گۆڕانکارییەکی مەزن و قووڵ سەبارەت بە هەستیاریی هونەر ڕوودەدەن کە پێی دەڵێین سەردەمێك ـ ترێچینتۆ[١]، کواترۆچینتۆ[٢]، بارۆك[٣]، ڕۆکۆکۆ[٤]، ڕۆمانتیك، ئیمپێرسیونیست و شتی لەم چەشنە ـ بەڵام بە بۆچوونی من دەتوانین جیاوازییەکی تایبەت لە شۆڕشی هاوچەرخ بەدی بکەین: زۆریش لە شۆڕش ناچێ کە پێویستی بە هەڵتەکاندن یان تەنانەت گەڕانەوە هەبێ، بەڵکو زیاتر چەشنێك دابڕانە، چەشنێکی تەواو لە گەڕانەوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین چەشنێك شکانەوەی خود بێ، بەڵام تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دایە هەڵگری دڵتەزێنییە.***

***ريد*** لەم باسەیدا كە سەبارەت بە كاریگەریی ***گۆگن*** و دواتر ***وان گۆگ*** و ***پیكاسۆیە***، پێی وابوو كە هەنووكە لە ئوروپادا پەروەردەكردنی ئاسایی هونەری هێڵكاریی لە ئارادا نییە، تەنانەت لە بەرامبەر پەروەردەكردنێك لە شێوەی مێژوویی راناوەستێن، بەڵكو دەبینین كە سەرلەبەری سوننەت لە ناكاو شەقارشەقار دەبێ. بە ئاشكرایی بەرهەمی پێنج سەدە هەوڵی ئوروپایی وەلادەنرێ [5]. ***سی. ئێس لوویس*** لە ساڵی ١٩٥٤- دا لە كەمبریج پەیڤی سەرەتای خۆی لە ژێر سەردێڕی ***دەربارەی زەمان لێدراوی***[6] لە سەر وێنەیەكی ئەوتۆ ئاراستەكرد. بە بۆچوونی ئەو مەزنترین دابەشكردنەكان لە سەرلەبەری مێژووی رۆژئاوایی ـ گەورەتر لەوە سەردەمای كۆن لە سەدەكانی تاریكیی، یان سەدەكانی تاریكی لە سەدەكانی ناڤین جیا دەكاتەوە ـ ئەوەیە كە چاخی ئێمە لە چاخی ***جین ئاستین*** و ***والتێر سكات*** جیا دەكاتەوە. لە سیاسەت، ئایین، بایەخە كۆمەڵایەتییەكان، هونەر و ئەدەبیاتدا پانتایەك زاڵ بووە:

***من وادەزانم كە سەدەكانی رابردوو بەرهەمێكی بەدیهێنابێ كە لە سەردەمی خۆیدا بەقەد بەرهەمی كوبیستەكان، دادائیستەكان، سوریالیستەكان و پیكاسۆی سەردەمای ئێمە نوێ و هەژێنەر و سەیر و سەمەرە بووبێ. من تەواو پێموایە ئەم وتەیە سەبارەت بە شیعریش راستە... نازانم چۆن كەسێك دەتوانێ گومان لەوە بكا كە هەر تەنیا شیعری مۆدێرن لە شیعرە نوێیەكان تازەترە، ئەمە بە شێوەیەكی نوێ لە رەهەندێكی نوێدا تازەیە.***

بەم زووانە بۆ وردتر جیاكردنەوەی ئەم كەلەبەرە گەورەیە هەوڵ دراوە:

***رەخنەگری فەرەنسی رۆلان بارت پێیوایە كە مۆدێرن لە چەندین ئایدیۆلۆژیاوە هەڵقولاوە و لە رەهەند و پێوەندییە نوێیەكانەوە رێچكەی بەستووە و نیو سەدەی بۆ تەمەنی خۆی دیاری كردووە، دەوروبەری ساڵی***



***١٨٥٠ شێوەی كلاسیك نووسین هەڵوەشاوە و سەرلەبەری ئەدەبیات لە فلوبێرەوە تا بە هەنووكە بۆتە یەكێك لە سەردێڕە ژێرپێستییەكانی زمان*** [7].

ئەندێشەی كەلەبەری گەورەی نێوان رابردوو و ئێستا و هونەری پێشوو و هونەری هەنووكە، لە لوتكەی باوەڕە گشتییەكاندا ـ پێش ئەوەی پاژە بەژانەكان تاوتوێ بكرێن و خەسڵەت و كەرەستەكانی بكەوێتە بەر توێژینەوە ـ لایەنگریی زۆری بۆخۆی دەستەبەر كردووە، بەڵام ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ كە لە نێوان بیروبۆچوونی سەبارەت بە سرووشتی قۆناغی نوێ و كاریگەریی ئەو قۆناغە لە سەر بیچم و عادەتی هونەرییدا هاوبەشیی كەمتر هەیە. ***دەبێ هەر ببینە مۆدێرن***[8]. ئەم وتەیەی ***رێمبۆ*** بە تایبەتی سەرنجمان بۆ ئەو كەشوهەوایە رادەكێشێ كە بە سەرماندا زاڵ بووە، بەڵام ئەمە بە شێوەی جۆراوجۆر راڤە دەكرێ، ئەمە وەبیرهێنەرەوەی چەند شێوازییە لە هونەری سەدەی بیستەمدا ـ فرەرەهەندیی وەها مەزن كە ***ئاندرێ مالرۆ*** لە ***دەنگی بێدەنگییەكان***[9]ی خۆیدا باسی چەشنی ***مۆزەی خەیاڵیی*** شێوازە نوێیەكان دەكا كە نیشاندەری سەردەمی ئێمەن ـ نووسەران و هونەرمەندان و بە تایبەتی رەخنەگران و لێكۆڵەران ئەم وتەیەیان بە شێوەی جۆراوجۆر راڤە كردووە. بە لێشاو راڤە لە سەر چۆنییەتی هونەری نوێ و گەلێ نووسراوە سەبارەت بە خەسڵەت و هۆگەلی ئەم هونەرە ئاراستەكراون. زۆربەی ئەم وتانە تیۆری دۆزینەوەن، هەرچەند یەكێك لەوان لەسەر ئەم رایە پێداگریی دەكا كە هونەری ئێمە بە تەواوی لە سوننەت و مرۆڤایەتی دانەبڕاوە، لە هونەر و قۆناغی ئێمەدا هیچ شتێكی نامۆ یان نوێ بەدی ناكرێ. رەنگە بەرچاوترین شتێكی كە هەر راڤەیەك لە سەردەمی ئێستای ئەندێشەی هونەری رەخنەگرانەی ئێمەدا ـ كە هەلومەرجێكی بێ كێشەی هەیە و نیشانەكانیشی جیاوازیی توندوتیژانەی باوەڕەكانە ـ دەتوانێ پێشكەشمانی بكا گێڕانەوەیەكی تایبەتی یان لانیكەم كورتە لە دیاردەیەكی ئاڵۆز و زاڵ،

گوڵبژێرێکی تاکەکەسییە لە بێپایانیی وردەکارییەکان، ئەمەش ڕەنگە لە جێی خۆیدا تێکەڵاوی باقی تیۆرەکان بێ و بەمجۆرە بەرهەمی ڕەسەنی خۆی بە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەوە ئاراستە بکا.

بەڵام ئەگەر سەبارەت بەم دیاردەیە دژایەتی و جۆراوجۆریی بیر و بۆچوونی ئەوتۆ هەبێ، بەداخەوە لە سەر نێوەکەی گەلێ ڕێککەوتن هەیە. لە بەرامبەر نووسراوە بەدەڵەکانی دیکەدا دنیای ڕەخنە بۆ ئەوەی هونەرەکانی سەردەمای خۆی بناسێتەوە، بە ئاشکرایی مۆرکی وشەی **مۆدێرن** ـ ی لێداون و ئەگەر هەمووی ئەم هونەرانە وەخۆ نەگرێ لانیکەم دەبێتە هەڵگری بەشێکیان، بەم پێیە دەستەواژەی بزووتنەوەی مۆدێرن، سوننەتی مۆدێرن، سەردەمای مۆدێرن، سەدەی مۆدێرن، خودی مۆدێرن و مۆدێرنیزممان هەیە، ـ یان ئەو شتەی کە لە بەراوردکردن لەگەڵ بۆ نموونە ناودێرکردنی هەر بابەتێك بە ڕێنێسانس و ڕۆشنگەریی، بە ڕواڵەت دەبێتە چەشنێك هاوتاکردن بە زمانی ئەڵمانی ـ نە تەنیا لەم بابەتەوە بەداخ نابین کە ئەم وتەیە پێشەکیی بۆچوونی ئێمە لە سەر خەسڵەتی ئەدەبیاتی مۆدێرن دادەڕێژێ و ئامادەی دەکا، بەڵکو لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ئەگەر لە ڕووی مانابییەوە بە شێوەیەکی سواو و نابەجێ باسی دیاردەی مێژوویی بکرێ، ئێمە دەمانەوێ دەمودەست ڕەگ و ریشەکەی بدۆزینەوە. مۆدێرنیتە کە بە شێوەیەکی گشتی پەلی هاویشتووە، لەو شەپۆلەی پێش پاپۆڕ دەچێ کە هاوڕێ لەگەڵ خێرایی ساڵەکاندا بەرەو پێشەڤچوونە، مۆدێرنی ساڵی پار ئیتر بۆ ئەم ساڵ نابێتە مۆدێرن، ئەمە لەگەڵ هەستیاربوونی زمان دەسازێ. هەر بۆیە ئەمجۆرە دێڕانە هەڵدەبژێرێ. پێداگریکردن لە سەر گرێدانی مۆدێرنیتە لەگەڵ زەمان و مێژوو، وای کردووە واتای مۆدێرن قورس و قایم رابگرین. کاتێ لە لایەنێکی ئەوپەڕ مێژوویی تێبگەین، کاتێ بە پێی وتەی ***جی. ئێس. فریزێر***[١٠] یان ***ئێدیتۆرانی سوننەتی مۆدێرن***[١١] بڵێین ***کاتولوس Catullus*** مۆدێرنە، بەڵام ***ویرژێل*** مۆدێرن نییە، ***ویۆن*** و ***دان*** و ***کلۆڤCloughـ*** مۆدێرنن، بەڵام ***ڕۆن سارد و سپێنسێر*** و ***تنیستۆن*** مۆدێرن نین و کاتێ لە سەردەمی خۆماندا هەر ئەم هەڵوێستەمان هەبێ، واتە پێمانوابێ ***کۆنراد*** مۆدێرنە، بەڵام ***گالزۆ ژێنی*** مۆدێرن نییە، لاوازیی واتای ئەم وشەیە ئاشکرا دەبێ. مۆدێرنیتە بۆ ئێمە وشەیەکی هەستیارە، بەڵام پێوەندیی بەو ناساندنەوە هەیە کە تایبەتە بە هەلومەرجی ئێمە. هەروەها ئەم پێناسەیە بۆ خۆی لە حاڵی گۆڕان دایە. کاتێ سەرنج بە وشەی مۆدێرن بدەین و لەگەڵ ئەم وشانە، واتە ڕۆمانتیك یان نیوکلاسیکی بەراورد بکەین دەبینین کە واتاکەی بە خێرایی گۆڕاوە. لە ڕاستیدا هەر وەك ***لایونل تریلینگ*** دەڵێ ئەم وتەیە دەتوانێ وەرچەرخانێکی واتایی هەبێ و ئاماژە بە شوێنی دژ بە خۆی بکا[١٢]. ئێمە ئەم وشەیە لەگەڵ هێزی مێژوویی بەکاردێنین تا قۆناغی شێوازێکی جیاواز کە خەریکە لەناو بچێ یان لەناوچووە بژار بکەین. هەر بەم بۆنەوەیەوە کە وشەگەلێکی وەکو ***پرۆتۆ مۆدێرنیزمProto Modernism***، ***پالیۆ مۆدێرنیزمPlaeo Modernism***، ***نیو مۆدێرنیزمNeo Modernism***، ***پۆست مۆدێرنیزمPost Modernism*** باو بووە. هەروەها ئێمە بەکاری دێنین هەتا بەرهەمی مۆدێرنبوونی هەمیشەیی تێگەیشتن و ڕوانگەی مرۆڤایەتیی لێوەربگرین کە لێوەی هەڵقووڵاوە. ئەوەی باسی لێکرا جۆرێك تەشەنەکردنی هەستکردە لە دنیای مۆدێرن و دیلی چێژی درێژەدانێکی ناچارە و بە هۆی خێراییەوە بەرفرەبوونی گشت جووڵانەوەکە تووشی تێکشکان بووە[١٣].

بەمحاڵە ئەم وتەیە بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ هەستی ڕوون و ئاشکرای سەردەم هێزی خۆی دەپارێزێ. ئەم هەستە، مێژوویی خوازییە کە ئێمە لە سەردەمایەکی تەواو نوێدا دەژین، کە مێژووی هاوچەرخی ئێمە بنچینەی سەرەکیی ئێمەیە، ئێمە لە ڕابردوودا سەرمانهەڵنەداوە، بەڵکو بارهاتووی دەوروبەر یان بیچمێکی

پرپێچوپەناین، مۆدێرنیتە هەستکردێکی نوێیە، قۆناغێکی نوێیە لە زەینی مرۆڤایەتیی، قۆناغێک کە هونەری مۆدێرن پشکنیویەتی، هەستی بە سەرلەبەری کردووە و جاری وایە بە دژی وەستاوە. ئیتر لێرەدا ئەم ناوە روون بۆتەوە، بەڵام خەسڵەتی جووڵانەوە یان جووڵانەوەکان ـ چی و بۆچی، چ کات و سات، چ شوێنێک ـ زۆر روون و ئاشکرا نییە. ئێمە لە فەزای خواستنی ئەو شێوازانە داین کە بەو رادەیە لێڵ و نائاشکرایە. لەوە گەیشتووین کە کەمتر سەردەمێک چەند رەهەندیی ئاوای بە خۆیەوە دیتووە و لە روانگەی شێوازی هونەرییەوە ئاوا بەرفرە بۆتەوە. داماڵینی شێوازێکی ئەوتۆ یان شێوەیەکی گشتی لەم فرەدەنگییە ئەرکێکە سەخت و دژوار، یان تەنانەت نەگونجاو. ئێمە دەتوانین ئەدەبیاتی سەدەی هەژدەی وڵاتانی رۆژئاوا بە ناوی ***نیوکلاسیک*** و ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە لە خانە جوگرافییەکاندا بە ناوی ***رۆمانتیک*** بناسێنین. وای دادەنێین ئەم نێونانە زۆربەی کەلەبەرەکان پڕ دەکەنەوە، بەڵام دەتوانین ئاماژەیەکی گشتی بکەین بە گەڕیانێکی گشتگیری زۆربەی هونەرە گرینگەکانی لای هونەرمەندانی ناسراوی ئەم سەردەمە، ***ئا. ئوو. لاوجوی*** ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێمە وشەی ***رۆمانتیسیزم*** نە تەنیا بە واتای جۆراوجۆر و بۆ شتە جیاوازەکانی بەکاردێنین، بەڵکو بە زۆر شتی جۆراوجۆریشەوەی دەلکێنین [١٤].

بەڵێ وەهایە. پێویستیی ناساندن دیسان خۆی نیشان دەدا. رۆمانتیسیزم واتایەکی گشتی هەیە و پێویستە دیسان پێناسە بکرێتەوە و وەکو پێناسەی شێوازێکی بەرفرە بۆ هەموو سەردەمایەک بەکاردێ. بەڵام شتێکی کە سەبارەت بە سەردەمی مۆدێرنە و زۆر بەرچاوە ئەمەیە کە وشەیەک لەبەردەستدا نییە تا بتوانرێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەکار بێت. جارنەجارێک مۆدێرنیزمیان لەگەڵ رۆمانتیسیزم بەراورد کردووە، تا ئاماژە بە سروشتی گشتیی هونەرەکانی سەدەی بیستەم بکا. هەروەها کەسانێک کەڵکیان لەم ناوە وەرگرتووە، چونکە



دەیانەوێ بزووتنەوەیەک لە قۆناغێکی تایبەتدا هەڵوەژێرن و جیای بکەنەوە. لە راستیدا شۆڕشێکی بەگوڕە، شۆڕشێکی نێونەتەوەییە کە هەر وەک رۆمانتیسیزم لە گۆڕەپانی کولتووره رۆژئاواییەکاندا سەلمێندراوە. لە سەر ئەمە کە مۆدێرنیزم هونەری ناچاریی ئێمەیە پێداگریی کراوە، بەو شێوەیەی کە ***گێرترود ستاین*** لەسەری دەدوێ، تەنیا پێکهاتەیەکە لەگەڵ ئەو پێکهاتە نوێیەی تێیدا دەژین بەراورد دەکرێ و لە زەمان و فەزادا کارا نییە، بەڵام کەسانێک وەکو جوانیناسیی ئەم دواییانەی بۆرژوازیی سەیری دەکەن، بە تایبەتی رەخنەگرە مارکسیستەکان، بۆ نموونە لۆکاچ ئەم تایبەتمەندییە، واتە هونەری مۆدێرنی لێکۆڵەر بە چەشنێک لە ریالیزم دەزانێ[١٥]. ئەم وتەیە بۆ وەخۆگرتنی رێژەیەکی زۆر لە شۆڕشەکان بەکار هاتووە کە لەگەڵ غەریزەی ریالیستی یان رۆمانتیکیدا دژایەتییان هەیە و ئەگەر لایەنگریی لێدەکەن بەرەو زەین دەڕۆن: ***ئیمپێرسیونیزم، پۆست ئیمپێرسیونیزم، کوبیزم، فۆتۆریسم، سیمبولیزم، ئیماژیسم، ڤۆرتیسیزم، دادائیزم، سورریالیزم،*** بەڵام بەو جۆرەی کە دەبینین ئەم شۆڕشانە لە یەک دەچن و بەشێکیان جووڵانەوەگەلێکی توندوتیژ و پڕتەوژمن لە هەمبەر بەشێکی دیکەدا. لە رواڵەتدا مۆدێرنیزم ناوەندی کامڵبوونی سوننەتی هونەری و ئەدەبیی بەشێک لە نەتەوەکان بووە. لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا وێدەچێ کە تەنیا سەیرکردن و دڕدۆنگی بێ. مۆدێرنیزم بە راستی بوونی هەیە. ئیتر هەڵەیە گەر حاشای لێبکرێ. جووڵە و ئەزموونی نووسەرە مۆدێرنەکان کەوتۆتە ناوەندی سەرنجی هونەرییەوە، بەڵام بە چ رادەیەک، لە چ زەمانێک و بە چ شێوەیەک...

## (٢)

کاتێ سەبارەت بە شێوازی هەر سەردەمایەک دەدوێین، رەنگە مەبەستمان دوو شتی زۆر جیاواز بێ. رەنگە مەبەستی ئێمە فۆڕمی گشتیی بیچمی

ئەندێشەکان بێ کە ***ئالفرێد نورس وایتهێد*** باسی لێکردووە. ئەندێشەیەك کە لەسەر گشت نووسراوەکانی سەردەمێك کاریگەریی دەبێ و ***وەها بێڕەنگە کە تەنیا بە وردبینییەکی زۆرەوە دەتوانین هەستی پێبکەین*** (١٦). بەڵام ڕەنگە مەبەستمان ئاکارێکی ژیرانە بێ کە بەشێك لە شێوەکار و نووسەران هەڵیانبژاردووە، ئاکارێك کە دەرخەری ***بۆچوونێکی زاڵ و داگیرکارە، یان لە بنەڕەتدا هاوچەرخ بوون لە جیهاندا دەنوێنێ***. ئەمە لە لایەن هونەرمەندانێکەوەیە کە بە هێزی بینین و سەرکەوتوویی زۆرەوە لە چۆنییەتی ئەزموونی مرۆڤایەتی گەیشتوون و هەروەها تایبەتی ئەو سەردەمانەیە کە توانیویانە بەجۆرە لەو ئەزموونە بدوێن کە نزیکایەتییەکی قووڵی لەگەڵ ئەندێشە و زانست و تەکنیکناسیی تایبەتی هەیە و بۆخۆشیان بەشێکن لەو ئەزموونە (١٧). وشەی مۆدێرنیزم ناتوانێ بە واتای یەکەم لەکار بکرێ، چونکە لە هەر پێناسەیەکی کاریگەر لە مۆدێرن دەبێ چۆنییەتی زەین و دەستکردی تەواو ئاگادارانە ببینین. دەبێ ئێمە بۆ ئەوپەڕی ڕاستەقینەی هەستپێکراو ببا. لە کارکردە ئاشناکانی زمان و بەرنامە فۆڕمییەکان دابڕێ. ئەمە تەنیا یەکەم جووڵانەوەیەتی. قۆناغی یەکەم لە شۆڕشێکەوە دەستی پێکردووە کە ئێمە بەرەو مۆدێرنیزم دەبا. مۆدێرنیزم دەتوانێ تا ڕادەیەك لە گرافیکدا، لە بیناسازی، شێوەکاری و بەتایبەت لە کەرەستەی پێوەندییە گشتییەکاندا وەکو فیلم و تەلەڤیزیۆن، بە شێوەیەکی نادیار بووبێتە شێوازێکی گشتی. بەم حاڵە ئەم وتەیە لە چەند لاوە دەبێتە هۆی وەبەرچاونەگرتنی پێش گریمانەکانی مۆدێرنیزم. جووڵانەوە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بەردەوامییە چاوەڕوانەکان، پاژی دووبارە دارشتنەوەی ئافرێندراوەکان و قەیرانە، پاژی ژیانی شێوازە. لەسەر ئەم خاڵە کە مۆدێرنیزمی شێوازی ئێمە بە واتای دووهەمە لە ڕادەبەدەر پێداگری کراوە، ئەمە فۆڕمە هونەرییەکانن کە بە ئاکامی ئەندێشەی مۆدێرن و ئەزموونی



مۆدێرن دەگەن. بەم پێیە نووسەر و هونەرمەندە مۆدێرنیستەکان دوایین ڕەسەنایەتیی کەرەستە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم نیشان دەدەن، بەڵام زۆرینەی هونەرمەندانی سەدەی بیستەم قورس و قایم بوونی ئەم نێو و جوانیناسییەیان ڕەتکردۆتەوە کە بە مۆدێرن و حاڵەتی زەینەوە لکێندراوە. چاك دەتوانین تێبگەین کە سوننەتی هونەریی سەدەی بیستەم نەك لە ڕەنگێکی سەرەکی، بەڵکو لە دوو ڕەنگ ساز بووە ـ تا ڕادەیەك وەکو یەکن، بەڵام جارنەجارێك لەگەڵ یەکتری دەسازێن، بۆ وێنە ***ستێپان سپەندەر*** ئەم بۆچوونەی هەیە و لە کتێبی خۆیدا بە نێوی ***کێشەی مۆدێرن*** دوو تەڤگەر دەستنیشان دەکا: ***مۆدێرنەکان*** و ***هاوچەرخەکان***(١٨).

زۆرجار باسی زاڵبوونی گشتیی مۆدێرنیزم هاتۆتە ئاراوە و بە سانایی لێی حاڵی بووین. یەکێك لە دەلالەتەکانی ئەم وشەیە دەڕوانێتە سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ کە هەستکردی جوانیناسانەی هەیە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ خۆی دەرناخا. تێیدا هونەر بە دوای خۆنیشاندانێکی قووڵترەوەیە. لە ژیان و ڕیالیزم و هاتنەئارای هیومانیزم خۆی دەبوێرێ، بەرەو شێواز، سەنعەتەکان و فۆڕمی فەزایی دەڕوا. نیچە دەڵێ:

***هیچ هونەرمەندێك ناتوانێ لە هەمبەر ڕاستەقینەدا خۆڕاگری بکا، ئەرکی هونەر ئەوەیە کە خۆی کامڵ بکا، ئەمەش لە دەرەوە و ئەوپەڕی سیستەمە جێگیربووەکانە، لە جیهانێك لە نوێ بوونەوەش کە لە بیچمە دەرەکییەکانەوە وەگیراوە. ئەو شتەی بە جوانی دەزانم، ئەو شتەی دەمەوێ بیڵێم و بیکەم، نووسینی کتێبێکە لەبارەی هیچەوە، کتێبێك بە بێ ئەوەی پێویستیی بە دەرەوە هەبێ، دەیەوێ بە یارمەتیی هێزی ناوخۆی شێوازەوە بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ.***

ئەم خەون و خەیاڵە ***فلوبێرییە*** سەبارەت بە سیستەمی هونەرییە و لەوپەڕی هیومانیستی و ماددی و راستەقینە دایە، بۆ سەرلەبەری بەشێك لە سیستەمی هونەرە مۆدێرنەکان گرینگ بووە: ***بەرادەی بوون.*** ئەوشتەی کەوتۆتە دەستی ئەم هونەرمەندانەوە دەتوانێ دوادەسکەوتی هونەر لە سەدەی بیستەمدا، واتە بەشێك لە پێشکەوتوویی و گەشەی هونەرەکان بەرەو جوانی و پێگەیین بێ و هەیە. ئایا ئەو هونەرەی ژیان پێکدێنێ و نواندنی هەستکردانەی هونەرمەند و ئەو پێکهاتەیەی لەوپەڕی زەمان، مێژوو، عادەت یان لە راستەقینەی دیاربوون دایە، هەروەها دیکتاتۆڕی ئەخلاقیی سەنعەتەکان، لە گۆڕەپانی بوونی هونەریدا نابنە بنەمایەك بۆ شۆڕشی جوانیناسییەکی مەزن؟ ئایا گەورەتر لەو شتە نییە کە کەسێك لە کۆنەوە تا بە هەنووکە خەونی پێوە دیتبێ؟ لەم روانگەیەوە ***ویرجینیا وۆلف*** ئەمە قبووڵ دەکا کە شۆڕشی مۆدێرن لە شێوازدا، هەڵقوڵاوی هەلێکی مێژووییە بۆ گۆڕانکاریی لە پێوەندییە مرۆڤییەکان و خەسڵەتی مرۆڤایەتیدا، بەم پێیە هونەری مۆدێرن خواستێکی کۆمەڵایەتی و مەعریفەناسیی بووە.

بڕواهێنان بە خەسڵەتی جوانیناسانەی ئەم هەلە رەخساوە بووبە عادەتێك کە هونەرمەندی بەجێدەهێشت تا زیاتر بۆخۆی بێ، ئیزنی پێدەدا تا لەوپەڕی جوگرافیای نیازەوە بە هەرێمی تیشك بگا. هەنووکە هەستکردی مرۆڤایەتی و بە تایبەتی هەستکردی هونەریی دەیتوانی زیاتر شهوودیی بێ نەك شاعیرانە. هونەری هەنووکە دەیتوانی بە دوامەبەستی خۆی بگا. ئازاد بوو تا خۆی لە قەرەی چەند رەهەندیی بدا ـ گەیشتن بە ئەتۆمەکانی هەڵدێران ـ نەتەنیا لە جیهان بەڵکو لە نێو خۆیدا هاوئاهەنگییەکی بەرچاو بەدی بێنێ (وەکو ئەو تابلۆ شێوەکارییەی ***لیلی بریسکۆ*** ***Lily Brisco*** کە لە کۆتایی کتێبی **بەرەو فانووسی دەریایی** دا تەواوی دەکا). ئایدیۆلۆژیی راستەقینە لەتوپەت و



پچڕپچڕە، ئەمەش رەنگە قەیرانی مۆدێرن بێ بۆ دنیا، بەڵام لە نێو جەغزی هونەردا گشت لەتوپەتەکانی راستەقینە سەرەکین، وای دانێین کەموکورتی هەبێ، بەڵام لە نێو سیستەمی جوانیناسینە لە هەڵوێستەکاندا ئابەجۆرە خۆی نیشان دەدا. واتە بە وتەی ***والاس ستیوێنسی*** شاعیر دەبێ بتوانێ راستەقینە بێنێتە نێو زەینەوە. ***ئەم کارە دەبێ لە نێو خەیاڵدا ئەنجام بدرێ،*** هەڵبەت ئەمەش دەبێ گەوهەر و چەمکی چیرۆکیی پێ ببەخشێ. رەنگە لە دنیای هەژاری و لە بیچمی مرۆڤێکی زامدار دابێ، بەڵام هونەرمەند بۆخۆی بە بەکارهێنانی سەنعەتەکان کەرەستەی ئەوپەڕدەرچوونی هەم لە مێژوو و هەم لە راستەقینەدا هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە تا بە خولقاندنی ***روانینێکی بێدەنگ و ورشەداری چێژی جوانیناسانەی جۆیس*** بگا.

زۆرجاران هەنگاونان بەرەو وردەکاری و رەوشتی داماڵدراو، بەرەو ناخخوازی، بەرەو نواندنی سەنعەتەکان و گومانی دەروونیی لە بەرامبەر خود بۆ دەربڕینی پێناسەیەك سەبارەت بە مۆدێرنیزم، دەبێتە بنەمایەکی هاوبەش. لە هەر جوڵانەوەیەکدا ژمارەیەك لە لایەنە سەنعەتییەکانی جووڵانەوەی پێشوو خۆی دەنوێنی. تەنانەت ئەگەر ئەم جووڵانەوانە لە سۆنگەکانی دیکەوە دژایەتییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ: ناشازیی لە مۆسیقادا، دژایەتیکردن و کۆپیکردن لە شێوەکاریدا، شیعری ئازاد لە شیعردا، گەڕیانی شەپۆلانی زەین لە رۆماندا هەر بەوجۆرەی ***ئۆرتێگا. ئەی. گاست*** گوتەنی، پاڵاوتنی جوانیناسیی پێویستی هەیە بە چەشنێ مرۆڤ سڕینەوە لە هونەردا، ***بزربوونی هێور هێوری مرۆڤ، هەموو ئەو شتانەی لە رادەبەدەر مرۆڤایەتین، پاژگەلێکی کە لە بەرهەمە رۆمانتیك و ناتۆرالیستییەکاندا زاڵبوون***[١٩]. ئەگەرچی ئەمە نە تەنیا بە واتای ساغکردنەوە و دروستکردنەوەی فۆڕمە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە ***فرانك کریڤود*** دەڵێ: **بەرەو نزیك کردنەوە و گێرەشێوێنی دەڕوا، بەم پێیە هەستێك لە ناچاریی**

***فۆڕمی بەدی دێنێ***[٢٠]. ئەمە بە نۆرەی خۆی ئاماژە بەوە دەکا کە رەنگە مۆدێرنیزم نەتەنیا شێوە و ئاکارێکی نوێ بێ لە هونەردا، بەڵکو بە چەشنێك کارەساتی مەزن لە قەڵەم دەدرێ. ئەزموونخوازیی نەتەنیا ئاماژە بە بوونی وردەکاری، دژواری و نوێبوونی هونەر دەکا، بەڵکو بە بێ پشتگیری، ئەزموونی ئاڵۆزی و لێکهەڵوەشاوەیی ـ ش نیشان دەدا. لە رواڵەتدا مۆدێرنیزم خاڵێکە کە تێیدا بیرکردنەوە لە ساغکردنەوە و نوێکردنەوەی هونەرەکان و ئارمانجی جوانیناسی و سەنعەتەکان و ئەزموونخوازیی کە لە رۆمانتیسیزمەوە تا بە هەنووکە بۆتە دەسەڵاتدار، بە قەیرانی فۆڕمی دەگا، تێیدا ئوستوورە، پێکهاتە و رێکخراوە بەواتای سوننەتی دەرووخێن، ئەم داڕووخانە هەر بە هۆی فۆڕمی نییە، قەیران قەیرانی کولتوورییە، زۆرجاران هەڵگری تیۆرێکی خەمناکە لە مێژوو ـ هەر بەوجۆرەی نووسەری مۆدێرنیست بە سادەیی ئەو هونەرمەندە نییە، کە ئازادکراو بێ، بەڵکو ئەو هونەرمەندێکە لە ژێر گوشارێکی تایبەت و بە رواڵەت مێژوویی دایە. ئەگەر مۆدێرنیزم هێزی خەیاڵکردن لە نێو کالانی هەستکرد دابێ، هەر بەو شێوەیەی **جیمز** دەری دەبڕێ ***لە ترپەی هەوا دۆزینەوە دروست دەکا،*** زۆرجارانیش بە واتای ئاگاداربوونە لە کارەساتی نێو دنیای زەماندا. ئەمەش هەر ئەو وتەیەی **پیتزە** کە ***هەموو شتێك لێکهەڵدەوەشێتەوە، ناوەند بەرگە ناگرێ.*** ئەمە ئەگەر هونەر وەك هاتنەدەرێی رۆح لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر بێ سەفەرێکی ***دادالوس****daedalus* ییە بۆ هەرێمی هونەرە نەناسراوەکان[٢١]. هەروەها بە واتای رێ ونکردن و مۆتەکەشە. هەست بە مەترسی، جادووی مەرگاوییە لە غەریزەی خولقێنەردا کە ***تووماس مان*** دەیپشکنێ. ئەگەر ئەم هونەرە مۆدێرنە بە واتای رزگاربوون لە دەروەستییە کۆنەکان بزانێ، هەر وەکو ***ئەلیوت*** لە ***یولیسزدا*** دیتی بە ***روانگەیەکی مەزن لە هیچ و ئاژاوەی*** دەزانێ[٢٢] و ئەگەر چەشنێ ملکەچیی جوانیناسینە بگاتە



ناخی، هێزی دوورخستنەوەی لە ناکاو و تووڕانەی هەیە، هەر بەو شێوەیەی بە جێی خودی بەتاڵکەرەوەی دادا یان سووریالیزم بینیومانە.

ئەم وتەیە بەرەو باسێکی ترمان دەبا کە بۆچی مۆدێرنیزم هونەری ئێمەیە و تەنیا هونەرێکە بەرسڤی چیرۆکی گەڵاڵەکراو و پڕ ئاماژەی ئێمە دەداتەوە. بەرهەمی هونەریی ***بنەڕەتی نائەگەری بوونی*** هایزنبێرگە، لەناوچوونی شارستانییەتە و شەڕی یەکەمی جیهانی بەرهەمی گۆڕان و راڤەی نوێیە لە جیهان کە لە لایەن ***مارکس، فرۆید و داروین-ەوە*** هاتە ئاراوە، بەرهەمی سەرمایەداریی بەخێرایی کار دەکا و وەکو پیشەکاریی وایە، بەرهەمی تێکهەڵچوونی ئیگزیستەنسە لەگەڵ بێناوەڕۆکی و پووچیی. ئەدەبیات تەکنۆلۆژیایە. بەرهەمی هونەریی راستەقینەی قبوولکراوی هەموان تێکدەڕووخێنی و بۆچوونێکە بە بنەمای عیلییەتەوە، ئاژاوەی زمانیی دەبێتە هۆی سڕینەوەی بۆچوونی جێگیر لە نێو گشت کەسایەتیی تاکەکەسیدا، ئەمەش کاتێ خۆی نیشان دەدا کە زەین لە زمانی بێبەقا و گشت راستەقینەکاندا بۆچوونە گشتییەکان ساز بکا. لەبەر ئەمە مۆدێرنیزم هونەری مۆدێرنسازییە ـ لێرەدا جیایی هونەرمەند لە کۆمەڵگا ئەگەرچی دیارە و لاسایی هەر چەشنە هونەرێك بکاتەوە، بەڵام ناکامڵە ـ لەم روانگەیەوە بۆ وێنە ئیکسپێرسیونیست یان سوریالیستەکان پێیانوایە قوتابخانەکانیان چەشنێکن دژی ئەو هونەرەی چوارچێوە کۆنەکانی گەڕانەوە تێکدەشکێنێ و سەرکەشیی هەوەسی گشتگیری مرۆڤەکان فۆڕمی وێژەی کامڵبوونی مرۆڤ دەگەیێنێتە ئازادی و پێگەیین. هاوتای ئەم بۆچوونە، واتە مۆدێرنیزم ئازادیی هونەر نییە، بەڵکو ناچاریی هونەرە. دنیای هاوبەشی راستەقینە و کولتوور، کە هونەری سەدەی نۆزدە دەروەستی بوو فەوتاوە و کەشوهەوای دواتەقینەوە یان چیرۆکیی هەیە، کەشوهەوایەك کە نە تەنیا هەڵگری پاژە گەورەکانی خولقاندنە، بەڵکو لە

رەتکردنەوەی خولقاندن حاشا دەکا. ئەم گریمانەیە، واتە سەردەم خوازیاری چەشنێکی تایبەتە لە هونەر و مۆدێرنیزم هونەرێکە بۆ خواستی سەردەم. باوەڕ و بۆچوونی پڕخرۆشی کەسانێك بووە کە لە هەلومەرجی نوێی مرۆڤایەتیدا قەیرانێك لە راستەقینە دەبینن و ئاکامی سامناکی کۆمەڵگای کولتوورییە. بەمحاڵە ئەوە روون و ئاشکرایە کە گشت هونەرمەندان باوەڕێکی ئەوتۆیان نەبووە ـ لە راستیدا سەدەی ئێمە نە تەنیا سەدەی نادیاربوونی راستەقینەیە، بەڵکو سەدەی راستەقینەخوازیی، سەدەی کەشوهەوای سەرکۆنەیی و کراوە و بەرفرەهە.

دژایەتیی مۆدێرنیزم لە نێو پێوەندیی نێوان ئەم دوو پێناسە و ئەو سەلماندنانەی کە زۆر لەو جیاوازن شاردراوەتەوە، لە راستیدا دەتوانین لە جیاوازیی نێوان سیمبۆلیزم و سوریالیزمدا، دوو مۆدێرنیزم هەڵوەژێرین. لە لایەکەوە مۆدێرنیزم هونەرێکی نهێنی و تایبەتیی بووە: بەو شێوەیەی کە ***ئۆرتێگا. ئەی. گاست*** سەبارەت بە مرۆڤ سڕینەوە لە هونەر دەدوێ، مۆدێرنیزم دەیەوێ مەزن سالارانە گوێگرانی خۆی بە دوو گروپ دابەش بکا ـ ئەوانەی لێی تێدەگەن، ئەوانەی لێی تێناگەن. ئەوانەی فێری سەنعەت و رادە و باڕستاکەی بوون و لەگەڵی ئاشنان، ئەوانەی نە تەنیا نائاشکرا، بەڵکو بە دوژمنکارانەی دادەنێن ـ لەم روانگەیەوە ئەو عادەتە سەرەکییانەی **ئۆرتێگا** لە نێو دیمەنێك لە هونەر وەکو ***کایە*** یان ***فرتوفێڵێکی بەچێژ*** دەیبینێ چەشنێك پشتکردنە لە سوننەت، هەنگاونانە بەرەو نەفرەت لە خود یان پاش ملەقسەکردن، چۆنیەتییەکە لە چڕکردنەوەی خود یان باوەڕ بەوەی کە هونەر بەرهەمێکی نییە جا چ بگا بەوەی خۆی بێ و خۆی وەکو هونەر نیشان بدا ـ ئەمە نە تەنیا بەسانایی بۆتە پێشەنگ، بەڵکو لە بەرامبەر خەڵکی رەشۆکی و داخوازییەکانی زەمان و مێژوودا نوێنەری چەشنێك پەشیمانی یان دەستداگرتنە بەسەر هێزە



هونەرییەکان. لەلایەکی دیکەوە دەتوانین زانستخوازیی بە خاوەنی چەمکی کۆمەڵایەتیی بزانین. هونەرەکان پێشەنگن لەبەر ئەوەی پشکنین گەلی شۆڕشگێڕانەن لە توێی داهاتوو و ویژدانی مرۆڤایەتیدا. جا بۆیە دەتوانین بڵێین کە بە ئاراستەی مۆدێرنیزمی راستەقینە و قوڵترین نیگا، توانیویەتی لە سەردەمی ئێمەدا قۆناغەکانی هونەر و مرۆڤی ببینێ، لە سەردەمایەك کە لەوەناچێ هونەرێکی شایانمان ئاراستە بکا. زۆربەی نووسەرە دیارەکانی ئێمە بەرهەمی ئەم لایەنگرییە بوون و گشت هونەرمەندانی دیکە نەیانتوانیوە لە چنگ هاوشێوەکانی رابکەن. بەپێی ئەم بۆچوونە هەرچەند مۆدێرنیزم شێوازی گشتگیری سەردەمای ئێمە نییە، بەڵام بۆتە تەڤگەرێك کە ویژدانی مۆدێرنی ئێمەی ناساندووە. رەنگە تاکە تەڤگەڕ نەبێ، بەڵام تەڤگەڕی سەرەکییە. وەکو رۆمانتیسیزم بە کاتناسیی مێژووییەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە سەرەتای سەدە و قۆناغێك لە هەڵسەنگاندنی نوێ و قووڵی رووناکبیری و گۆڕانکاریی زەینی و کۆمەڵایەتی. هەستیاری و جوانیناسیی توانیویانە رۆژ لەگەڵ رۆژ زەینی گەورەترین نووسەرانی ئێمە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، کە ئەمە وردە وردە دەبێتە روانینی شیاو و بنەڕەتیی هەستیارترین خوێنەرانی ئێمە. هەر وەك رۆمانتیسیزم تەڤگەڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە لە نێوان بەراوردی نوێ و بەربڵاوی رووناکبیریی و نارەزایەتیی بنەڕەتی لە رابردووی هونەرییەوە سەرهەڵدەدا ـ خەسڵەتی ئەم تەڤگەڕە نێونەتەوەییە و نیشانەکەی لافاوێکە لە بیروبڕوا و فۆڕم و بایەخە گشتییەکان و وڵات بە وڵاتی تەنیوەتەوە و بۆتە هێڵی سەرەکیی سوننەتی رۆژئاوایی.

ئەمڕۆکە وێدەچێ کە هەقیقەتی شوێنێك لە نێوان ئەم دوو تیۆرەدا شاردرابێتەوە: مۆدێرنیزم دەربڕی مەزنیی مۆدێرنە و مۆدێرنیزم گرینگایەتییەکی پەراوێزیی هەیە. روون و ئاشکرایە کە مۆدێرنیزم شتێکە زیاتر

لە ڕووداوێکی جوانیناسینە و بەشێك لەو مەرجانە بژار دەکرێن کە لە توێیدا شاراوەن. بەمحاڵە هەڵگری کردەوەیەکی تەواو جوانیناسینەیە و بوار بەم گریمانەیە دەدا کە تۆمارکردنی ویژدان یان ئەزموونی مۆدێرن لەبەر ئاراستەکردنی نەبووە، بەڵکو هێمایەکی جوانیناسینە و تەواو کولتوورییە... باسی دانانی پێکهاتەکان، کارکردی زمان، یەکێتی فۆڕم و لە کۆتاییدا واتای کۆمەڵایەتیی خودی هونەرمەند بووە. گەڕان بە دوای چەشنێك شێواز یان چەشنناسیی دیکەی پاژێکی هەستکردانە دەبێ لە بەرهەمی ئەدەبیی هەموو مۆدێرنیستەکاندا. هونەرمەند لە نێوان کەرەستە و سەرلەبەری هونەردا دایمە خەریکی سەفەرێکی قووڵ و بێبڕانەوەیە. مۆدێرنیزم بەم واتایە ئیتر زۆر لە شێواز ناچێ، بەڵکو گەڕانێکی تەواو تاکە کەسییە بە دوای شێوازدا. لە ڕاستیدا شێوازی هەر بەرهەمێك نابێتە پارێزەری شێوازی بەرهەمێکی تر. ئەمە ڕەنگە هەمان مەبەستی ***ئیرۆنگ هاو*** بێ، کاتێ دەڵێ کە ***مۆدێرنیزم شێوازی گشتگیری خۆی جێگیر ناکا یان ئەگەر جێگیری بکا خۆی ڕەت دەکاتەوە، ئیتر ئەمە نابێتە شێوازێکی مۆدێرن***(٢٣). ئەو چۆنێتیەی ئێمە لە بەرهەمی شێوەکارانێکی وەکو ***ماتیس، پیکاسۆ و براك***، مۆسیقارانێکی وەکو ***ستراوینسکی و شوێنبێرگ***، ڕۆماننووسانێکی وەکو ***هینری جیمز، مان، کۆنراد، پرۆست، سڤێڤۆ، جۆیس، ژید، کافکا، موزیل، هێسێ و فاکنێر***، شاعیرانێکی وەکو ***مالارمێ، والری، ئێلیوت، پاوند، ریلکێ، لۆرکا، پۆلیز، بێرتۆن و ستیوێنس***، شانۆیی نووسانێکی وەك ***ستریندبێرگ، پیراند یللۆ و ودێکیند***دا دەیبینین لە ڕاستیدا ڕێزگرتنی مەزنە لە کاری هونەریی خۆیان ـ ئەو عادەتەی کە بۆ تۆکمەکردنی بەرهەمی ئەدەبیی پێکهاتەیەکی شایانی تایبەت بە بەرهەم بەکاردەێنێ. مەرجی هەبوونی شێواز لە هەر بەرهەمێکدا کەمایەسی شێوازێکی گشتگیر نیشان دەدا کە شایانی سەردەمە و هەر بەرهەمێکی خولقاو تەنیا جارێك و بۆ هەمیشەیە. مانەوەی



زیاتر پێوەندیی هەیە بە پاژێکی ڕەسەن، نەزمێکی خۆبژار و خۆکرد و کەمتر بە شتە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەقەوە پێوەندیی دەبێ. بەم واتایە مۆدێرنیزم بەڕاستی بەرەو نێونەتەوەیی بوون دەڕوا و لە سەرەتادا دەتوانین ژێدەری کەرەستەکانی ببژێرین و بیر لە گرینگبوونی بکەینەوە، بەڵام بە ئاسانی ناتوانین بە شێواز و سوننەتێکی جیهانیی دابنێین.

(٣)

ڕەنگە خەسڵەتی لێڵی مۆدێرنیزم ئەوە دەربخا کە بۆچی ڕەخنەگران لە دۆزینەوەی شوێن یان زەمانێکی دیاریکراو بۆ مۆدێرنیزم ئاوا تووشی تەنگەژە هاتوون، چونکە مۆدێرنیزم لە ناخی قۆناغی کامڵبوونی ئەدەبیاتدا هەبووە، ئاوا دەتوانین زووتر لە دەرکەوتنی، سەرچاوەکانی بدۆزینەوە. ئەگەر مۆدێرنیزم کۆیەك لە بزووتنەوەکان بێ ئەم بزووتنەوانە لە دڵی سەدەی نۆزدەوە شەپۆل شەپۆل وەگەڕ کەوتوون. ئەگەر بڕیار بێ ئەم بزووتنەوانە بە بوهیمی یان پێشەنگ دابنێین پێویستە بزانین کە بوهیم لە ساڵی ١٨٣٠- وە لە پاریس هاتۆتە ئاراوە. بۆچوونی هونەرمەند لە پلەی فۆتۆریستدا وەکو دەستوپێوەندێکی ئازاد و سەرکەش لە هەرێمی زانستی سامناکدا هەڵسووڕانی خۆی لە سەرانسەری ئەندێشەی ڕۆمانێکدا نیشان داوە. ئەگەر نیاز بە جوانیناسیی ئەزموونخوازییەکی دیاریکراو هەبێ، دەبێ بزانین کە ***ئێمیل زۆلا*** - ***Le Roman experimental***ی خۆی لە ساڵی ١٨٨٠ـ دا بڵاوکردەوە (هەرچەند ئەم وتەیەی بە واتایەکی توێژینگایی و زانستیی لەکارکرد). ئەندێشەی گرینگی مۆدێرن لە نیچەدا وەکو ناچارییەکی تایبەت و قۆناغێکی تایبەتییە لە داماڵدران. ئەگەر مۆدێرنیزم بەو مانایە بێ کە بە هۆی فرەدەنگیی هەستکردەوە ڕووکاری تۆکمەی ناتۆرالیستیی لێ دەشێوێ، دەبێ بزانین کە لە دەیەی ١٨٧٠- دا ***والتێر پەتێر***

له بریتانیا و باقی بیرمەندانی ئوروپا باسی ***ویژدانی نالەباری فرەدەنگی***یان کردووە. ئەگەر مۆدێرنیزم بە واتای کردەوەی خەیاڵ لە بەرامبەر جیهانی شارنشین و کۆمەڵایەتیی بێ دەبێ بزانین کە ***بودلێر*** باسی شاری ناراستەقینە و نیازی خەیاڵکردنی بۆ بەرهەمهێنانی ***هەستی تازەبوون*** کردووە. لە رۆژئاوا و لە بەرهەمەکانی ***سترێن*** یان ***دان*** یان ***ڤیێۆندا*** دەتوانین رەتکردنەوەی باقی لایەنە مۆدێرنیستییەکان بدۆزینەوە ـ بەکارهێنانی بە دژی فۆرم و یان سوکایەتیکردن بە بڕیارە دانراوەکان، بەکارهێنانی لە وێنەیەکی ***ژیرانە*** و پڕزایەڵە و سەختدا و دەروەستبوون بە ***هەستێکی تێکهەڵکێشراو***، هەست بە دڵەڕاوکێ و دەروەستبوون بە شتێك کە ***لایونل تریلینگ*** پێی دەڵێ چەشنێ ***کولتووری سەرکەش*** ـ. لە راستیدا مۆدێرنیزم شۆڕشێکی نێونەتەوەیی بوو و خاڵی یەکگرتنەوەی گەلێ هێزی رەنگاورەنگ کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و لە سەردەمای جیاوازدا بەوپەڕی هێزی خۆی دەگا. بە رواڵەت لە بەشێك لە شوێنەکاندا جێی خۆی زیاتر خۆش کرد و لە شوێنەکانی دیکەدا وەکو نەهاتییەك کاری کرد و دواتر خۆی هەڵاوارد. لە چەند شوێنێ بە رواڵەت زەبری قورسی لە سوننەتی سەقامگیر وەشاند ـ لە رۆمانتیسیزمەوە بگرە تا ڤیکتۆریانیزم، ریالیزم یان ئیمپێرسیونیزم ـ لە جێگاکانی تر لە رواڵەتدا بە درێژەی سروشتی مۆدێرنیزم دادەنرا. لە راستیدا مۆدێرنیزم دەتوانێ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و جیاواز و بە پێی ئەو شوێنەی کە بۆتە ناوەندی مۆدێرنیزم بێتە ئاراوە. هەڵبەت ئەمەش بە پێی ئەوەیە کە پێتەخت یان پارێزگا بێتە سەر رێ. راست هەر بەو شێوەیەی کە هەنووکە لە بریتانیادا وشەی مۆدێرن دەتوانێ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازیی بەرچاوی هەبێ، چونکە گەوهەری مۆدێرنیزم لە خەسڵەتی نێونەتەوەیی خۆیدا شاراوەیە ـ رەخنەگرێك باسی لەوە کردووە کە مۆدێرنیزم بە



کورتی هاوتای جیهان وەتەنییە [٢٤]، چونکە لە رووی قاموسییەوە و لە گشت جیهاندا وشەی مۆدێرن یەك واتای هەیە و پێویست ناکا وەریبگێڕینەوە، مەرجی وریابوون ئەوەیە کە لە پێشدا چاوخشاندنێکی کورتمان بە سەر ئەم دەلالەتانەی ناوئاخنی نێونەتەوەییدا هەبێ.

وەرن با بە گێڕانەوەی ئاشنایەتی لەم نزیکایەتییەوە دەست پێ بکەین. سەردێڕی سەرەکی و لاوەکیی کتێبی ***سیریل کانولی*** کە لە ساڵی ١٩٦٥- دا بڵاو بۆوە چوارچێوەیەکی بەرتەسك و بەنرخ بەدەستەوە دەدا: ***بزووتنەوەی مۆدێرن، سەد کتێبی کلیلیی لە بریتانیا، فەرانسە و ئەمریکا ١٩٥٠-١٨٨٠***[٢٥]. لەم کتێبەدا بە روونی فەرانسە وەك سەرچاوەیەك وایە کە مۆدێرنیزمی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** هێزی لێوەرگرتووە: ***فەرەنساییەکان باوکی بزووتنەوەی مۆدێرن بوون، بزووتنەوەیەك کە بە ئارامیی بەرەو ئەوپەڕی مانش گواسترایەوە و لەوێوە بە دەریای ئیرلەندا گەڕا و لە ئاکامدا کەوتە چنگی ئەمریکییەکان و بە هێزی پتەو و پێداگریی زۆرەملی و مەیلی خۆیان ئەم جووڵانەوەیان لە شتە زەبەلاح و دێوئاساکانەوە نزیك کردەوە.*** هەرچەند بەو شێوەیەی کە ***کانولی*** دەیدرکێنێ زەمانێکی تایبەت بۆ شوێنی دەسپێکی جووڵانەوەی مۆدێرن دیاری ناکرێ، ١٨٨٠ وەکو خاڵێك دادەنرێ کە تێیدا ***شعووری رەخنەگرانەی*** سەردەمای رۆشنگەریی لەگەڵ ***توانستی دۆزینەوەی*** رۆمانتیسیزم ئاوێتە بوو تا ببێتە هۆی کارکردنی بەرەی یەکەمی نووسەرە (بەراستی) مۆدێرنەکان، نووسەرانێك کە بۆ هەموو شتێك قەرزداری ***فلۆبێر*** و ***بودلێر***ن ـ ***جیمز***، ***مالارمێ***، ***ویلیەر دۆلیل ئادام***، ***هویسمەن*** و ***لوترامۆنی*** رەمزاوی. پاش ئەوە نووسەران، شێوەکاران و مۆسیقاران بە شەپۆل هاتن و شتێکیان بە هەستیاریی مۆدێرن زێدە کرد ـ ***دوبوسێ، ییتز، ژید، پرۆست و والێری، بە دوای ئەوانیشدا ئێلیوت، پاوند، لارێنس و جۆیس، ویرجینیا ڤۆلف،***

**ئێدیت ستیوێل و ماریان مور، هەمینگوای، کامینگز، فاکنێر، مالێرۆ، هاکسێلی و گریڤیز هەتا دەگەینە سەردەمی هەنووکە.**

قەرەباڵغترین بازاڕی مۆدێرنیزم هەر بەو شێوەیەی کە **کانولی-یش** سەرنجی پێدەدا بە روونی شوێنێکە لە نێوان ساڵانی ١٩١٠ - ١٩٢٥ ـ لە هەرێمی نێوان ساڵی ١٨٨٠ تا ١٩٥٠- دا بووە. ئەو بۆچوونانەی تا رادەیەك لە یەك دەچن لە کتێبی پڕبایەخی **ئیدمۆند ویلۆن: قەڵای ئاکسێل**[٢٦]دا دێتە بەرچاو کە شۆڕشە مۆدێرنە ئینگلیزی و ئەمریکاییەکان بە سیمبۆلیزمەوە دەلکێنێ، هەروەها لە کتێبی **موریس بورا**[٢٧]شدا کە بەشێکی گرینگە لە ئەدەبیاتی مۆدێرن، شۆڕشی ناوبراو بە میراتی سیمبۆلیزم دەزانێ. هەرچەند **گراهام هاف**[٢٨] پێیوایە کە ئەدەبیاتی ئینگلیزی هیچکات جووڵانەوەیەکی سیمبولیستیی تەندروست و بە پێی ئەندێشە نەبووە و ئەوەی کە لە دەوروبەری شەڕی یەکەمی جیهانی دا **سیمبولیستی بێجادوو** بووە تێگەیینی بنەڕەتیی ئەوە لە رووداوەکان و هێڵی خۆماڵیی زاڵ لە ئینگلستان (نەك ئەمریکا)و هەروەها لە وتەی **کانولی** نزیکە.

لە کتێبێکی دیکەدا بۆچوونی بەرفرەتری **ئینگلیزی ـ ئەمریکایی** دەدۆزینەوە کە هاوکات لەگەڵ کتێبی **کانولیدا** بڵاو بۆوە: **سوننەتی مۆدێرن،** گوڵبژێری بابەتە مۆدێرنیستییەکانی ئێدیتۆر **ریچارد ئەلمەن** و **چارلز فیدلسۆن**[٢٩]ە. ئێدیتۆرەکان نە تەنیا بابەتەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵکو ئەمە دەدرکێنن کە لە زمانە نافەڕانسەیی و ئینگلیزییەکاندا گەلێ کتێبی شوێندانەر هەبوون کە **کانولی** بە هۆی ئاشکراوە نێوی نەهێناون، ئەوان بازنەی پشکنینی خۆیان بەرینتر دەکەنەوە و دەچنە ئەوپەڕی ئەدەبیات و دەگەنە هەرێمی بەرینتری خەیاڵ و ئاوەز و هەروەها لە کتێبی خۆیاندا چەشنێ ئاگاداربوون لە **سوننەتی مۆدێرن نیشان دەدەن کە رەگەکانی لە سەردەمای رۆمانتیك و پێش ئەویش دایە**، ئەمانەش لە زەیندا وێنا دەکرێن.



هەرێمی سەرخان کە هەڵگری مۆدێرنیزمە لە روانگەی ئەوانەوە، چوارچێوەیەکی زۆر بەرفرەتر بە خۆیەوە دەگرێ و بابەتەکانی ئەوان لە روانگەی ژانر و زەمانەوە دەبێتە هەڵگری سەردەمایەك لە **ڤیکۆ** وە تا **سارتر**، لە **گوتە** و **وردزورسەوە** تا **کامۆ** و **رۆب گریێ**، لە **بلیکەوە** تا **پیکاسۆ** دەستپێدەکا. بەم حاڵە کاتێ دەگەنە سەردەمای سەرنجێکی ورد، ئەوانیش زیاترین سەرنجیان دەخەنە سەر ئەو شتەی کە دەکاتە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، واتە دەڕواننە **ییتز** و **جۆیس** و **ئێلیوت** و **لارێنس** و هاوڕێ ئوروپییەکانیان وەك **پرۆست** و **ڤالێری**و **ژید** و **مان** ، **ریلکێ** و **کافکا**.

ئەگەر بەم دوو پرسیارە ئاشکرایەی **کێ؟** و **چ کات؟** روو بکەینە رەخنەگرە بریتانییەکان تا بە وێنەیەك لە بیچمی زەینیی ئەوان لە مۆدێرنیزم بگەین دەستکەوتمان وێنەیەکی نزیکە بەوان. دەبێ چ کەسانێك بخرێنە ریزی شوناسەکانی مۆدێرنیستەوە؟ ئەو ساڵانەی ساڵی هەڵکشان و هێرش و گۆڕانی بنەڕەتین کامانەن؟ بە بۆچوونی **ئا. ئیلوازێر** ئەوکەسەی بە دوای مۆدێرنیزمدا دەگەڕێ دەبێ سی ساڵی سەرەتای ئەم سەدەیە بپشکنێ و **پاوند** و **ئێلیوت**، **جۆیس** و **کافکا** بە ناوەندی گۆڕان دابنرێن. بە بۆچوونی **فرانك کریمۆد** دەیەی سەرەتای سەدەی بیست پێش قەتاری مۆدێرنیزم بووە، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکا کە هەرچۆنێ بێ ئەو کەسەی بیر لە چەمکی هەنووکەیی مۆدێرنیزم دەکاتەوە بەوردی و دروست دەڕوانێتە سەردەمای نێوان ١٩٠٧ و بۆ وێنە ١٩٣٠ ـ رەنگە **ستیفەن سپەندەر** و **گراهام هو** ئەم قۆناغە رەت نەکەنەوە، هەرچەند ئەوان قۆناغی نێوان ساڵی ١٩١٠ و سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیی دەستنیشان دەکەن ـ ساڵانێك کە بە بۆچوونی **گراهام هو** شاهیدی شۆڕشێك لە ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزی بە بارتەقای شۆڕشی رۆمانتیك بوو. سەبارەت بە کەسایەتییەکانیش **کرێمۆد** بە هۆی ئەوە کە پەروەردەکردنی **ئینگلیزی ـ**

***ئەمریكایی*** بە بەشێك لە بە سەرهاتی بەرفرەتر دەزانی، لە كەنار نێوی ییتز، جۆیس، ئێلیوت و پاونددا نێوی ژید، والێری، تۆماس مان دادەنێ و رەنگە پرۆست و ریلكەش.

ئەگەر بازنەی ناوەند بەرتەسك بێتەوە و لە ناسینەوەی سەرەكیترین رووداوی راستەقینەدا داكۆكییەك لە سەر بەرهەمی گرینگی ***ساڵی ورشەدار***(٣٠) هەبێ، دەربڕینی ***گوتە*** بوێرانەتر دەبێ. ***ویرجینیا وۆلف*** بۆ دانانی گۆڕانی مەزنی كولتووریی هەولێدا و لە ماوەیەكی كورتدا رووداوێكی تەواو پڕتەقینەوەی بینی: لە دیسەمبەری ١٩١٠ یان لەو سەروبەندەدا خەسڵەتی مرۆڤ گۆڕانی بەسەرداهات... گشت پێوەندییە مرۆڤییەكان ئەوبارەوبار كران ـ پێوەندیی نێوان ئاغاوات و نۆكەر، ژن و مێرد، بنەماڵە و منداڵ ـ ئەگەریش پێوەندییە مرۆڤییەكان بگۆڕدرێن لە هەمان حاڵدا لە ئایین، ئاكار، سیاسەت و ئەدەبیاتدا گۆڕان روودەدا (٣١). بێگومان مەرگی ***ئیدوارد پاشا*** و یەكەم پێشانگای پاش ئیمپێرسیونیست ئەستەم بوو، هەرچەند ***دی. ئیچ. لارێنس*** گریمانەیەكی بەقەد دۆزینەوە، لە ساڵێكی جیاواز و بە واتایەكی جیاواز ئاراستەكرد. لە ***كانگارۆ***دا نووسی: لە ساڵی ١٩١٥- دا دنیای كۆن بەسەر هات. ئەم چەشنە بۆچوونانە نیشاندەری چەمكی هاوچەرخی بەشداریكردنە لە گۆڕانكارییەكی مەزندا، داكۆكیی ***ئینگلیزی ـ ئەمریكایی*** لەسەر ئەم ساڵانەی پێش شەڕ بە تەواوی هەڵدەسەنگێندرێ، چونكە لەم سەردەمایەدا داوا نوێیەكان كە نیشانەكانی لە نێو بابەت و دانیشتنە ئەدەبییەكاندا دەبیندرێ، قورستر دەبن، بەڵام هەولگەلێك دراوە تا پاشەكشە بە هەموو شتێك بكەن، بۆ وێنە ***ریچارد ئیلمەن***(٣٢) دەڵێ: ئەگەر بمانەوێ كاتی گۆڕانی كەسایەتیی مرۆڤ دیاری بكەین ***بە باوەڕی من ساڵی ١٩٠٠ باشتر و وردترە لە ساڵی ١٩١٠- ی ویرجینیا وۆلف، چونكە نێوەڕۆكی مۆدێرنیست سواراوی سەردەماكان بووە***. رەخنەگرانی دیكە ئەم



بەرفرەبوونەوەیان بۆ ساڵانی پاش شەڕی یەكەمی جیهانی گوێستەوە، بۆ وێنە ئەگەر ***هاری لۆڤین*** بۆ دیاریكردنی ساڵی مۆدێرنیستی بكەوێتە ژێر گوشارەوە ئاماژە بە بەرهەمی مۆجزەئاسای ساڵی ١٩٢٢ دەكا، ساڵی ***یولیسز*** و ، ***The Waste land*** ساڵی- ***Diesonette on orpheus***، ***Duinsen Elegien***ی ریلكێ، ساڵی یەكەم شانۆیی برێخت، ساڵی گۆچانی هارونی لارێنس و ژووری یەعقووب- ی ویرجینیا وۆلف، ساڵی سۆدۆم و گومۆرهی،(٣٣)- ی پرۆست و ئاناكریستی یوجین ئۆنیل و دەڵێ پێكهێنانی پێڕێستێك هەر وەك پێشوو بۆ ساڵی ١٩٢٤ و بەم شێوەیە دۆزینەوەی لوتكە لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٩٢٠- دا دژوار نییە(٣٤) ـ سەردەمایەك كە بە بۆچوونی بەشێك لە رەخنەگرانی تر سەردەمای بزربوون و رزانی غەریزەی مۆدێرنیستە. رەخنەگرانێك داكۆكی لە سەر سەردەماكانی دواتر دەكەن، كە پێیان وایە مۆدێرنیزم نە تەنیا بزر نەبووە، بەڵكو تا بە ئەمڕۆ وەكو هونەری سەرەكیی درێژەی كێشاوە، ئەوان سەرلەبەری سەردەمای نێوان دوو شەڕ بە قۆناغی سەرەكیی پێگەییینی مۆدێرنیزم دادەنێن ـ بە تایبەت لەم سەردەمانەدا كەسانێك وەكو ***هارۆڵد رۆزنبێرگ*** لە سەر ***پاریس*** داكۆكی دەكەن، ئەوێش تەنیا خاڵێكە كە دەتوانرا وەها پاژگەلێكی مۆدێرن وەكو دەروونناسیی ***ڤیەن***- ی، پەیكەرتاشیی ئەفریقیایی، چیرۆكی پۆلیسیی ئەمریكایی، مۆسیقای رووسی، ئایینی كاتۆلیكیی نوێ، پیشەكاریی ئەڵمانی و بێ ئۆقرەیی ئیتالیایی تێدا تێكەڵاوی یەكتر بكەین(٣٥). ئەم باسە سەبارەت بە سیما ناسێنەرەكانی مۆدێرنیزم تا رادەیەك دەروەستی ئەو پێناسە بنەڕەتی و هەروەها ئەم پرسیارەیە كە ئایا ئەم لایەنگرییە بە تایبەت لە رێی هێڵی سوریالیزم بەردەوام بووە تا بگاتە هونەری پاش شەڕ یان نا؟

ئەگەر ئەم باسە لە ئارادابێ کە مۆدێرنیزم کەی دەستی پێکرد، ئەم پرسیارەش ئاراستە دەکرێ کە خەسڵەت و کەرەستەکانی مۆدێرنیزم کامانەن؟ هەروەها ئەم پرسیارەش دێتەگۆڕێ کە ئایا مۆدێرنیزم بەسەرچووە یان نا؟ ئێمە هەنووکە بە پێی هونەر یان دژی هونەری سەردەمای پاش شەڕ ـ کە لە سەرەتادا وێدەچوو لە مۆدێرنیزم دوور دەکەوێتەوە و بەرەو لای ریالیزم و هێڵی بوون دەڕوا ـ بوونێکی دیکەمان پێکهێناوە کە پێی دەگوترێ پۆست مۆدێرنیزم. ئەم زاراوەیە هەنووکە زۆر باوە و لە باسی تێکەڵاوییەك لە هونەری لەناکاو یان لانیکەم لە ئەدەبیاتی ***بێدەنگیدا*** لەکار دەکرێ کە تێیدا هەر بەو شێوەیەی لە بەرهەمەکانی ***بێکت*** یان ***بۆرخێسدا*** دەبینین ئەندێشەی خولْقانی نیهیلیزم، شێوە پڕشوبڵاوەکان، چیرۆکێکی کە خۆی بزر دەکا، زاڵ دەبن. لە باسی ***chesism*** - ی نوێدا کە رووەو گەشەیە نە تەنیا دەبێ هەڵگری رۆمانی نوێ لە فەڕانسە بێ بەڵکو، دەبێ رۆمانی ناچیرۆکیی لە ئەڵمان و ئەمریکا وەخۆ بگری. لەو شوێنەدا راستییەکان، شتەکان یان رووداوە مێژووییەکان دەچنە نێو گێڕانەوەیەك کە لە بارەی***multi-media froms*** پرسیار دەکا وەکو ***هاپنینگ*** یان شانۆی سەرشەقام، لە بارەی دژە عەقڵ بوون و دژە هونەری بوونی وڕێنەیی، سەرکەشیی شۆڕشگێڕانە. لایەنی جۆراوجۆر لەم لایەنگرییەدا لەگەڵ لۆژیك و عادەتی مۆدێرنیزم رێك دەکەوێ، بەتایبەتی ئەوبەشەی کە پێوەندیی هەیە بە دۆزینەوە کامڵە دەروونییەکانی وەك ***دادا*** و ***سوریالیزم*** یان نوقم بوون لە خودی رۆمانتیك وەکو ***هێرمان هێسێ***، یان شۆڕشی وشە وەکو ***گیرترۆد شتاین*** و ***جۆیس***. هەروەها لە بەرهەمەکانی دواتر لە وتاری مۆدێرنیزمی ***فرانك کریمۆود***دا بە خەستی لە سەرجەم پرسی درێژەی مۆدێرنیزم داکۆکی کراوە، وتارێك کە لە زۆر شوێندا چاپ کراوە و لەوانە لە کتێبی ***تازەگەرییەکاندا*** لەگەڵ بۆچوونە دژەکان بەراورد کراوە. ***کریمۆود*** پێیوایە کە هونەری چانسیی هاوچەرخ / لە



چوارچێوەگرتنی پارچەیەك لە فەزا یان زەمان، دیاریکردن و واژۆکردنی شوێنێك، هەر بەو شێوەیەی لە بەرهەمەکانی ***کەج*** (***Cage***) یان ***بارۆزدا***/ (***Barroughe***) لە لایەنگرییە کۆنەکان نزیکە. هەرچەند ***کریمۆود*** بۆ جیاکردنەوەی مۆدێرنیزمی سەرەتا، کە زۆر زیاتر فۆڕمالیستیی یان ملکەچی دژوازییە فۆڕمییەکان بوو، هێڵێك دەکێشێتەوە هەتا لە مۆدێرنیزمی نوێ یان مۆدێرنیزمی دواتر کە دژە فۆڕمالیستییە جیای بکاتەوە، بەڵام ناچارە بۆ رەتکردنەوەی فۆڕم بەکاری بێنێ. بەکارهێنانی پێکهاتەی بێ دەروازە یان هونەری چانسیی (هونەرێك کە لەسەر بنەمای بەخت و چانس دانراوە) بەکارهێنانی نوێی هێزە نوێیەکانە، هەر بەو شێوەیەی لە بەرهەمەکانی ***کەج*** یان ***تینگۆلی*** یان هونەری ***هینپنیگ*** یان هونەری ***وشیارانەی دەستکرد*** لە ***نابوکۆف*** و ***بورخێس*** یان ***بارتێملی*** دا دژایەتییەکی ئاشکرای لەگەڵ رابردووانی خۆی نییە. بەم پێیە ئەو شتەی ***فرانك کریمۆود*** پێی دەڵێ مۆدێرنیزمی نوێ و دیتران پێیان باشە پێی بڵێن پۆست مۆدێرنیزم، دەروەستی گۆڕان لە شتێکە کە ***هارۆڵد رۆزنبێرگ*** نێوی سوننەتی نوێی لە سەر دادەنێ ـ گۆڕانێك کە لە سەردەمای ***دادا*** پێکهات ـ کەچی ئەمە هەمان سوننەتە، بەڵام باقی رەخنەگران لە تازەگەرییەکاندا نەیاری ئەم بۆچوونەن. ئەگەر ئەمڕۆکە پێشەنگێکی نوێ هەیە و جوانیناسی یان گروپێك لە جوانیناسییەکان هەن ـ کە بۆ وێنە لە سەر بنەمای بەرهەمەکانی ***کەج***، ***بارۆز***، ***بێکت*** و ***بۆرخێس***، وەکو شیعری باڕست و رۆمانی نوێ و هەروەها لەسەر بنەمای ***هیپنینگ***، ***مەوادی سڕکەر***، ***دژی کولتووری*** و ***negrtiude***- ین ـ ئەمە ئیتر شێوازێك نییە، چوارچێوەیەکە لە کردەوەی ئەوپەڕ کولتووریی چەشنی سیاسەت[٣٦]. پێشەنگ پێی ناوەتە نێو شەقامەکان، بۆتە ئاکارێکی غەریزی یان شۆڕشگێڕانە و ئێمە لە چاخی شێوازناسییەکی نوێ داین کە تێیدا تەمەنی ئەو دەسکەوتەی هیومانیزم و

شارستانی، واتە مۆدێرنیزم کۆتایی پێ هاتووە کە هیوابڕاوانە هەوڵی داوە فۆڕم بشێوێنێ و سەرلەنوێ پلە و ئاستی خۆی بدۆزێتەوە. شێواوی و زەینییەتخوازیی شۆڕشگێڕانە زاڵە. تاك و تەنیابوونی بەرهەم دۆڕاوە، ئاکاری گشتی و فۆڕمی بێ وێنە کۆتایی پێهاتووە، هونەر کردەوەیە یان شۆڕشە یان یارییە. ***ئیهاب حەسەن*** لە وتارێکی سەرکەوتوودا بە نێوی ***پۆست- مۆدێرن- یزم*** بەشێك لە درێژخایەنی و کورتخایەنی پشکنیوە، لەسەر ئەوە داکۆکی کردووە کە کەشوهەوای نوێ جیهانێکی تەواو لە تەکنیکناسی و داماڵدراو لە مرۆڤ پێکدێنێ. داوا دەکا کە پەروەردە نوێیەکان دەبێ لانیکەم ناچارمان بکەن تا چاو بە مۆدێرنیزمدا بخشێنینەوە، ئەو پاژە دیارانە بناسینەوە کە پێوەندییان بە مۆدێرنیزمەوە هەیە [٣٧]. شتێك هەر لەم شێوە چاوخشاندنەوەخوازییەدا کە داکۆکییەکی نوێی لە سەر دەکرێ، دەڕوانێتە باڵی ***سوریالیستیی*** مۆدێرنیزم و پێوەندییە مۆدێرنیستییەکان و ڕۆمانتیسیزم. بە کورتی باسی ئێستا لە سەر پۆست مۆدێرنیزم گێڕانەوە بێ ژمارەکان لە مۆدێرنیزم زیاتر دەکا.

(٤)

بەڵام ئەو شتەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە لە نزیك بە تەواوی ئەم گێڕانەوانەدا وێنایەك لە مۆدێرنیزم هەیە، کە وەکو پێگەیینی مێژوویی لە وێنەیەك لە قەیران و وێنەیەك لە شوێنی بەپیت پێکهاتووە. بە بۆچوونی زۆربەی رەخنەگرە ***ئینگلیزی ـ ئەمریکاییەکان*** ئەو بەپیتیە هاوتەریبە لەگەڵ ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم. هەرچەند لە پاژەکاندا راپۆرتەکان هەر وەك درککردن وردە وردە و سات لەگەڵ سات دەگۆڕێن، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێو گشتیان داکۆکیکردنە لە سەر دەسکەوتی ***ئینگلیزی - ئەمریکایی*** کە لە ژێر کاریگەریی تازەگەرییە سیمبولیستییەکانی فەڕانسە دایە. لێرەدا دیسانەوە ئەو دەسپێکەرە



سەرەکییانە، واتە ***فلوبێر*** و ***بودلێر*** لە پشتییەوە راوەستاون. بەم پێیە رەنگە لە سەر ***نوێ کلاسیسیزم*** یان لە سەر درێژەی ***ڕۆمانتیسیزم*** داکۆکی بکرێ، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لە زەینی گشت سەردەمەکاندا بەپێزترین شوێن هەمان چارەکی سەرەتای سەدەی بیستەمە و دوو لوتکەی هەیە: ساڵانی پێش و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی. چەمکی مۆدێرنیزم لە روانگەی هاوبەشی تەوەری ***نیویۆرك — لەندەن - پاریسدا*** هەر بەم شێوەیەیە، بەڵام ئەو کەم تاکورتێك وەبەرچاو ناگیرێ کە کاتێ مۆدێرنیزم یان چەمکی مۆدێرن بۆ وێنە لە روانگەی ***بێرلین***، ***ڤیەن***، ***کۆپنهاگ*** یان ***پراگ*** یان ***سەن پیترزبورگ*** دا دەبیندرێ، روالەتی رۆژمێرییەکەی جیاوازترە لە گروپی جیاوازی سیما بەرچاو و مژدەبەخشە دیار و هەروەها ژێدەرەکان. تەنانەت ئەگەر نەمانەوێ مۆدێرنیزم لەگەڵ ئەزموونخوازیی هاوچەرخ و روانگە تۆخەکان بەراورد بکەین و پێشینەی مۆدێرنیزم ساغ و روون بکەینەوە، بەڵام مەبەستی پشکنینەکەمان هەر ئەوە دەبێ و جێی خۆیەتی سەرنجی زیاتر بدەینە مۆدێرنیزم. ئەمەش نە تەنیا لەبەر ئەمەیە کە هەر لێکدانەوەیەك لەسەر مۆدێرنیزم پێکهاتەیەکی بەرفرەتر و خۆڕاگرتر بۆ گشتیکردن مسۆگەر دەکا، بەڵکو ناتوانێ لە گەڕان و پشکنینی لەمجۆرە رابکا.

بەم شێوەیە جێی خۆیەتی لێرەدا لە روانگەی مۆدێرنیزمی ئەڵمانییەوە مێژووی ئەم لایەنگریکردنە روون بکەینەوە. ئەگەر مۆدێرنیزمی ئەڵمانی بە درێژایی ئەم ساڵانە دەیتوانی ببێتە نوێنەری ئەدەبیاتی یەکپارچە و لە هەمانکاتدا دژی ئەڵمان و نەمسا و وڵاتانی سکاندیناڤی، کارەکە ئاسانتر بوو. بەداخەوە لێرەدا سادە بیرکردنەوەی لەم چەشنە هەڵەیە. لە دەیەی سەرەتای ئەم سەدەیە بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ناوبراودا رەنگە سەرەڕای قەرەباڵغیی کولتووری و رووناکبیریی جەخت بخرێتە سەر ***بێرلین***، بەڵام ئەگەر ئیزن بدەین کە ***بێرلین*** ببێتە نوێنەری گشت ئەڵمان هەڵەیەکی گەورەمان کردووە،

چونکە ***میونیخ*** و ***دارمشتات*** و باقی شارەکانی یەکێتی ئەڵمان ناوندی گرینگ و زیندووی ئەدەبیی بوون. هەروەها لەم ساڵانەی دواتری قەراڵی هاپسبورگدا دەوری پڕپێچوپەنا و شاراوەی ***ڤیەن*** دەوری چەنددەنگی و شیاوی ناوەندێك بوو، کە لە مێژوو، جوگرافیا و تێکەڵاویی توخمیی نێوان باشوور و باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، رابردوو و ئێستادا جێگەیەکی تایبەتی هەبووە. مۆدێرن لە ڤیەن بە خەستی لە ئارا دابوو. لە راستیدا ***جۆرج ستاینێر*** پێمان دەڵێ: ڤیەن لە ساڵانی دەیەی ١٨٩٠- وە تا چوونە ناو باوەشی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٨- دا بەهێزترین ژێدەری هەستیاریی هەنووکەیی ئێمە بوو[٣٨]. بێگومان شاری کارڵ کراوس، فرۆید، گروپی ڤیەن، شوێنبێرگ و ویتگنشتاین بە روانگەی مۆدێرنیزمەوە زیندوو بوو. جا ئەوکات هەرێمەکانی سکاندیناڤی لەگەڵ ***ئیبسن***، ئوروپاییترین سیمای سەردەم و ***ستریندبێرگ*** کە زیاتر خۆی جێگیرتر کرد، بەشی تایبەت و کاریگەریی خۆیان هەبوو. لە بەرامبەر شادمانی و نائومێدیدا دەبووە هەڵگری عاتیفەیەکی توندوتیژانە و ئاشکرای خۆی کە لە چەشنی نیچەیی بوو. دیسان ئەگەر لەم دیمەنە پڕ پێچوپەنایەدا توێژێکی تایبەت لە بەدیهاتووەکان جیا بکەینەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان بتوانین پێی بڵێین مۆدێرنیزمی ژێرمەنی، ئەوکات بە سەرسوڕماویی تەواوەوە دەبینین کە ئەم مۆدێرنیزمە بەقەد بەرەیەك لە هەڵقوڵانی مۆدێرنیزمی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی***، بەرەو پێشەوە چووە. ئەمەش لە لایەن ***کانالی***، ***کریڤۆد*** و ***هووەوە*** جیا کراوەتەوە. لە هەرێمەکانی سکاندیناڤی، ئاڵمان و تا رادەیەك لە نەمسادا دەیەی ١٨٨٠، ١٨٩٠ و ساڵانی سەرەتای ١٩٠٠ شاهیدی مشتومڕێکی تەواو بەگوڕ سەبارەت بە عادەت و نێوی مۆدێرنیزم بووین ـ ساڵانێك کە لە باکووری ژێرمەنەکاندا (رەنگە لە بەراورد لەگەڵ هەرکام لە بەشەکانی تری ئوروپا) شاهیدی پلەیەکی زۆر سەرتر لە هەستکردی و تۆمارکردنی بەڵگەکان بوون.



کاتێ بۆ دیاریکردنی رادەی مۆدێرنیزم ـ بە شێوەی تاقیکاری و سەرپێی ـ جەخت دەخرێتە سەر فۆڕمی مرۆڤ، کتێب و ساڵەکان، پێش هەموو شتێك سەرنجەکان بەرەو هەرێمەکانی سکاندیناڤی دەچن: بەرەو لای بڵاوبوونەوەی کتێبی رەخنەگری دانمارکی ***گیۆرگ براندس*** لە ساڵی ١٨٨٣- دا لە ژێر سەردێڕی ***Det moderne Gjennembruds Maend*** کە کۆیەك لە وتاری رەخنەیی وەخۆگرتووە. ***براندس*** بە هۆی ئەو پێگە تایبەتەیەوە توانیبووی لە سەرانسەری جیهانی ژێرمەنیدا مسۆگەری بکا، دەستبەجێ مۆدێرن بوو بە دروشمی زاڵ و سەرنجێك کە هیچ شتێك بەرگەی ناگرێ. لەم ساڵانە لە بریتانیادا دژایەتیی نێوان ئەم سەرنجە شێوە وەسواسییە بۆ شێوەی مۆدێرن و سەرنجنەدان بە مۆدێرن سەیر و سەمەرەیە. ئەم وشەیە لە شوێنی نێوان ***ئەشقی مۆدێرن***[٣٩]ی ***مێردیت*** (١٨٦٢) و گوڵبژێری ***مایکل رابێرتز*** بە نێوی ***فەبێر لە هەڵبەستی مۆدێرن***(٤٠)دا(١٩٦٣) زۆر بەدەگمەن لەکار کراوە. هەرچەند وا وێنا دەکرێ کە کارکردی مۆدێرن لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئەستۆی وشەی نوێ بووە، ***هالبروك جەکسۆن*** ئاوا دەڵێ: داوێنی ئەم ئاواڵناوەی نوێ وەها بەرفرە بۆوە هەتا سەردەماکانی دەیەی ١٨٩٠- ی وەخۆگرت. هەروەها سەرنجێکی زیاتر دەدەینە ***تەنزی نوێ***، ***شادمانی نوێ***، ***شانۆی نوێ***، ***یەکێتی خوازیی نوێ***، ***حیزبی نوێ*** و ***ژنی نوێ***.[٤١]

لە ساڵی ١٨٨٥- دا بەرەی نوێی شاعیرانی ***بوت شکێن*** لە ئەڵمان بنچینەی باوەڕەکانی خۆیان لە گوڵبژێرێکدا بە نێوی ***خەسڵەتەکانی شاعیری مۆدێرن***[٤٢] راگەیاند. پێشەکی ئەم کتێبە کە لە لایەن ***کۆنراد*** و ***هێنکێل***- ەوە نووسرابوو هەڵگری راگەیاندراوێك بوو، ئەم راگەیاندراوە شتێکی پێناسە کردبوو کە بە شێوەیەکی لە خۆباییانە پێی دەگوترا شیعری غینایی مۆدێرن ـ راگەیاندراوێك کە پێویستە رێکخراوەییەکەی بەرەو لای خودی شیعرەکانیش پەرەی سەندبوو.

شیعری ***ئارنۆ هۆلز*** یەکێك لە سەرەکیترین تیۆریسییەنەکانی ئەم چاخەی ژێرمەنیی جێی سەرنجە کە داکۆکی دەکرد:

***لێگەڕێن با شاعیر مۆدێرن بێ***
***با سەرلەبەری مۆدێرن بێ***[٤٣]

لەم ساتە بەدواوە، واتە لە درێژەی سالآنی دواتر، لە زمانی ئەڵمانیدا زۆربەی نووسەران لە بچووکترین دەرفەت کەڵکیان وەرگرتووە و توندوتیژانە لە سەر مەبەست و ئارمانجەکانی ئەدەبیاتی بەناو مۆدێرندا مشتومڕیان کردووە. یەکێك لە باوەڕپێکراوترین گۆڤارەکانی ئەوکات، ***ئاکاری کۆمەڵایەتی***[٤٤] بوو کە لە ساڵی ١٨٨٥ دا بڵاوبۆوە. (گۆڤاری ناوبراو) بە پێی پێناسەی سەرنووسەرەکەی ببوو بە ***بنکەی تەڤگەڕی مۆدێرن لە ئەدەبیات***[٤٥]دا. ساڵی ١٨٨٦ ساڵی داهێنانی وشەی سەرسوڕهێنەر و بەژانی ***مۆدێرن*** بوو. ***یوگێن ڤۆلف*** لە پەیڤێکدا بۆ گروپی ئەدەبیی ناسراو بە ***Durch*** کە تێیدا زایەڵەی هێڵشکێنیی ***براندس*** دەبیستری ـ وشەی مۆدێرنی داهێنا و وەگەڕی خست، دواتر لقوپۆپی بۆ دروست کرد و لە وتارێك لە ژێر سەردێڕی ***نوێترین بزووتنەوە ئەدەبییەکانی ئەڵمان و بنەڕەتی مۆدێرن***[٤٦] دا خستییە بەر شرۆڤەکردن. لەم سالآنەدا گەلێ وتار بۆ لایەنگریکردن لە سەردێڕەکانی ***ژارلز داروین*** و ***جوانیناسی مۆدێرن***، ***گرینگی ئەدەبیات بۆ جیهانی مۆدێرن*** و شتی تریش نووسەران و سەرنجیان پێدرا.

سالآنی ١٨٩٠ و ١٨٩١ لە ئەڵمان هەر بەوشێوەیەی لە ***ڤیەن***، ***ئۆسلۆ*** و بە شێوەی بەرتەسکتر لە ***زوریخدا*** دەرکەوت، سەرقاڵبوون بە چەمکی مۆدێرنیزم بە شوێنی ئاستەم گەیشت. زۆر بلاڤۆکی مۆدێرنی دیکە سەریان هەڵدا: ***مەیدانێکی ئازاد بۆ ژیانی مۆدێرن***[٤٧]، ***کۆڕپەی مۆدێرن***[٤٨]، یان تەنانەت زۆر لەوانەش سادەتر، واتە ***خودی مۆدێرن***[٤٩] کە لاپەڕەکانیان پڕ کرد لە بابەتی



مۆدێرن، بۆ نموونە: سۆسیال دیموکراسی و چەمکی مۆدێرن (١٨٩١)، شیعری مۆدێرنی هەقیقەت (١٨٩١)، بەرزەفڕییەکانی مۆدێرن (١٨٩٢)، ڕۆمانی مۆدێرن و زۆرجاران خودی وشەی مۆدێرن. لە ئەدەبیاتی ١٨٩٠ لە ئەڵماندا کاتی سەرنجدان بە هەر کتێبێك، بە سەر گەلێ سەردێڕ دادەکەوین کە ئاماژە بە مۆدێرنیزم و چەمکی مۆدێرن دەکەن: کتێبی ***سەبارەت بە ڕەخنەی مۆدێرن*** ـ ی هێرمان بار [٥٠] (زوریخ ١٨٩٠)، ***پرسی جنسیی لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا*** (لیوبێرگ[٥١] (بێرلین١٨٩١)، ***گەورەپیاو لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا***[٥٢] (لیوبێرگ لایپزیك ١٨٩٧) و ***هەڵکەوتووانی ئەدەبیاتی مۆدێرن*** (یوگێن دورینگ [٥٣] لایپزیك).

دژایەتی و جیاوازیی بلێسەی دەستاند و بەشێکی سەرەکیی لە چڕیوپڕی ڕووناکبیریی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەم سالآنەی هەڵدەپڕوکاند، بەڵام ئەم بلێسەیە خەساریش بوو. ئەوکاتەی ***سامۆییل لوبلینسکی*** لە بەرهەمی خۆیدا بە نێوی ***Die Bilanzder moderne*** (بێرلین ١٩٠٤) دەنگی یار و نەیاری ئەم بزووتنەوانەی کۆبەند دەکرد، ئەم بزووتنەوەیە لەکار کەوتبوو. ڕێگای پڕهەراوهۆریای خۆی بە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ تێپەڕ کردبوو و لە ئاکامدا هێزی جووڵەی نەمابوو. پێنج ساڵی دواتر ***لوبلینسکی*** لە وتەی خۆیدا بەنێوی ***دەرچوونی مۆدێرن***[٥٤] بەکردەوە لاچوونی مۆدێرنی ڕاگەیاند. ئەم وشەیە دنیای ژێرمەنیی تواندبۆوە و بەم هۆیە هێڵنجی دەدا. تەنانەت ئاوەڵناوی مۆدێرن ببووە نوێنەری هەموو شتە کۆن و بۆرژواییەکان، وشەیەك کە دەلالەتەکانی وەکو ناوئاخنێك تەنیا ***ئاماژەی بە گۆشەگیری و هەڵوەرین*** دەکرد. بەرەی نوێ و ڕازاوەی نووسەرانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەڵمان ناچار بوون بە دیدێکی پۆزەتیڤانەوە ئەم وشەیە ڕەت بکەنەوە. ئێکسپێرسیونیستەکان بەلاڕێدا چوون نامۆدێرن بوونی خۆیان ڕابگەیەنن ـ هەڵبەت ئەم تانەیە لە کەسانێك درا کە

دەیانڕوانییە مۆدێرنیزمی بە گشتی **ئینگلیزی ـ ئەمریکایی**. ئەو کاتەی ئەڵمانی زمانەکان بێ متمانەبوونی وشەی مۆدێرنیان ڕاگەیاند، بوو بە دەسپێکی شتێك کە هەموو بە مۆدێرنیزمی **ئینگلیزی ـ ئەمریکایی** دەیناسن. یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەموو لێکدانەوەیەکی کامڵ لەسەر مۆدێرنیزمی ئەوروپایی بە ناچار جێبەجێکردنی ئەم دژایەتییەیە.

(٥)

بەڵام ئەگەر مۆدێرنی ژێرمەنی هەروا بە شتێکی سادە و بە دوور لە دابڕان بزانین هەڵەمان کردووە، هەروەها ئەو پێشبینییەش نەکرا کە لە ساڵانی دەیەی ١٨٨٠- دا لە سەرچاوەکانییەوە ڕێچکەی بەست و هەڵکشا و دواتر لە ساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەناچاری بەرەو داکشان ڕۆیشت، چونکە لە درێژەی واتاناسیی وشەوە نەك دابڕان، لێك پچڕان، ئاوەژووبوونەوە یان شۆڕشێك، بەڵکو چەشنێ گۆڕانی چاوەڕواننەکراوی ڕێگا، چەشنێ بیرۆکەی نوێ خۆی نیشاندا. عادەتی ئەم مۆدێرنە لە وێناکردنی ***Wendepunkt*** دەچێ، چونکە بۆ ئەوانەی بە تیۆری **نوێبوون**[55] و **تیك**[56] ئاشنان، ئەمە شتێکی نوێ نییە ـ لە خاڵی جێی سەرنجی ئەمڕۆکەدا بزووتنەوەی ناوبراو لە پڕ گۆڕا، ئەمیش بۆ مەبەستێکی تایبەتیی بوو، چەشنێ گۆڕینی ڕێگا کە ئەگەر هەنووکە سەرنجی پێ بدەین نە تەنیا پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، بەڵکو لۆژیکی و تەنانەت حاشاهەڵنەگریشە. ڕەنگە بانگەشەی ئەمە بکرێ کە لە بەرەی **فەڕەنسایی ـ ئینگلیزی ـ ئەمریکاییدا** ڕاست هەر ئەم دیاردەیە هەڵگری توخمێکی دیار بوو کە ڕەخنەگران بە دوایدا گەڕاون. بەڵام شتی سەرسوڕهێنەر لەم بزووتنەوە مۆدێرنەی ئەڵمانیدا ـ دیاریکردنی ساڵی ١٨٩٠ زۆر هەڵە نییە ـ ئەوەیە کە بە هۆی هەستکرد و بریسکانەوەی بێ وێنەی ئەم سەردەمانە پاژەکانی مۆدێرن



تۆمارکراون و بۆ ئەوە دەبن کە وەك پاژی کۆیەکی زۆر گەورەتر لە گۆڕان کە چەمکی بەرفرەهی مۆدێرنیزمی تێدا شاردراوەتەوە، لێکبدرێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وتەکانی **لایونل تریلینگ** لەسەر **چەمکی مۆدێرن** ڕەنگە بتوانین لە عادەتی ئەم ڕووداوە تێبگەین. **تریلینگ** بە سەردێڕی **سەبارەت بە توخمی مۆدێرن لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا** ئاماژە بە وتاری ساڵی ١٩٦١- ی خۆی دەکا. سەردێڕی وتاری ناوبراو ئاماژە بە ڕووداوێك دەکا کە زیاتر لە سەدەیەك لەمەوبەر ڕوویدابوو ـ نێوی داخۆیانیی ساڵی ١٨٥٧ی **ماتیو ئارنۆڵد** ئەوە بوو، **لە بارەی توخمی مۆدێرن لە ئەدەبیاتدا**:

***ئارنۆڵد لە ریزی ئەو ئەدیبە ڤیکتۆریاییانە دابوو کە بە دوای وێنەیەکی ڕوو لە گەشەی مۆدێرنیتە و گۆڕانەوە بوون. ئەو هەستی بەوە دەکرد کە ئەم کارە خولقێنەری داواکارییە نوێیەکانە لە ئەندێشەی هونەردا. لە ڕوانگەی ترێلینگ دا دەلالەتەکانی وشەی مۆدێرن گرینگایەتیی تایبەتیی هەبوو، دەلالەتگەلێك کە لەگەڵ دەلالەتەکانی ئەمڕۆژیندا تەواو جیاوازە. ئەم دەلالەتانە بە گشتی کلاسیك بوون: توخمی مۆدێرن شتێك نەبوو بێجگەلە هێمنی، متمانە، سادەڕوانین، چالاکیی ئازادی زەین بۆ ڕاوکردنی ئەندێشە نوێیەکان لە بارودۆخی ئاسایشی مادیدا.***

توخمی مۆدێرن داوەریکردنی ئاوەز و دۆزینەوەی یاسا پێوەندیدارەکانی قبووڵ دەکرد. ڕەنگە **ئارنۆڵد** هەستی بە هێزی نائەقڵانی، شێواوی، خەمۆکی، توندوتیژیی تایبەتی و شێواویی کۆمەڵایەتی دەکرد و دەزانین کە دەیکرد، بەڵام ئەمانەی بە تایبەتمەندیی سەرەکیی توخمی مۆدێرن دانەدەنا. بەمحاڵە هەر بەو شێوەیەی **تریلینگ** دەڵێ، لە زەینی ئێمەدا توخمی مۆدێرن تا ڕادەیەکی زۆر خاڵی بەرامبەرکێی ئەو شتەیە کە **ئارنۆڵد** دەیدی. ئەم توخمەی نهیلیزم چەشنێ ریزکردنی دوژمنایەتیی تاڵە لەگەڵ شارستانییەت، چەشنێ بێهیواییە لە

نەفسی کولتووردا. لە شوێنێکی ئەم ڕێیە ـ لێرەدا **ترێلینگ** گرینگیی نیـچە، فرۆید، کۆنراد و ئانترۆپۆلۆژیی **سێرجیمز فریزێـر** زەق دەکاتـەوە ـ گـۆڕانێکی بنەڕەتیی ڕوودەدا هەتا لە تالان، لە لەخۆنامۆبوون و نهیلیزمەوە بێت و حەتمی بوونە زەینییـەکانمان ئاراسـتە بکـا. ڕوانگـەی مـۆدێرن پێوەنـدیی هەیـە بـە هەستکردن بە شێواوی، هیوابڕاوی و بێیاساییەوە. بەم پێیە وشـەگەلێك وەکـو مۆدێرن دەتوانن لە پڕ ناوەڕۆك بگۆڕن، کۆیەك لە هەستیارییەکان سەرهەڵدەدەن و کۆیەکی دیکە دەست پێدەکەن، بە بێ ئەوەی وشەکان بگۆڕێن. بـەم شـێوەیە جەغزێکی ئەوتۆ لە گەشەکردن وێنا بکەن کە لە سـەر قۆنـاغێکی کـورت لـە زەمان چڕ بکرێتەوە ـ دوو سێ مانگ یان بەلانی زۆرەوە دوو سـاڵ ـ ئـەوکات دەتوانن لە خاڵی جێی سەرنج تێبگەن.

لە درێژەی دەیـەی سـاڵی ١٨٨٠- دا چـەمکی مـۆدێرن لێوڕێـژ بـوو لـە باوەڕێکی خۆڕاگر بۆ پێشکەوتوویی کۆمەڵایەتی. ئامـادەی قبـووڵکردنی ئـەم باوەڕە بوو کە ریسواکردنی هەر هەڵە و هەرزەیەك حوکم بە لەناوچوونی مۆدێرن دەدا. ڕەتکردنەوەی ڕابردووی جێگیر ڕێ بۆ گەشـەی ئـەخلاقیی خـۆش دەکـا، بەخێرهاتن بـە ئاڕمانجـەکان دەڵـێ. ماندوونـەناس، تێگەیـشتوویی و خـاوەن بڕوابوون ـ کلیلی داهاتووبوون، کلیلی پێگەیینی چەشنێکی نوێی مرۆڤـەکان و کۆمەڵگا و هونەر. **یۆگێن ڤۆلف** لە وتاری سـاڵی ١٨٨٨ ـ یـدا بـۆ یەکـەمجار چەمکی مۆدێرن بە فەرمی دەناسـێ و پێناسـەی دەکـا ـ چـەمکێ کـە ئێمـە دەتوانین لە بەرەی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکاییدا*** جیایی پاژەکانی ببینین، نووسـەر بێژەرێك دروست دەکا و لە زاری ئەوەوە دەڵێ کە چۆن دەتوانین ئەم چەمکە لـە فۆڕمی زاراوەکاندا وێنا بکەین و بە پێداگرییەوە بیخەینە بەردەست؟

***لە فۆڕمی ژنێکدا، ژنێکی مۆدێرن، لێوانلێو لە هەستی مۆدێرن و لـە هەمانکاتدا سیمایەکی دیار، ژنێکی خاوەن ئیش و هەروەها تێکەڵاوی جوانی و***



***پڕ هیوا، لە کاری ماددیی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەر چاکە و شەرەف، هـەر بەوجۆرەی کە دەڵێی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و بۆ لای جەرگەکەی ـ چونکە ئەو کچێکی گەنج نییە کە هەرزەکار بێ و چارەنووسی خۆی نەبینێ، ئەو ژنێکی بەئەزموونە، بەڵام داوێن پاك، وەکو ڕۆحی سەردەم هەڵسووڕ و چالاك. بـە جلوبەرگی شەکاوەوە، بە زولفی پەرێشانەوە بەرەو پێش هـەنگاو دەنـێ... ئەمەیە بیرۆکەی نوێی خودایی ئێمە: مۆدێرن.***

بەڵام ئەم پەیکەرە شیاوە زۆر بەرگەی نەگرت. ماوەیەك دواتـر مۆدێرنیـان خستە پـاڵ کۆیـەکی زۆر جیـاواز لـە وێنـەکان. سـاڵی ١٨٩٢- یـەکێك لـە هاوپەیمانانی پێشتری ***ڤۆلف***، واتە ***ئێم. جـی. کـۆنراد*** لـە نووسـراوەی خۆیـدا نەیتوانی گرژ و مۆنی و تێکچوونی خۆی لە بەرامبەر هەسـتێکی گـەڕۆك کـە مۆدێرن و نوێنەرەکانی تووشی بـوون، بـشارێتەوە و لـە تـوێی خـوازە تێکـەڵ پێکەڵەکاندا جنێوی بە ڕێبەرە نوێیە ئەدەبییەکاندا:

***تاکە شیعری ڕاستەقینەی ئەمڕۆ هونەری مەزنی ڕاهێنانی دەستە لەگەڵ دەمار، بە سەرکەشترین عاتیفـەکان تێرمـان دەکـا، بـەو پیـشەکارییانەوە سەرخۆشمان دەکا کە لە توێژینگاکانی جیهـان ئامـادەکراون و شـایانبوونی گشتیان سەلمێندراوە. لەگەڵ ئەوانەیە کە دەبێ لە پێشەوەی تەڤگەڕی کولتووری ئەورووپادا هەنگاو هەڵێنینەوە. ئێمەی بەلاگەردانی نیچە کـە لـە ئـەخلاق داماڵدراوین، ئێمەی جادووگەرانی جیهانی شۆخ و شەنگی نەفس و ناخ، ئێمەی عارفانی شانۆی کورتخایەنی نێونەتەوەیی، ئێمە، واتە ڕۆلاندە سەرکەشەکان کە بە ساویلکەیی قسەوە ڕازاوینەتەوە... مرۆڤی هاوسەنگی هەنووکە هەمیشە خۆی لەوە لادەدا کە ئەم پسپۆڕە توندڕەوە مۆدێرنانە لە نوێژخانە و قەحبەخانە بچووکەکانی کۆتایی سەدەی خۆیاندا چ جۆرە هێلکەیەکی نامۆ هەڵدێنن، چ ئیزمگەلێك (ism) وەکو کلك ڕادەکێشن:***

***سیمبۆڵیزم، ساتانیزم***[٥٧]***، نیو ئایدیالیزم، هالوسینیزم***[٥٨].

***چەند ساڵێك چاوەڕێ بكەن و ئیتر هیچ كەڵەشێرێك بۆ ئەم شەڕلاتانیزمە ئەوپەڕ مۆدێرنە ناخوێنێ كە ئەم تەڕەدستانەی ئەدەبیات و هونەر لە ژێر ركێفی فەرمانی دان.***

هەرچەند وتەكانی ***كۆنراد*** بایەخێكی ئەوتۆیان نییە و بەم شێوەیە رووبەڕووی شانۆیەكی دەكاتەوە كە بڕیار بوو سەركەشیی دەیەی ١٨٩٠ ئالۆزتر بكا، بەڵام بۆ ئێمە لە تێبینییەكانی ماكس **نۆردۆ** ئاشناترە: ***واتە گرێدانی هەستی مۆدێرن لەگەڵ هەستی بەرەو نزمی و جوانخوازی.***

بۆ تێگەیین لە چۆنییەتی ئەم گۆڕانە دیسان پێویستە كە حازر و غیاب ئەنجام بدەین. لە ساڵانی سەرەتای ١٨٨٠- دا كاتێ ***گیۆرگ براندس*** لە ***زەینەكانی مۆدێرندا*** هەر بە زاراوەی خۆی و بە پێی وتەكانی لە پێشڕەوانی مۆدێرن دەدوا، باسی چ كەسانێكی دەكرد؟ باسی ***ئیبسۆن، بیۆرسۆن***[٥٩]، ***یاكوبسۆن و دراخمان***[٦٠]، ***فلوبێر و رێنان و جان ستیوارت میل***، بەڵام بە تایبەتی لە ***ئیبسۆن*** دەدوا. كاتێ نووسەرانی ئەڵمانی كۆتایی دەیەی ١٨٨٠ لە بیری ئەدەبیاتی مۆدێرن دابوون، بیریان لە كێ دەكردەوە؟ لە بیری ***ئیبسۆن، زۆلا و تۆلستۆی، دودێ، بێرت هارت و ویتمەن*** دابوون، بەڵام دیسان بە تایبەتیی ***ئیبسۆن*** لەبەرچاو بوو. بەم حاڵە كاتێ بەرەی رەخنەگرانی دەیەی ١٨٩٠ كە زۆربەیان هەمان مرۆڤەكانی پێشوو بوون ـ بە تایبەتی بە دوای چۆنایەتیی مۆدێرندا دەگەڕان، روویان لە كێ كرد؟ لە ***ستریندبێرگ*** و ***نیچە*** و ***بوخنێر***[٦١] و ***كی یێركێگورد***، ***بورژێ***[٦٢] و ***هامسۆن***[٦٣] و ***مێتێرلینگ***، بەڵام ***ستریندبێرگ*** بە تایبەتیی سەرنجی پێدەدرا. ئەمە گۆڕانێكی ئاشكرایە و بێجگەلە دوو وتاری دوابەدوای یەكی رەخنەگری ڤیەنیی، واتە ***هێرمان بار***، لە هیچ كوێ دیكەدا خۆی نیشان نادا ـ یەكیان لە وتاری ساڵی ١٨٩٠ لە یەكەم زنجیرە



لێكۆڵینەوەكانی ***بار*** لە ژێر سەردێڕی ***سەبارەت بە رەخنەی چەمكی مۆدێرن***[٦٤] و ئەویتریان لە وتاری ساڵی ١٨٩١ كە لە دووەمین زنجیرەیە. لە وتاری یەكەمدا پێیوایە ئەركی ئەدەبیاتی مۆدێرن گەیشتنە بە پێكهاتەیەك لە ***ناتۆرالیزم*** و ***رۆمانتیسیزم*** و لە سەر وێنەی ***ئیبسۆن*** وەكو وێنەیەكی باڵادەست پێداگریی دەكا. دوای كەمتر لە ساڵێك ***لە سەرشێتیی وەحشیانەی گەشەی چوارناڵ*** دەدوێ كە بۆتە هۆی ئەو شتانەی بۆ كۆتایی سەدە نیوەپێشبینی كراون و لە ماوەی كەمتر لە شەش مانگ وەدی بێن. ئەو ئاماژە دەكا بە ***ستریندبێرگ*** و ئەو گروپە سكاندیناڤییەی ـ بۆ نموونە ***ئۆلاهانسۆن*** و ***ئارنێ گاربۆرگ*** ـ وەكو نوێنەرانی مۆدێرنیسترین ئەدەبیاتی رۆژ بە دەوریبیەوەن. لێرەدا لە هەستێك لە گوێستنەوە و هەروەها لە بەردەوامبوونی بنەڕەتیی رووداوەكانی قۆناغێكی ئابەمجۆرە كەم خایەن، تێدەگەین. لەسەر زاربوونی نێوی ***ئیبسۆن*** و ***ستریندبێرگ*** لە ئەڵمان ـ لە راستیدا لە سەرانسەری ئەوروپا ـ رەنگە پێوەندیی بە سەرچاوەیەكی سەرەكی و تاك هەبێ، واتە ***گیۆرگ براندس***:

***شیكردنەوەكانی براندس لە سەر چەمكی هێرشی مۆدێرن وایكرد نێوی ئیبسۆن بێتە سەر زاران، هەروەها بە هۆی داخۆیانییە پڕپایەخەكانی براندس كە ساڵی ١٨٨٨ ـ لە كۆپنهاگ پێشكەشی كردن، ستریندبێرگ زیاتر كەوتە بەر سەرنج و نە تەنیا ستریندبێرگ، بەڵكو گشت قەومی ژێرمەنیی ناچار كرد تا نیچە بدۆزنەوە (كە تا ئەو كات سەرنجی پێنەدەدرا) و بایەخی ئەوی لە هەموو شوێنێكی ئەوروپا و بریتانیا و ئەمریكادا جێگیر كرد.***

ئەم خاڵی یەكگرتنەوەیە لە شوێنێكی دیكەشدا دەبیندرێ، خاڵێك كە تێیدا ریالیزم و ناتۆرالیزم كە بۆ خۆیان مۆدێرنن، بەڵام بتەڤگەرێكی مۆدێرنیستی نین و تووشی گۆڕانكاریی دێن. ساڵی ١٨٩١ كاتێ ***ژوول هوری***، رۆژنامەنووسی پاریسی ئەو شتەی لە ***پۆل ئەلێكسیس***[٦٥]ی رۆمانووس و ***مێریدزۆلا*** وەرگرت

که ڕەنگە بتوانین پێی بڵێین تێلێگرافی ئەدەبی کلاسیکیی ـ کە رایدەگەیاند ناتۆرالیزم نەمردووە، نامە بەرێگاوەیە ـ کەندوو تێکڕووخا و مۆدێرنیزم لە وزەوزی نێو ئەم تێکڕووخانەوە بەدیهات. ***ئەلێکسیس*** لە نامەیەکدا کە بەڕاستی گەیشت و لەو بانگەشە ناتۆرالیستانە بەرگریی کردبوو کە لە مۆدێرنبوونی قوتابخانەکەیان دەدوا. بە وتەی ئەو ناتۆرالیزم تەنیا قوتابخانەیەك نەبوو، بەڵکو چەشنێ مەعریفە بوو و لایەنگرییە زانستی، لۆژیکی و خەڵك سالارانەکانی بزووتنەوەیەکی گشتی بەرفرەهی بۆ هەرێمی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دەهێنا کە دەبووە هۆی ئەوەی زەمان ببێتە رێبەر تا بە زانستی زیاتر و هەقیقەتی زیاتر و بێگومان شادمانی زیاتر بگەین، بەڵام سەرجەم لایەنگریکردنیان لە سیمبۆڵیزم بە نزم و دەروونناسیی نێو هونەریان بە شتێکی لە بەرچاوکەوتوو و گاڵتەجاڕیی دەزانی. بەمحاڵە چڕژانی توێکڵی ناتۆرالیستی و هێزە پۆزەتیڤیستییەکەی گەورەبوونی مۆدێرنیزم نیشان دەدا، هەر بەو شێوەیەی ***هـ. ستوارد هیوز*** ئاماژە دەکا تا رادەیەکی زۆر سەرجەم خوێندکارانی ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدە هەستیان بە چەشنێ گۆڕانی دەروونناسیی قووڵ کردووە ـ کردەوەیەك دژ بە پۆزەتیڤیزم و شەیدابوون لە هەمبەر هێزە نەستکرد یان نالۆژیکیەکان، بەڵام بە بینینی دوو مۆدێرنیزمی ژێرمەنی، یەکەم پێش ساڵی ١٨٩٠ و دووەم پاش ١٨٩٠ بە ئاشکرایی دەبیندرێ کە یەکیان لە دڵی ئەویترەوە دێتەدەرێ ـ هەقیقەتێك کە ڕەنگە لە شوێنەکانی دیکەدا رووداوە پرپێچوپەناکان لەبەر چاو بزر بکا. بەم شێوەیە ئەوەی کە بە چاوەڕوانیی زیاترەوە مۆدێرنیزم بە تەوەری ***ئیبسۆن ـ ستریندبێرگ*** پەیوەست بکا داهاتوویەکی سروشتییە، بەتایبەتی بەم هۆیە کە لە ماوەی ساڵانی دەوروبەری ١٨٩٠- دا پێشکەوتنی شانۆینووسیی ئەوروپا لە سکاندیناڤی هاوکات بوو



لەگەڵ گڕوتینی بەرچاوی ژیانی کولتووری ژێرمەنی و بۆ شوێنەکانی دیکەش تەشەنەی کرد، بۆ وێنە گەیشتە توانا جیاوازییەکانی مۆدێرن، واتە ***شاوجۆیس***.

ئەم کارە تا رادەیەك سیمبولێکە، واتە ئیبسۆن ساڵی ١٨٩١ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمان ژیا، هێشتا نەگەڕابۆوە بۆ نۆروێژ کە ***ستریندبێرگ*** هاتە بێرلین تا بە هاتووچۆکردنی خۆی و خزمانی بۆ مەیخانەی ***بەرازی رەش***، دنیای کولتووریی ئەوێ راتڵەکێنێ و هانی بدا. دەبێ سەرنج بەوەش بدرێ کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەدا وردەوردە کۆیەك لە تیۆر و بۆچوونی جوانیناسانە، مێژووییگەر، نیچەیی و لە راستیدا دیونیزی هاتنە ئاراوە و هەر بەو شێوەیەی لە روانگەی مێژووییدا بە چاخی مۆدێرنی نوێ و جیاواز دەبیندرا، ئەم کۆیە بەرفرەتر دەبۆوە و ئەم بارودۆخە نەك لە درێژەی غەریزەی مۆدێرن، بەڵکو بە جیاواز لە مۆدێرن دەبیندرێ.

(٦)

ئەو خوێنەرەی تا بە ئێستا بە دوای لێکۆڵینەوەی ئێمە لە سەر مۆدێرنیزمدا هاتووە ڕەنگە هەر لێرەدا ئەمە بپرسێ کە: ***بەرهەمی ئەم دووبارە ناسینەوانە چییە؟*** ڕەنگە یەکەم دەسکەوت جێگیربوونی ئەم گومانە بێ کە پێشتر بە گوڕەوە لە گۆڕێدا بووە: ***تا چ رادەیەك دەتوانین ئەو نێوە نوێیانە قبووڵ بکەین کە بە پێی رووداوەکان دانراون؟*** روون و ئاشکرایە کە زۆربەی نێوە دانراوەکان ـ ناتۆرالیزم، سیمبۆڵیزم، ئیماژیسم، فۆتۆریزم، ئیکسپێرسیونیزم و... تاد ـ بە دژواریی تێکهەڵکێشراون و بزووتنەوە جۆراوجۆرە جیاوازەکانیان بە شێوەیەکی گوماناوی ئاوێتەی یەکتر کرد. ئەوەی ئاشکرابێ ئەوەیە کە مۆدێرنیزم چ لە پلەی زاراوەیی بۆ جیاکردنەوەی پاژ لە ریزبەندی و چ وەکو زاراوەیەك بۆ دەربڕینی ریزبەندی، لەم یاسا و رێسایە بەدەر نییە و تووشی ئەوپەڕی شێواویی

واتایی هاتووه، بەڵام شتێکی کە بە هەمان رادە روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە شێواویی واتایی نابێ وەکو بیانوویەك بۆ شاردنەوەی بەشێك لە لاوازییەکانی ئێمە لەکار بکرێ. ئەم ئەندێشەیە کە مۆدێرنیزمی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** و مۆدێرنیزمە ژێرمەنییەکان دوو شتی تەواو جیاواز بوون و لە سەردەمای جۆراوجۆردا هاتوونەتە ئاراوە و بە هەڵکەوت کەڵکیان لەو ناوە ناسێنەرانە وەرگرتووە کە لە یەك دەچن، ئەندێشەیەکە بۆ هەڵخڕاندنی وەسوەسە. لەم روانگەیەوە ئەگەر بمانەوێ هاوبەشییە گرینگەکان بدۆزینەوە رەنگە دوور بڕوانین و هەوڵبدەین لە نێوان مۆدێرنیزمی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** سەرەتای سەدەی بیستەم و بزووتنەوەی هاوچەرخ لە سوننەتی ئەڵمانیدا واتە ***ئیکسپێرسیونیزم*** پێوەندییەك ساز بکەین. لە راستیدا ئەم تێگەیشتنە کە هۆکاری هاوبەشی نێوان چەشنەکانی مۆدێرنیزمە و دەبێتە هەمان ئیکسپێرسیونیزم، لە لایەن ***ئار. پی. بلاکمۆر***[٦٦]-ەوە ئاراستەکراوە. هەرچەند ***گراهام هو*** بەشێك لە مەترسییەکانی ئەم بەراورد و گشتیکردنەوەیەی دەستنیشان کردووە:

***بەڕێز بلاکمۆر بە سەرجەم تەڤگەڕە ئەوروپاییەکان کە تەڤگەڕی ئینگلیزیش وەخۆدەگرێ دەڵێ ئیکسپێرسیونیزم. تا ئەوجێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر تەڤگەڕی ناوچەیی ئێمە، من گەشبین نیم. ئیکسپێرسیونیزم لە هونەردا دەلالەتگەلی ژێرمەنی هەیە و ئەدەبیاتی مەبەستی ئێمە، واتە ئەدەبیاتی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە ژێر کاریگەریی فەڕەنسا دایە. ئیکسپێرسیونیزم نێوێکە بۆ چەشنێ تیۆری رەخنەیی. تیۆرێك لە کەسایەتی و بەیانی تایبەتی کە راست هەمان شت نییە کە قوتابخانەی سەدەی بیستەمیی ئێمە دەیهەوێ***[٦٧].

بەم پێیە ***هو*** سەبارەت بە دابڕانێکی ئاشکرا لە ناوەوەی مۆدێرنیزم دەدوێ و هەڵبەت ئاماژە بە کلاسیسیزم و تیۆرە تایبەتنەکراوەکان دەکا کە بە گشتی



پێناسەی ئەندێشەی مۆدێرنیستیی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** و بە تایبەتی ئەو توخمەی کە لە ئیماژیسمدا کۆ دەبێتەوە ناوەندی سەرەکیی لایەنگری ***ئینگلیزی ـ ئامریکاییە***.

دەرکەوتی ئەم بابەتە ئەمەیە کە لە نێو هەموو پێڕێستێك بەپێی زەمانێکی دیاریکراو چەمکێ دانراوە و لە درێژەی قۆناغێکی بەرفرەتر و لە هەلومەرجی زۆر جیاوازدا لە دەنگە بنەڕەتی و هەوێنەکانی مۆدێرنیزم دابەزیوە، بەڵام پێچوپەنایەکی تریش هەیە. دوورەپەرێزی لە نێوان ***ئیکسپێرسیونیزم*** و ***ئیماژیسم***-یشدا سەرجەمی ئەو باسە وەخۆ ناگرێ. ئەگەر لە روانگەی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی***-ەوە بیڕوانین دەبینین کە لە نێوان پەروەردە جۆراوجۆرەکانی ژێرمەنی و قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** پێوەندی بەدی دەکرێ. هەر لە کۆنەوە شوێنەواری ***ئیبسۆن*** و ***نیچە*** بۆ بریتانیا و ئەمریکا ناسراوە، بەڵام شاهیدانێکی زۆر لە پێوەندییەکانی نێوان ***دی، ئێچ، لارێنس*** و قۆناغە سەرەتاییەکانی ***ئیکسپێرسیونیزمدا*** هەن کە هاوسەری ***لارێنس،*** واتە فریدا پێشکەشیان دەکا. شاهیدانێك لە توخمە پڕهێزەکانی ئیکسپێرسیونیستی کە ***جان دوس پاسوس*** و ***یوجین ئونیل*** و کەسانی وەکو ئەوان نیشان دەدەن. هەر بەم شێوەیە پەروەردە فۆتۆریستییەکان کە بە رواڵەت لەگەڵ ئیکسپێرسیونیزم لە سەر قبووڵکردنی سەرخۆشانەی شاری مۆدێرن، ئامێری مۆدێرن و چەمکی ئەگەریبوون، هاودەنگن و بە ئاشکرایی بۆ ناوەوەی ئەزموونخوازیی زمانی ئینگلیزیی لێوڕێژ دەبێ. وادیارە بەرەی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکایی*** یەکدەست نییە، کاتێ بڕوانینە دەفتەرە شیعرێکی ئیماژیستی و جیاوازییەکانی نێوان شیعری ***لارێنس*** و شیعرێك لە ***ئەزرا پاوند*** ببینین یان ئاگامان لە شێوە روانگەیەك هەبێ کە بە پێی ئەو روانگەیە شاعیرانێك وەکو ***ڤیلیام کارلۆس ویلیامز*** و ***هارت کرین*** دەیانتوانی لە هەمان کاتی رێزدانان بۆ ***The***

***Wasteland*** وا بیر بکەنەوە کە ئەم شیعرە بە هۆی لەخۆگرتنی پووچی و بێ هیوایی ناوخۆیی، بیست ساڵ بەرەو پاش گەڕاوەتەوە[٦٨]. بەکورتی لە زۆربەی وڵاتاندا مۆدێرنیزم لە خەسڵەتی فۆتۆریستی و نهیلیستی، شۆڕشگێڕانە و پاوانخواز، ناتۆرالیستی و سیمبوڵیستی، ڕۆمانتیك و كلاسیك پێکهاتبوو. مۆدێرنیزم ڕێزی لە چاخی تەکنۆلۆژی دەگرت و لە هەمانکاتیشدا سەرکۆنەی دەکرد. بە شێوەیەکی هەستەکی ئەم باوەڕەی قبووڵ دەکرد کە سەردەمای سیستەمە کۆنە کولتوورییەکان بەسەرچووە و لە هەمان حاڵدا بە هۆی مەرگی ئەم سیستمانەوە تووشی بێ هیواییەکی کاریی هات. مۆدێرنیزم بەو بڕوایانە داڕێژرا بوو کە شێوەگەلی ڕێی نوێ بوون بۆ دەربازبوون. ئەم دەربازبوونەش لە بواری مێژوویيگەری و گوشاری زماندا بوو. هەروەها مێژوویيگەری و گوشاری زمان پێناسەیەکی زیندوون بۆ بیر و بڕواکان.

بەم پێیە مۆدێرنیزم قۆناغی دیار و هێڵ و سوننەتی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام لە نێو پێوەندی و ئاشتکردنەوەی ئەواندا قازانجێکی گرینگ حەشاردراوە. ڕەنگە لە زۆربەی هەڵسەنگاندن و گروپبەندییە نوێیەکاندا کە بە هۆی ئەم ئەزموونە موبارەکەوە ئەنجام دەدرێن، دێین تا هەست بە تەکوزییەکی مەزنی تایبەت بکەین، چونکە ئەگەر لە هەوڵەکانماندا زیاتر بەرەو پاش بگەڕێینەوە و بەرفرەتر بڕوانین تا بگەینە ریشەکانی مۆدێرنیزم ڕەنگە گەلێ پرسیار سەبارەت بە پێوەندیی نێوان مۆدێرنیزم و هەردوو بزووتنەوە هونەری و فکرییە بنەڕەتییەکانی سەدەی نۆزدە یان ڕۆمانتیسیزم و ناتۆڕالیزمی پۆزەتیڤیستی ئاراستە بکەین. تاقمێك لە ڕەخنەگران کەوتوونەتە ئەم وەسوەسەیە کە مۆدێرنیزم وەکو دەرکەوتی دووبارەی ڕۆمانتیسیزم ببینین. ئەوان گوێیان لەوە نییە کە ڕوانگەیان بە شێوەیەکی توندوتیژانە و تێکهەڵکێشراوتر لە بێ لۆژیکی پێکهاتبێ. بەم شێوەیە ***فرانك کریمۆد*** و ***ئەی. ئالوارێز*** لە هەمانکاتدا کە ئەم



لایەنگرییە وەکو تەواوکەرێك قبووڵ دەکەن و تێیدا توخمەکانی ***کلاسیکی*** دەناسنەوە، هەر پێکەوە ئاماژە بەوەش دەکەن کە زەینییەتی خەستی هەستی مۆدێرن لە دڵی هونەرە مۆدێرنەکاندا دەمێنێتەوە[٦٩]. لێکۆڵەرانی ئەم دوایانەی ڕۆمانتیسیزم بە لێکدانەوەی زیاتر بابەتێکی تێروتەسەلتریان ئاراستە کردووە: کەسانێك وەکو ***جێفری هارتمەن***، ***هارۆڵد بلووم***، ***رابێرت لانگ باوم***، ***مۆرسێ پێکهام*** و ***هیلیس میلێر*** بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەر درێژەی ڕوانگە سەرەتاییەکانی ڕۆمانتیك ـ سەبارەت بە هەستکرد، پێوەندیی نێوان شتەکان و ئەزموونی بەرفرە ـ لە نێو مۆدێرنیزمدا داکۆکی دەکەن، بەڵام لە شوێنێکی ئەم بزووتنەوەیەدا زۆربەی باسەکان ناچارن بە توخمێك لە درێژەپێنەدانی شاراوە قایل بن. هەر بەو شێوەیەی لە ساغکردنەوەی ***هیلیس میلێر*** لە سەردەمای ئێمەدا جۆرە شیعرێك هاتۆتە ئاراوە، شیعرێك کە هەڵقوڵاوی ڕۆمانتیسیزمە، بەڵام خۆی بەرفرە دەکاتەوە(٧٠). خوێندنەوەی سەردەمای نێوان ١٨٨٠ و کۆتایی سەدە لە بەرەی ژێرمەنی و هەروەها لە بەرەی ***ئینگلیزی ـ ئەمریکاییدا*** ئەم ڕاستییە نیشان دەدا کە تەنیا شتێکی عادەتی ئەم سەردەمانە دیاری دەکا و نوێنەری چۆنییەتی مێژوویی و ڕووناکبیریی ئەم سەردەمایە شەیداییەکە بۆ هەستکردی کامڵ، واتە هەستکردی جوانیناسی و دەروونناسی و مێژوویی. کەڵکەڵەکان لە ژێر گوشاری مێژوو و هێرشی چاخە مۆدێرنەکاندا سەرهەڵدەدەن و بە شێوەی ڕۆحی یان کۆمەڵایەتی هیوا و لایەنگریی نوێ و هێزی نوێی شاراوە لەگەڵ خۆیان دێنن. گێڕانەوە تۆمارکراوەکانی هەستکردی نوێ تێگەییشتوویی ئێمە سەبارەت بە مێژوو و هەروەها زەینییەتی ئێمە لە خۆڕاگریی خودی ئەم هەستکردە دەگۆڕن و ئێمە بە تێگەیشتنە نوێیەکان کە عاتیفی و زەینین نزیك دەکەنەوە. ***ستریندبێرگ*** لە ***خاتوو جوولی***(١٨٨٨)دا سەبارەت بە کەسایەتییەکانی خۆی دەڵێ:

***لەوسەرەوە کە ئەمانە کەسایەتی مۆدێرنن، لە سەردەمای گۆڕاندا ژیان دەکەن کە لە چاو چاخی سەرەتا داکۆکییەکی خێراتری هەیە. ئەوانم بە شێوەی لەت و مۆلەق داناوە... پێکهاتوو لە هەنووکە و رابردوو... لەتوپەتێك لە کتێب و رۆژنامەکان...***[71].

ئەمە لەو هەڵوێستانە دەچێ کە دەتوانین لە هەموو نووسەرێکی مۆدێرنیستی نێوان سالانی ١٨٨٠ و ١٩٣٠- دا بیبینین. ئەم بۆچوونە لە خۆیدا مۆدێرنە، چونکە دەیەوێ لەتوپەتی، لێك هەڵوەشاوەیی و سەردەمای گۆڕانی مۆدێرن لەگەڵ یەکتر ئاشت بکاتەوە.

یەکێك لە مەزنترین عادەتەکانی مێژووی کولتووریی ئەمەیە کە لە ماوەی قۆناغەکانی زەماندا دەتوانین چەشنێ هەڵکشان و داکشانی شێوازیی جیا بکەینەوە، چەشنێ هەڵکشان و داکشان لە نێوان ئایدیۆلۆژیی لۆژیکی زاڵ (نوێکلاسیسیزم، رۆشنگەری، ریالیزم) و کێشەی بەردەوامی بزووتنەوە زەینی و نالۆژیکییەکان (بارۆك، رۆمانتیسیزم). لە ئاکامدا ئەم مەیلە دێتەگۆڕێ کە سەردەماکان لێك جیا دەکرێنەوە: حکوومەتی سەر یان دڵ، زاڵبوونی ئاوەز یان عاتیفە، وێنەی کولتووری بێ ئەزموونی[72] یان هەستەکی[73]، کەوتنە ژێر کاریگەریی ئاپۆلۆن و دیونیزۆس. ئەگەر قبووڵی بکەین کە ئەم هەستانە لێك نزیك ببنەوە و تێکەڵاو بن رەنگە بۆ ناسینی مۆدێرنیزم یاریدەمان بدەن. هەڵبەت دەتوانین باسی ئەمە بکەین کە ئەمانە جەمسەری نەگۆڕ نین هەتا رۆحی نێوانیان لە هەڵکشان و داکشان دابێ، بەڵکو بۆ خۆشیان لە ژێر رکێفی گەشەی گۆڕان دان و بە سەر ئەو هێڵانەدا دەڕۆن کە لێك نزیکن. بەم شێوەیە دەبێ وای دانێین کە ئەو سەردەمانەی ئێمە پێی دەڵێین مۆدێرن نە تەنیا لە دوای قۆناغێك لە ریالیزمی سیستماتیك پاشەکشێ بە کاری نالۆژیکی دەکا و بە پێچەوانەوە نیشاندەری سەردەمایەك لە کلاسیسیزمی پاش قۆناغێك لە



رۆمانتیسیزمە، بەڵکو لە هەمووی کەرەستە لە ناخداهەڵگرەکانەوە پێکهاتووە. ئاشتی، ئاوێتە بوون، تێکەڵاوی ـ رەنگە تێکەڵاوییەکی پڕتەقینەوە بێ ـ ئەقڵ و بێئەقڵی، شعوور و عاتیفە، زەینی و عەینی. دەبێ یەکێك لە ئەسلە بنەڕەتییەکانی **مۆدێرنی ئینگلیزی ـ ئەمریکایی** وەبیر بێننەوە، واتە پێناسەیەکی ئیماژیستی لە وێنە، بە وتەی ئەزرا پاوند: ***وێنە ئەو شتەیە کە لە چرکەساتی زەماندا پرسێکی عاتیفی و زەینی ئاراستە دەکا***[74]. لێرەدا **پاوند** بە مەبەستی لێکدانەوە، دژەکان لە لای یەك دادەنێ و دەتوانین ئەم بیرۆکەیەی تێکەڵکردن بەرەو هەرێمەکانی دیکەی ئەزموون بگوێزینەوە. یان بە وتەی ***پۆل کلەی*** لە پێوەندیی لەگەڵ شێوەکاریدا بیسەلمێنن:

***پێشتر بە هۆی عادەتەوە شتی دیاری سەر عەرزیمان ئاراستە دەکرد، ئەو شتانەی پێمان خۆش بوون بیانبینین یان هیوادار بووین. ئەمڕۆکە... وێدەچێ شتەکان چەمکی جۆراجۆر و بەربڵاوتریان وەخۆگرتووە، چەمکێ کە لە روالەتدا ئەزموونی لۆژیکیی دوێنێ رەتدەکاتەوە. هەوڵێکی مەزن لە ئارادایە هەتا لە سەر عادەتی بنەڕەتی رێکەوت داکۆکی بکرێ: دیسان دەمودەست لە زۆر یەك لە دیارترین رووداو، دۆزینەوە و بەرهەمەکانی ئەم چاخەی مۆدێرندا چونییەتی هاوبەش دەناسینەوە. لە سەرنجدان بە عەینی کردنی کاروباری زەینی، بە ئامادەکردن و وەدەرخستنی وتووێژە کپە زەینییەکان، سەرنجدان بە راگرتنی بزووتنەوە، بێلۆژیککردنی ئەو شتانەی لۆژیکین، ناسیاوی سڕینەوە و مرۆڤ سڕینەوە لە کاروباری چاوەڕوانکراو، خەسارناسیی ژیانی ئاسایی، شعووریکردنی کاروباری عاتیفی، وەبەرچاوگرتنی پانتا وەکو کارکردی زەمان، متمانەکردن وەکو تەنیا شتێکی خاوەن بڕوا.***

وێدەچێ ئەم تێکەڵکردنە پڕتەقینەوەیە کە بابەتە سیستماتییەکانی ئەندێشەی وێران کرد، سیستەمە زماننناسییەکانی ژێر و ژوور کرد، کە رێزمانی

فەرمی و پێوەندییە سونەتییەکانی وشەی لەگەڵ وشە و وشە لەگەڵ شتەکانی شێواند و دەرکەیەکی کراوە بوو، بۆ هێزی وەبەرچاونەگرتن و هەڵبڕینی پێوەندییەکان و ـ بە کەڵکوەرگرتن لە بابەتی ئێلیوت ـ هەروەها بەقەد دامەزراوەکانی لێهات، یان بە زاراوەی ***هۆفمانزتاڵ*** ***Hofmannsthal*** خولقاندنی ئەبەدییەتێك لە پێوەندییەکان لە نێوان مرۆڤ و بوونەوەر و خەیاڵ و شتەکاندا. لە کۆتاییدا ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی دروست بیەوێ رووداوێکی دیاریکار، خاڵێکی تەواو سیمبوولێك بدۆزێتەوە، دەبێ روو بکاتە ساڵانی دەیەی ١٨٩٠، بۆ وێنە: سەرنج بداتە ***ستریندبێرگ*** کە پەیتا پەیتا بە شێوەیەکی ناهومێدانە دەڕوانێتە کیمیاگەری یان نزیککردنەوەی بێ وێنەی ئەقڵ و بێئەقڵی، زانست و جادوو یان سەرنجی تەواو بداتە جیهانناسیی پێگەییوی ***ییتز*** کە بۆ رێکخستنی زەمان و بێ زەمان، سەماکار و سەما خەریکی پشکنینە. هەروەها ئەگەر ئەو کەسە سەرنج بداتە دۆزینەوەی هەرچی زیاتری ئەوە کە هێرشی هەستکردنەی مۆدێرن گەلێ ئاریشەی هێناوەتە ئاراوە کە بۆ ئەوپەڕی ئاراستەکردن دەڕۆن، تەواو جوانیناسانەن، پرسگەلێکن کە بە سەر رێکخراوی پێکهاتەکان و لەکارکردنی زمان و دەوری کۆمەڵایەتیی خودی هونەرمەنددا دەڕۆن، بەڵام دەبێ لە سەر ئەم ئاگادارییە ناسازە هەڵوێست بگرێ کە هەستی ناتۆرالیزم دەبوایە لەگەڵ حاڵەتی زانستی و گەشبینانەی خود، لەگەڵ چەمکی ئازادیی سیاسی خود، رێگایەکی بۆ گەیشتن بە گوشارە نامۆکانی هێزی نەستکرد بدۆزیبوایەتەوە و وەڵامی بەو توانا درەوشاوە ناپۆزەتیڤانە بدابوایەتەوە کە تەنیا هونەر دەتوانێ ئاراستەیان بکا. بەرهەمە مەزنە مۆدێرنیستییەکان لە نێو کەرەستەکانی نزیك بە مۆدێرن، گومانکاری و هیوا بە گۆڕانی دنیادا دەژین، بەڵام هاوسەنگیی خۆیان لە سەر هەستیاریی گۆڕان دەپارێزن و زۆربەی ئەو هێزانەی کە لە کۆنەوە پێداگریی دەکەن و ئەو توانایانەی لە هەنووکەی



نوێوە هەڵدەقوڵێن، دەڕواننە حاڵەتی مۆلەقبوون، روو دەکەنە وێنە لێڵ و شاراوەکان: شار وەکو ئەگەرێکی نوێ و جیابوونەوەیەکی ناڕاست، ئامێر وەکو گێژاوێکی نوێ لە وزە و کەرەستەیەکی وێرانگەر، زەبر یان تەقینەوەیەك کە دەپاڵێوێ و لەناوبەرە ــ وێنەگەلێك وەکو ئەشکەوتەکانی ***مارابار***[٧٥]ی ***فاستێر*** کە پێکهاتەیەکی لە ناخداهەڵگرە لە گشت ئەزموونگەلێکی نزیك بە یەك و هەموو لێی حاڵی دەبن یان وێنەگەلێکە لە فرەبوونێکی بەتاڵ و شێواوییەکی جیهانی. ئەمە وێنەی هونەرە کە گۆڕان و شێواوی، خولقان و خەسارکردن لە حاڵەتی نزیکایەتییەکدا رادەگرێ کە تایبەتمەندیی سەقامگیربوونێکی نامۆ و هەستیاری هونەری مۆدێرنیستییە ـ و عادەتێکی پێدەبەخشرێ کە یەکێك لە نووسەران پێی دەڵێ ***عادەتی دووروخساریی یانووس***.

رەنگە ئەمە تایبەتمەندیی دیاری نووسەرە مۆدێرنیستەکان بێ کە دەیانەوێ بەشێك لە لایەنەکانی هەستیاری بوون سەرکوت بکەن ـ بەشێك لە گەشبینییەکانی مۆدێرن لە بەرامبەر مێژوو، زانست و گەشەی ئەقڵی پێشەنگ ـ لە هەمان حاڵدا بەشێکی تر لەو لایەنە رزگار بکەن.

گومان لەوەدا نییە کە پەیتاپەیتابوونی مۆدێرنیزم چەند جۆر و لە چەندین شوێنەوە بۆ شەڕ دژی غەریزەی ریالیستی دەچێ: ***ئیمپێرسیۆنیزم، پاش ئیمپێرسیونیزم، کوبیزم، ڤۆرتیسیزم، ئیکسپێرسیونیزم، دادا، سوریالیزم***. سەرجەمی ئەو تەڤگەڕانە لە یەك ناچن و بەشێکیان بێجگەلە نێوێك بۆ تاقمێك لە دۆستان چیتر نین. نووسەران دەچوونە ریزی ئەو دەستە و تاقمانە و لەوانیش جیا دەبوونەوە، بەڵام لایەنێکی کە ئەم بزووتنەوانە لە ناوەندی هەستیارییەکدا ـ ئێمە دەمانەوێ دیاریی بکەین ـ پێکەوە گرێ دەدا ئەوەیە کە هەموو دەیانەوێ مێژوو یان ژیانی مرۆڤایەتیی وەکو چەشنێکی درێژەدار یان مێژوو وەکو لۆژیکێکی گەشەکار نەبینن، هونەر و هەنووکەی توندڕەو قەمچییان لێدەدا.

بەمجۆرە ناتوانرێ بەرهەمە مۆدێرنیستییەکان بە پێی زەمانێکی مێژوویی درێژەدار یان بەردەوامبوونی کەسایەتییەك ئامادە بکرێن. ئەم بەرهەمانە هەر بەو جۆرەی لە ریالیزم و ناتۆڕالیزمدا باو بووە بە شێوەیەکی فەزایی یان لە ڕێی لایەنە هەستکردانەکانەوە کار دەکەن و دەیانەوێ بە چەشنێ خوازە یان شێواز بگەن.

خودی سیمبولێ یان وێنە، چ ڕۆمانتیك یان کلاسیك، چ سیمبولێکی ئاشکرا بێ و دۆزینەوەکەی لە پشت پەردەوە حەشار درابێ، چ ناوەندی عەینی و دژواری وزە بێ کە لە فرەبوونێکی دەست پێ ڕانەگەشتووەوە هاتووە و لە پاژە سەربەخۆ گشتی و زمانناسییەکانەوە پێکهاتبێ ـ یارمەتی ئەنجامی ئەو هاوئاهەنگییە دەکا کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیزمە. ئەو تێکەڵبوونە بە وەها ئامرازێك دەتوانێ خۆ بگرێ. بە قەرز وەرگرتن لە بابەتی ئەلیوت ـ باسی تێکەڵبوونی هاوچەرخ و لە مێژینە لە ***یولیسز***دا دەکا. ئەم هەستە دەتوانێ ئەگەریبوونی دنیای مۆدێرن بۆ هونەر مسۆگەر بکا. بەمجۆرە لە مۆدێرنیزمدا توخمێك لە خۆپاراستن، هەستێك لە دژواربوونی مەعریفەناسیی سەرەتا بەدی دەکرێ. ئەرکی هونەر خۆکڕینەوەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی بنەڕەتی یان حازر خۆکڕینەوەی دنیای بێ بیچمی ئەگەریبوونە. ڕاستەقینە ئامادەبوویەکی ماددی نییە. درێژەی مێژوویەکی پۆزەتیڤیستی ـ ش نییە. بەم شێوەیە خەیاڵی دەستکردی کردەوەی گرینگ دەکرێ. ئاوا مۆدێرنیزم ناچارە لەگەڵ نزیکبوونەوەی زەمانێکی شیاوی دۆزینەوە و مۆدێرن و سیمبولێکی بێ زەمانی و ئەوپەڕگەر یان گرێیەك لە وزەی زمانناسیی ڕەسەن ڕووبەڕوو بێتەوە.

ئێستا ئەگەر ئەم گریمانانە لە بارەی پێچوپەنای عادەتی مۆدێرنیزمەوە جێ متمانە بن دەتوانرێ گشت دەرکەوتەکانی مۆدێرنیزم لە ڕێکەوتی زۆر پێشتر لە دەیەی ١٩٢٠ ـ دا ببیندرێ کە بەشێك لە ڕەخنەگرانی ئێمە پێی دەڵێن



ئاوەدانترین سەردەم. گرینگیی ڕامالێنی ئاستی ناسراوی ڕاستەقینە، گرینگیی نزیککردنەوەی سەردەمای مێژوویی لەگەڵ دۆخێك کە بە ڕادەی بزۆکی و گەشەی زەینی ناوەکی بێ، شوێن پێهەڵگرتنی وێنەیەکی گەشەدار، یان پاراستنی نەزمی دەستکرد لە بەراورد لەگەڵ ڕیزبەندیی چیرۆکی، باوەڕ بە چەندجۆریی هەستەکان، چەندجۆریی ژیان، باوەڕ بە بێ گەوهەریی ڕاستەقینە، ئەوانە ئاوێتەیەکی داهێنەرانە پێکدێنن کە زۆر پێشتر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و لە سەدەی ڕابردوودا حازر بوون و بە جیاوازیی نێوان سیمبۆلێزم و ناتۆڕالیزم ناسراون. یەکێك لەو هۆیانەی کە سەردەمای دوای شەڕ بە ئاستەم دادەنێ ئەوەیە کە خودی شەڕ بە کاتێکی خاوەن دۆزینەوە دابنرێ تا بەرەوناخی ساتی نوێ هەنگاو بنێ، بەڵام لەم دیدەوە وا باشترە سەرنج بدەینەوە سەردەمای نوێبوونەوەی سەدە، بابەتێك کە فرانك کریمۆد لە ***چەمکی کۆتاییەکدا*** بە ڕوونی لە سەری دواوە، کتێبێك کە بۆ جیاکردنەوەی خەسڵەتی تیۆرەکان و هەروەها بۆ لایەنەکانی دۆزینەوە و مێژووناسانەی هەستیاریی مۆدێرن کاری زۆری کردووە[٧٦]. ***کریمۆود*** ئاماژە دەکا کە نوێبوونەوەی سەدە شوێنەوارێکی قووڵی هەیە. تێگەییشتنەکانی مرۆڤ لە کۆتایی ئەم هەزار ساڵەیدا وەژێر دەخا، مرۆڤ ناچار دەکا هەتا لەبارەی مێژوو وەکو شۆڕش بیر بکاتەوە، هەر بەو شێوەیەی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو یان سەرەتای سەدەی ئێستادا زۆربەی زەینەکان بیریان لە پرسی ئەنجام و دەسپێکەکان، لە تێپەڕین و هاتنی جیهان دەکردەوە. هەڵبەت ئەم هەستیارییە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، دەگەڕێتەوە ناخی سوننەتی جوولەکە و بایەخێك کە ئێمە بۆ سەردەمای دنیای دادەنێین. ئەوەی کە مۆدێرنیزم ئەنجامی دەدا نە تەنیا وەجۆش و خرۆش خستنی فۆڕمە، بەڵکو تێکەڵاوکردنی بایەخی زەمانە. ئەمەش بۆخۆی لەو هۆیانەیە کە بۆچی هەوڵە بەجەرگەکان بۆ ناسینی ساتی نوێبوونەوە ببوون بە لایەنێك لە هەستیاریی

مۆدێرنیست. (**هێنری ئادامس**١٩٠٠، **ڤیرجینیا ڤۆڵف** ١٩١٠، **دی. ئیچ. لارێنس** ١٩١٥). بەگوڕبوونی دۆزینەوە دەبێتە هۆی شیکردنەوەی بەشی هەرە زۆری مۆدێرنیزم. بە دیاریکردنی بێ زەمانی بۆ ئەو هەوڵە سیمبۆلیستییەی دەیهەوێ ریزبەندیی مێژوویی بەرین بکاتەوە، ئیلهامی هونەرمەندانە روون دەبێتەوە. هونەرمەند وەکو **سکات فیتز جراڵد** سەعاتی بان سۆبەکە وەپاش دەخا و جوانی و فۆڕم و خەیاڵ دەبینێ. خواستی دووبارە بۆ رادەی پێکهاتە و کردەوەی زەین روون دەکاتەوە: **دی. ئیچ. لارێنس** پێمان دەڵێ: ***بۆ رێزگرتن لە عادەتی شەریکخوازانەی ئەندێشە ناچارین دەست لە شێوەی درێژەدان و درێژەدانی خۆمان لە شوێنی دەسپێکەوە بۆ مزڵ هەڵگرین و ئیزن بە زەینمان بدەین کە بە شێوەیەکی بازنەیی بجووڵێتەوە، یان لێرە و لەوێ بە سەر کۆیەك لە وێنەکاندا بکەوێ، تێگەیشتنی ئێمە لە زەمان وەکو مانەوە لە سەر هێڵێکی راست و بێپایان، هەستکردی ئێمەی بە شێوەیەکی زاڵمانە گۆج کردووە*** (٧٧). هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەو عاتیفە توندوتیژەی مۆدێرنیزم کە پێش ئەوەی سەرلەنوێ خەیاڵ بکرێتەوە دنیا بە شێوەی رووت و دژوار دەبینێ، هەتا لە رێی بنەما و نزیکبوونەوەی بەردەستی زەینی پیشەسازەوە گەشە روالەتییەکانی وەچنگ بێنێ.

ئەم ئاوێتەبوونە ئاستەمە تا کۆتایی شەڕ و تا ساڵی ١٩٣٠ درێژەی کێشا. دواتر وا دیارە بەم هۆیە کە مێژوو دیسان بە شێوەیەکی بەرفرە بە دوای رووناکبیران داهات و کاتێ مەبەستی سیستماتیکی کۆمەڵایەتیی لە ناوچوون، پێویست بوو دیسان بەشێك لە توخمەکانی مۆدێرنیزم ئاڵوێر بکرێن و هەر بەو شێوەیەی داکشانی جیهانی بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو، جەبری سیاسی و ئابووریی گەڕاندەوە بۆ قوتابخانە رووناکبیرییەکان، مۆدێرنیتە بوو بە شوێنێکی بێ حەوشە بۆ هەڵوێستی ساکاری سیاسی. بەم پێیە لەم ئاخافتنەدا داکۆکی



ئێمە زیاتر لە سەر سەردەمای پێش ساڵی ١٩٣٠ـــ یە. هەرچەند سنووربەندییەکان دیار نین و بۆ وەچنگهێنانی دەلاقەیەکی بەرینتر لە مۆدێرنیزم بە ناچار ئاماژەمان بە هەرێمێکی نوێتر لەو درێژخایەنیانە کردووە کە تا بە هەنووکە بەردەوامن. هۆیەکی تر بۆ ئەم داکۆکیکردنە هەیە، رەنگە یەکێك لە ئاشکراترین لایەنەکانی ئەم سەردەمایانە لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠ و ١٩٣٠- دا بێ کە کاکەشانێکی بێ وێنە لە وزە شاراوەکانی تێدا دەدۆزینەوە. زۆر بە دەگمەن قۆناغێکی مێژوویی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێ کە بە نووسەرانی مەزن ـ ی ئەوروپایی، ئینگلیزی، ئەمریکایی ـ دەوڵەمەند بووبێ. پێچوپەنای پشکنینی جوانیناسیی و هەستی پەرەپێدەری شێواز و شعووری درێژخایەن و لەخۆبردوویی ئەوان، زۆر بەرهەمی بەرچاویان پێشکەش کردووە. رەنگە مۆدێرنیزم چەشنی سەڵتبوون بێ، سەڵتبوونێك کە زۆر بە ئاسانی بەرنامەی وردی بۆ نانووسرێ.

مۆدێرنیزم زۆربەی نووسەران وەخۆ دەگرێ کە لە جێی خۆیدا هونەریان پێشکەش بە ئێمە کردووە. هەر بەو چەشنەی گوتمان سەرجەمی نووسەرانی سەدەی بیستەم لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە، بەڵام دەبێتە هەڵگری ژمارەیەك لەو نووسەرانە هەتا بتوانێ ئەزموونخوازیی مۆدێرنیست ناچار بکا بەشێك لە بەرچاوترین و بنەڕەتیترین داهێنانە ئەدەبییەکان بدۆزێتەوە کە لە سەدەی دژواری ئێمەدا بەدی دەکرێن.

❋❋❋

ژێدەرەکان:


١) Trecento هونەر و ئەدەبیاتی سەدەی چاردە لە ئیتالیا.

٢) Quatro Cento هونەر و ئەدەبیاتی ئیتالیا لە سەدەی پازدەی زایینی دا.

٣) Baroque شێوازی هونەریی زاڵ لە سەدەی هەڤدەدا.

٤) Rococo شێوازی هونەریی سەدەی هەژدە.

٥) Herbert Read Art now (London ،١٩٣٣).

٦) C.S. Lewis ،De Descriptione Temporum: An lnaugural lecture (Cambridge ١٩٥٥).

٧) Roland Barthes ،writing Degree Zero (Le Degre Zero de l`ecriture) ،translated by Annette lavers and Colin Smith (London ١٩٦٧).

٨) Faut etre absolument moderne.

٩) Les Voix du silence.

١٠) G.S Fraser ،The Modern ،writer and His world (London ١٩٥٣).

١١) Richard Ellmann and charles feidelson (eds). The Modern Tradition: Backgrounds of Modern literature (New York and London ١٩٦٥).

١٢) Lionel Trilling O`n the Modern Element in Modern literature` in Beyond Culture: Essays and learning (London ١٩٦٠).

١٣) Northrop frye ،The Modern Century ،(New York and London ١٩٦٧) ،P.٢٣.





١٤) A.O.levejey ،on the Discrimination of Romanticisms (١٩٢٤) Reprinted in M.H. Abrams (ed) ،English Romantic Poest: Modern Essaysin (New York ١٩٦٠).

١٥) Georg lukacs ،the Meaning of Contemporary realism ، Translated by John and Necke Modere (London ١٩٦٢).

١٦) Alfred Norht whitehead ،Science and the Modern world (London ١٩٢٧).

١٧)Wylie sypher ،from Rococo to Cubism in Art and literature (New york ١٩٦٠).

١٨) Step hen spender ،the struggle of the Modern (London).

١٩) Jose Ortega Gasset ،the Dehumsnization of Art ،and other writings on Art and Cultur ،(Garden City ،N.Y. ١٩٥٦).

٢٠) Frank Kermod ،Modern Essays (London ١٩٧١).

٢١) Harry Levin ،Refreactions: Essays in comparative literature (New York and London ١٩٦٠.

٢٢) T.S. Eliot Ulysses ،Order and Myth ،Dial ،no ٧٥(New York ١٩٢٣)pp. ٤٨٠□٨٣.

٢٣) Lrving Howe ،Literary Modernism (Greenwich ،Conn ١٩٦٧) ،p.١٣.

٢٤) A. Alvaraz ،Beyond All this fiddle: Essoys ،١٩٥٥□١٩٦٧ (London ١٩٦٨).

٢٥) Cyril Connolly ،The modern Movement: One Hundred key Book from England ،france and America ،١٨٨٠-١٩٥٠ (London ١٩٦٥) p.٤.

٢٦)Edmund Wilson ،Axels castel: A study in the Imaginative literature of ١٨٧٠-١٩٣٠ (New York ١٩٣١.

٢٧) C.M.Bowra ،Heritage of srmbolism (London ١٩٤٣).

٢٨) Graham Hough ،Image and Experiencee: Studies in a Literary Revolution (London ١٩٦٠).

٢٩) Richard Ellmann and charles feidelson ،(eds) The modern Tradition: Backgrounds of modern Literature (New york and London ١٩٦٥).p.٤

٣٠) annus mirtubilis.

٣١) Virginia woolf ،Mr Bennett and Mrs Brown (١٩٢٤) ، reprinted in Collected Essays ،Volume ١ (London ١٩٦٦) ، p.٣٢١.

٣٢) Richard Ellman ،***The Two Faces of Edward*** ،in R. Ellmann ،Edwardions and late Victorians (New york ١٩٦٠).

٣٣) Sodome et Gomorrhe.

٣٤)Harry Levin ،What eas Modernism? In Refrections: Essays in comparative literature (new york and London ١٩٦٦).

٣٥) Horald Rosenberg ،The Trodition of the new (new york ١٩٥٩ ،London ١٩٦٢).



٣٦) Bernard Bergonzi (ed) ،Innovations: Essays on Arts and Idea (London ١٩٦٨).

٣٧) Ihab Hassan ،post modernism ،new literary History VOL. ١١١ ،NO. ١ (Autumn ١٩٧١). pp. ٥-٣٠.

٣٨)George Steiner ،From the Vienna Woods ،New York(٢٣) Julyb١٩٧٣). PP.٧٣-٧.

٣٩) Meredith s Modern love.

٤٠) Michael Roberts s The Faber Book of Modern Verse.

٤١) Holbrook Jackson ،The Eighteen-Nineties (London ،١٩١٣).

٤٢) Wilhelm Arendt(ed). Modern Dichtercharaktere (Leipzig ١٨٨٥).

٤٣) Modern Sei der postmodern Vom Scheitel bis zur Sohle.

٤٤) Die Gesellschaft.

٤٥) ein organ der modern Bewegung in der Literatur.

٤٦) Die Jungste deutche Literatursttromung und das prinzip der Moderne.

٤٧) Freie Buhne fur moderns leben.

٤٨) Modern Blatter.

٤٩) Die Moderne.

٥٠) Herman Bahar،Zur Kritik der Moderne.

٥١) Leo Berg ،Das Sexualle Problem in der modernen Literatur.

٥٢) Der Ubermensch in der modernen loteratur.

٥٣) Eugen Duhring Die Grossen der modernen Literatur.

٥٤) Der Ausgang der Moderne.

٥٥)Novelle.

٥٦)Tieck.

٥٧)Satanism.

٥٨)Hallucinism.

٥٩) Bjornson.

٦٠)Drachman.

٦١) Buehner.

٦٢) Bourget.

٦٣)Hamsun.

٦٤)Zur kritik der modern.

٦٥) Poul Alexis.

٦٦) R.P. Blackmur، Anni Mirabiles، ١٩٢١-١٩٢٥: reason in the Madness of Letters (Washington D.C.١٩٥٦).

٦٧) Graham Hough ،Image and Expetience: Studies ina Literary Revolution (London ،١٩٦٠).P.٨.

٦٨) ویلیام کارلۆس ویلیامز ئاوا دەڵێ: من دەستبەجێ هەستم دەکرد کە ئەو شیعرە (*The Wasteland*) منی بیست ساڵ بەرەو پاش گەڕاندەوە و دڵنیام کە وای کرد. راست لە کاتێکدا کە هەستم کرد خەریکی راکردنێکم نەك نزیکایەتیکردن لە گەوهەری فۆڕمێکی هونەریی نوێ، ئێلیوت لە روانگەی رەخنەگرانەوە ئێمەی بردەوە بۆ سەر کلاسی وانە. ئەمەش رەگی لە هەڵوێستێکدا داکوتا بوو، کە دەبوایە بەری هێنابوایە... (ویلیام کارلۆس ویلیامز، خودی ژیاننامە، لەندەن ١٩٦٨، ل١٧٤).



٦٩) Frank Kremode ،Romantic Image (London ١٩٥٧) and A.Alvarez ،Beyond All This fiddle: ١٩٥٥-١٩٦٧(London ١٩٦٨).

٧٠) J.Hillis Miller ،Post of Reality (Cambridge ،Mass. ١٩٦٥).

٧١) August Strindberg. Preface to lady Julie (١٨٨٨).

٧٢) naive

٧٣) Sentimentalisch.

٧٤) Ezra Pound ،A Retrospect (١٩١٨) ،reprinted in T.S. Eliot (ed) ،Literaey Essays of Ezra Pound( London ١٩٥٤) ،P.٤.

٧٥) ***Marabar Caves*** ئەو ئەشکەوتانەی کە پاڵەوانانی رۆمانی **گەڕان لە هیندوستانی** فاستێر ـ یان تێدا ون بووە.

٧٦) Frabk Kremod. The Sense of on Ending (London and New York ١٩٦٦).

٧٧)D.H. Lawrence ،Apocalypse (London ١٨٣٧) ،P.P. ٩٧-٨.

## ئایا مۆدێرنیته پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییه؟[(١)]

### ئانتۆنی گیدینز

ئایا نوێخوازیی یان مۆدێرنیته له ڕوانگەی خواست و مەیلی جیهانی خوازو جیهانی سازی خۆیەوە بەدیهاتووە یان بە پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی دادەنرێ؟

دوای کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی مشتومڕ له سەر مۆدێرنیته دەستی پێکرد، بەجۆرە ئەو ئەندێشە و بیروڕا جۆراجۆر و تەنانەت ناکۆکانەی لەمەڕ مۆدێرنیته دەخرانەڕوو، باسوخواستێکی ئاڵۆزیان وەخۆگرت، بۆ وێنە لەو پرسیارانەی کە هاتنە ئاراوە ئەو خاڵەیە کە ئایا مۆدێرنیته دیاردەیەکی ڕۆژئاواییه یان ڕەوتێکی جیهانی؟

له زۆربەی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکاندا کە تا بە هەنووکە لەسەر مۆدێرنیته ئەنجام دراون، هەمیشە ئەو ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانانە لەبەرچاون کە بە جۆرێك ریشەیان له کولتوور و شارستانییەتی ڕۆژئاوادا هەیە و هیچ سەرنج یان ئاماژەیەکی بەو هەرێمە بەرفراوانانەی جیهان نەکراوە کە لە دەرەوەی بازنەی وڵاتانی بەناو گەشەکردوو دان. لەم گوتارەدا بێ ئەوەی بمانەوێ دیاردەی مۆدێرنیته بناسێنین یان هۆ و هۆکارەکانی شرۆڤە بکەین یان دەسکەوت و ئاکامەکانی هەڵسەنگێنین، بە شێوەی تایبەتیی لە پرسیارێکی سەرەکیی دەدوێین کە تا بە هەنووکە یان لە بنەڕەتدا ئاراستە نەکراوە یان ئەوەی کە لە نێو ئەو باس و بیر و بۆچوونانەی پێوەندییان بە مۆدێرنیته و مۆدێرنیزم و هەروەها پۆست مۆدێرنیزمەوە هەیە، سەرزارەکیانەو لێڵ ئاماژەی پێکراوە.



پرسیارەکە ئەمەیە ئایا مۆدێرنیته پرۆژەیەکە تایبەت بەڕۆژئاوا؟ یان تا چ ڕادەیەك دەکرێ بە پرۆژەیەکی تەواو ڕۆژئاوایی دابنرێ؟ پێش هەموو شتێك وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستی بەوەیە کە دوای تاوتوێکردنی تایبەتمەندییە گرینگ و سەربەخۆکانی مۆدێرنیته ئایا له ڕوانگەی شیکارییەوە بۆ جیاکردنەوە دەبن؟

لە ڕەوتی گەشەکردن و کامڵبوونی مۆدێرنیتەدا دوو تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانیکی بەرچاو دەکەوێ کە بە پێی پۆلینبەندی و کۆبەندیی دامەزراوییەوە گرینگی بەرچاو و شوێنی ڕوونیان هەیە، ئەم دوو تایبەتمەندییە لە دیدی سیستەم و گرینگیی دەوری مێژوویی خۆیانەوە بریتین لە:

***أ ـ سیستەمی دەوڵەتە نەتەوەییەکان (سەرهەڵدانی دەوڵەت ـــ نەتەوە).***

***ب ـ شێوازی بەرهەم هێنانێکی سەرمایەداریی سیستماتیك.***

ئەم دوو دیاردەیە لە وێنە دیارەکانی ڕەوتی گەشەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری ئەورووپادا ڕەگیان داکوتاوە. لە سەردەمی پێشتر یان لە باقی کۆمەڵە کولتوورییەکانیشدا هەندێ بابەتی لەم چەشنە بەرچاو دەکەون.

هۆی سەرەکیی کە ئەم دوو پرۆسەیە توانیان بە شێوەیەکی نزیك لەگەڵ یەکتر لە سەرانسەری جیهاندا گشتگیر بن و گەشە بکەن پێش هەموو شتێك هەرێمی مەزن و بواری بەرفراوانی دەسەڵاتێکە کە دروستیان کردووە. لە دیدی پاراستنی سەربەخۆیی لە گۆڕەپانی بەدەر لە ڕەوتی لایەنگرییەکانی گەشەی جیهانییەوە هیچ کام لە باقی نیشانە کۆمەڵایەتییە سونەتییەکان یان وێنە و ***فۆرماسیۆن***-ەکانی ئابووری، کولتووری و سیاسیی پێشوو نەیانتوانیوە لە هەمبەر ئەم دەسەڵات و هێزە جەماوەرییەدا ڕاوەستن. لەم سەرەوە دیسان دەتوانین پرسیاری ناوبراو ئاراستە بکەینەوە کە:

***بەسەرنجدان بە دەوری گرینگ و سەرەکیی ئەم دوو دامەزراوە مێژووییە لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی شێوازی ژیانی تایبەت و بواری نوێی ژیانی تاك-ی و کۆمەڵایەتی، ئایا دەتوانرێ بگوترێ کە دیاردەی مۆدێرنیتە پرۆژە یان بەرنامەیەکی ئاشکرای رۆژئاواییە؟***

زۆربەی تیۆریسییەن و نووسەرانی رۆژئاوایی پێیان وایە کە وڵامدانەوە بەم پرسیارە، بە بێ هیچ کلۆجێك **بەڵێیە**. لە حاڵێکدا تاقمێکی دیکە لە نووسەران و بیرمەندانی رۆژئاوا و نارۆژئاوایی لە سەر ئەم باوەڕەن کە وەڵام هەر **نا** یە و لە راستی ـ یشدا جگە لەم وەڵامە هیچ شتێکی تر نییە.

لێرەدا سەرەکیترین خاڵێکی کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی سەرنجدانە بە دەسکەوتەکان و بە واتایەکی دیکە سەرنجدان و جەختکردنە لەسەر چارەنووس و ئاکامەکانی نوێخوازان. لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنانەی کە لە بارەی مۆدێرنیتەوە ئەنجام دراون دیاردەی **جیهانگیریی** گرینگترین ئاکامێکە کە بە شێوەی جیدی پێداگریی لەسەرکراوە. جیهانگیریی رەوتێکە زۆر ئاڵۆز و بەرفراوانتر لە گۆڕەپانی گەشە یان گشتگیربوونی دامەزراوە رۆژئاواییەکان، رەوتێك کە کولتوورەکانی دیکە لە دڵیدا دەتوێنەوە یان لە حاڵی توانەوە دان. جیهانگیری بەواتا **هێرمۆنیتیکی** ـ یەکی رەوتی گەشەی نایەکسانە و بەهەمان رادە کە ئامادەکارە و یەکدەستیی بەدی دێنێ، چەمکەکان تێك وەردەدا و دەیانشێوێنێ. لە نزیکایەتیی دولایەنە و هاوپەیمانیی جیهانیدا چوارچێوەی نوێ دەخولقێنێ کە تێیدا هیچ شوێنێك بۆ دیتران نامێنێتەوە، ئەم وێنە نوێیانەی هاوپەیمانیی جیهانی کە دولایەنەن، لە هەمانکاتی پەرەپێدانی پێداویستیی بەرفرەهی ئاسایشی جیهانی، چوارچێوەی وێنەیەك لە مەترسی دەخولقێنن، بەڵام پرسیارێکی کە لێرەدا ئاراستە دەکرێ ئەمەیە، ***ئایا لە دیدی لایەنگریو سەرنجی جیهانی ساز و جیهانخوازانەیەوە دیاردەی نوێخوازیی، رۆژئاواییە؟*** وەڵام



بەتەواوی **نا** یە، بە شێوەی لۆژیکیش وا نابێ، چونکە لەوەها حاڵەتێکدا ئێمە لەسەر چوارچێوەی وێنەی دەرکەوتنی هاوپەیمانیی دوولایەنیی جیهانی و ویژدانی کۆ یان هۆشیاریی گشت دنیا دەدوێین، بەڵام شێوەکانی جووڵانەوە لەگەڵ ئەم بابەتانە و رێگاکانی بەرگریکردن و چارەسەرکردنیان هەڵگری چەمك و ئەو رێگایانەن کە بێگومان لە کولتووری بێجگە لە کولتووری رۆژئاوادا رێچکەیان بەستووە، چونکە بە هیچ چەشنێ رادیکالیزەبوونی نوێخوازی (مۆدێرنیتە)و جیهانی بوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی بە واتای رەوتگەلی تەواو و کامڵ دانانرێن.

بە وەبەرچاوگرتنی فرە کولتووریی جیهان وەکو کۆ ـ یەك لەهەمبەر وەها دامەزراوە گەلێکدا کردەوە و وەڵامی زۆر دەتوانن بێنە ئاراوە، تەڤگەڕ و سەرهەڵدانە ئەوپەڕ مۆدێرنیتەکان لە سیستەمی جیهانێکدا خۆ نیشان دەدەن کە تێیدا نایەکسانیی لە دابەشکردنی ماڵ و دەسەڵات، بەتایبەتمەندیی سەرەکی و دیاری ئەو جیهانە دادەنرێو لە کاریگەرییەکان بەدوور نابێت.

مۆدێرنیتە نە تەنیا لە روانگەی کاریگەرییە جیهانییەکەیەوە، بەڵکو لە دیدی ناسینی بریسکانەوە یان رەنگدانەوەی دا کە تایبەتمەندیی عادەتی گەشەکردنی مۆدێرنیتەیە، خەریکی گشتگیربوون و جیهانگیرییە، لەم بەشەش دا ئەم پرسیارە دەکرێ:

***ئایا دەتوانین بەم دیدەوە بە مۆدێرنیتە بڵێین دیاردەیەکی تەواو رۆژئاوایی؟***

بە وەبەرچاوگرتنی چەند تایبەتمەندیی دیاریکراو، دەبێ وەڵامی پۆزەتیڤ بەم پرسیارە بدەینەوە. وەرچەرخانی بەپەلە لە زاتی سوننەتەوە بەرەو رەنگدانەوەی مۆدێرنیتە نە تەنیا لە چاخەکانی پێشوو، بەڵکو لە باقی کولتوورەکانیش جیا دەبێتەوە و کەلەبەریان تێدەکەوێ، چونکە ئەقڵ ئەوەنیشان دەدا کە ئیتر ناتوانێ ئاکامی خۆی بسەلمێنێ. بەم پێیە هیچ خاڵێك نابیندرێ کە نیشانی بدا

کەلەبەری ناوبراو پشت ئەستوور نییە بەناچاری یان بەلێنی کولتووریی (دەسەڵات)، بەڵام دەسەڵات بە شێوەی تایبەتیی خۆی خەریکی لابردنی کێشەکان و بەرچاوگرتنی بابەتە ئاراستەکراوەکان ناکا کە لێکەوتەی عادەتی رەنگدانەوەی مۆدێرنیتەن، بەتایبەتی تا ئەو جێیەی شێوازی باسە ئیستدلالییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قبووڵ بکرێ و سەرنجی بدرێتێ. بابەتی ئیستیدلالی کە وێنەیەکی پێکهێنەر و هێزی زانستە سروشتییەکانە، جیاوازیی کولتووریی دەشارێتەوە و دەیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەگەر بەلێنی بەم چەشنە بابەتانە وەکو کەرەسەیەك بێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکان، هیچ شتێك بۆ ئەمە ***ڕۆژئاوایی*** نییە، بەڵام ***کێ دەتوانێ بڵێ کە لە هەمبەر بەرفرەهبوونی ئەم چەشنە بەڵێنانە چ جۆرە تەنگەژە یان لەمپەرێك دەتوانرێ بخرێنە سەر ڕێ؟*** چونکە نەفسی زۆرگومانکردن هەمیشە لە گومان دایەو بەم شێوەیە ئەمە بناغەیەکە کە خۆڕاگرییەکی سەرسەختانەی دەوێ.

لە نێو کۆمەڵگا پیشەکارییەکان و تاڕادەیەکیش لە سەرانسەری جیهاندا هاتوینەتە قۆناغێك لە مۆدێرنیتەی مەزن کە خۆی لە بەلای ئەو شوێنە نەگۆڕ و جێ متمانەیە رزگار کرد کە ئەرخەیانبەخشیی سوننەت بوو و هەروەها بە ***ناوەندی ئیمتیازێکی قایم بۆ ئەوانەی ناوخۆ یان دیتران*** دادەنرا. ئەگەرچی داهێنەرانی دیاردەی مۆدێرنیتە بە دوای دۆزینەوەی بیچم گەلێکی حەتمی دابوون بۆ ئەوەی لە جێگەی بیچمە سەرەتاییەکانی دانێن، بەڵام مۆدێرنیتە رەوتی چەقبەستنی شك و گومان گەرەنتی دەکا، ئەگەر لە بەراورد لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ***جەغزی بوونی*** نێو زانستە سروشتییەکان هەڵگری واتا و نێوەڕۆکی جیاوازە، بەڵام لە هەلومەرجی مۆدێرنیتەدا زۆربەی خواستەکان بۆ ناسین گرینگن ــ ***جەغزی بوون*** ـ لە زانستە سروشتییەکان بە سەر ئەم راستەقینەیەدا دەڕوانێ کە زانست شێوەیەکی بێ خەوشە، بە چەشنێ کە



سەرجەم چوارچێوە و بیچمە سەرەکییەکانی (ناسینی قبووڵ کراو) رەت دەکرێنەوە و وەلادەنرێن. زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە دوو جۆرە مانا هەڵگری چەشنێك جەغزی بوونن کە لە بنەڕەتدا  بۆ دامەزراوە تازەکان گرینگ و سەرەکین. سەرجەم بانگەشەکانی ناسین کە بەرهەمی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن پێویستە چاو بەسەر بنچینەکانیاندا بخشێننەوە، هەڵبەت بەجۆرە کە لە هەمانکاتدا دەرەوە و ناوەوەی بوارێك دەناسێنین دەکەونە بەر ***چاو پێداخشاندن و خوێندنەوە***.

مۆدێرنیتە لەزاتی خۆیدا دیاردەیەکە لە حاڵی جیهانگیری و گشتگیربوون و ئاکامی روخێنەری ئەم دیاردەیە لەگەڵ (جەغزی بوون)ی عادەتی بریسکانەوەی مۆدێرنیتە تێکەڵاو دەبێ، مەیدانی رووداو گەلێك پێکدێنێ کە تێیدا مەترسیی عادەتێکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ، لایەنگریی گشتی و جیهانگیری مۆدێرنیتە هاوکات بەلایەنگریی ***Intensional tendencies*** ***ktensinal tendencies*** دادەنرێ کە لە هەر دوو جەمسەری ناوچەیی و جیهانیدا جەماوەر بە سیستەمە گشتگیرەکانەوە وەکو بەشێك لە دیالێکتیکی ئاڵۆزی گۆڕان دەلکێنێ. زۆربەی ئەو دیاردانەی کە زۆرجاران ***پۆست مۆدێرنیان*** پێدەگوترێ، لە کردەوەدا بە سەر ئەزموونەکانی ژیانی نێو دنیایەکدا دەڕوانن کە تێیدا حازربوون و غیاب لە چوارچێوەی شێوەکانی مێژوویەکی نامۆدا ئاوێتەی یەکتری دەکرێن.

هاوتەریب لەگەڵ هەرچی زیاتر جێگربوونی جەغزی بوونی مۆدێرنیتە، پێشکەوتوویش لە نێوەڕۆك بەتاڵ دەکرێ و لە ئاستێکی نزیك بەوانیشەوە رادەی هۆشیاریی هەمیشەیی کە لە ژیانی نێو ***جیهانێکدا*** سەرچاوە دەگرێ، زۆرجاران دەتوانێ لە رادەی ئاسایی تێپەڕ بێ، بەڵام ئەم کارە لە پێشدا بەو واتایە نییە، کە جیابوونەوە و پچڕپچڕی کولتووریی یان توانەوەی تاك لە دنیای

نیشانە بێ ناوەندەکاندا روودەدا، بەڵکو بە رەوتی گۆڕانی هاوکاتی وێنا و رێکخراوی کۆمەڵایەتیی جیهانی لە هەمبەر بنەما و پێشینەی کێشەسازی ئەو مەترسییانە دادەنرێ کە چارەنووسی خراپییان هەیە.

مۆدێرنیتە لە زاتی خۆیدا ئەو دیاردەیەیە کە دەڕوانێتە داهاتوو یان بەرەو داهاتوو دەڕوا، بە چەشنێ کە تێیدا ***داهاتوو*** هەڵگری شوێنی دژی راستەقینەیە، ئەگەرچی زۆر هۆگەلی تر بۆ ئەم کارە هەن، بەڵام ئەمە هۆکارێکە کە من گریمانەی ریالیزمی یوتۆپیایی لەسەر دادەڕێژم. پێشبینییەکانی تایبەت بە داهاتوو دەبنە بەشێك لە سەردەمی هەنووکە و بەسەرنجدان بەوەی کە چۆن کامڵ دەبێ، ئەم پێشبینیانە وەلادەنرێن. ریالیزمی یوتۆپیا (ئاواڵەکردنی پەنجەرەکان) بەرەو داهاتوو لەگەڵ لێکۆڵینەوەی لایەنگری سەقامگیربوونی لە حاڵی گەڕیاندا گرێدەدا کە بە پێی (لێکۆڵینەوە) داهاتووە سیاسییەکان بە دیاردەیەکی ناوەکی و زاتی لە زەمانی حاڵ دادەنرێن. یۆتوپیاکانی ریالیزم لە بەرامبەر بریسکانەوە و زەمانمەندیی مۆدێرنیتەدان. راسپاردە و پێش بینییە یۆتوپیاییەکان بنەمایەك بۆ بارودۆخی کارەکان لە داهاتوو دادەنێن کە ئەم بنەمایە پێش بە رێگای عادەتی تەواو ئاواڵەو هەمیشەیی مۆدێرنیتە دەگرێ. لە دنیایەکی پاش مۆدێرندا زەمان و پانتا لە نێو پێوەندیی دوولایەنەی خۆیاندا و بەیارمەتی مێژوومەندی***historicity*** پۆلین ناکرێن. گوتنی ئەوە دژوارە کە بڵێین ئایا ئەم کارە بەجۆرێك دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ژیانی ئایینی یان **نا**، بەڵام رەنگە چەشنێ نەگۆڕیی***fixity***دووپات کراو هەبێ بۆ بەشێك لە لایەنە دیارەکانی ژیان کە وەبیرهێنەرەوەی تاقمێك لە تایبەتمەندییەکانی سوننەتە وەها هێمنییەك بنەما و پانتا بۆ هەست ***بە ئاسایشی ontological***پێکدێنێ، هێمنییەك کە پشتیوانەکەی ئاگاداربوونە لە جیهانی کۆمەڵایەتیی ژێر چاوەدێری مرۆڤ، ئەم دنیایەش دنیایەك نابێ کە بەرەو دەرەوە هەڵوەشێتەوە و



لێك بڵاو بێ و بەرەو ئەو گروپ و رێکخراوانە بڕوا کە هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی ناوەندییان نییە، بەڵکو بێگومان دەبێتە دنیایەك کە بە شێوەیەکی ئاڵۆز ئاستە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوێتەی یەکتر دەکا، ***ئایا وەها دنیایەك دەبێتە خاوەنی رێکخراوەی زەمان و پانتای رادیکاڵی؟*** رەنگە شتێکی وا بێتە پێش، بەڵام ئێمە بەم چەشنە دەنگدانەوانە دەبینە هۆی لێکترازان و هەڵبڕانی پێوەندیی نێوان هزرە یوتۆپیایی و ریالیزمییەکان.*

### پەراوێز

١. Anthony Giddens, "Is Modernity a Western Project?" in A. Giddens, The Consequences of Modernity (London: Polity Press, ١٩٥٥), Ch. ٦. pp. ١٧٤–٧٨.

****سەرچاوە:***

مدرنیتەو مدرنیسم/ **مجموعەء** مقالاتی در سیاست، فرهنگ و **نظریە**های اجتماعی/ ترجمە و تدوین: حسینعلی **نوذری** ــ تهران **١٣٧٨**

# لوکاچ و مۆدێرنیزم

**یەدوڵڵا موەقێن**

***لوکاچ*** لە بەرهەمی خۆی ***"واتای ریالیزمی هاوچەرخ"***دا ئەدەبیاتی مۆدێرن بە سێ لقی سەرەکی دابەش دەکا:

١) ئەدەبیاتی پێشەنگ (ئاوانگارد) یان مۆدێرنیزمی تاقیکردنەوە.

٢) ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی ئەوروپای رۆژهەڵاتی (کە ئەمڕۆکە ئیتر بەرچاو نایەت).

٣) ریالیزمی رەخنەیی.

نوێنەرانی ئەدەبیاتی پێشەنگ یان مۆدێرنیزم کافکا و جیمز جۆیس و موزیل و بێکت و فاکنێر ـ ن.

***لوکاچ*** رەخنە لە مۆدێرنیزم دەگرێ، چونکە پێیوایە لە ژێر دەسەڵاتی زەینخوازیی دایە و لە بەرامبەر هەلومەرجی مرۆڤ دا تێڕوانینی نەگۆڕی هەیە. لەم بەرهەمانەدا کەسایەتییەکان خۆڕاگر و سیستماتیك نین و حاڵەتێکی نەخۆشیان هەیە و لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە مۆدێرنیزم بێبەرییە لە هەستی مێژوویی. بەبۆچوونی ئەو ئەدەبیاتی پێشەنگ لە چاخی هەنووکەدا نموونەی چەشنێك ئەدەبیاتی کۆمەڵگای سەرمایەداریی رۆژئاوایە.

***لوکاچ*** پێیوایە کە ***ریالیزمی سۆسیالیستی***-ش دوگماتیکە، چونکە نووسەرانی ریالیستی سۆسیالیستی لە سەر ئەم باوەڕەن کە دژایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی سادەن و پێیانوایە ***یوتۆپیا***، واتە کۆمەڵگای سۆسیالیستی بە ئاکام گەیشتووە، باوەڕێك کە دەبێتە هۆی ئەوەی تێڕوانینی ئەوان وەکو تێڕوانینی مۆدێرنیزم **نەگۆڕ** بێ. بەم پێیە ***ریالیزمی رەخنەیی*** لە بەرامبەر ئەو دوانەدا رادەوەستێ. ***لوکاچ*** لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ***توماس مان*** و ***کونراد*** و



***بێرناردشاو*** نوێنەری هەڵکەوتووی ریالیزمی رەخنەیی ـ ن و ئەوانی بە میراتگری راستەقینەی ریالیستە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەی ئەوروپا، واتە ***بالزاك***، ***ستاندال*** و ***تۆلستۆی*** لە قەڵەمدا، چونکە پێیوایە لە بەرهەمەکانی ئەواندا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتمەندیی بەرچاوی چاخی ئێمەن بەشێوەی راستەقینە رەنگدەدەنەوە و کەسایەتی لە پێناوی شێوازدا بەخت ناکرێ. تێگەییشتن لەسەر بارودۆخی مرۆڤ بە شێوەیەکی روو لەگەشە و لە ناوەڕۆکێکی مێژووییدا روودەدا و لایەنە نەخۆشەکانی ژیانی مۆدێرن دەکەونە روانگەی رەخنەییەوە. بە بۆچوونی ئەو ***ریالیزمی رەخنەیی*** هەر تەنیا ئەوە نییە کە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشوو هەبێ، بەڵکو ئەدەبیاتێکە رووەو داهاتوو.

***لوکاچ*** دەڵێ:

چ شتێك شێوازی بەرهەمێکی هونەری دیاری دەکا و مەبەست چۆن فۆڕمی **بەرهەم** دەستنیشان دەکا؟ (هەڵبەت مەبەست ئامانجێکە کە لە بەرهەمەکەدا بەئاکام گەیشتووە، چونکە رەنگە ئەم ئامانجە لە ئامانجی هەستکردانەی نووسەر نەچێ).

ئەو جیاوازیانەی لێرەدا لەئارا دان تەکنیکەکانی شێواز بە واتای فۆڕمالیستی نین، بەڵکو ئەو ئایدیالۆژیانەن کە پێکهاتەی بەرهەمی هونەری و هەوڵی نووسەر پێشکەش دەکەن. هەر ئەم ئایدیالۆژیانە مەبەستی نووسەر و بنەڕەتی پێکهێنەری شێوازی بەرهەم درووست دەکەن.

ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانینە بەرهەمی هونەری، شێواز نابێتە بابەتێکی فورمالیستی، بەڵکو رەگی لە ناوەڕۆکی بەرهەمدا دەبێ. فۆڕم تایبەتە بە ناوەڕۆکێکی تایبەت. بە واتایەکی دیکە ناوەڕۆك فۆڕم دیاری دەکا، بەڵام هیچ ناوەڕۆکێك نییە کە تێیدا مرۆڤ نەبێتە ناوەندی سەرنج. مەبەست یان ئامانجی قوتابخانە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکان هەر شتێك بێ (ئاراستە کردنی ئەزموونێکی

تایبەتی یان مەبەستێکی راهێنەر) ئەم پرسیارە سەرەکییەمان هەر بۆ دروست دەبێ:

**مرۆڤ چییە؟**

هەر لێرەوە جیاوازیی بیرو بۆچوونەکان دەستپێدەکا. بە پێی پێناسەی ئەرەستوو مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەدەبیاتی ریالیستی پێناسەی ئەرەستوو- ی قبووڵ کردووە، چونکە پێیوایە بوونی تاك لە هەرێمی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیا نابێتەوە. خەسڵەتی مرۆڤانە یان تاکبوونی تایبەتیی هەموو تاکێك لە ناوەڕۆك و ئەو هەرێمەی کە تێیدا لە دایك بووە جیا ناکرێتەوە، بەڵام لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا ئیگزیستانسیالیستێ کە وێنەی مرۆڤ دەخوڵقێنێ، دروست لە بەرامبەر ئەم پێناسە سوونەتییەی ئەرەستوویی دایە. بە بۆچوونی ئەوان مرۆڤ بە پێی عادەتی سروشتی خۆی تەنیایە و کۆمەڵایەتی نییە، بەم پێیە ناتوانێ لە گەڵ باقی مرۆڤەکان پێوەندی سازبکا. تامس وۆڵف دەڵێ:

***من پێموایە جیهان لە سەر ئەم باوەڕەیە کە تەنیایی بە هیچ چەشنێك بارودۆخێکی نایاب نییە، واتە شتێك نییە کە هەر تایبەت بێ بە من یان تاقمێك لە مرۆڤی تایبەت، بەڵکو هەقیقەتێکی داسەپاو و بنەڕەتیی "بوون"ی مرۆڤە.***

مرۆڤ کە بەمجۆرە وێنا کرا ئیتر ناتوانێ لەگەڵ دیتران پێوەندی ساز بکا و ئەگەریش وەها بکا پێوەندییەکی رواڵەتی و ئاسایی دەبێت. ئەم تەنیاییە زاتییەی مرۆڤمان نابێ لەگەڵ تەنیایی تاك کە لە ئەدەبیاتی ریالیستی سوننەتیدا دەیبینین لێ تێك بچێ. لە ئەدەبیاتی ریالیستدا لەگەڵ دۆخێکی تایبەتی رووبەڕوو دەبینەوە کە تێیدا تاك لە بەر کەسایەتیی خۆی یان



هەلومەرجی تایبەتی ژیانی، تەنیا بووە، بەڵام ئەم بارودۆخە بەشێکی بچووك لە ژیانی گشتی پێك دێنێ. وەها چارەنووسێك بۆ تاك بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی تایبەت بەدی دێ، بەڵام لە پەنای تەنیایی ئەو یان ئەوپەڕی ئەودا ژیانی گشتی درێژە بە رەوتی ئاسایی خۆی دەدا. بە واتایەکی دیکە لە ئەدەبیاتی ریالیستیی سوننەتیدا تەنیایی چارەنووسی تاك بە هۆی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بوو نەك گشتی، بەڵام لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستیدا تەنیایی چارەنووسی حەتمی مرۆڤ هەمیشەییە. مرۆڤ تەنیایە بەمجۆرە بێبەرییە لە مێژوو. لە بەرهەمە مۆدێرنیستییەکاندا بە دوو شێوە رەتکردنەوەی مێژوو نیشان دەدرێ:

١) قارەمانی چیرۆك هەرتەنیا لە چوارچێوەی ئەزموونی خۆیدا دەمێنێتەوە. بۆ ئەو هیچ چەشنە راستەقینەیەك لەوپەڕی خۆیەوە نییە کە کاریگەری لێوەرگرێ یان کاریگەری لە سەر دابنێ.

٢) قارەمان لە مێژووی شەخسی و خاوەن مانا بێبەرییە و بە بێ هیچ لێدوانێك هاویشتراوەتە نێو جیهانەوە. ئەو بەپێوەندی گرتن لەگەڵ جیهان گەشە ناکات. بەم پێیە نە جیهان ئەو پێدەگەیەنێ و نە ئەو جیهان. تەنیاگەشەیان گۆڕانێکی کە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیزمدا نیشان دەدرێ دەبێتە تێگەیشتن لە بارودۆخی مرۆڤ. مرۆڤی هەنووکە هەمان شتە کە هەمیشە بووە و دایمەش دەبێ. ئاخێوەر(بگێرەوە) یان ناسێنەری بابەت رووەو گەشەیە و راستەقینەی ئەزموون کراو نەگۆڕە. ***تی.ئێس.ئەلیوت*** ئەم دیاردەیە و ئەم شێوە وێناکردنەی کەسایەتی مرۆڤ ئاوا پێناسە دەکا:

***جەستەیەکی بێ فۆرم، نسێیەکی بێ رەنگ***
***هێزێکی گۆج کراو، ئاماژەیەکی سڕ***

تێکشکانی کەسایەتیی بەدوای دارمانی جیهانی دەرەکی دادێ. شاعیری ئەڵمانی **گوتفریدبن** دەڵێ:

***ڕاستەقینەی دەرەکی بوونی نییە، تەنیا زانیاریی مرۆڤە کە بە هێزی خۆی هەموو کات دنیا نوێیەکان دەخولقێنێ، دەیانگۆڕێ یان دەیانخولقێنێتەوە.***

لە بەرهەمەکانی ***جۆیسدا*** ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی عەینی و تەسلیمی بوون تێگەیشتنی خراپ ، پاژی تەواوکەری ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینەیە. هەڵبەت ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینەی دەرەکی هەمیشە بەم جۆرە تیۆرە سیستماتیکە ئاراستە ناکرێ، بەڵام لە هەموو بەرهەمە مۆدێرنیستییەکاندا هەیە.

***ڕۆبێرت موزیل*** لە گفتگۆیەکدا کاتی ڕوودانی چیرۆکی مێژوویی خۆی ***لە نێوان ١٩١٢ و ١٩١٤ دەستنیشان کرد***، بەڵام دەستبەجێ گوتی: ***من دەبێ داکۆکی لە سەر ئەوە بکەم کە ڕۆمانێکی مێژووییم نەنووسیوە. من لە هەمبەر ڕووداوە واقعییەکاندا نیم، چونکە دەتوانین لە بری ئەوان ڕووداویتر بگێڕینەوە. من هۆگری ئەو شتەم کە دەتوانین پێی بڵێین لایەنی مۆتەکەئاسای ڕاستەقینە.*** واژەی ***مۆتەکە ئاسا***واژەیەکی جێ سەرنجە، چونکە ڕووتێکردنێکی زاڵ بەسەر ئەدەبیاتی مۆدێرنیست کە بزر کردنی ڕاستەقینەیە، نیشان دەدا. لە بەرهەمەکانی ***کافکا***دا پاژەکان توانایەکی سەیریان هەیە بۆ تێگەیشتن. ڕەسەنایەتی هونەری کافکا لەمە دایە کە تێڕوانینی خۆی دەربارەی جیهان کە دڵەراوکێیە، لە جێگەی ڕاستەقینەی عەینی دادەنێ. پاژەکان کە بە شێوازی ڕیالیستی ئاراستە دەکرێن نیشاندەری ناواقیعی بوونێکی مۆتەکەئاسا و دنیایەکی شێوەکابووسییە بۆ ئەوەی دڵڕاوکێ و بەپەرۆشی بەدیبێنێ. هەر بەو جۆرەی ئاماژەی پێکرا لە بەرهەمەکانی ***جۆیدا*** بزربوونی ڕاستەقینە بنچینەی وەگەڕکەوتنی زانیارییە. کاتێ بزرکردنی ڕاستەقینە خێراتر دەبێ کە زانیاری بۆخۆی بتوانێ ڕاستەقینە پێشکەش بکا. کاتێ زانیاری لە لایەن کەسێکی نەرێ



یان کەسێکی گێلەوە بێ -هەر وەك یەکەم بەشی***تووڕەیی و نەڕەوگوڕەی*** فاکنێر، یان لە حاڵەتی توندوتیژتردا، واتە ***مولوی*** بێکت-ئەو کات مەحاڵە ڕاستەقینە ئاراستە بکرێ.

بزربوونی ڕاستەقینە و تێکشانی کەسایەتی دەروەستی یەکترن. بنچینەی هەردوو کەمایەسی تیۆرێکی ڕێك و پێکە دەربارەی سروشتی مرۆڤ. لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا مرۆڤ تا ئاستی ریزێك لە لەت و پەتییەکی ئەزموونی کە پێوەندیان پێکەوە نییە دادەبەزێ. مرۆڤ بە ڕادەی دیتران لەگەڵ خۆی نامۆیەو لە خۆی تێناگات. لە شانۆیی ***کوکتێل پارتی*** بەرهەمی "تی. ئێس. ئەلیوت"دا پزیشکی دەروون بۆ پێناسەی ئەم دیاردەیە کە لە ڕاستیدا بۆچوونی نووسەر نیشان دەدا، دەڵێ:

***ئاخ ئێمە هەموو ڕۆژێ لە ڕوانگەی یەکتردا دەفەوتێین***
***زانیاریمان لەسەر دیتران***
***بیرەوەری ئەو ساتانەیە کە ناسیومانن***
***کەچی تا بەئێستاکە گۆڕاون***
***واخۆنواندن کە ئێمە و ئەوان هەین کە بووین***
***بڕیارێکی کۆمەڵایەتی بەسوود و گونجاوە***
***بەڵام جاروبار دەبێ پێشێلی بکەین***

چونکە دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە لە هەموو دیدارێکدا لەگەڵ نامۆیەك ڕووبەڕووین، ***لوکاچ*** دەڵێ: ئیدەئالیسمی زەینی توانی بابەتی زەمانی لە زەمانی مێژوویی جیا بکاتەوەو بووە هۆی دابڕانی لە دەوروبەر و هەروەها بە شێوەیەکی سەڵت تێیگەیشت. وادیارە ئەم سەڵت بوونەی زەمان بە ڕادەی پێویست نیازەکانی ***چاخی ئیمپریالیزم*** چارەسەر ناکات. بەم پێیە***بێرگسۆن***کەلەبەری نێوان زەمانی زەینی و زەمانی جیهانی عەینی قووڵتر کرد. هەنووکە زەمانی ئەزموون

نەکراو یان زەمانی زەینی لەگەڵ زەمانی واقیعی دەبنە یەك. **بێرگسۆن** و فەیلەسووفانیتر کە ئەم بۆچوونەیان هێنا ئاراوە بانگەشەی ئەمەیان کرد کە چەمکی زەمان دەربارەی راستەقینەی سەرەکی، واتە واقیعییەتی زەینی لە لای ئەوان تێگەیشتووییەك ئاراستە دەکا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە **بێرگسۆن** لە سەڵتی فەلسەفەدا تاکانەبوونی تێگەیشتن دەپارێزێ. لە ئەدەبیاتدا بە هۆی شێواوی ریزی زەمانی، عەینییەت بزر دەبێ. ئەم راستییە کە چەمکی زەمانی عەینی ئاوا لە کوتو پڕ هاتۆتە نێو ئەدەبیاتەوە نیشاندەری ئەمەیە، کە چۆن زەینخوازیی لە ئەزموونی بیرمەندانی رۆژئاوادا رەگاژۆی کردووە. تاك لە بەرامبەر دلڕەقی سەردەمدا ناهومێدانە دەچێتەوە ناوخۆی هەتا لە بارودۆخی پەرێشانی خۆیدا ئەفسوونێکی مەستانە ئەنجام بدا، بەڵام بە پێچەوانە ترسێکی نوێ دەردەکەوێ. ئەگەر تێگەیشتن لە بەرامبەر راستەقینەدا نییە -بۆ تێگەیشتن لە راستەقینە هیچ هەوڵێکیش نادرێ- بەم جۆرە زەینییەتی تاك کە لە دنیادا تاك و تەنیایەو تەنیا خۆی نیشان دەدا، رەوشتێکی سامناك و نامۆی دەبێ. لە جیهانی واقیعییەتی عەینیدا بە جیاکردنەوەی زەمان دنیای ناخی تاك دەبێتە رەوتێکی نەگریس و سەربەمۆر و رەوشتێکی نەگۆڕی دەبێ و ئەم لایەنگرییە بەرەو رووخان لەسەر هونەر کاریگەرییەکی ناخۆشتری دەبێ هەتا فەلسەفە، چونکە کاتێ زەمان بەم جۆرە لە جیهانی دەرەوە دابڕا، جیهانی هونەرمەند بە جیهانی جۆراوجۆرو بچووك دابەش دەبێ. هەنووکە تێگەیشتنی نەگۆڕ لە جیهان لەگەڵ بزربوونی زەینییەت ئاوێتە دەبێ و بە بێ هیچ دژایەتییەك دەبێتە حاکم. ئەگەر لە دنیای مرۆڤ دا تەنیا تۆمارکراوێك کە تاکە بابەتی ئەدەبیاتە بسڕدرێتەوە ئەو دنیایە دەشێوێ. ***والتێر بنیامین*** ئاوا لە سەر روانگەی **پرۆست** و تەکنیکی دەربڕینی روانگەکەی دەدوێ:



***هەموومان دەزانین کە پرۆست ژیانی مرۆڤێك نەك بەوشێوەیەی کە بە راستی روویداوە، بەڵکو بەو جۆرە پێناسەی دەکا کە دێتەوە بیری کەسێك. ئەم وتەیە ناتەواوە، چونکە (لە بەرهەمەکانی پرۆستدا)***

***ئەزموونی راستەقینە گرینگ نییە، بەڵکو تان و پۆی بیرەوەرییەکان گرینگن. بیری مرۆڤ وەکو قوماشێکی‌نەخشینە... رووداوێکی کە لە ژیاندا روویداوە بەرتەسك یان لانیکەم بەپێی بواری ئەزموونەوە کۆتایی پێهاتووە، بەڵام بیرەوەری بێ‌کۆتایە و دەتوانێ سەرەداوێك بێ بۆ ئەو شتەی پێشتر روویداوەو هەروەها بۆ ئەو شتەی دواتر روودەدا.***

بەڵام زەمان تاکە هۆکارێك نییە، کە لەناوبرانی ببێتە لێکهەڵوەشانەوەی دنیای ناخ و دەرەوە. لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا ناسێنەر هێزی بەناوندکردنی خۆی لەکیس داوە و ناتوانێ ئەندێشەی خۆی رێکوپێك بکا. لە ئاکامدا ناسێنەر لە بەرامبەر هەموو شتێك بێ‌هەڵوێست دەبێ و تەنیا سەرشێتییەکەیەتی ئەم بارودۆخە دەگۆڕێ، سەرشێتییەك کە چەشنێك نارەزایەتی نەخۆشانەیە لە بەرامبەر بارودۆخی مرۆڤدا.

ئەدەبیاتی ریالیستی سەردەمەکانی پێشوو هەرچەند رەخنەی قورسی لەسەر راستەقینەی ئەو جیهانە هەیە، کە پێناسەی دەکرد، بەڵام یەکگرتوییەکی هەبوو کە وەکو کۆیەکی زیندوو لە مرۆڤ جیا نەدەکراوە، بەڵام زۆربەی ریالیستەکانی سەردەمای ئێمە بە ئانقەست رەگەزگەلێ لە دارمان بۆ نیشاندانی وردتری جیهانی هاوچەرخ بەکار دێنن.

بەمجۆرە یەکگرتوویی سروشتیی پێشوو ئیدی هەر لە خۆیەوە پێك نایەت، بەڵکو دەبێ هەستکردانە پێك بێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستدا دارمانی دنیای مرۆڤ کە هۆکاری تێك رووخانی کەسایەتییە، لە مەبەستێکی ئایدیالۆژیکی دەچێ. بەمجۆرە ژێدەری هەستی دڵەڕاوکێی ئەم ئەزموونە

بنەڕەتییەی مۆدێرن و ئەم ***هاویشترانە بۆ ناو جیهان*** لە کۆمەڵگایەکی داڕووخاو دایە و کاریگەرییەکانی بە شێوەی تێك رووخانی دنیای مرۆڤ دەردەکەوێ.

لە حاڵێکدا نووسەری مۆدێرنیست بە شێوەی ناڕەخنەیی لەگەڵ زۆرینەی لایەنەکانی دنیای مۆدێرن رووبەڕوو دەبێتەوە. نووسەری ریالیستی هاوچەرخی ئەو دەتوانێ لەو لایەنە دوور بکەوێتەوە و بە دیدێکی رەخنەییەوە لێیان بکۆڵێتەوە. بۆ وێنە ***توماس مان*** بە دورکەوتنەوەیەکی رەخنەیی لە پرسی زەمان تێدەگا کە تایبەتمەندیی زەینی بوونی زەمان ئەزموونێکی مۆدێرنە. ئەو پێدەزانێ کە ئەم ئەزموونە چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت دەستنیشان دەکا و بە کەڵکوەرگرتن لەم ئەزموونە ئەم چینە باشتر وەسف دەکرێ. رێ دۆزی ناڕەخنەیی نووسەرە مۆدێرنیستەکان و بەشێك لە فەیلەسووفانی مۆدێرن لەم باوەڕەیاندا دەردەکەوێ کە ئەزموونی زەینیی زەمان بە راستەقینەی هەمیشەیی دادەنێن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نووسەری ریالیست بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندیی بەشێك لە کەسایەتیی چیرۆکەکانی خۆی کەڵك لە لێکۆڵینەوەی زەمان وەردەگرێ. مۆدێرنیست لە بەرهەمی خۆیدا بۆ وەسفکردنی خودی راستەقینە ئەزموونی زەمان بەکاردێنێ. ***توماس مان*** زۆرجاران کەسایەتی گەلێکی کە زەمان بە شێوەی زەمانی زەینی ئەزموون دەکەن لە پەنای ئەو کەسایەتییانە دادەنێ کە ئەزموونەکانیان لەسەر زەمان ئاسایی و عەینییە. ***هانس کاسورپ*** لە ***کێوی جادوودا*** بە شێوەی زەینی زەمان ئەزموون دەکا، کەچی زەمان بۆ ***ئاخیم تێسیمەن*** حاڵەتی ئاسایی و عەینی هەیە. ***تێسیمەن*** دەزانێ کە ئەزموونی زەینی زەمان بە هۆی ژیان لە شێتخانە بەدەست دێت. لێرەدا بە جیاکردنەوەیەکی گرینگ دەگەین. نووسەری مۆدێرنیست پێیوایە کە ئەزموونی زەینی لەگەڵ راستەقینە هیچ جیاوازییەکیان نییە. لەم رووە وێنەیەکی دەسنکاری کراو لە سەرلەبەری راستەقینە ئاراستە دەکا، بەڵام



ریالیست بە دوورکەوتنەوەی رەخنەیی خۆی ئەو شتەی کە گرینگە بەتایبەتی ئەزموونی مۆدێرن لە زەمان دەخاتە نێوەڕۆکێکی بەرفراوانترەوە و لەسەر ئەوە داکۆکی دەکا کە دەبێ بە پاژێك لە کۆیەکی گەورەتر دابنرێ.

ئەم جیاکردنەوەیە لە لایەکەوە سەبارەت بە وسفی پاژەکانی نێو بەرهەمی مۆدێرنیستەکان و لە لایەکی دیکەوە لە بەرهەمی ریالیستەکان وەڕاست دەگەڕێ. پاژە وەسفییەکان دەتوانن بریسکانەوەی هەمیشەیی راستەقینە بن، بەڵام ئەوەی کە ریزی رووداوەکانی پەنای یەك دەتوانن وێنەی راستەقینە ئاراستە بکەن یان نا بابەتێکە دەروەستی چوونە ناو راستەقینەی نووسەرەوە، چونکە رێ دۆزینەوەی نووسەر ئەو رۆڵە دەستنیشان دەکا کە لە ئەستۆی پاژەکانی نێو نێوەڕۆکی گشتییە. ئەگەر ئەم پێشکەشکردنی رۆڵ و کارکردە بە شێوەی ناڕەخنەیی بێ دەرەنجامەکە دەتوانێ بە ناتۆڕالیزمی سەرەڕۆیانە بگا، چونکە نووسەر نەیتوانیوە بابەتگەلی بنەڕەتی و گرینگ لە بابەتگەلی نزم جیا بکاتەوە. رێ دۆزینەوەی ***جۆیس*** راست هەر ئاوایە و هەر لێرەوەیە کە تایبەتمەندیی ناتۆڕالیستی مۆدێرنیزم ئاشکرا دەبێ. مۆدێرنیزم جیاکردنەوەی بابەتگەلی بنەڕەتی و گرینگ لە بابەتگەلی نزم رەت دەکاتەوە و پێیوایە کە دەبێ دۆخی مرۆڤ لە جێگاکەی دابنرێ، بەمجۆرە شێوازی مۆدێرنیزم دەبێتە ناتۆڕالیستی. رەخنەگران بە سەرنجدان بە پێوەری فۆرم و جیاکردنەوەی تەکنیك لە ناوەڕۆك و زێدەگۆیی دەربارەی گرینگبوونی فۆرم، ناتوانن لەسەر واتای کۆمەڵایەتی یان هونەریی ناوەڕۆکی بەرهەم بڕیار بدەن و ریالیزم لە ناتۆڕالیزم جیا بکەنەوە. جیاوازیی نێوان ئەم دوانە دەروەستی بوون یان نەبوونی ریزبەندیی کاروبارە گرینگەکانە. لە بەراورد لەگەڵ ئەم ریزبەندییەدا بایەخدان بە بابەتی پێوەندیدار بە فۆرم لە پلەی دووەم دایە.

لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستدا تێگەیشتنی نەگۆڕی راستەقینە بە هیچ چەشنێ حاڵەتێکی زوو تێپەڕ نییە، بەڵکو رەگی لە ئایدیالۆژی مۆدێرنیستدا هەیە.

بەجۆرە بە مەبەستی ناسینی جیاوازیی نێوان مۆدێرنیزم و ریالیزمێك كە لە ***هومێرەوە هەتا توماس مان*** و ***گوركی*** گۆڕانی كردۆتە بابەتی سەرەكیی ئەدەبیات دەبێ قوولتر بڕوانرێتە پێكهاتەی ئایدیالۆژیكیی پرسەكە.

## كافكا، ئەزموونی مۆدێرنیزم

هەموو كارێكی كە مرۆڤ دەیكا مانایەكی هەیە یان لانیكەم لە دیدی ئەو كەسەی كە ئەنجامی دەدا هەڵگری مانایە. ئەگەر كردە واتای نەبێ سووكە و ئەو هونەرەی بۆ ئاراستەكردنی لەكار دەكرێ دێتە ئاستی وەسفە ناتۆرالیستییەكانەوە. سەرقاڵیی ئەدەبیاتی مۆدێرنیست بە رەواندەرمانی بۆتە ئاواتێك بۆ راكردن لە راستەقینەی سەرمایەداری، بەڵام ئەم سەرقاڵییە نیشاندەری ئەمەیە كە ئەو بارودۆخەی مرۆڤ دەیەوێ لێی دەرباز بێ دەسەڵاتی رەهای هەیەو بەم پێیە هەر هەڵسووڕانێكی كە رووەو مەبەستێك بێ شەرمەزاری نەتوانین و داماوییە. لەوسەرەوە كە ئایدیالۆژیی زۆربەی نووسەرە مۆدێرنیستەكان نەگۆڕی و راستەقینەی دەرەكیی نیشان دەدا (تەنانەت ئەگەر ئەم راستەقینەیە تا ئاستی حاڵەتی تەواو زەینیی تاك دابەزێ) چالاكیی مرۆڤ لە بەراییدا بێ مانایەو هیچ كاریگەرییەكی لەسەر نابێ. لە بەرهەمەكانی كافكادا وەها تێگەیشتنێك لە راستەقینە بە رێكو پێكترین و ئەرخەیانبەخشترین شێوە نیشان دراوە. كافكا حاڵەتی دەروونیی ***ژۆزیفك*** لەكاتی بردنی بۆ ئێعدام بەجۆرە وەسف دەكا:

***ئەو بیری لە مەگەسەكان و هەوڵی بێهوودەی لاقە***
***لە رزۆكەكانی ئەوان دەكردەوە كە دەیانویست لە چنگی كاغەزی مێشكوژ رزگار بن.***



ئەم حاڵەتە واتە بێهێزیی تەواو و گۆج بوون لە بەرامبەر هێزی لە رادەبەدەری هەلومەرج لە سەرانسەری بەرهەمەكەدا بەرچاو دەكەوێ. ئەگەرچی كردە لە چیرۆكی كۆشكدا جیاوازەو تەنانەت رێگەیەكی دژ بە چیرۆكی ***محاكمە*** دەگرێ، بەڵام هەر ئەم دیدە واتە پرسپكتیوی ***كەوتنە داوی مێشولەیەك*** لە هەموو شوێنێكدا دەبیندرێ. ئەم ئەزموونە و ئەم روانگەیە بۆ جیهان كە دڵەڕاوكێی بە سەردا زاڵەو مرۆڤەكانی دیلی ترسە لە رادەبەدەرەكانن، بەرهەمەكانی كافكای كردۆتە نموونەی تەواوی هونەری مۆدێرنیست. ئەو تەكنیكانەی لە شوێنەكانی دیكەدا تەنیا گرینگی فۆڕمالیستی-یان هەیە لە بەرهەمەكانی كافكادا بۆ ئەوە لەكار دەكرێن، تا لە بەرامبەر راستەقینەیەكی تەواو نامۆ و هێرشكاردا بێ دەرەتانییەكی مەزن جێگیر بكەن. دڵەراوكێی كافكا نموونەی بەرزی ئەزموونی مۆدێرنیزمە.

كافكا یەكێك لەو نووسەرە مۆدێرنیستانەیە كە شێوازەكەی دەربارەی پاژەكان هەڵبژاردنە نەك ناتۆڕالیستی و لە روانگەی فۆڕمەوە لێكدانەوەی لەسەر پاژەكان لە لێكدانەوەی نووسەری ریالیست دەچێ. كافكا نائەگەریترین و خەیاڵیترین دیمەنەكان بە هێزی پاژە وەسفییە ریالیستییەكان وێنا دەكا. ئەگەر **كافكا** لە وەسفی پاژەكاندا تەكنیكی ریالیستی وەبەرچاو نەگرتبوایە باسكردنی لەسەر عادەتی مۆتەكەئاسای بوونی مرۆڤ نەدەبووە ئەو مۆتەكە سامناكەی كە ئێستا هەیە، بەڵكو پەیڤ بێژییەكی رووت ساز دەبوو. وەسفی ریالیستیی پاژەكان پێش مەرجێكە بۆ گواستنەوەی پووچی. ناكۆكیی كافكا لەگەڵ ریالیزم ئەوكاتە ئاشكرا دەبێ كە لە بنچینەی سەرەكیی هەڵبژاردنی ئەو و ریزی پاژەكانی نێو بەرهەمەكانی بكۆڵدرێتەوە. بنچینەكانی **كافكا** باوەڕی ئەوە بە هێزی ئەوپەڕی **نهیلیزم** یان باوەڕە بە تەمسیلە نهیلیستییەكانی خۆی. بەم پێیە لە بەرهەمەكانی ئەودا یەكگرتوویی هونەری هەڵدەوەشێتەوە. كافكا نووسەری

مۆدێرنیستی ئەم جیهانەیە. مۆتەکەکانی ئەو تایبەتن بە ژیانی ڕۆژانەی بورژوا، چونکە خودی ئەم ژیانە ناراستەقینەیە پێویستییەکی بە مۆتەکەی میتافیزیکی نییە، بەڵام یەکگرتوویی وەها دنیایەك لە ناو دەچێ، چونکە دیدی زەینی لەگەڵ خودی راستەقینە بە یەك دادەنرێن. ئەو ترسەی کە سەرمایەداریی ئیمپریالیستی هێناویەتی بوونی مرۆڤی کردۆتە ماتریالێکی سەڵت. هەر ئەم ترسەی کە سەرچاوەکەی ئەزموونێکی زەینییە دەبێتە عەینی. ئەگەرچی شێوازی هونەریی کافکا لەگەڵ شێوازی نووسەرانی مۆدێرنیست جیاوازە، بەڵام خودی ئاراستەکردنی ناوەڕۆك یەك شتە: دنیای تەمسیلی، نهیلیزمێکی ئەوپەڕی ئەوەی هەنووکە. هاوشێوەی تەکنیك بە واتای هاوشێوەی ئایدیالۆژیی نییە و قبوولکردن یان رەتکردنەوەی بەشێك لە تەکنیکەکان مەبەستی بنەڕەتیی نووسەر دەرناخات.

## مۆدێرنیزم و ریالیزم: بابەتی پرسپێکتیڤ

بەڵام مەبەستی سەرەکیی نووسەر چییە؟ تا بەئێرە لەگەڵ خوێندنەوەی ئایدیالۆژیی هاوبەشی نێوان قوتابخانە جۆراوجۆرەکان، لێکدانەوەمان لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزم بووە. بۆ جیاوازیی دانان لە نێوان مۆدێرنیزم و ریالیزم دەبێ لە بابەتی پرسپێکتیڤ بکۆڵینەوە. لە پێشدا دەبێ ئەوە دەستنیشان بکەین پرسپێکتیڤ چۆن وەك بنەڕەتی هەڵبژاردن لە ئارادایەو دەبێتە پێوەرێك کە نووسەر پاژەکانی پێ هەڵدەبژێرێ و ناکەوێتە داوی ناتۆڕالیزمەوە. ئەوە روونە کە هەموو نووسەرێکی بەتوانا رووبەڕووی ئەم پرسە دەبێتەوە. توانای ئەدەبی بەواتای کەوتنە ژێر کاریگەریی پیت و بەرەکت و جۆراوجۆریی ژیانە، بەڵام ئەوەی کە نووسەر چۆن لە نێوان کاریگەرییە هەستیارەکاندا جۆرێك لە پڕەنسیپ مسۆگەر دەکا، پرسێکە پێوەندی بە ژیانی تایبەتیی نووسەرەوە دەبێ. ئەم دوو چالاکییە کە لە روانگەی دیالێکتیکیەوە



دژی یەکترن و لە هەمانکاتیشدا تەواوکەری یەکترین بۆ سازبوونی شێوازی نووسەر بنەڕەتین. لێرەدا گرینگیی پرسپێکتیڤ وەك بنچینەی هەڵبژاردن ئاشکرا دەبێ. هونەر بریتییە لە پێشهاتی بنەڕەتی و سڕینەوەی پێشهاتی لاوەکی. بەڵام ئەم پێناسەیە زۆر سەڵتە، چونکە بۆ ئەوەی پراکتیك بکرێ دەبێ بە شێوەیەکی قووڵتر ئەو بنەما زەینییە لێکبدرێتەوە کە رێنوێنی هەڵبژاردنی هونەرییە و لێك نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەی نێوان ئەو زانیارییانەی کە نووسەر هەڵیاندەبژێرێ و عەینییەتی هونەری وەبەرچاو بگیرێن. عەینییەتی هونەریی بەرهەمی ئەم بنچینە زەینییە نییەو رادەی راستوێژی و بینینی ئەم بنەمایە نابێتە گەرەنتییەك بۆ عەینی بوونی بەرهەمی هونەریی چ بگا بەوەی کە پێوەرێك بۆ ئەو عەینییەتە هەبێ. هەڵبەت ئەم دوو بنەمایە وانییە پێك نەیەن، بەڵام مەبەستی زەینیی هونەرمەند و دەسکەوتە عەینییەکەی بە تەواوی یەکتر ناگرنەوە. هەرچۆنێك بێ ئەم یەکتر نەگرتنەوەیە چاوەڕواننەکراو و نائەقڵانی نییە. جیاوازیی ئەم دوو بنەمایە روبەڕووبوونەوەی نێوان دوو بابەتی میتافیزیکی نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی دیالیکتێکیی کە دەبێتە هۆی گەشەی زەینییەتی داهێنەرانەو نیشاندەری کۆنتاکتی ئەو زەینییەتەیە لەگەڵ دنیای چاخی خود (یان رەنگە نیشاندەری شکستە لە پێکهاتن لەگەڵ جیهان).

***جۆری هەڵبژاردنی*** نووسەر دەروەستی کەسایەتیی ئەوە، بەڵام کەسایەتییەك کە لە زەماندا نەگونجێ و رەها بێ، ئەگەرچی رەنگە تاك پێیوابێ کە رەهایەو لە بێ زمانی دایە. رەنگبێ توانست و کەسایەتی سروشتی بن، بەڵام ئەگەر بە پێی رەوشێك گەشە بکەن یان نەکەن دەروەستی کاریگەرییەکانی نووسەر و دەوروبەری ئەو و هەروەها پێوەندی ئەوە لەگەڵ دیتران. ژیانی نووسەر پاژێکە لە ژیانی سەردەمای ئەو. گرینگ نییە کە ئەو ئاگای لەم بابەتە هەبێ یان نەبێ، قبووڵی بکا یان نەکا. ئەو بەشێکە لە گشتییەکی گەورەتری کۆمەڵایەتی و

مێژوویی. بەم پێیە ژیان قەت نەگۆڕ نییە، بەڵکو لەوپەڕی گەڕان دایە. بەربەرەکانیی رابوردوو هەنووکە و داهاتووە. کاتێ درك بە ژیانی هەموو مرۆڤێك دەکرێ یان هەڵدەسەنگێندرێ کە قۆناغەکانی بە بزووتنەوەیەك دابنێین کە لە سەرەتایەکی دیاریکراوەوە دەستپێکردووە و بەرەو مەبەستێکی دیاریکراوەوەیە. ئەم قۆناغ و پێوەندییە دینامیکیانەی ئەوان توخمگەلێکی زەینی نین کە نووسەر بە ویستی خۆی قبووڵیان بکا یان رەتیان بکاتەوە. ئەگەر هۆکارانێکی دەستنیشانکاری عادەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئەو ژیانە بە دڵخواز بسڕدرێنەوە خودی ژیان دەستکاری دەکرێ، بەڵام هەموو رووداوێك لە ژیان نە تەنیا لەم واتایەدا مێژووییە، بەڵکو بەشێکە لەوپەڕی مێژوویەکی تایبەتەوە کە لە فۆڕمی زەمانی هەنووکەدا سەردەمای رابوردوو بە داهاتووەوە دەلکێنێ. هەر بۆیە بەم دەرەنجامە دەگەین کە هەموو شتێك لە ژیانی نووسەردا هەموو ئەزموونێکی تاکی، هەموو ئەندێشە یان عاتیفەیەك ئەگەرچی زەینی یان تایبەت بن، بەڵام خەسڵەتی مێژوویيان دەبێ. لە ژیانی مرۆڤدا هەموو توخمێك بەشێکە لەو بزووتنەوەیە کە لە سەرەتایەکی دیاریکراوەوە دەستپێکردووەو بەرەو مزڵێکی دیاریکراو دەڕواو هەر ئەم بزووتنەوەیە کە توخمەکانی ژیانی ئەو دەستنیشان دەکا. لە ئەدەبیاتدا هەموو رەنگدانەوەیەکی راستەقینە دەبێ ئەم بزووتنەوەیە نیشان بدەن. ئەو رەوشەی کە نووسەر بۆ نیشاندانی راستەقینە هەڵیدەبژێرێ بە پێی قۆناغی مێژوویی و کەسایەتیی ئەو دەگۆڕدرێ، بەڵام ئەو هەڵبژاردن و سڕینەوەیەی نووسەر کە بە پێی ناسینی کۆتایی ژیانی خۆی لە کاریگەرییە ناخۆشە هەست بزوێنەکانی ئەنجامی دەدا پتەوترین پێوەندییەکە زەینییەتی ئەو و دنیای دەرەکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لێرەدا بازدانێکی دیالێکتیکی دەبینین کە لە ناخی زەینییەتەوە بەرەو عەینییەتی راستەقینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەڕوا. لە نێو هەمووی



ئەمانەدا پرسپێکتیف دەوری تەواوی هەیە. بۆ تێگەیشتن لە گرینگیی پرسپێکتیف دەبێ زیاتر لە جیاوازیی نێوان راستەقینەی عەینی و رەنگدانەوەکەی بکۆڵدرێتەوە. ئاشکرایە کە ریشەکانی هەنووکە لە رابوردوودا و ریشەکانی داهاتوو لە هەنووکە دایە. لە روانگەی عەینییەوە پرسپێکتیف ئاماژە بە بزووتنەوەی بنەڕەتیی لەوپەڕی مێژوویەکی ئاراستەکراو دەکاو لە روانگەی زەینییەوە ـ نە تەنیا لە بواری چالاکیی هونەرییدا، بەڵکو بە گشتی ـ توانایی درککردنی هەبوونی خودی ئەم بزووتنەوانە و جۆری کارکردی ئەوان ئاراستە دەکا. ئەگەر ئەدەبیات دەیەوێ وێنەیەکی چڕوپڕ لە ژیان نیشان بدا، واتە وێنەیەك کە لە دیدی فۆڕمەوە رێکوپێك و ئەرخەیانبەخش بێت دەبێ لە کۆتاوە بەرەو سەرەتا جووڵەی ئەم تەڤگەرە بخوێنێتەوە. لە ژیاندا بەرەو کوێ یان مزڵ، بەدوای لە کوێوە یان دەسپێکدا هاتووە، بەڵام لە ئەدەبیاتدا مزڵ ناوەڕۆك و هەڵبژاردنی پاژە جۆراوجۆرەکان و گونجاویی ئەوان دیاری دەکا. ئەگەر پێچەوانەکردنی رێگەی بزووتنەوە نەبوایە رەنگە بەرهەمی هوونەریی بۆ پێشکەشکردنی ریزی رووداوەکان وەکو دەفتەری رووداوەکان بوایە کە جاروبارە بڵاو دەبۆوە، بەڵام لە بەرهەمی هونەریدا ئەم پرسپێکتیڤەیە کە گرینگیی هەموو توخمێك دیاری دەکا. بمانەوێ و نەمانەوێ هەمووی نووسەران لە بارودۆخی مرۆڤ دەدوێن، تەنانەت سەڵتترین خوێندنەوەی داهاتوو بارودۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگای مرۆڤەو لەبەرئەوەی لە چاخی ئیمپریالیزم و شەڕی جیهانی و شۆڕشی جیهانیدا هیچ هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی پرسپێکتیڤێکی متمانەپێکراو ناتوانێ چاوپۆشی لە سۆسیالیزم بکا. پێمانوایە رەتکردنەوەی سۆسیالیزم لە پشتەوەی ئاراستەکردنی دڵەڕاوکێ (نیشاندەری بارودۆخی مرۆڤ لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیست)دا هەیە. تەنانەت **کۆیستلێر** ئەم دژە کەللەرەقەی مارکسیزم، دانی بەوە داهێنا کە پاش بەجێهێشتنی حیزبەکەی، هەستی بەوە کرد کە جیهانی خوا چۆڵە.

هەر بەوجۆرەی گوترا، فـرانتس کافکـا نموونـەی کلاسـیکیی نووسـەرێکی مۆدێرنە کە پێیوایە دڵەڕاوکێیەکی کوێر و سەرسام بەسەر جیهانـدا زاڵـە. لـە بەرهەمەکانی کافکادا پاژەکان ئـەو سـیمبوڵە رەمزاویانـەن کـە کـەس لێیـان تێناگات. بە هەر رادەیەك هێزی تێگەیاندنی پاژەکان زیاتر بێت بە هەمان رادە کەلەبەری ـ تەمسیلی ـ نێوان واتا و بوون قووڵتر دەبێ. بەرهەمەکانی **تووماس مان** لەبەراورد لەگەڵ ئەم گۆڕانە سەرنجڕاکێش، بـەڵام چارەڕەشـەدا، دەکەوێتـە ریزی ئەدەبیاتی مۆدێرنی بۆرژواییەوە.

***

**سەرچاوە:**

زبان، اندیشه و فرهنگ/ ترجمه و تالیف: یدالله مـوقن، تهـران: هـرمس، ١٣٧٨.

# مۆدێرنیزم و پرسە نوێیەکان

**بابەك ئەحمەدی**

یەکێك لە گرینگترین هۆکارەکان کە دیدی هەنووکەیی ئێمەی بۆ فەلسەفەی هونەر و جوانیناسیی دارشتووە، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی مۆدێرنیزمە. ئەگەر باسەکەمان بە گەشەی کولتوور و بە واتایەکی تایبەتی بە کامڵبوونی هونەریی بەرتەسك بکەینەوە ئەوکات بە یاریدەی زاراوەی مودێرنیزم دەتوانین لە رەنگدانەوەی فکریی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنە ئابووری، سیاسی و کولتوورییانە تێبگەین کە سەدەی نۆزدە، پانتای جۆراوجۆری ژیانی لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەدوای ئەوانیشەوە لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا گرتەوە. مۆدێرنیزم دیاردەیەکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ١٥٠ ساڵی رابوردووی کولتووری رۆژئاوا و لەگەڵ مۆدێرنیتە جیاوازە. هەڵبەت لێرەدا دەبێ بەوردی بزانین کە بە چ شتێك دەڵێین مۆدێرنیتە. زۆربەی نووسەران بە زۆر هۆی گونجاو، سەرلەبەری ئاڵوگۆڕە کولتووری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە رێنیسانس بەم لاوە و بە پێی زاراوەی مۆدێرنیتە دیاری دەکەن. لەم نێوەدا رێژەیەك لە نووسەران پێیان وایە کە مۆدێرنیتە ئایدیالۆژیی مۆدێرنیتەیە و دەڵێن ئەرکی مۆدێرنیزم بەرگریکردنە لە مۆدێرنیزم. ئەمانە بە ئەندێشە و کولتوورێك دەڵێن مۆدێرن کە نەیاری دامەزراوە، باوەڕ و خورافە سوننەتییەکان بێ و ببێتە هاوڕێی ئایدیاکانی مۆدێرنیتە و راسیۆنالیزم و هەروەها هیومانیزم و ئەندێشەکردنی دنیای زەمینی. بەجۆرە لە روانگەی ئەم نووسەرانەوە ئەرکی گرینگ و سەرەکیی مۆدێرنیزم بەر لە هەموو شتێك بەرگریکردنە لە



راسیۆنالیزمی مۆدێرنیتە، بەڵام شایانی پرسینە کە ئایا بەڕاستی هونەری مۆدێرن وەکو یەکێك لە گرینگترین و ئاشکراترین دەرکەوتەکانی مۆدێرنیزم بەرگریی کردووە لە راسیۆنالیزم؟ **تیۆدۆر ئادۆرنۆ** لە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەمیشە لەو کەسە جیددیانە بوو کە بەرگرییان لە مۆدێرنیزم دەکرد، بەڵام لە چەندین بەرهەمی خۆی لەوانە لە کتێبی تیۆری جوانیناسیدا زۆر بە وردی ئەمەی نیشاندا کە هونەری مۆدێرن بە هیچ چەشنێ بەرگریی لە راسیۆنالیزمی مۆدێرنیتە ناکا و بەپێچەوانە لەگەڵی بە کێشە دێ[1]. **ئادۆرنۆ** یەکێك لە رادیکاڵترین رەخنەگرانی راسیۆنالیزمی مۆدێرن بوو و هەروەها لەگەڵ **ماکس هورکهایمر** کتێبی دیالێکتیکی رۆشنگەریی نووسیبوو (من پێموایە تا بە ئێستاش کەس نەیتوانیوە وەڵامی رەخنەکانیان لە مۆدێرنیتە بداتەوە). ئەو هەمیشە لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا باشترین هاوبیر و هاوڕێی خۆی دەدۆزییەوە. **ئادۆرنۆ** زۆرجار ئاماژەی بەوە کرد کە راسیۆنالیزمی مۆدێرنیتە باوەڕهێنانە بە کەرەستەیی بوونی ئەقڵ و مەترسییەکانی دەستنیشان کردووە. ئەو دەریخست کە لە سەردەمای مۆدێرندا تێڕوانینی ئوستوورەیی هێشتا ماوە و سەرمایەداریی بەو تێڕوانینە پاساو بۆ ئایدیا قازانج خوازانەکانی خۆی دێنێتەوە. ئەو دڵتەزێنییەکانی مرۆڤی مۆدێرنی بە دەرەنجامی مۆدێرنیتە دانا و داکۆکیی لەسەر ئەوە کرد کە هونەری مۆدێرن دژ بەم نەهاتیانە و سەرچاوەکانی هەڵوێست دەگرێ. لە راستیدا دەکرێ ببینە یاری **ئادۆرنۆ**، واتە ئەندێشە و هونەری مۆدێرن هاواری نارەزایەتییەکە لەهەمبەر لە خۆنامۆبوونی مرۆڤی مۆدێرن و قبووڵی ناکا. لە دەیەی رابوردوودا یەکێك لە قوتابیانی **ئادۆرنۆ** کە ئێستا فەیلەسووفێکی ناودارە، واتە **یورگن هابرماس**، لە گۆشە نیگایەکی نوێوە سەرنجی بەم پرسە دا. ئەو نووسی کە بێگوومان هونەری مۆدێرن بەرگری لە باوەر بە کەرەستەیی بوونی ئەقڵ ناکا و لەم خاڵەدا هەق بە ئادۆرنۆیە کە مۆدێرنیزم لە رەخنەگرانی دڵڕەق و

لاساری کەرەستەیی بوونی ئەقڵە و بە هیچ چەشنێ لەگەڵ ئەو راسیۆنالیزمە نییە، کە دەیهەوێ بە پاڵپشتی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ناعەداڵەتیی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پاساو بێنێتەوە، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە مۆدێرنیزم لە بنەڕەتی خۆیدا لە جۆرێکی دیکەی راسیۆنالیزمی مۆدێرنیتە بەرگری دەکا، واتە ئەقڵی پێوەندی. هونەری مۆدێرن لەوسەرەوە کە لە هەموو سۆنگەیەکەوە ئاراستەی بەردەنگ دەکرێ دەچێتە دۆخی پێوەندییەوە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە هیچ ئەزموونێکی جوانیناسانە ناتوانێ لە چنگی ئەم دۆخە را بکا[2]، بەڵام وێدەچێ کە **هابرماس** خاڵێکی گرینگ کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری مۆدێرنیست، لەبیر دەکا: ئەم هونەرە بە کەمترین رادەی پێویست کەوتۆتە نێو جەغزی پێوەندییە مرۆڤییەکانەوە.

هەر بەوجۆرەی کە **ئادۆرنۆ** بە باشی نیشانی دابوو هونەری مۆدێرن نەیتوانیوە لەگەڵ زۆرینەی بەردەنگەکان، واتە کۆمەڵانی خەڵك پێوەندی ساز بکا یان کارەکەی هەر بەم هۆیە هونەرێکە کرچ و کاڵ، بەڵام هەرچۆنێك بێ دەبێ ئەم راستییە تاڵە قبووڵ بکەین، کە ئەو هونەرە نزمەی زادەی پیشەی کولتوورە و پاساودەری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتیی زاڵە، لەگەڵ خێڵی بەردەنگەکان پێوەندی دەگرێ و لە بەرامبەردا هونەری مۆدێرن لەگەڵ رێژەیەکی کەم لە بەردەنگەکان دەدوێ، ئەمەش تا ئەو جێیەیە کە نەیارانی، ناوی هونەری بلیمەتخوازیان لە سەر دانا.

ئێستا باسی ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی نێو تێروانینی جوانیناسانە دەکەین کە بە گشتی دەرەنجامی هونەری مۆدێرنن. کاتێ مێژوونووسانی هونەر لە مۆدێرنیزم دەدوێن باسی رەوتێك دەکەن کە لە سالانی ١٨٩٠ تا ١٩٤٠دا گەشەی کرد. ئەوان لەو رەوتەدا ئایینەکان، قوتابخانەکان و تەنانەت بەرهەمی هونەرمەندانی ناسراو و سەربەخۆیان جێگیر کرد[3].



بەرفرەیی پانتایی مۆدێرنیزم چاوەڕواننەکراوە. مۆدێرنیزم هەر بەو رادەیەی کە لە هونەرە تازە بەدیهاتووەکان (لە هەموویان گرینگتر سینەما)دا هێزی دەنواند کاری کردە سەر هونەرە گرینك و جێکەوتووەکان و تەنانەت دەستی بە بووژاندنەوەی ئەو هونەرانە کرد کە لەبیر چووبوونەوە. ئەمڕۆکە ئەگەر سەردێڕی رێبازگەلێك وەکو فۆتۆریزم، کوبیزم، ئیکسپرسیونیزم، سوریالیزم و یان ناوی کەسانێکی وەك جیمز جۆیس، مارسیل پرۆست، ویرجینیا وۆلف، فرانتس کافکا، واسیلی کاندینسکی، پاپلۆ پیکاسۆ، ئارنۆلد شوینبێرگ، ئیگۆر کاندینسکی، ئەزراپاوند، راینێر ماریا ریلکێ و تی. ئێس. ئەلیوت وەبیر دێتەوە، هەست بەوە دەکەین کە مۆدێرنیزم بە واتایەکی سادە ئاڵوگۆڕێکی هوونەریی نەبوو، بەڵکو شۆڕشێك بوو لە بنچینەی دەربڕینی هەست یان جوانیناسانە. ئەگەرچی سەرەتای گەشەکردنی (مۆدێرنیزم) دوادەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە دیاریکراوە بەڵام ریشەی سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە دەیەکانی پێشووتر. کاتێ باسی ئەم رەگ و رەچەڵەکانە دەکرێ دەبێ سەرنج بە خاڵێکی زۆر گرینگ بدرێ. شیعرەکانی بودلێر، ریمبۆ، مالارمێ، رۆمانەکانی فلوبێر و داستایۆفسکی، شێوەکارییەکانی ئیمپرسیونیستەکان و سیمبولێستەکان یان ئۆپێراکانی واگنێر هەر تەنیا بە سەرچاوەی مۆدێرنیزم دانانرێن. تا بە ئێستا کە لە ئەزموونی مۆدێرنیزم دوایین بە باشی تێدەگەین کە زۆربەی ئەم بەرهەمانە نموونەگەلێکن لە هونەری مۆدێرن. واتە ناتوانین بڵێین کە لەو بەرهەمانەدا تەنیا چەند پەڵەیەك لە دەربڕینی مۆدێرن هەبووە، واتە ئەو تۆخمانەی کە دواتر لە بەرهەمی دیتراندا کامڵبوون، بەڵکو خاڵی گرینگ لەوەدایە کە شێوازی دەربڕینیان مۆدێرنە. لەلایەکی دیکەوە کەسانێکی وەکو بودلێر نە تەنیا لە بواری ئەزموونەوە بە هونەرمەندی مۆدێرن دادەنران، بەڵکو لە نووسراوە رەخنەییەکانی خۆشیاندا بەرگرییان لە مۆدێرنیزم دەکرد و بنەمای تیۆرەکانی

(مۆدێرنیزم)یان دادەڕشت[٤]. بەمجۆرە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئێمە دەبێ چاو بەو مێژوویەدا بخشێنینەوە و رابوردووی مۆدێرنیزم بگەڕێنینەوە بۆ ساڵانی بەر لە دەیەی١٨٩٠.

خاڵی گرینگی نێو باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە مۆدێرنیزم دیاردە و پرسگەلێکی نوێی خولقاند و نابێ تا رادەی شێوەگەلی نوێ بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە کۆنەکان بەرتەسك بکرێنەوە. مۆدێرنیزم ئەمەشی نیشاندا کە بە هیچ چەشنێ لە ڕێی جوانیناسیی کلاسیکەوە وەڵام بەم دیاردە هونەرییە نوێیانە نادرێنەوە. یەکەم لایەنی نوێ کە لە دیدی فەلسەفییەوە گرینگترینیشە، تێگەیشتنێکی نوێیە لە راستەقینە. تێگەیشتنێك کە بە تەواوی لەگەڵ تێگەیشتنی جوانیناسانەی دێرین جیاوازە. راست هەر بە هۆی ئەم تێگەیشتنی نوێ لە راستەقینەیە کە هونەری مۆدێرن دەربڕ (expressive) نییە. واتە لەودا خاڵی ناوەند دەربڕینی راستەقینەیەك نییە لە دنیای دەرەوە یان دنیای هەست و عاتیفەی نێو رۆحی هونەرمەند. لەبەر ئەوەی هونەری مۆدێرن دەربڕ نییە (یان بە وتەیەکی باشتر بەم رازە گرینگەی زانی کە هونەر لە گەوهەری خۆیدا دەربڕ نییە) هەروەها لاسایی راستەقینەش ناکاتەوە.

بەڵام ئێستا دەبێ بزانین کە ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە راستەقینە چییە کە هونەری مۆدێرن پێی گەیشتووە؟ بۆ هونەرمەندی مۆدێرن راستەقینەی گشت شتەکان بە واتای بوونی دەرەکی یان بوونی دەرەکیی هەستی سوژە (subject) نییە. ئەو شتەی کە پێشتر بە بابەتێکی حەتمی و بڕاوە دادەنرا، لە دیدی هونەرمەندی مۆدێرنەوە شتێکە دەبێ رێککەوتنی لەسەر بکرێ و حەتمی نییە. تێڕوانینێکی کە بە پێی جوانیناسیی کلاسیك لە گشتێتی خۆیدا مانای هەبوو (حوکمی بوومگارتۆن) بۆ نیشاندانی مۆدێرن بە چەند پاژ دابەش دەکرێ و هەرکام لەو پاژانە بە شێوەی سەربەخۆ دەژین. هونەرمەندی مۆدێرن متمانە بە



تێگەیشتنی هەستی خۆی ناکا. کاتێ **براك** و **پیکاسۆ** دەیانگوت کە نایانەوێ ئەو شتەی کە دەیبینین بێ نوێنین و بەدوای ئەوەوەن کە ئەو شتە بکێشنەوە کە ئەندێشەی دەکەن، لە راستیدا بێ متمانەیی بە هەستی بینینی خۆیان نیشانددا، چونکە بە باشی زانیبوویان کە هەستی ئەوان بێجگەلە عادەتی بینین شتێکی دیکە نییە، واتە قبووڵکردنی ئەو رێککەوتنانەی نیشانەناسانە کە ناسکار (object) بە ناوی راستەقینە دەناسێنن. هەروەها ئەو متمانە بە ئەندێشەی خود کە بۆ دیکارت بوون و دواتر جیهانی ئۆبژێکتیوی بە هەبوونێکی حەتمی نیشان دەدا، لەناو چوو. بەم هۆیە لە کوبیزمدا گشتێتی لەبەر رێککەوتن بووبە سیستەمێکی دووگم، پیرۆزیی خۆی لە کیسدا و شێوەکار بە دڵخوازی خۆی ئەو گشتێتییەی دابەشکرد و بە پێی تێگەیشتنی خۆی هەموو پاژەکانی وێنا کرد. دووبارە تێکەڵاوکردنەوەی ئەم پاژانە دنیای بە کۆیەك نیشان دەدا کە رێککەوتنی لەسەر هەیە. ئەم ئەزموونەی شێوەکاریی بەرهەمی هونەرمەندی ـ بێ ئەوەی خودی هونەرمەند ـ بزانێ بەو شتە نزیك دەکردەوە کە **هۆسرێل** پێی کوت کورتکردنەوەی دیاردەناسانە. چەشنێك ناسینی راستەوخۆ بوو لە خودی هەموو شتێك و شتیش نە تەنیا گشتێتییەکی خەیاڵی نەبوو، بەڵکو یەکەیەك بوو رەها و هیچ رێککەوتنێکی بەسەر دا نەدەسەپا. ئەو رێککەوتنە نوێیەی کە هونەرمەند لەگەڵ بەردەنگی خۆی دەیکرد ئەو باشییەی هەبوو کە هەستیارانە بوو. شتێکی بە جێی شتێکی تر نەدەناساند. شتێکی کە لەناو دەچوو هەمان گشتێتی درۆیین بوو. گشتێتییەك کە شوینبێرگ ـ یش لە مۆسیقادا بە دژی شەڕی کرد. ئەویش کارێکی کرد کە پاژەکانی تەنانەت سادەترین مێلۆدییەکان وەها بگۆڕدرێن کە تێکەڵاوکردنیان هیچ وێنایەك لە مێلۆدی ئاشنا و لەو گشتێتییە نەخولقێنن کە لە سەری رێککەوتبوون و بە تاکە شێوەی ئۆبژەی بیستن دادەنرا.[٥]

ئەم دوو نموونەیە، واتە تێکەڵاویی نوێی کوبیستی لە جێی ئەو شتەی کە بە راستەقینەمان دەزانی دادەنیشێ و ئەو میلۆدییە نوێیانەی بە پێی قاعیدەی ئاتونال یان دوازدە تۆن (Tone) دروست کراون و دنیای ئاشنای میلۆدیك و هارموونیك تێك دەڕووخێنن، بەرەو خەیاڵێکی نوێ لە کاری هونەرمەندی مۆدێرنیست رێنوێنیمان دەکەن. دەربڕینی مۆدێرن لەو شتە دوور دەکەوێتەوە کە پێشتر ناسراوە و شی کراوەتەوە. ئەوەش نەك لەبەر بەئاکام گەیاندنی شەڕەکەی لەگەڵ سوننەتەکان، بەڵکو زیاتر بە هۆی تێگەیشتنەکەیەتی لە درۆزنانەبوونی گشتێتی ئاشنا. کاتێ فۆڕمالیستە رووسییەکان چەمکی ناسیاری سڕینەوەیان ئاراستە کرد لە راستیدا باس و خواسیان لە سەر یەکێك لە گرینگترین لایەنەکانی کاری هونەری مۆدێرن دەکرد و تا ئاستی تیۆرێك لێدوانەکەیان لەسەر هەموو فۆڕمێکی ئافڕاندنی هونەری گشتی دەکردەوە. بەم پێیەش هونەری مۆدێرن لە حوکمی هەستکردبوونی ئەزموونی جوانیناسانەیە، واتە ئەو شتەی کە بەپێی نموونەی ناسراوی شکلۆفسکی لە نووسینەکانی **گوگول** و **تۆلستۆی دا** هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ناهەستکردانە لەکار کراوە و لە هونەری مۆدێرندا وەکو قاعیدەی سەرەکیی نیشاندانی هونەرییە. چونکە هونەرمەندی مۆدێرن بە تەواویی بەم رازەی زانیوە کە هەموو شتێکی ناسیاو جوانیناسانە نییە و حوکمی تێگەیشتنێکە لە راستەقینە کە راز یان ژێدەری رێککەوتنەکەی بزر بووە و ئێستاکە بە جێی راستەقینە پێناسە دەکرێ. بەپێی حوکمی فۆڕمالیستەکان هونەر لەو شوێنەوە دەستپێدەکا کە ئێمە لە دنیای ئاشنا و ئاسایی کە خۆمان پێگرتووە جیا ببینەوە و هەنگاو بنێینە دنیایەکی نەناسراو و وڵاتی سەیر و سەمەرەکان. **شکلۆفسکی** ئاماژە بە نموونەیەك دەکا و دەڵێ ئەوانەی لە بەستێنی دەریا دەژین گوێیان لە دەنگی شەپۆلانی دەریا نابێ، چونکە عادەتیان پێی گرتووە، بەڵام موسافیرێکی تازە کە هاتۆتە بەندەر ئەو



دەنگە دەبیستێ و لە بەرامبەریدا کردەوە لە خۆی نیشان دەدا یان لەبەر ئەو دەنگە خەوی لێناکەوێ یان زۆر پێی جوان دەبێ. لە ژیانی هەموو کاتی شاردا هەزاران شتی سەیر و سەمەرە هەن، بەڵام نەك بۆ خەڵکی ئەوێ، بەڵکو بۆ بێگانە. لە هونەری مۆدێرندا نائاشنایی بابەتێکە کە پێوەندی بە فۆڕمەوە هەیە، بەڵام رەنگە بتوانین بە هەوێنێکی بەپیتی دابنێین. وای بۆدەچم لەگەڵم هاودەنگ بن، کە لایەنی تراژیکیی شانۆکانی **چیخۆف** لە کەسایەتییەکان، رووبەڕووبوونەوەکان، دژایەتییەکان، کردەوەکان و تەنانەت لە جیاوازیی ئەخلاقی و کولتووریی بەرەکانەوە هەڵناقوڵێ، بەڵکو ئەم لایەنە زیاتر لە هەموو شتێك زادەی درێژەی ژیانی مەنگ، رۆژانە، دووپاتە و شەکەتهێنەرە. نە تەنیا زیرەکترین یان هەستیارترین کەسایەتییەکان وەکو **نینا** و **کۆنستانتین** لە مەلی دەریایی **واینا** و **سونیا** لە خاڵی وانیادا، بەڵکو گشت کەسایەتییەکانی **چیخۆف** تەنانەت **لوپاختین** یان **ترافیمۆف** کە هەمیشە خوێندکارێکی شۆڕشگێڕ و ئایدیالیست بوو لە باخی بەلاڵوك، هەرکام بە جۆرێك و بەپێی لاوازیی تایبەتیی خۆیان، دەبنە دیلی ئەم مەنگییەی ژیانی رۆژانە، بەلاڵێدراوانێك کە درەنگ یان زوو هەست بە بارودۆخی خۆیان دەکەن، هەر بۆیە دەناڵێنن و وەك جاران رێیەك بۆ دەربازبوون نادۆزنەوە.

بەڵام بناغەی کاری هونەر لە فۆڕمدایە نەك لە ناوەڕۆك. هونەر لە زمانی ئاشکرا رادەکا تا بە چێژی نامۆیی بگا. شیعر چ نییە بێجگەلە بەکارهێنانی نامۆی زمان. لەگەڵ ئەم تێڕوانینە فۆڕمالیستییە ئەمە وەبیر دێنینەوە کە لە ژیانی هاوچەرخدا زمان تا ئاستی پێوەندی بەرتەسك بۆتەوە و تێیدا هەموو شتێك بەپێی قاعیدە و بە شێوەیەکی لۆژیکی و قبوڵکراو تێپەڕ دەبێ. وابڕیارە کە هەمووان بە هاسانی لە مەبەستی یەکتر بگەن. زمانی پێوەندی ئاشکراتر دەبێ بەچەشنێ کە دەڵێی حازر نییە. بە وتەیەکی دیکە لێرەدا زمان هیچ

شتێك نییە بێجگەلە کەرەستەی گواستنەوەی مانا، بەڵام لە شیعردا زمانی ئاشنا تێکدەشکێ. لێرەدا زمان دەبێتە مەبەست. رەنگە باشترە بڵێین کە لە شیعردا زمان تەنیا ماددەی پێکهێنەر نییە، بەڵکو (زمان) شەڕخوازە و بانگەوازی شیعر دەکا کە لەگەڵی بەشەڕ بێت. شیعر زمان وێران دەکا. لە کەرەستەی پێوەندییەوە دەیکاتە بابەتی سەرەکی و دیار. دەبێ بگوترێ کە هونەری مۆدێرن ئەم رازەی لە پێش تیۆریسیەنە مەزنەکانی فۆرمالیستەوە دۆزیبۆوە. بەرهەمی هونەری مۆدێرن لە نائاشناترین شتەکانە. نموونەیەکی زۆر ناسراو لە تەکنیکێك کە پێی دەگوترێ نائاشناکردن، شێوازی بێرتۆلت برێشت-ە. ئەو بۆ خۆی دەنووسێ: ئاشناکردنی رووداو یان کەسایەتییەك، واتە لە پێشدا ئەستاندنەوەی لایەنی باو و ئاشنا و چەمك لەم رووداو یان کەسایەتییە و لە بەرامبەریدا هەڵخراندنی پرسیار و سەیر و سەمەرەیی[٦]. برێشت نموونە دێنێتەوە کە دەتوانرێ تووڕەبوونی **شالیر** لە کچەکانی بە چەشنێك نیشان بدرێ کە بینەر پاساو بۆ کارەکەی بێنێتەوەو بە تەنیاکاری دروست و سروشتی دابنێ و بە هیچ چەشنێ ئەگەری تووڕەنەبوونی **لیر** وێنا نەکا. لە لایەکی دیکەوە دەتوانین پرسەکە بەجۆرێ نیشان بدەین کە بینەر لە **لیر** تووڕە بێت و ئەگەری کردەوەی دیکەی ئەو وێنا بکا، بەمجۆرە تووڕەیی ئەکتەر بە بەشێکی تایبەت دابنێ نەك گشتی، و بە خۆی بڵێ کە ئەم تووڕەبوونە مرۆڤییە هەیە، بەڵام لە تەواوی مرۆڤەکاندا نییە. لە ئەنجامدا بینەر ئەگەری گۆڕان قبووڵ دەکا. نە تەنیا ئەم مرۆڤە، بەڵکو دەکرێ هەلومەرجی ژیانی ئەویش بگۆڕدرێ. ئیتر بینەر ئەو کەسە نابێ کە جیهان قبووڵ دەکا، بەڵکو کەسێکە کە دەتوانێ بە سەر جیهاندا زاڵ بێ. بە گوتەی **برێشت** هەنووکە شانۆ دنیا دەخاتە بەر دەستی (مرۆڤ) تا دەست لە جیهان وەربدا.



بەڵام هەموو شتێکی نائاشنا بۆ ئەو زەینەی عادەتی بە قاعیدەباوەکانی دەربڕین بێ مەترسیهێنەرە. بیسەری کوارتێت ـ ەکانی شوێنبێرگ یان ڤۆبێرن لە بیستنی مۆسیقای نائاشنا دەترسێ. ئەو لە ناوەڕۆکی بەرهەم نا، بەڵکو لە فۆرم و پێکهاتەکەی و لە شێوازی نیشاندانی دەترسێ. گوێی لە شتێك دەبێ کە عادەتەکانی بیستن و هەستی جوانیناسانە بۆ ململانێ دەخوازێ. لەم فۆرمە مەترسیدارە بریسکانەوە و زایەڵەی لایەنی ترسهێنەری دنیایەك دەبیسترێ کە شوێنبێرگ و ڤۆبێرن تێیدا دەژیان. بەمجۆرە هونەری مۆدێرن لەوشتەی کە بناغەی هونەری رۆمانتیکە، واتە عاتیفە و سۆز، دوور دەبێتەوە. هەست لە رێی راستەوخۆی فۆرمەوە دەگوازرێتەوە نەك لە رێی دەرخستنی رێککەوتنێك یان خراپتر لەوە، لە رێی ئامادەکردنی وێنەیەکی تایبەت لە هونەرمەند، وێنەیەکی درۆزنانە کە بەردەنگ لە کۆتاییدا متمانەی پێناکا، بەڵام هەروەك حیکایەتێك قبووڵی کردووە[٧]. هونەری مۆدێرن مەندیی بەردەنگ دەشڵەژێنێ. بۆ بینەری  ناسیاو بە نیشانە و رەمزی سینەمای کلاسیك کە هەموو شتێکی پێ پێشبینیی و دەرك دەکرێ، واتە بۆ بینەرێك کە لە بەراییدا هیوای بە کۆتایی خۆش و چاوەڕوانکراوی هەیە، ژیان لە دنیایەکدا کە **ئالێن رێنێ** و **تارکۆڤسکی** دەیخولقێنن، پڕ مەترسییە. ئەمە راز و کردەوەی نیگاتیڤی زۆر و بۆری بینەرانە بۆ سینەمای مۆدێرن. ئەوان کە ناتوانن چاوەڕوانیی هونەرمەند وەدی بێنن، واتە لەبەر ئەوەی ناتوانن سەربەخۆیانە بیر بکەنەوە و بیچمی واتاناسانەی خۆیان بخولقێنن پشت لە بەرهەم دەکەن و بەرەو ئەو بەرهەمانە دەچن کە هەموو شتێکی پێشبینیی بکرێ. بەرهەمگەلێك کە تەنانەت پێویستییان بە دەرککردن نەبێ. گرینگ نییە کە ئەم بەرهەمە ناسیاوانە تا چ رادەیەك سامناك بن یان چ شتێکی سەیروسەمەرە نیشان بدەن. دەکرێ لە بەرامبەر ئەم سەیروسەمەرە ئاشنایانەدا تاقەت بێنی، بەڵام لەبەر شتێك تاقەت

ناهێنی ئەویش فۆرم و پێکهاتەی نامۆیە. لە دنیای سووك و چرووکی ژیانی رۆژانەدا مەترسیی زۆرە. بەڵام هیچ شتێك لەوە مەترسیدارتر نییە کە فۆرمی ژیان بگۆڕدرێت. تابەئێرە دەتوانین لە گرینگیی فۆرم لەلای هونەرمەند تێبگەین. لەلای ئەو هۆکارەکانی بەرهەم، واتە کاردانەوەی نیشانەکان کەم دەبێتەوە و دایمە بایەخی فۆرمی بەرهەم زیاتر دەبێت. نموونەیەك بۆ ئەم بابەتە لە بەرهەمەکانی مۆسیقارێکدا دەدۆزرێتەوە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی مۆسیقای مۆدێرندا، پێوەندیی لە نێوان دواترووسکەکانی مۆسیقای رۆمانتیك و بەرهەکانی **شوێنبێرگ** دا ساز کرد. لە تەواوی بەرهەمەکانی **گوستاڤ ماهلێردا** ئێمە لەگەڵ دنیایەکی رەمزاوی رووبەڕوو دەبینەوە کە نەك لەسەر سەرخان، بەڵکو لە ژێرخاندا خۆ دەگرێت. لە بەرهەمەکانی ئەودا مێلۆدییەکان ئاشنان یان لە بەستە فۆلکلۆرییەکانەوە وەرگیراون یان پێکهاتەیەکی زۆر سادەیان هەیە. **ئادۆرنۆ** بەم سادەییەی دەگوت توخمی پاوانخوازانەی **ماهلێر،** بەڵام بەتەنیا توخمی ئەم مۆسیقایەی دانەدەنا بەڵکو لە هەموو بەرهەمەکانی ماهلێردا شتێکی دژ، هەوێن دەبەستێ [٨]. من پێموایە ئەم شتە دژە لە پێکهاتەی پارچە مۆسیقاییەکانی ماهلێردا شاراوەیە. کەچی هەمان ئاوازە ئاشناکان لە سەرخان گەشە دەکەن، خۆ دەگرن، ئاوێتەی یەکتر دەبن و تۆنالیتەی نوێ و زۆر جاران سادە دەخولقێنن. لە ژێرخانی پارچە مۆسیقادا تۆنالیتەی لێڵ و نائاشکرا ساز دەبێ. ئەم تۆنالیتانە جاریوایە تا رادەی دەنگی نایاب دادەبەزن. جاریوایە لە پێکەوەبوونیان ئاوازگەلێك دێنە گوێ کە دژ بە تۆنالیتە زاڵەکانن. جاریوایە لەم حاڵەتی ناکۆکییەدا کە لە سەرخان روو دەدا شتێکی نوێش لە ژێرخاندا بەدی دێت. ئەم ژێرخانە رازی هۆگریی **ماهلێر** بە ئۆرکێسترای گەورە نیشان دەدا، چونکە ئەو لەم فرەییەی تۆنالیتەکان ئاسانتر دەیتوانی داهێنانی جۆراوجۆر بکا. دەزانن کە سیمفۆنیای هەشتەمی ئەو، دەبێ بە هەزار مۆسیقار و گۆرانیبێژ



پێشکەش بکرێ. بۆ پێشگرتن لە درێژەی باسەکە لێرەدا تەنیا ئاماژەیەك دەکەین بە تێگەیشتنەکانی سەردەمای **ماهلێر**. باوەڕی **مارکس** وەبیر بێنەوە و ئەم خاڵە کە هەرچی لە ئاستی دەرککرانی پێوەندییەکانی ژیانی رۆژانە تێپەڕ دەبێ بە پێی پێوەندییەکانی بناغەیی بەرهەمهێنان دیاریی دەکرێ. یان سەرنج بدەنە درکی فرۆید لە بارەی نەستکرد کە بە دوای هێزی ورووژێنەری سەرەکیی لە ناخی مرۆڤەوە بوو و ئەو شتەی کە لە سەرخان، واتە بەشی هەستکردی دەروونی ئێمە تێپەڕ دەبێ بێجگە لەو فۆرمەی کە نەخواستراو و لە خۆوە دەرکەوتووە، واتە چیتر بەشی شاراوە و مەزنیی کێوی سەهۆڵینی (نێو دەریای نەدەناسی. نموونەیەکی دیکە کە بە خێرایی دێتەوە بیر دەروونناسیی ناخیی یۆنگ ـــ ە.

لەم باسەدا بەخێرایی بەو دەرەنجامە دەگەین کە لە هونەری مۆدێرندا شاراوەیی مانایی دەورێکی گرینگی هەیە، بەڵام ئەم شاراوەییە هەمیشە لە رێی پێچوپەنا دەربڕین بەدەست نایەت. بێگومان جاریوایە دەربڕینی هونەرمەند زۆر پڕپێچوپەنایە. چەند بەشێك لە یولیسیزی جیمز جۆیس و سەرلەبەری دوایین رۆمانەکەی واتە، Finnegans wake دێنە ریزی نهێنیترین و شاراوەترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهان.

**کانتۆ**ـ کانی **ئەزرا پاوند**، بە تایبەتیی دوایین **کانتۆ**ـ کان ئاڵۆزن و The Waste Land ـ ی ئەلیووت بە بێ یارمەتیی پەراوێزەکانی خودی شاعیر و راڤەی شیکەرەوان دەرك ناکرێن، بەڵام ئەمە بۆ دەربڕینی مۆدێرن یاسایەکی گشتیی نییە. **کافکا** سانا دەینووسی و نەسری ئەو بەوتەی زۆربەی رەخنەگران لە راپۆرتە ئیدارییەکان دەچوو، تا ئەو شوێنەی کە وێدەچێ ئەم شێوە دەربڕینە تەواو خۆکردییە. میعماریی مۆدێرن بە راشکاویی بەرەو سادەیی لەرادەبەدەر دەچوو، تا ئەو جێیەی کە دەتوانین بڵێین بناغەی سەرەکیی ئەم میعمارییە بە قازانجی

هەموو پاژەکان بووە. هەڵبەت دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە زۆربەی بەرهەمە هونەرییە مۆدێرنەکاندا قاعیدەیەکی شاراوە هەبوو کە دواحوکمی دەدا. تەنانەت لە بەرهەمەکانی کافکادا کە نەسرێکی سادە و شێوەی دەربڕینی بە رواڵەت سادە بوو. دایمە شتگەلێکی شاراوە هەیە. لە کورتە چیرۆکەکانیدا کە بە راستی لە باشترین بەرهەمەکانییەتی قاعیدەی نەگۆڕی کورتبێژیّ ئەم وێنایە دەخولقێنێ کە لە نێو رستەکاندا بیچمی راستەقینەی گێڕانەوەی چیرۆك هەیە، واتە رانەگەیەندراوە. ئەم قاعیدەیە وەها دەسەڵاتدارە کە لە کاتی خوێندنەوەی کورتە چیرۆکەکانیدا خوێنەر پێیوایە ئەو شتەی دەیخوێنێتەوە گرینگ نییە، بەڵکو خاڵی سەرەکی و ناوەندی و گرینگ لە جێیەکی دیکەدا شاردراوەتەوە. ئەم خاڵە تا رادەیەك دەرەنجامی بێزاریی کافکایە لە ناڕاستەوخۆ دەربڕین و تا ئەو جێیەی دەیتوانی لێیان دوور دەکەوتەوە.

هەم ئەم شاراوەخوازی ـ کە ئەزموونی نهێنیی شێواز و هونەری مۆدێرنە ـ و هەم ئەو باوەڕە نوێیەی هونەرمەندی مۆدێرن بە راستەقینەی نەگۆڕ و گرینگیی رووتێکردنی مۆدێرنیزم لە تێگەیشتوویی و هەروەها نیشاندانی پێکهاتە و کارکردی رووتێکردنی زەینی مرۆڤ نیشان دەدەن. ئەگەر راستەقینە شتێك نەبێ بێجگەلە رێککەوتن لە سەر بابەتێك و ئاستەکەی تەنیا بە زەینی مرۆڤ دەستنیشان و دیاری بکرێ، دەربڕینەکەی تەنیا لە رێی هەزاربەهەزاری زەین تێپەڕ دەبێ و دەکرێ. **مارسێل پرۆست** لە رۆمانە مەزنەکەی خۆی بەدوای زەمانی لە کیس چوودا کاری فەیلەسوفێك ئەنجام دەدا. ئەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر نیشانی دا کە زەمانی ژیان هیچ شتێك نییە مەگەر توانایی زەین لە گێڕانەوە. **پرۆست** لە رێگەیەکی تەواو جیاوازتر لە رێگەی **مارتین هایدگێر**، بەم دەرەنجامە گەیشت کە هیچ مەودایەك زەمان لە بوونی مرۆڤیی جیا ناکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو بەوەی زانی کە بە ژیانی راستەقینەی



مرۆڤ نازانرێ و ناناسرێ مەگەر لە زەمانی ئاخێوراودا، واتە لە دەربڕینی ئەدەبیدا. ئایا پاڵەوانی راستەقینەی رۆمانەکەی (پرۆست) ئەو زەینە نییە کە بیر لە زەمان دەکاتەوە؟ شێوازی ناسراوی **جیمز جۆیس** و **ویرجینیا وۆلف** کە لایەنگری هەڵچوون و گەڕیانی زەین یان ژیریی مرۆڤە، باشترین نموونەیە بۆ دەسەڵاتداریی زەین لە سەر دەربڕینی هونەری مۆدێرن. کاتێ لە سەر بەرهەمی **پیکاسۆ** یان **شوێنبێرگ** دەمنووسی کە ئەوان لە شرۆڤەی گشتی بۆ پاژەکان، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان فۆڕمیان بە پاژەکان دەدا، لە راستیدا هەر ئەم قاعیدەیەی مۆدێرنیزم نیشان دەدا: **دەسەڵاتی تەواوی زەین**[٩].

دواین وتە کە هەر وەك ئەم خاڵانە گرینگە هەستکردی هونەرمەندی مۆدێرنە. وێدەچێ کە مەزنترینی ئەم هونەرمەندانە بە باشی لە واتای مێژوویی و جوانیناسانەی ئەو بەرهەمەی کە دەیانخولقاند ئاگادار بوون. مێژووی هونەر هیچ سەردەمێکی لەم جۆرەی لە بیر نییە کە تێیدا هونەرمەندەکان تا ئەو رادەیە ئاگاداری لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاری خۆیان بن و لە ئاستی رەخنەگرێکدا بەجۆرە ورد و تەواو بەرهەمەکانی خۆیان لێکبدەنەوە. هەمووی ئەو هونەرمەندانەی تا بە ئێستا ناوم هێناون لە وتارە رەخنەییەکان، نامەکان، وتووێژە بڵاوکراوەکان یان لەوانە گرینگتر لە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیاندا وێنەیەکی تەواو و کامڵ لە پویسیزی خۆیان ئاراستە کردووە. دیسان نموونەیەکی باشی دیکە، رۆمانی **پرۆست** ـ ە، ئەگەر بە تایبەتی دوابەرگی رۆمانەکەی بە دیدێکی رەخنەگرانەوە بخوێننەوە. سەرەڕای ئەوەی کە رەخنەی ئەدەبیی سەرکەوتووی نووسیوە، ئەم دوابابەتە پەیوەستە بە هەڵسوکەوتێکی سەرەکیی هونەری مۆدێرن کە پێشتر بە نێوی خودئاگایی ئاماژەم پێکرد. هونەری مۆدێرن هەر تەنیا دەروەستی زەینی هونەرمەند نییە، بەڵکو لە رێی ئەو شتەی کە **ژۆلیاکریستوا** پێی گوتووە کاتی نێوان دەقی، وابەستەی دەقی تر و ئەزموونی

ئەدەبیی سەردەمە. بێجگەلە چەند نموونەیەك هونەرمەندی مۆدێرن بەرهەمەکەی تەنیا بە پێی شهوود و غەریزە ناخوڵقێنێ. خوڵقاندن بۆ ئەو وابەستەیە بە زانستی جوانیناسانە لە سەر ئەزموونی هونەریی سەردەم. **ئۆسکار وایلد** بابەتێکی زۆر گرینگی بە نێوی رەخنەگر لە پلەی هونەرمەنددا نووسی بوو(١٠). وێدەچێ کە دەربارەی هونەرمەندی مۆدێرن جێگۆرکێ بە وشەکان بکرێت و بگوترێ: هونەرمەند لە پلەی رەخنەگردا. خودی **وایلد** هەستی بە بلیمەتییەکەی لە رەخنەگرتن کردبوو. رێژەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان بە شێوەی رەخنەگران نووسییان و گرینگتر لەوانە و بە گوتەی **هێرمان بروخ** دەقی رەخنەگرانەیان لە بەرهەمەکانی خۆیان خوڵقاند.*

**پەراوێزەکان:**

١) *T. E. Adorno، Theorie esthetique، tra. M.jimenez، Paris. ١٩٧٤، p ٣٣٢–٣٣٤.*

٢) *J. Hambermas، Le discours philosophique de le modernite، tra. Ch. Bouchindhomme est R. Rochlitz، Paris، ١٩٨٨.*

٣) *M. Bradbury and J. Mcfarlane eds، Modernism، London، ١٩٨٣.*

٤) *Ch. Baudelarin، Critique d`art، ed. C. Pichois، ١٩٩٢.*

٥) *T. W. Adorno، Philisophie de la nouvelle musique، tra H. Hilderbrand، Paris، ١٩٧٩.*

٦) *ب. برشت، دربارەی تئاتر، برگردان ف. بهزاد، تهران، ١٣٥٧، ص ١٦٣.*

٧) *M. Blanchot ،L`espace litteraire ،Paris ،١٩٨٥ ،p ٢٩٤.*



٨) *T. W. Adorno ،Mahler ،Une physionomie ،tra. J. L. Leleu et T. Leydenbach ،Paris ،١٩٧٨ ،p ٩٥.*

٩) *P. Ricoeur ،Temps et recit ،vol ٣ Le temps raconte ،Paris ، ١٩٨٥ ،pp ١٨٤–٢٠٢.*

١٠) *O. Wilde ،The Worls ،London ،١٩٦١ ،pp ٩٤٨–٩٩٨.*

**سەرچاوە:**

*حقیقت و زیبایی، درسهای فلسفەی هنر، بابك احمدی، چاپ پنجم ١٣٨٠، نشر مرکز.*

# مۆدێرنیتەو قەیران

**بابەك ئەحمەدی**

لە دەیەی رابوردوودا مۆدێرنیتە بابەتی باس و خواسی فەلسەفی بوو. ئەگەرچی ئەم باسە سنووری کاری فەیلەسووفەکانی بەزاند و زۆربەی بیرمەندانی زانستە مرۆڤییەکانیش بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام پێداگریکردن لەسەر "باسی فەلسەفی" خاڵێکی گرینگە، چونکە کۆمەڵناسان و باقی تیۆریسیەنەکانی زانستی کۆمەڵایەتیش ناچاربوون بێنە نێو پانتای پەیڤی فەلسەفییەوە. رەنگە بە هۆی هەر ئەم کێشە قورسەی فەلسەفی بوو کە ئەمڕۆکە ـ ئەوکاتەی کە هێشتا رەشەبای باس و خواس و مشتومڕ ئۆقرەی نەگرتووە ـ ناتوانین پێناسەیەکی ورد و پوخت و زاتخواز سەبارەت بە مۆدێرنیتە ئاراستە بکەین.

## مۆدێرنیتە: واتا و ناڕوونی

لە هەمانکاتدا کە مێژوونووسان هێشتا لەسەر **"ئەو چاخە مێژووییەی پێی دەکوترێ سەردەمی مۆدێرن"** هاودەنگ نەبوون، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرا کە بە هاتنی فەیلەسووفان بۆ نێو باسەکە دژوارییەکان زۆر زیاتر کەڵەکە دەبن. یەکێك لە گەورەترینی ئەم فەیلەسووفانە، **"میشێل فۆکۆ"** گوتوویەتی: من تا بەئێستاش بە وردی نەمزانیوە کە ئێمە لە زمانی فەرەنسیدا بەچی دەڵێین مۆدێرنیتە، دەتوانین لە مەبەستی **بودلێر** حاڵی بین، بەڵام لە دوای ئەوەوە ئیتر لەم واتایە تێناگەین... هەڵبەت گرینگ سەردێڕەکەی نییە، ئێمە هەمیشە دەتوانین بە مەیلی خۆمان سەردێڕ دابنێین، بەڵام من نازانم ئەم سەردێڕە پێوەندیی بە چ پرسگەلێکەوە هەیە."ئەو شتەی کە خودی **فۆکۆ** باسی لێدەکا بە



هیچ شێوەیەك لەو **"پێناسەیەی مۆدێرنیتە"** ناچێ کە مێژوونووسان ئاراستەی دەکەن.

لێگەڕێن با لە گشتیترین واتای مێژوویی مۆدێرنیتەوە دەست پێبکەین. زۆربەی مێژوونووسان کاتێ باسی **"سەردەمای مۆدێرن"** دەکەن مەبەستیان ماوەی نێوان رێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسایە، بەڵام کەسانێکیش هەن کە دەسپێکی مۆدێرنیتە دەگەڕێننەوە کاتی پێشەیی بوونی کۆمەڵگا ئوروووپییەکان و سەرهەڵدانی لایەنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و گشتاندنی بەرهەمهێنانی کاڵایی. لەلایەکی دیکەوە نووسەرانێکیش هەن کە دوائاستی مۆدێرنیتە بە نێوەندی سەدەی بیستەم و تەنانەت هەنووکە دادەنێن. گرفتێکی زۆر لەسەر **"قۆناغبەندیی مێژوویی"**دا نییە، بەڵکو خاڵی سەرەکیی ناسینی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەیە. کاتێ دەگەینە ئەو پرسە، بە سەرسوڕمانەوە دەزانین کە لە توندیی ناکۆکییەکان کەم بۆتەوە. زۆرکەس پێیانوایە مۆدێرنیتە واتە **سەردەمای سەرکەوتنی ئەقڵی مرۆڤی بەسەر بڕوا سوننەتییەکاندا (ئوستورەیی و ئایینی و ئەخلاقی و فەلسەفی و ...)، گەشەی ئەندێشەی زانستی و راسیۆنالیتە، بەبڕشتبوونی روانگەی فەلسەفیی رەخنەگرانە کە ئەمانیش پێکەوە هاوڕێی رێکخرانی نوێی بەرهەمهێنان و بازرگانین، دروستبوونی یاساکانی گۆڕینەوەی کاڵا و وردە وردە سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆمەڵگای مەدەنی بە سەر دەوڵەتدا**. بەم پێیە مۆدێرنیتە کۆیەکی کولتووری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە کە لە سەروبەندی سەدەی پازدە و باشترە بڵێین لە سەردەمای دۆزرانەوەی ئەستێرە نوێیەکان و داهێنانی دەزگای چاپ و دۆزرانەوەی ئەمریکا ــ وە تا بە ئەمڕۆ یان چەند دەیە لەوە پێشتر درێژەی هەبووە.

ئەم چەشنە سەرنجراکێشیەی مۆدێرنیتە کە بە دەسکەوتە ماددی و کولتوورییەکانییەوە دەناسرێتەوە (و بە ئاسانی دەتوانین پێی بڵێین **"شارستانییەتی نوێ"**)، دەبێتە هۆی تێڕوانینێك کە بنچینەیەکی **مونیستی** هەیە: "هاوتەریب لەگەڵ ئەوشتەی فەیلەسووفانی **رێنیسانس** دەیانگوتەوە، مرۆڤ تێکەڵاوی سروشت دەبێ و دنیا و مێژووی مرۆڤی لەگەڵ دنیای ئاسمانیی ئاوێتە دەبێ". هەر چەشنە هێزێکی مەعنەوی کە لە دەرەوەی ئەقڵی مرۆڤییە بێ بەها دەبێ و دواتر بە تەواویی رەت دەکرێتەوە. ئەم راسیۆنالیتە و رەتکردنەوەی هێزی میتافیزیکییە بە جۆرێك گەشە دەکا کە لە ئەنجامدا **نیچە** دەتوانێ بارودۆخەکە لە رستەیەکی هەژێنەردا چڕ بکاتەوە: بەیانییەکی زوو زەردەشت تووشی خواپەرستێك دەبێ و پاش گفتوگۆیەکی کورت هەرکیان وەکو "دوو کوڕی بچووك" لێك جیادەبنەوە.

"بەڵام زەردەشت کە بەتەنیا مایەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: سەیر نییە! ئەم خواپەرستە پیرە لە جەنگەڵەکەیدا هێشتا نەیبیستووە کە خودا مردووە".

ئەو تێگەیشتنە لە مۆدێرنیتە کە ئاماژەم پێکرد، مۆدێرنیتە و شارستانییەتی نوێ کە **مرۆڤ تەوەر** و **مرۆڤ ناوەندە**، بە شتێك دادەنێ و دەیکاتە نموونە یان سەرچڵ. شارستانییەتێکی کە لە دەڵی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوروپاییدا سەریهەڵدا و کولتوورێکی بەدیهێنا کە بانگەشەی گشتگیرکردنی جیهان دەکا و دەکەوێتە ئەوپەڕی ئاراستەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە. بەمجۆرە و لێرەدا بە کورتی مۆدێرنیتە وەکو ئایدیۆلۆژیایەك ئاراستە دەکرێ، بانگەشەکاران و پێشڕەوانی **رێنیسانس** وەکو **رابلێ** و **مونتەینی** کەم تا زۆر لە هەمبەر بەپیرۆزدانانی هێزە ئاسمانییەکان و بە قازانجی مرۆڤی عەردیی، باسی پێویستیی راسیۆنالیتە و درکی بە بڕشتبوونی یاساکانی ژیانی زەمینییان دەکرد و رەخنەیان دەگرت لە سوننەت و دامەزراوە و هێزەکۆنەکان (و گرینگتر لە



هەموویان کەنیسە). راشکاوانەترین و کامڵترین فۆڕمی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە تیۆرەکانی میراتگرانی رێنیسانس، واتە رۆشنگەرانی سەدەی ١٨دا هەیە.

هێزی مەزنی رۆشنگەران، رووناکبیرانی چاخی مەشروتەی[١] ئێمەی بە شێوەیەکی سیحراوی بەرەو لای نموونەی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم رادەکێشا و ئەمەش بە دەسکەوتە ماددی و کولتورییەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا پاساو دەدراوە.

ئەمڕۆکە ئەوەی کە لەم **"ئیدە کلاسیکەی مۆدێرنیتە"** ماوەتەوە، روانگە و لایەنگرییە پۆزەتیڤەکەی نییە (هێنانەئارای پێویستیی ژیان لە کۆمەڵگایەکدا کە ژیرانە رێکخرابێ، هەر بەوجۆرەی کە **تامس هۆبز** و دواتر رۆشنگەران ئاراستەیان کرد)، بەڵکو لایەنگرییە نیگاتیڤەکەیەتی، واتە بڕوا بە کارکردی گشت لایەنەو پێویستیی ئەندێشەی رەخنەیی و روخاندنی رادیکاڵانەی ئەوشتەی لە گەوهەری خۆیدا چاو لە دەستی سوننەتە دێرینەکانە. بەم واتایە مۆدێرنیتە رەخنەیەکی بەردەوامە لە سوننەت و لە خۆی، لە نوێخوازی و ئەمڕۆژین بوون. بەردەوام تازەبوونەوە و خۆرەتکردنەوە و هەنگاونانە بۆ هەرێمی نوێیەکان. زۆربەی بیرمەندانی ئەمڕۆکە کاتێ دەدوێن مەبەستیان ئەم واتایەیە: کۆیەکی ئاڵۆز و کولتووری کە بواری رەتکردنەوە دەرەخسێنی و رێخۆشکەری پاشاگەردانیی ئاوەز و سەقامگیربوونی ئازادییە. بەمجۆرە جێی خۆیەتی لەم واتایە زیاتر وردبینەوە. بە کۆمەڵگایەك دەڵێین مۆدێرن کە بەپێی **"یاسا مرۆڤییەکان"** بەڕێوە بچێ، نەك **"یاسا ئاسمانییەکان"**، بۆ گەیشتن بە مەبەست، سیستەمەکەی پشت ئەستورە بە راسیۆنالیتە و کردەوەی هەستکردانە، واتە کردەوەی زانستی و تەکنۆلۆژیکی. بە وتەی **ماکس ویبر** مۆدێرنیتە رێکخراوەی ژیرانە (هزری ـ رۆشنگەرانە)ی کۆمەڵگایە، جۆرە دابڕانێکی تەواوە لە بڕوای چارەنووسناسانە (بڕوا بە کۆتایی مێژوو و کۆمەڵگای ئارمانی و یۆتۆپیا) و بڕوا

به مەبەستێکی زانستییە و لە دیدی ئەقڵانییەوە پاساوی بۆ بدرێتەوە. بەم پێیە مۆدێرنیتە **"دەسپێکی هەنگاوی حکوومەتی ئەقڵ"**ە و ئیدەکەی پەیوەستە بە ئیدەی راسیۆنالیتە، بەوشێوەیەی کاتێ یەکێکیان وەلابنرێ ئەویتر لە کیس دەچێ. بەم چەشنە بەجێی باسکردن لە دیاردەی مۆدێرنیتە، دەتوانین لە چەکی کۆمەڵگای ئەقڵمەندانە بدوێین: کۆمەڵگایەك کە تێیدا نە تەنیا کردەی زانستی و چالاکیی **تەکنیکی ـ تەکنۆلۆژیکی** دەستنیشان دەکا، بەڵکو بە شێوەی حکوومەت (ژیانی سیاسی) و ژیانی ئیداری، کۆمەڵگا رێکدەخا. ئاوەز بە چەکێکی رەخنەیی دادەنرێ کە دژ بە ئۆتۆریتەی هێزە کۆن و سوننەتییەکان بەکاردەهێندرێ. تاکە بنەمای رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکییە و هەمیشە هەوڵ بە زەمینیکردنی ژیان دەدا، واتە لە ئاکامدا لە هەموو چەشنە سیحری **"دوایین ئارمانج"** دابڕێ. بەپێی ئەم پێناسەیە، مۆدێرنیتە بەرفرەبوونی هێزی ئیداریی دەوڵەت و گەشەی زانستی و تەکنۆلۆژیکە کە بە دوای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا دێ و تێپەڕکردنی زۆربەی سوننەت و بڕوا کۆنە کولتوورییەکانە.

بە وتەیەکی دیکە مۆدێرنیتە بەڕادەی **"بڕوا بەئەقڵ"** ملکەچی چەمکی پێشکەوتنە لە واتا گشتییەکەی و "پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ"ە لە واتا تایبەتەکەیدا. واتە گەشەی ئابووری، زۆربوونی رێژەی شارنشینی، پێشکەوتنی ئامرازی پێوەندی و زانیاری، واتای مۆدێرنیتەن. مۆدێرنیتە سروشتی کرد بە یاساکانی سروشت، واتە بە شتێکی دانا کە بناسرێت (و لە ئەنجامدا دەست پێی رابگا) و هەرچەندە ئەم ناسینە دژوار بێ، بەڵام لە ئاکامدا دەکرێ لەوە گرینگتر مۆدێرنیتە خۆی وەك "بابەتێکی کە دەناسرێ" یان "ئایدیۆلۆژیی دۆزینەوە و زانین" ناساند، واتە گەڕان بە دوای لوتکەی بەختەوەریی مرۆڤ لەسەر زەوی و دۆزینەوەی ئازادی وەکو هەستکردی مرۆڤی. بنەمای مۆدێرنیتە هەر بەو جۆرەی کە **هێگل** ئاراستەی کرد ئەمەیە: ئێمە خۆمان لە هەوڵی زاڵبوون بەسەر



سروشت (رۆحی عەینی)دا دەناسین (هەستکردی رۆحی زەینی)، بەڵام رەخنەگرانی مۆدێرنیتە نیشانیان داوە کە هەرچی زیاتر بەسەر سروشتدا زاڵبووین خۆمان کەمتر ناسیوە، و هەرچی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەسەڵاتە هەوڵ درابێ توخمی ناسکار یان سوژە بێ بەقاتر بووە، بەڵام لێگەڕێن پێش ئەوەی بە زمانی ئەم رەخنەگرانە ئاشنا بین با هەروا لە هەرێمی "بانگەشەکان یان گەشبینییەکانی مۆدێرنیتەدا" بمێنینەوە.

ئایا بانگەشەکارانی مۆدێرنیتە وەکو رەخنەگرتن و دابڕان لە سوننەتەکان بانگەشەی دابڕانێکی تەواو و رەهایان کرد؟ بەئاشکرایی **"تەواو دابڕان"** دوا مەبەستی ئەوان بوو، بەڵام پێیان وانەبوو ئەم خاڵە روودانی دابڕانێکی تەواو لە هەر کاتێکی مێژوویی مۆدێرنیتەدا نیشان دەدا. لە هەر کام لە فۆڕمەکانی نوێبوونەوەدا توخم گەلێك لە بابەتی کۆنە یان سوننەتی دەمێنێتەوە. کۆمەڵێ شت دەگۆڕدرێن و شتی نوێ دێنە ئاراوە. بەمجۆرە مۆدێرنیتە واتایەکی تەواوخوازی نییە بەڵکو مەبەستە. ئەگەر بکرابوایە هەموو جۆرە سوننەتێك بەئاسانی ولانرابوایە گەشە و پێشکەوتن، واتای پڕ بایەخی خۆیان لە کیس دەدا. بنچینەی مۆدێرنیتە بە توخمی کۆنە و سوننەتی و گۆڕینی فۆڕمەکانیان و درێژەدان بە ژیان لە لای توخم گەلی هەنووکەیی و نوێدا داڕێژراوە. هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە شتی نوێ و شتی کۆنە دروست دەبن، بەجۆرێك کە بۆ خۆی تا رادەیەك نوێیە و تا رادەیەکیش کۆنە. یەکێك لە گەورەترین پێشڕەوانی مۆدێرنیست، **شارڵ بۆدلێر** لە "شێوەکاری ژیانی مۆدێرن"دا (١٨٦٣) نووسیویەتی: مۆدێرنیتە لە تێپەڕیندایە، زوو تێپەڕە، بەڵام شتێکە کە دەکرێ هەبێ، واتە نیوەی هونەرە و نیوەکەی دیکەی هەرمان و نەگۆڕ.

بەم چەشنە رەنگە بتوانین بڵێین کە ئەو واتایەی تا بە ئێستا سەبارەت بەمۆدێرنیتە ئاماژەمان پێکردووە رێژەیی و مێژوویییە و خەسڵەتی نموونەیی و

مۆدێل بوون لە کیس دەدا (ئەگەر بە تەواویش وای لێ نەیەت، تا رادەیەکی زۆر). دوکتوریەنەکانی ئەقڵ هەر وەکو گەوهەر دەردەکەون. مۆدێرنیتە، واتە راسیۆنالیتە و هەوڵدان بۆ ئەقڵمەندکردنی گشت شتێك، شکاندن و هەڵتەکاندنی عادەتە کۆمەڵایەتی و بڕوا سوننەتییەکان و هەروەها تێپەڕکردنی بایەخ و هەست و بڕواکان و بە گشتی میتۆدە ماددی و هزرییەکانی ژیانی کۆنە. بە کورتی مۆدێرنیتە روتێکردنێکی ئەقلانییە و راسپێردراوی نوێبوونەوە، چینێکی تایبەت و ئایینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەقڵە و زاڵبوونەکەی پێویستیی مێژووییە. ئەقلانیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە بەپێی پێویست و کەم تا زۆر حەتمی، مۆدێرنکردنی ئەو ژیانە. "دیکتاتۆرێکی پێشکەوتوو" ، "شۆڕشێکی جەماوەری"، "ئیرادەی نەتەوەیی" ، "چالاکیی هەستکردانەی چینێکی تایبەت" هیچیان هۆکار و بکەری مۆدێرنیتە نین. لایەنگرانی مۆدێرنیتە رادەگەیەنن کە نوێبوونەوە و ئەمڕۆژینبوونی کاری زانست، تەکنۆلۆژی و راهێنانە. خواست و بوێرییە، ئاراستەیە بۆ تێپەڕبوون لە منداڵی و قبووڵکردنی بەرپرسایەتی. ئەم دەرەنجامەی زانست و تەکنۆلۆژی و راهێنان لە مەیدانی سیاسیدا پێویستبوونی "دیموکراسیی سیاسی" واتە هێز بە پێی ئەقڵ رێکدەخات. لایەنگرانی مۆدێرنیتە بە دڵنیاییەوە دەڵێن کە لە نێوان مۆدێرنیتە و راسیۆنالیتە و دیموکراسیدا پێوەندییەکی پتەو و تۆکمە هەیە.

بەم پێیە مۆدێرن بوون، ئەمڕۆژین بوون، و بە واتای راستەقینە هاوسەردەم بوون لەگەڵ سەردەم، لەناکاو و بە یاریدەی ئیرادەیەکی بەهێز بەدەست نایەت، هەڵبەت خواستی تێپەرکردنی منداڵیی پێویستە، بەڵام ناتەواو. لە روانگەی مێژووییەوە مۆدێرن بوون سەردەمایەکە کەم تا زۆر درێژخایەن بۆ راهێنانی پێویستیی ژیانی ئەقڵمەندانە و هەروەها (یان باشترە بڵێین پەیوەست بەوەوە) خەباتکردنە بۆ ئازادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە سەرەتادا نووسیم کە ئەمە



تەنیا تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە نییە. تەنانەت لە روانگەی مێژوویشەوە، ئەم تێگەیشتنە (کە بەهێزە و زۆرکەس بڕوای پێی هەیە) تاکە فۆڕمی درککردنی مۆدێرنیتە نییە. فۆڕمەکانی دیکە کە فەیلەسووفان لە باسەکانی خۆیاندا ئاراستەیان کردووە دەروەستی رەخنەگرتنی ئەوانە لە سەردەمی نوێ یان دەروەستی "تێڕوانینی رەخنەیە لە مۆدێرنیتە". بەڵام بەرلەوەی درێژە بە باسەکە بدەین دەبێ ئاماژە بکەین بە چەمکی رەخنەگرتن و ئەندێشەی رەخنەیی.

## ئەندێشەی رەخنەیی

رەچەڵەکی وشەی **کریتیك** کە لە تەواوی زمانە ئەوروپاییەکاندا بە واتای رەخنە بەکاردەهێندرێ، دەگەڕێتەوە سەر وشەی یۆنانی Krites بە واتای جیاکردنەوە و جاری واشە حوکمدان، وشەیەکی کە لە دادگاییەکاندا بەکاردەهات. وشەی **کریسیس** یان قەیرانیش هەر لەم چاوگەوە وەرگیراوە. ئێستاش لە فیزیکدا جاری وایە ئەم دوو وشەیە لەجێی یەکتری بەکاردێن. بۆ نموونە لە تیرمۆدینامیکدا باسی خاڵێکی قەیراناوی دەکەن یان لە تیشکناسیدا سوچێکی قەیراناوی دێننە ئاراوە کە لە هەردوو بابەتدا فۆڕمی یەکسانی "**کریتیك**"یش لەکار دەکرێ. بەکارهاتنی سەرەکیی چەمکی قەیران لە پیشەی پزیشکی دایە. بە قورستربوونی نەخۆشیی قۆناغی قەیراناوی دەستپێدەکات، واتە جەستەی نەخۆش ئیتر ناتوانێ بەیارمەتیی توخم و سازوکارە ناخییەکانییەوە بەرگریی لە خۆی بکا. هەرچەند رەچەڵەکی وشەی **کریتیك** دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کەونارا، بەڵام ئەو واتایانەی کە ئەمڕۆکە بەم وشەیەوە گرێدراون، تەمەنێکی تا رادەیەك کورتیان هەیە، واتە سەرچاوەی زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی رۆشنگەری. پێشتر **کریتیك** واتای دیکەی هەبوو. لە زمانی لاتینیدا Criticus Gramaticu رەسەنایەتیی دەقی دەستنیشان دەکرد.

ئەم واتا تایبەت و تەکنیکییە ئێستاش کارایە. بۆ نموونە لە فارسیی ئەمڕۆکەدا باسی "ڕاستکردنەوەی ڕەخنەییانەی غەزەلەکانی حافز" دەکەین. کریتیك لەسەدەی هەڤدەیەمدا بە واتایەکی تایبەت گەیشت: تێگەیشتن لە مەودای کولتووریی سەردەمای تێگەیشتنەکەی ئەم واتایە و باسی هێرمۆنوتیك ئێستاش هەر بەکاردێن. کاری ڕەخنەگر ناسینی مەودای واتای ڕەسەنی دەق و واتا ئەمڕۆژینەکەیەتی. "**پییەر بی**" لە " **کولتووری مێژوویی** و **ڕەخنەیی**" (١٦٩٧)دا پێیوابوو کە ڕەخنەگرتنی دەق، ناسینی هەڵەکانی نووسەرە و درککردنە بەم خاڵە کە زانستی نووسەر سەبارەت بە چ بابەتگەلێك کرچ و کاڵە. کاری ڕەخنەگر لەگەڵ "گەڕان بە دوای هەقیقەتدا " یان "زانست" بە یەك شت دادەنران. کریتیك بە زمانی **شکسپیر** واتە کردەوەی ئەو کەسەی کە کارەکەی سنوورە قبوولکراوە ئەخلاقی و مافییەکان دەبەزێنێ. ئەم وشەیە لە سەردێڕی تەواوی شانۆیی **مولیر**دا "کریتیکی ڕێبازی ژنان" واتایەکی تایبەت و نوێی هەیە: واتە ناسین. لەم نموونەیەدا کریتیك هەمیشە پشت ئەستوورە بە بەراوردکردنێکی دووەنەیی، واتە جیاوازیدانان لە نێوان ڕاست و ناڕاست، چاکە و خراپە، زانایی و نەزانی. لە ئەدەبیاتی ڕۆشنگەریدا کریتیك واتای "حوکمدان لە سەر بەرهەمێکی هزری یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" بوو و ئێستاش ئەمە یەکێکە لە گرینگترین واتاکانی ڕەخنەیی نووسەرانی "**ئەنسکلۆپیدیا**" واتە (١٧٧٠ — ١٧٥١) **ڕۆسۆ**، **مۆنتسکیو** و هەروەها **ویکۆ** کریتیکیان بەم مانایە بەکارهێناوە. لە وتاری کریتیکی ئەنسکلۆپیدیادا ڕەخنەگر بە کەسێك دەگوترێ کە بتوانێ لە نێوان ڕاست و ناڕاستدا جیاوازی دابنێ. کریتیك هەر بەم واتایە لە بەرهەمی مەزنەکانی سەدەی ڕابوردووی ئێمەدا هاتووە، میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە لە نامیلکەی ئێراد(١٨٦٢) دا نووسیویەتی:



ئەم یاسا و ڕێسایە لە ئەورووپادا باوە و گەلێ قازانجی مەزنی وەخۆگرتووە. بۆ نموونە کەسێك کتێبێك دەنووسێ، کەسێکی تر سەبارەت بە نووسراوەکانی ڕاستکردنەوە دەنووسێ، بەمەرجێ کە نووسەر نەڕوشێنێ و بێ ئەدەبی نەکا و بە وریاییەوە بدوێ. ئەم کردەیە **قریتقا** یان بە زاراوەی فەرەنسایی **کریتیك** دەگوترێ. نووسەر وەڵامی دەداتەوە. دواتر کەسی سێهەم بە وەڵامی نووسەر یان ئەرێ دەڵێ یان بۆچوونی ئەو کەسە پەسند دەکا کە ڕاستکردنەوەی نووسیوە. دەرەنجامەکەی ئەمەیە کە وردە وردە هەڵبەست و پەخشان و نووسین لە زمانی هەموو گروپێکی ئەورووپادا بە بێ گرێیی دەگا و بەپێی توانا لە گشت کەموکورتییەکان دادەماڵدرێ. نووسەران و شاعیران بە تەواوی لە ئەرك و پێویستییەکانی خۆیان تێدەگەن. ئەگەر ئەم یاسا و ڕێسایە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "تهران"ەوە لە ئێرانیش پەرەپێبدرێ هەموو ساتێك دەبێتە هۆی گەشەی چینی داهاتووی خەڵکی ئێران. [٤]. لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە ئەورووپادا ڕەخنەگرانی سەربەخۆی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان سەریان هەڵدا. پێشتر هونەرمەندان و جاروباریش فەیلسووفەکان ڕەخنەیان لە بەرهەمە هونەرییەکان دەگرت. نووسینەکانی **ڕاسین** بە مەبەستی وردبوونەوە لە بنەماکانی کاری خۆی لەسەر بەرهەمی خۆی و شانۆیی کەسانی تر دەینووسی یان **بێن جۆنسۆن** شانۆیی نووسێك بوو، کە لەسەر هونەری دیتران دەینووسی. لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە فۆڕمی سەرەکیی کاری ئەمانە کاری تیۆریسیەنی و مانەوە بوو. لە بواری فەلسەفەی هونەری و جوانیناسیدا، ئەوانەی کە لەسەر جوانیناسی لە ڕێنیسانسەوە تا سەدەی هەژدەیەم دەیاننووسی ڕەخنەیەکیان لەسەر بەرهەمێك یان بەرهەمێکی نووسەر ئاراستە نەدەکرد یان تەنانەت ئەگەر جاروبارەش کارێکی ئەوتۆیان دەکرد بەر لە هەموو شتێك بۆ ئەوە بوو تیۆری لەسەر داهێنانی ئەدەبی بنووسن.

ئەگەرچی بەر لە سەدەی هەژدەیەم رەخنە بە واتای دادوەریی بەکار نەدەهات، بەڵام بیرمەندانێك هەبوون کە خەریکی دادوەریی سەردەمای خۆیان و هەڵسەنگاندنی هزر و بەرهەمەکان بوون. سوقرات دادوەریی سەردەمی خۆی بوو و **راجێر بیکێن** بە ئاشکرا خۆی بە "نوێنەری ئەقڵ" ناوزەد دەکرد. **مونتەینی،** ئاراسموس و تامس مور رەخنەگری ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمای خۆیان بوون بێ ئەوەی وایان نێوبنێن. بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایین دادوەریکردنی رەخنەگرانەی ئایینی فەرمی بوو. لە راستیدا رۆشنگەران کە بە خۆیان دەکوت دادوەر، دەوری تایبەتیی رووناکبیرانی سەدەکانی پێشتریشیان دیاری و دەستنیشان دەکرد. ئەوان پەیڤداری مۆدێرنیتە بوون و لە ئاخێزگەی دەسەڵاتدارییی ئەقڵەوە رەخنەیان لە شێوەی ژیان و بڕوای هاوسەردەمەکانی خۆیان دەگرت. **رۆسۆ** کە ئاماژەی بە پێویستیی "رەخنەی گشت لایانە" دەکرد مرۆڤی دڵپاك و بەختەوەری "پێش مێژوو"ی لە بەرامبەر مرۆڤی داماوی کۆمەڵگای شارستانی دادەنا. یان سوکایەتیکردنی دڵڕەقانەی **ڤۆلتێر** "فۆرمی مرۆڤی تری ژیان"ی بەو مرۆڤە داماوە پێشنیار دەکرد. بە بۆچوونی رۆشنگەران ئەقڵی رەخنەیی هاوڕێ لەگەڵ ئەقڵمەندیی زانستی بوو، بەڵام لە شوێنێکدا زیاتر هەنگاوی دەنا. ئەوان هزری زانستییان بە هەڵسەنگێنەری وردی راستەقینە دادەنا، راستەقینەیەکی مسۆگەر کە بە چەشنێکی ئەزموونی دەناسرێ، بەڵام پێیان وابوو کە ئەقڵی رەخنەگرانە دیاریکردنی دەرەنجامێکی ئارمانییە لە بەرامبەر هەر پێشهاتێکدا، مەبەستێك کە ئاراستەی لێکۆڵینەوەی زانستیی بەرەو رێیەکی تایبەتی دەبا. زانا باسی ئەو شتە دەکا کە هەیە و رەخنەگر یان فەیلەسوف لەوە دەدوێ کە دەبێ هەبێ. رەخنە بەم واتایە بە کردەوەیەك دادەنرا کە دەرەنجام دیاری دەکا. **شیلێر** بەم شێوەیە باسی هەر ئەم خاڵە دەکا: "هونەر نیشاندەری رەخنەگرتنە لە کۆمەڵگا و رەخنەگرتن نیشاندەری کردەوەیەکی ئەخلاقییە".



ئەقڵی رەخنەگرانە کە سنووری زانستیی بەزاند لەگەڵ ئەقڵی فەلسەفی بە زاتێك دادەنران. بەم پێیە و بە وتەی ئێرنێست **کاسیرێر** سەدەی هەژدەیەم ویستویەتی پێی بگوترێ سەدەی فەلسەفە و سەدەی رەخنە:

ئەم دوانە خوێندنەوەی بارودۆخێکن کە دەیانەوێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە ئەو هێزە بنەڕەتییە ئەقڵمەندە دیاری بکەن کە چاخی تەنیوەتەوە و شێوەی ئەندێشەی چاخ دادەڕێژێ، تاکانەبوونی فەلسەفە و هەروەها رەخنەی ئەدەبی و جوانیناسی لە تەواوی زەینە بەرجەستەکانی ئەم سەدەیەدا دەبیندرێ. ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەك رێکەوت نییە، بەڵکو بەپێی یەکبوونی قوڵ و لە بنەڕەتدا پێویستی ئەم دوو هەرێمە ئەندێشەیەیە. هەمیشە پێوەندییەکی نزیك لە نێوان پرسە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیستماتیك و پرسە سەرەکییەکانی رەخنەی ئەدەبییدا هەبووە و دوای ئەوەی لە سەردەمی رێنیسانسدا کە بانگەشەی نوێکردنەوەی هونەر و زانستەکان بوو رۆحی فەلسەفیی تازە بووە. ئەم پێوەندییە کاریگەرییەکی دوولایەنە و سەرەکیی راستەوخۆی هەبووە، واتە دانوستانی هەمیشەیی نێوان ئەم دوو هەرێمەی پێکهێنا. رۆشنگەریی پێیوایە فەلسەفە و رەخنە وابەستەن بە یەکتر و لە بەرهەمە ناڕاستەوخۆکانیشدا لەگەڵ یەکتری هاوئاهەنگن و هەروەها تێدەکۆشێ خەسڵەتە هاوبەشەکانیان بدۆزێتەوە. لەم دانوستان و وابەستەبوونی دوو لایەنەی فەلسەفە و رەخنە و تاکانەبوونیانەوە جوانیناسیی سیستماتیك سەرهەڵدێنێ و لە ناخی خۆیدا دوو مەیلی جیاواز هەڵدەگرێ کە بەرەو دوو ئاراستەی جیاواز دەجووڵێنەوە [٥].

بە هۆی ئەم یەکبوونەی **"فەلسەفە و رەخنە"**، لە نامیلکەی **"فەیلەسوف"** (١٧٥٥)دا کە دەڵێن هی **دیدرۆیە** دەخوێنییەوە کە: یاسادانەر بە دوای عەدالەت و راستییەوەیە، بەڵام فەیلەسوف لە نێوان راست و ناڕاستدا جیاوازی دادەنێ. هەر لەم نامیلکەیەی فەلسەفەدا "عادەتی بە سیستماتیکی

رەخنەگریی" پێناسەکراوە. (٦) رەخنەگرانی رۆشنگەریی هێرشی زۆریان کردۆتە سەر "عەینی خوازی"، "زانست تەوەری" و "بڕوای رۆشنگەران بە ئەقڵ"، بەڵام دەبێ سەرنج بەوە بدرێ کە تەواوی ئەم رەخنەگرانە شتێکیان لە رۆشنگەری بە میرات وەرگرتووە: بڕواکردن بە ئەندێشەی رەخنەگرانە.

فەلسەفەی رۆشنگەری لە هەڵسوڕانی سیاسیدا گەیشتە شۆڕشی فەڕەنسا، بەڵام میراتە ئەقڵمەندانەکەی لە شوێنێکی دیکەدا بەکارهات. فەیلەسووفە ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان بە یارمەتیی رۆشنگەران توانیان کەسایەتیی فەیلەسووف وەکو **رەخنەگر ـ دادوەر** بناسن. **کانت** لە کتێبی **"هەڵسەنگاندنی ئەقڵی نایاب** (١٧٨١)دا کاری رەخنەگری بە هاوسەنگی کاری دادوەران لە دادگاکان دانا و تا ئەو جێیە چووە پێشێ کە لە بەرایی کتێبەکەدا ناوی **"چاخی رەخنەگریی"** لە سەر سەردەمی خۆی دانا و نووسی: "سەردەمای ئێمە سەردەمای راستەقینەی هەڵسەنگاندن (رەخنەگرتن)ە و هەموو شتێك دەبێ ملکەچی بێت. (٧) ئەو لە وتاری **"رۆشنگەری چییە؟"**دا سەرنجی بەم خاڵەدا: رۆشنگەران هەوڵیاندا هەتا بە شێوەی رەخنەگرانە سەردەمی خۆیان بناسنەوە. واتە درك پێکردنە هەنووکەییەکانیان بە پرسی گرینگی فەلسەفە دانا. رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە دانەبڕاوە. دەتوانین ئەمە لە کاری کانتدا کە بە **"فەیلسووفی مۆدێرنیتە"** ناسراوە، بدۆزینەوە. مۆدێرنیتە بە پێی رەخنە لە سوننەتەکان پێکهاتووە و هەمیشە بە پشت بەستن بە پەیڤی رەخنەگرانەوە گەشەی کردووە. حوکمی **کانت** بێگومان بەواتای تێپەڕینە لە دوگماتیزمەوە بۆ هێزی رەخنەیی، بەڵام ئەو بەپێچەوانەی رۆشنگەران نەیدەویست **"ئەنسکلۆپیدیا"** بنووسێ و بە پێچەوانەی **هێگل** نەیتوانی **"سیستەمی زانستی فەلسەفی دابڕێژێ"**. تۆکمەبوونی بنچینەی هزری رەخنەیی لە ئەندێشەی کانتدا پێشی بە سازکردنی **"سیستەم"** گرت. ئەو هەمیشە **کریتیکی** بە واتا



یۆنانییەکەی وەك هەڵسەنگاندن، واتە وەك فۆرمێك لە دادوەریی ئاراستە کرد. حوکمی سەرەکیی **کانت** ئەوەیە کە بێ هەڵسەنگاندن و دادوەریی ورد نابێ هیچ شتێك قبووڵ بکرێ و پێش هەڵسەنگاندنی رادەی ناسین ناتوانین بایەخێك دەستنیشان بکەین. **کانت** لە سێ کتێبی گرینگی خۆیدا هزری نایاب و هزری پراکتیك و هێزی دادوەریی خستە بەر هەڵسەنگاندن یان رەخنەوە. بۆ هەڵسەنگاندن یاسا یان سەنگی مەحەك پێویستە. دەتوانین سەرلەبەری بینای مەزنی فەلسەفی کە کانتی پێگەیاند، بە هەوڵێکی شێلگیرانە بۆ گەیشتن بەو رێسایە بزانین.

کەچی کاری رەخنە بۆ رۆشنگەران واتە: **"لە دەرەوە دادوەریکردن"** و سەرنجدان بە دەق یان کردەوە، یان ئیدەیەك هەر وەك ئۆبژە. کاری رەخنە بۆ کانت کردەوەیەکە لە زەینیدا. **ئەقڵ** دەبێتە دادوەری خۆی. سەردێڕی **"هەڵسەنگاندنی ئەقڵی نایاب"** ئیلهامی تێدایە: ئەقڵی نایاب هەم هەڵدەسەنگێنێ و هەم بۆ خۆی هەڵدەسەنگێندرێ. بکەری ئەم هەڵسەنگاندنە **"بابەتێکی دەرەکی"** نییە، بەڵکو خودی ئەقڵە. کاری رەخنەی کانتی رەخنەگرتنە لە خودی رۆشنگەری. ئەقڵ لە کردەوەی هەڵسەنگاندندا هەست بە خۆی دەکا و خۆی هەڵدەسەنگێنێ. ئا بەمجۆرە کاری ئاقڵانەی رەخنەگرانە قبووڵکردنەوەیەکە سەبارەت بە هەلومەرج یان مسۆگەربوونی زانست یان بە وتەیەکی باشتر سەبارەت بە سنوورەکانی زانایییە. کانت دەپرسێ کە هەلومەرج و رادەی زانستی ئێمە کامانەن؟ کام هەلومەرج دەرفەتی مسۆگەربوونی زانستی ئێمە لە دنیای سروشتی و زەینی خۆمان مسۆگەر دەکا؟ **"هەڵسەنگاندنی ئەقڵی نایاب لەم پرسیارە ناوەندییەوە دەستپێدەکا کە بۆچی زەینی ئێمە بە شێوەی ئۆرگانیکی و سیستماتیك دنیای دەرەکی دەبینێ؟"** ئێمە هەمیشە دنیا وەکو دنیایەکی پێکهاتوو لە شتە ئۆرگانیکەکان دەناسین. هێزی درك پێکردنی ئێمە

نەتەنیا راستەقینەی ئۆبژکتیو، بەڵکو لایەنی سەرەکی و سیستماتیك دەئافرێنێ کە هەست بە راستەقینە دەکەین و تێیدەگەین. هەموو شتەکان وا پێکدێن تا بتوانین لە رێگەی زانستێکی پێشبینی کراو یا بە هێزی درکی خۆمان بیانناسین. ئەم سیستماتیك کردنەوەی ئاقڵانەی هەلومەرجی ناسین، باسی سەرەکی کانت بوو کە لە باسکردن لە "قاعیدە زمانییەکان"، زمانناسی مۆدێرن و دۆزینەوەی رێساکانی پێکهاتەخوازیی ئەمڕۆکە بەکاردەهێنرێن.

هێگل لە پێشدا رەخنەی بەم واتایەی کانتی قبووڵ کرد و دواتر لە **"ئۆدیسەی رۆح"**دا بەکاری هێنا. بە بۆچوونی ئەو روانینی رەخنەگرانە، واتە هەستکردنی رۆح. رەخنە بەئاگابوونی رەخنەگرە لە ئاستی خۆی. رەخنە بالاترە لە هەڵسەنگاندنی هزر و مەزنکردن. وشەی بەناوبانگی فەلسەفیی هێگل، واتە aufhebung بە هەردووك واتای رەتکردنەوە و مەزنکردن کە ئەم واتا نوێییەی رەخنەگریی دەردەخا، شتێکی جیاواز نییە. مۆدێرنیتە پلەیەکە لە کامڵبوونی رۆح بەرەو ئازادی. بەپێی حوکمێکی ناسراو کە لە پێشەکیی "دیاردەناسیی رۆح" (١٨٠٦)دا نووسراوە سەردەمای مۆدێرن سەردەمای گۆڕان و ئاڵوگۆڕییە. لەوە تێدەگەین کە سەردەمای ئێمە سەردەمای فەرەیی بوون و گوێستنەوەیە بۆ سەردەمای نوێ. رۆح لەو شتەی کە تا بە ئێستا دنیای بووە و تێیدا جێگیربووە و وێنای دەکرد جیادەبێتەوە و دەیەوێ ئەم دنیایە بە رابوردوو بسپێرێ. ئەو سەرقاڵی ئەویتربوونی خۆیەتی (٨). گرینگترین خەسڵەتی سەردەمای نوێ هەستکردی رۆحە و بنچینەکەشی ئەندێشەی رەخنەییە. هێگل کە بنچینەی مۆدێرنیتەی بە **"توخمی زەینی و سوبژکتیڤ"** دەناسی، دەینووسی کە بەئاگابوون لە خود، پێویستی هەیە بە ئازادی و قووڵبوونەوە و تاکبوون و سەربەخۆیی لە کردەوە و گرینگتر لە هەمووان پێویستی هەیە بە رەخنە. ئەمە خاڵێکی نوێ نییە، کە **هێگل** بۆ یەکەمجار لە **"دیاردەناسیی رۆح"**دا ئاراستەی



کردبێ. پێنج ساڵ پێشتریش ئەو لە نامیلکەیەکی گرینگدا بە نێوی **"گەوهەری رەخنەی فەلسەفی"** (١٨٠١) کە زۆرکەم ناسراوە و خوێندراوەتەوە، باسی لەوە کردبوو کە رەخنە پشتی دەبەستێ بە قووڵبوونەوە لە خودێکی دیاردەناسانە کە ئەویش چاو لە دەستی سەردەمای ئێمەیە. **هێگل** لەوێدا بە هاوپێچی ئەو خەسڵەتەی رۆحی زەینیدا رۆچووبوو کە زادەی سەردەمای نوێیە(٩).

رەخنە هەر وەك گرینگترین میراتی هێگل لە لای قوتابیان و لایەنگرانی مایەوە. لە بەرهەمی هێگلە گەنجەکاندا وشەی رەخنە تاکە وشەیەکە کە زۆر بەکارهاتووە. **مارکس** و **ئەنگلس** لە **"بنەماڵەی پیرۆز** (١٨٤٥)دا رەخنەیان لە رەخنەخوازیی رەخنە گرت کە سەرنج بە خودی رەخنەگرانە دەدا، دواتر **"لە ئایدیالۆژی ئەڵمانی** (١٨٤٦)" دا نووسیویانە: رەخنەی ئەڵمانی هیچ کات هەرێمی فەلسەفەی بەجێنەهێشت و بە هیچ شێوەیەك پێشنیارە فەلسەفییەکانی خۆی تاقی نەکردەوە، بەڵکو هەمیشە سەرنج و پرسەکانی لە نێو سیستەمێکی فەلسەفیی تایبەت کە هەمان سیستەمی هێگل بێ، زیندانی ماوە. بە هۆی ئەم پشت بەستنە بە هێگل بوو کە رەخنەگرانی مۆدێرن نەیانتوانی رەخنەیەکی بەرفرە لە خودی سیستەمی هێگل ئاراستە بکەن. ئەگەرچی هەر کام لەوان دەیانویست کە هێگل تێپەڕێنن (١٠). **مارکس** بۆ خۆی رەخنەی لە سیستەمی هێگل گرت و هەوڵی زۆریدا هەتا لێی تێپەڕبێ، بەڵام جێی خۆیەتی گەر بپرسین کە ئایا سەبارەت بە خودی رەخنە واتە، لە تێگەییینی سەرەکی لە کردەوەی رەتکردنەوە و مەزنکردندا دەیتوانی هێگل تێپەڕ بکا یان نا؟ مارکس بۆ جارێك ئەم جیاوازییەی بەکورتی شی کردەوە. ئەو لە **"رەخنە لە میتۆدی هێگل سەبارەت بە دەوڵەت"** (١٨٤٣) ئاوای نووسی: " رەخنەی بەراستی فەلسەفی لە هەموو شتێك، ئەوە نییە کە بێت و خۆی بە دەرخستنی دژایەتییەکانی ئەو شتە بەرتەسك بکاتەوە، بەڵکو لێیان دەدوێ، سەرچاوە و پێویست بوونەکانیان

دەناسێ و دەلالەتی تایبەتیی ئەوان دەدۆزێتەوە. ئەم ناسینە بە پێچەوانەی ئەوشتەی کە هێگل تێیگەیشتبوو دۆزینەوەی قاعیدە لۆژیکییەکان نییە لە هەموو شتێکدا، بەڵکو دۆزینەوەی لۆژیکی تایبەتیی هەموو شتێکی تایبەتە(11). رەخنەی ئابووریی سیاسی کە دووەم سەردێڕی بەرگی **"سەرمایە"** (١٨٦٧)یە و هەروەها **"گروندریسە"** (٥٨ ــ ١٨٥٧)یە وەك رەتکردنەوە و مەزنکردن (دۆزینەوەی لۆژیکێکی تایبەتی ) ئابووریی کلاسیك (بابەتی تایبەت)ە. هەر ئەم خاڵە سەبارەت بە **"رەخنەی ئایدیالۆژیك"**یش هەروایە. رەخنەیەکی کە بناغەکەی لە بەرهەمەکانی سەردەمی گەنجیی مارکسدا سەبارەت بە لەخۆنامۆبوون دانرا و کاملترین شێوەی دەربڕینی خۆی لە بەشی چوارەم لە یەکەم بەشی سەرمایەدا دۆزیەوە کە بە نێوی **"بت ئاسابوونی کالاّ و راز و رەمزەکەی"** دەناسرێت.

چ وەك **کانت** رەخنە بە هەڵسەنگاندن دابنێین یان وەکو **هێگل** و **مارکس** پێمان وابێ کە رەتکردنەوە و مەزنکردنە، لە نێو رووبەڕووبوونەوەی دوو جۆریی وەك **راست / ناڕاست** و **چاك / خراپ** دا گیر دەکەین. لەم بابەتانەدا رەخنەگر بەپێی رادەیەك دادوەری دەکا، ئەگەر رادەکەی دروست بێ ئەوا ئەو لەسەر راستە، واتە توانیویەتی کە لایەنە ناڕاستەکان لە بابەتی هەڵسەنگێندراودا بناسێتەوە، بەڵام هەر کاتێ رادەکەی ناڕاست بێ متمانە بە هەڵسەنگاندنەکەی ناکرێ. بەبۆچوونی هێگل ئیدەی رەها و بە بۆچوونی مارکس **"پراکسیسی کۆمەڵایەتی"** ئەوە دەردەخەن کە ئایا رادەی رەخنە راستە یان نا. واتە رەخنەکەی بە **"ئەوپەڕ رەخنەیی"** هەڵدەسەنگێندرێ. گەورەترین رەخنەگرانی سەدەی پێشتر نەیانتوانی لە پێویستی هەبوونی **" ئەوپەڕ رەخنە"** تێپەڕ بن و لە لایەکی دیکەوە نەیانتوانی بە شێوەی ورد و گشتگیر لەسەری بدوێن. نیچە بە دڕدۆنگییەکی زۆرەوە نووسی: ئەوەی گوتویەتی **نا** و بواری بە **نا** داوە کە تا



رادەیەك پێشتر نەبیستراو و نەناسراو بوو و لەبەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە دیتران **ئایان** بۆ گوتبوو ئەو گوتویەتی **نا**، لە ئاکامدا ناچارە لەگەڵ هەمان هەستی **نا** کوتنەش دژایەتی دەکا (12). نیچە نەدۆزینەوەی ئەو رێسا و رادەیەی بە نەهامەتیی هزری مۆدێرن دانا. ئێمە ناچارین کە لە ژێر دەستی زماندا بیر بکەینەوە و لە تووشی بووندا بیر لە بوون بکەینەوە. رەخنە دۆزینەوەی هەڵەکانە لە بابەتی رەخنەدا، بەڵام رادەی راست و ناراست کامەیە؟ چ شتێك رەخنە لە خودی ئەو رادەیە دەگرێ؟ و ئایا زنجیرەی ئەم کردەیە بۆ هەتاهەتایە درێژەی پێنادرێ؟

ئەم پرسانەمان نابێ لە بیر بچێ، چونکە **نیچە** کە قووڵترین رەخنەکانی لە سەر مۆدێرنیتە دەست پێکرد، هەر لە سەرەتاوە باسی لەم خەسڵەتەی **"خود بیرکردنەوە ــ خود ئەندێشەکردن"** کردبوو.

## مۆدێرنیتە و راسیۆنالیتە

ئایدیالۆژیی مۆدێرنیزم هاوڕێ لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا ئەورووپاییەکان بە درێژایی سەدەکان ساز بووە. واتە هاوتەریب لەگەڵ بە دەسەلاّت گەیشتنی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرامبەر دەوڵەتدا قاعیدەبەندی ژیان و پێوەندییەکان لەگەڵ یاسا، بە گرینگی گەیشتنی تاك، سەرهەڵدانی دەوڵەتە دیموکراتییەکان و لەوانەش گرینگتر، هەمووی ئەمانە بنە نیشانەی **"سەرکەوتنی ئەقڵی مرۆڤی"**. ئەقڵی مرۆڤی ببێتە دوایین رێسا و پاساودانەوەی پێشکەوتن. هەروەها سوود وەرگرتن لە سەلماندنی سەرکەوتنی کۆمەڵگای مۆدێرن بەسەر کۆمەڵگای سوننەتیدا. زەمینی یان دنیایی بوونی یاساکان پشت ئەستوور بوو بەم تێگەیشتنە لە سەرکەوتنی ئەقڵی مرۆڤی (زانستی، فەلسەفی، مافی و هونەری و ...) بە سەر یاسا سوننەتی و

ئایینییەکاندا. ئەقڵ زانست و بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی بە گونجاو دادەنا، بە پێی وتەی ناسراوی هێگل لە بەرایی "فەلسەفەی ماف" (١٨٢١)دا: ئەوەی ئەقڵانی بێ راستەقینە و ئەوەی راستەقینە بێ ئەقڵانییە [13]. ئەم گونجاو و ئاقڵانەبوونەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە ناچاری رێگە بە پێگەی بوونەوەری کۆمەڵایەتی (و فۆڕمەکانی دەسەڵات) و هەروەها جیاوازی نێوان تاکەکان (بە پێی پۆلینبەندیی کۆمەڵایەتی، رەگەز، نەژاد و تەنانەت باوەڕەکان) دەدات. رەخنە لە مۆدێرنیتە لە راستیدا رەخنەگرتنە لە ئایدیالۆژیی راسیۆنالیتە. رەخنەیەك کە هێرش دەکاتە سەر دەرەنجام و ئاکامەکانی ئەم باوەڕە: زانست، زانستخوازی، بەئامرازبوونی ئەقڵ، تەکنۆلۆژی و... رەخنەگر دەپرسێ ئێمە چۆن دەتوانین بە تەواوی دەستنیشانی بکەین کە بەجێهێنانی غەریزە یان نیازێکی شەخسی یان ئارەزوویەکی ئەقڵانییە؟ بەمجۆرە ئیدەی ئەقڵانی بوون دەخولقێنین تا بۆ ئەمانە و گرینگتر لەوانەش بۆ دەسەڵات و کەلەبەری کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان پاساو بێنینەوە کە لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا بە باڵا دەست و ژێردەست دابەش کراون.

نیچە ئەوەی دەستنیشان کردۆتەوە کە لە بەئەقڵانی دانانی شتە نائەقڵانییەکانە کە پاشاگەردانیی ئەقڵ سەرهەڵدەدا. هەر لەم حاڵەدا پاساو بۆ گشتیان دێنێتەوە. ئاکامی راسیۆنالیتە شتێك نییە بێجگەلە ئایدیالۆژییەك کە پاساو بۆ دەسەڵاتی پیاوی رۆژئاوایی بە سەر ژنان، چینە هەژارەکان، منداڵان و خۆجێییەکان، داگیراکراون، کەمینەی نەژادی و رەگەزی ... دێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە دەتوانین ببینین کە ئەم تێڕوانینەی راسیۆنالیتە بە هێوری بوو بە تێگەیشتنێك کە کەمتر خۆی دەردەخا. تێگەیشتنێك کە ئەقڵانی بوونی تا ئاستی باوەڕ بە ئامرازی بوونی ئەقڵی دابەزاند. ئەقڵێك کە چووە خزمەتی بەجێهێنانی نیاز و خواستەکان. لە ئاکامدا گەیشتە بنچینەی " کۆمەڵگای



بەکارهێنەر". کۆمەڵگایەك کە تێیدا لایەنی ئەقڵمەندانەی بەرهەمهێنان واتای بەناوەندبوونی بەرهەمهێنان (یان بە وتەی مارکس گشتی بوونی مڵکایەتیی ئامرازیی بەرهەمهێنان) نەبوو، و بەکارهێنان بە بایەخی زیاتر لە چاو پاشکەوت گەیشت. ئەم "تێگەیشتنە لە مۆدێرنیتە" بوو بە بابەتێکی رەخنەیی توند. هەڵبەت سەرکەوتنی مۆدێرنیتە سەرکەوتنی ئەقڵی عەینی (ئۆبژێکتیو) بە سەر سیستەمی کۆنەدا بوو. تا ئەو جێیەی ئیتر گەڕانەوە بۆ ئەو سیستەمە مەحاڵە، بەڵام رەخنەگر دەپرسێ کە ئایا نەدەکرا بە چەشنێکی دیکە لە سەرکەوتن بگەین؟ یان ئەمە ئێستاش مەحاڵە؟ ئایا چەمکی "رزگاربوون" بە بەدیلی مۆدێرنیتە کورت دەکرێتەوە یان بە یەکێك لە فۆڕمە ئەزموونکراوەکانی مۆدێرنیتە؟ ئەم چەشنە باس و خواسە رەخنەگرانەیە پێش هەموو شتێك و گرینگتر لە هەر شتێك رەخنەگرتن لە راسیۆنالیتە دێنێتە ئاراوە. گرینگترین پرسیارێکی کە لێرەدا دەکرێ ئەمەیە کە: ئەم تێگەیشتنە گشتی و جیهانگیرە لە راسیۆنالیتە گشتێتی کامە ئەقڵە؟

کام شێوەی نوێبوونەوەیە؟ کام شێوازی ژیان؟ لایەنگرانی مۆدێرنیتە وەڵامان دەدەنەوە: راسیۆنالیتەی رۆژئاوایی. دەپرسین کە ئایا ئەمە جۆرێك سەرهەڵدانەوە (و رەنگە بتوانین بڵێین تۆکمە بوون) ی ئەوروپا تەوەریی نییە؟ دڵنیامان دەکەن کە وانییە. دەڵێن خۆتان بەوە سەرقاڵ مەکەن کە بنچینەی راسیۆنالیتەی مۆدێرن چییە. وای دابنێن کە رۆژئاوا ساتێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی (مێژووی خۆمان). دەستکەوتەکانی ئەوان هی هەموومانە. تەنانەت ئەگەر ئەم وتانە قبووڵ بکەین دیسان دەبێ سەرنج بدەینە ئەو رووبەڕووبوونەوە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانە کە بە هۆی دژایەتیی هەمەلایەنەی راسیۆنالیتە و لایەنی تایبەتیی (لە کولتوور و زمان و شێوەی ژیانی نەتەوەیی) سەریان هەڵداوە. کارڵ ئوتو ئاپڵ لە کۆبوونەوەی ستراسبۆرگ (٢٢ ـ ٢١ نۆڤێمبەر

١٩٩١)دا باسی ئەم دژایەتییەی کردووە، بەڵام هەروا لەسەر لایەنی گشتی (و تا رادەیەك کانت خوازانە)ی بنچینە ئەخلاقییەکان پێداگری دەکا:

بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە کە ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە بە هیچ جۆرێ ئاوا نییە کە بێین و تایبەتمەندیی خوازیی جیاوازی و خەمی دەرفەتە تاکییەکان لەهەمبەر رووبەڕووبوونەوەی پێوەرگەلێك دابنێین کە بایەخی گشتییان هەیە، بەڵکو دەبێ لە نێوان ئەخلاقی ناچاربوون و گشتیی بایەخە تاك خوازانەکانی نوێی ئەرەستوویی پێوەندی ساز بکەین. هەر بەو جۆرەی کە کانت بەباشی تێگەیشتبوو، ئەمە دەروەستی ئەوەیە کە ئەخلاقی ئەو بنەما سەرەکیانەی بایەخی گشتییان هەیە گرینگتر بن لە بایەخەکانی پێگەیشتنی تاکی. هەروەها ئەم گرینگتربوونە خزمەت بە ئارمانجەکانی تاکەکان دەکەن، چونکە لە سەردەمی دیاریکردنی مافی رۆمییەکان کە مەبەستی رواقی تێدابوو، گەشەکردنە ئەخلاقی و دادوەرییەکانی مافی مرۆڤ هەمیشە ببوونە هۆی گەشەکردنی رێزگرتن لە خواستی تایبەتیی تاکەکان.

ماکس هورکهایمر لە وتاری "کۆتایی ئەقڵ"دا (١٩٢١) دەنووسێ کە رۆشنگەران لە ستایشکردنی ئەقڵدا لەگەڵ باوکانی کەنیسە هاوڕا بوون. ئۆرجین دەیگوت ئێمە نابێ هیچ مرۆڤێ لەگەڵ بوونەوەرانی دیکە بەراورد بکەین، چونکە نابێ سوکایەتی بە ئەقڵ بکەین و ڤۆلتێر پێیوایە کە ئەقڵ "خەڵاتێکی درك نەبووی خودایە بۆ مرۆڤ" کە "سەرچاوەی گشت کۆمەڵگا و دامەزراوە و سیستەمێکە"[١٦]. پێشینیان پێیان وابوو کە ئەقڵ "بنچینەی سەرکەوتووی خوڵقان"ە، کەچی لە لای کانت "سەرکەوتووی سەرلەبەری مێژووی مرۆڤ"ە. بە هۆی ئەم ئیدەیەی ئەقڵ بوو کە ئیدەکانی ئازادی و عەداڵەت و هەقیقەت دروست بوون. ئایا دەتوانین لەگەڵ ئیدمۆند هۆسرێل هاودەنگ بین کە پێی وانەبوو فەلسەفەی کانتی زەمینەی سەرەکی ئەندێشەی مۆدێرنیتەیە؟ بە بڕوای



هۆسرێل خاڵی ناوەندیی بۆ کانت لە هەمان زەمینە و ئاسۆی فەلسەفی دیکارتییەوە سەرچاوەی گرتووە و کانت پشت ئەستوور بوو بە فۆڕمێك لە راسیۆنالیتە و بڕەویی سوژە کە بە هەموو شێوەیەك لە بابەتی ئۆبژکتیڤی ئاسمانی نەدەدوا، ئەمەش نەیدەهێشت بە تەواوی لە سوننەتی دیکارتی دابڕێ.[١٧] بە پێچەوانەی هۆسرڵ، مارتین هایدگێر پێی وابوو کە کانت "ورووژێنەری مۆدێرنیتەی فەلسەفییە". ئەمە کە ئەو ویستی لە سنووری دەرفەتی ناسینی ئەودا بە دوای بەرتەسکیی بوونی مرۆڤیدا بگەڕێ، خاڵێکی بە بەرجەستەکردنی darstellung نوێیە. ئەم بەرتەسکییە کە بە زمانی کانت رێخۆشکەری دادەنرێ[١٨]، بە وتەی میشێل فۆکۆش "دەسپێکی پەیڤی مۆدێرنیتە"یە و هەروەها "ململانێی جۆرەکانی باسی مۆدێرنیتە" دەردەخا.

لوك فرەی دەنووسێ کە کانت رادەی نێوان مرۆڤ و خودای بە چەشنێکی رادیکاڵ سڕییەوە کە فەیلەسووفان بەر لەو کەم تا زۆر پاراستبوویان.[٩] و هایدگێر بە باشی لەوە گەیشتبوو کە کانت لە "هەڵسەنگاندنی ئەقڵی نایاب" لە بەراورد لەگەڵ فەلسەفەی دیکارتدا تیۆرێکی لە "دوا پێشهات" ی دانابوو کە گرینگییەکی رێژەیی بە "ئیدەی خودا" دەدا. ئەندێشەی فەلسەفیی سەدەکانی پێشتر مرۆڤی وەك کۆیلە دەبینی، بوونێکی تاهەتایی کە سەرقاڵە بە هەست و نەزانی و تاوان و مەرگ، بەڵام کانت ئەو چەشنەی لە ئەندێشەی زەمینی جێگیر کرد کە "ئێمە ئێستاش بە هۆیەوە بیردەکەینەوە". لە راستیدا کانت رێژەکەی پێچەوانە کردەوە. بوونەوەری ئاسمانی بوو بە ئیدەیەکی دەستکردی مرۆڤی. هەر ئەمە بوو بە رێخۆشکەر هەتا چەند دەیەی دواتر فویرباخ توانی تا ئەو جێیە بچێتە پێش کە بەو زاتە ئاسمانییە بڵێ "بت ئاسابوونی ئەقڵ". لە لای کانت زەینی مرۆڤ بوو بە سوژەیەکی ئاسمانی کە "ئارمانی ئەخلاقیی خۆی بە شێوەی خودا دەخوڵقێنێ". واتە خودا بە مەرجی

دەرفەتی ژیانی ئەخلاقی مرۆڤ دادەنرێ. سەرەڕای هەر چەشنە دەرەنجامێکی کە ئەم پێشنیارە بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی بەدی دێنێ دەتوانین بڵێین کە بە هۆیەوە روانگەی سەرەکی فەلسەفەی مۆدێرن پێکهاتووە. لوك فری لە سەر ئەوە پێداگری دەکا کە کانت بە هۆی ئەم حوکمەوە داوای لە ئێمە کردووە، کە نەك هەر بیر لە سیاسەت و ماف بکەینەوە، بەڵکو دەبێ ئەخلاق و کولتووری جیا لە تێڕوانینی تەکنۆلۆژیکیش وەبەرچاو بگرین. بەم هۆیە دەتوانین بڵێین کە کانت بیرمەندی مۆدێرنیتەیە. لێرەدا بە کورتی دەڵێم کە بە هۆی باسی کانت سەبارەت بە بەرتەسکییەکان و توانای ئەقڵی مرۆڤیەوە، لەمپەرێکی گەورە لە سەر رێی فەلسەفەی مۆدێرن هەڵگیرا.

بڕوا بە ئەقڵی مرۆڤ، مرۆڤێکی کە ئیتر کۆیلە نییە، بوو بە میراتی سەرەکیی رۆشنگەری بۆ ئایدیالیزمی ئەڵمانی. رۆمانتیکە ئەڵمانییەکان و هۆڵدرین زۆریان بە دژی ئەم بڕواکردنە بە ئەقڵ نووسی.

دوالێکدانەوەی هەستیان لە بەرامبەر ئەم "بڕوا کوێرانەیە بە ئەقڵ" دانا. بەر لە نیچە ئەمە گرینگترین رەخنە بوو لە راسیۆنالیتەی رۆشنگەری، بەڵام بەر لە هەموو شتێك با سەرنجی خاڵێکی زۆر گرینگ بدەین کە فەیلەسووفێك هێنایە ئاراوە، ئەویش بڕوا بە "پاشاگەردانیی ئەقڵ"ی خستە نێو ئاراستەیەکی نوێوە. کاتێ کە ویلهۆڵم فریدریش هێگل لە بەرایی "دیاردەناسی رۆح"دا باسی لە "سەردەمای کاتی" و "سەردەمای مۆدێرن" دەکرد مەبەستی تێگەیشتنی کەم تا زۆر زاڵی سەردەمای خۆی بوو. کاتێ نووسەرانی فەرەنسایی و ئینگلیزی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا باسی "سەردەمای مۆدێرن"یان دەکرد مەبەستیان گەشەی کولتووری ئورووپایی لە رێنیسانسەوە بۆ دواتر بوو. ئەم زاراوەیە بۆ هێگل واتا مێژوویەکەی پاراستبوو، بەتایبەتی کە هێگل هەمیشە ئاماژەی دەکرد بە جیاوازیی رادیکاڵی ژیانی مۆدێرن لە گەڵ سەدەکانی ناڤین و



لە "رۆحی زەمان" دەدوا. زاراوەی هێگل واتە Zeitgeist یەکێك لە بەناوبانگترین وشە فەلسەفییەکانی مۆدێرنیتەیە. رۆحی سەردەماکان کە دەیەوێ سەردەمای خۆی ـ واتە خۆی ـ بناسێ. هێگل پێیوایە کە گرینگترین ئەسڵی سەردەمی مۆدێرن گرینگ بوونی رۆحی زەینی یان سوبژکتیڤە. ئەم ئەسڵە لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و قەیرانەکانی دەدوێ. یورگن هابرماس کە یاری ئەم بۆچوونەی هێگلە دەنووسێ کە لەبەر ئەمە کاتێ چەمکی مۆدێرنیتە دەستنیشان یان پێناسە بکرێ پێش هەموو شتێك رەخنەیەکە لە سەر مۆدێرنیتە.[٢٠] حوکمی هێگل کە ئازادیی توخمی زەینی بە گرینگترین بنەمای مۆدێرنیتە دادەنێ، لە کاتی نوێدا لە سەر بە دەسەڵات گەیشتنی روو لە زێدەبوونی زەین و ئەقڵی مرۆڤی پێداگری دەکا کە لە راستیدا بە واتای ئازادییە[٢١]. بەبۆچوونی هێگل ئەم ئازادییەی توخمی زەینی لە گەڵ خودی تاکخوازیی دەبنە هۆی هاتنەئارای مافی رەخنە و سەربەخۆیی کردەوە کە دەرەنجامی گشتیان بنچینەی فەلسەفەی ئایدیالیزمە. لە بزووتنەوەی ریفۆڕمی ئایینیدا "ئەم ئازادییەی ئایین" بە هەمان هێزەوە هاتە مەیدان کە لە سەردەمای رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسادا دەرکەوتبوو. ئەم رووداوە مێژووییانە و هەروەها خودی ئەسڵی راسیۆنالیتە بڕوا بە یاسا سروشتییەکان (و لە ئەنجامدا زانستی مۆدێرن) تۆکمە دەکا. لە بڕگەی ١٢٤ "فەلسەفەی ماف"دا هێگل نووسیویەتی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و هەروەها زانست و هونەر لە سەردەمای مۆدێرندا "بە پێی هەر ئەم ئەسڵەی ئازادیی زەین" دروست بوون. بەم پێیە "من بیر دەکەمەوە"ی دیکارت سنووری فەلسەفەی مۆدێرنە کە لە دڵی بەرفرەهی رۆحی زەینی دایە و کانت هەوڵی دەدا لە رادەی چالاکیی ئەقڵ یان زەین تێبگا بۆ ئەوەی بتوانێ سنوورەکانی ئەم پانتایە دیاری بکا. هێگل پێیوایە هێشتا پەیڤی فەلسەفیی مۆدێرن ئەم سنوورانە، واتە

بەرفرەهیی توخمی زەینی نەبەزاندووە: "مافی سوژە بۆ دۆزینەوەی تاکێتی و مافی ئەو بۆ سوودمەندبوون لە ئازادی یان بە واتایەکی دیکە مافی ئازادیی سوژە واتە ئازادیی توخمی زەینیی، بۆتە ناوەندی جیاوازی نێوان سەردەمی لە مێژینە و سەردەمای مۆدێرن.[٢٢] میشێل فۆکۆ و ئەو پێکهاتەخوازانەی لە سەر بێ ناوەڕۆکیی سوژە پێداگرییان دەکرد، لە راستیدا سیلەیان لە دڵی بابەتی فەلسەفی مۆدێرن (لە دیکارتەوە تا هێگل) گرتبوو.

هێگل لە بەرهەمەکانی سەردەمی گەنجی خۆیدا ئەوەی نیشان داوە کە تێگەیشتن (سوبژیکتیڤیزم هەر ئەو شتەی کە لە "دیاردەناسیی رۆح" دا پێی گوت "رۆحی سوبژکتیڤ")، لە دنیای عەینی (پۆزیتیڤیزم یان ئەو شتەی کە جاروبار پێی دەگوت "ئەقڵی جیهانی") جیادەبێتەوە. نامۆیی رۆح لە ئەقڵی جیهانی، هەمان لە خۆنامۆبوونی رۆحە. بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر ئەم نامۆییەدا زاڵ بێ، "وشیاریی ناشاد"ی ئایین دەدۆزێتەوە. ئایینێك کە بە شێوەیەکی ئەقڵانی پاساو دەدرێتەوە. بەم پێیە هێگل هیچ کات نەچووە نێو یاریی رۆمانتیکە ئەڵمانییەکانی وەك هۆڵدرین و تەنانەت شیلینگ و شیلێر هەتا هونەر بکاتە رکەبەرێك لە بەرامبەر ئاییندا. بەپێچەوانەوە ئەم دوانە هاوڕێ لەگەڵ فەلسەفە بوونە نیشاندەری دووربوونی (هەروەها هەوڵ بۆ یەکانگیریی) دنیای زەین و دنیای رۆحی عەینی. هەر لە بەر ئەمەیە کە لە سەر دوا خاڵ پێداگری دەکەم کە لە سەردەمای هێگل لە نێوان فەیلەسووفان و رۆشنگەرانی ئەڵمانیدا باسی سوننەت و مۆدێرنیزم (نوێ بوونەوە) بەر لە هەموو شتێك لە چوارچێوەی جوانیناسیدا هاتبووە ئاراوە. شیلێر پێیوایە کە لە نێو هەموو شتەکاندا "ئارمانجی جوانی" سەردەمی نوێ دەردەخا و دەیگوت کە ئالۆزیی دنیای نوێ بۆتە هۆی ئالۆزیی دەربڕینی هونەری. هەڵبەت ئەوەش زێدە دەکا کە بۆ سەردەمایەکی درێژخایەن (لە یۆنانی کۆنەوە تا "هونەری کلاسیك") ئارمان



و مەبەستی سەرەکیی تەنیا و تەنیا جوانی بوو، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا ئەم ئارمانە بۆتە "مەزنی". لە هونەردا رزگاریی نێو سروشت بەدەست دێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ "بابەتی مەزن" رزگاری، واتە زاڵبوون بە سەر سروشتدا. شیلێر (و بە واتایەکیش شێلینگ) راهێنانی جوانیناسانە بە ئاشتکردنەوەی جوانی لەگەڵ "بابەتی مەزن"یان دەزانی و ئەمە لە راستیدا ئاشتکردنەوەی هونەرە لەگەڵ ئەخلاق.

هێگل خۆی لە قەرەی باسی جیابوونی رۆحی زەینی لە رۆحی عەینی نەدا. لە دوایین بەشی "دیاردەناسیی رۆح" یشدا کە لەم پرسە نزیك بۆوە ئاماژەی بە ئایین کرد نەك ئەخلاق. هونەر و فەلسەفە و ئایین دەتوانن لە پێگەیەکی بانتر لە بەربەرەکانیی خوداکان و عەبد سەیری بکەن. ئەخلاق (تا ئەو شوێنەی کە دەربڕی بارودۆخی سەربەخۆی وشیاری بێ) لە راستیدا نیشاندەری بارودۆخەکانی ئەم رەکەبەرایەتییە، بەم پێیە نابێتە هاوڕێی ئەو سیانە. فەلسەفە و هونەر و ئایین ساتگەلێکن لە رۆحی رەها. بۆ سەلماندنی ئەو خاڵە هەر ئەوندەمان پێویستە کە بە پێچەوانەی نەریتێکی ناشیرین بجووڵێینەوە کە لە دیاردەناسی رۆحدا باسی هێگل سەبارەت بە دیالێکتیکی خوداکان و عەبد بە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییە بخوێنینەوە کە دوای بە دوای دێت. خوداکان و عەبد یەکەم بڕگەیە لە بەشی وشیاری. بڕگەی دووەمی ئەم بەشە "ئازادی و خودوشیاریی: رواقی گەرایی و گومان زێیی و وشیاریی ناشاد" ئەوە نیشان دەدا کە چەمکی "سەربەخۆیی وشیاری" بۆ خۆی زادەی هەلومەرجی بەربەرەکانیی خوداکان و عەبدە و وشیاریی بەزاندنی ئەم هەلومەرج و دۆزینەوەی وابەستەبوونی دولایەنەیە. لەوەش زیاتر وشەیەکە کە هێگل زۆر جار لەم باسەدا بۆ داکۆکی کردن هێڵی لەبندا کێشاوە.

ئەمە بۆچوونێکی نوێ نییە لە کاری هێگلدا. پێشتر ئەو لە کتێبی "سیستەمی ژیانی ئەخلاقی (١٨٠٣ ـ ١٨٠٢)"دا کە یەکێکە لە یەکەم کارە گرینگەکانی ئەو لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا، باسی لەوە کردبوو کە هەر کاتێ بۆ تێگەیشتن لە "بارودۆخە مۆدێرنەکان" یارمەتی لە ئەخلاق وەربگرین باسی دەوڵەت دێتە کایەوە. هێگل ژیانی ئەخلاقیی تاکی لە تاکبوونی ئەو تاکەوە دێنێتە ئاراوە، ئەویش وەکو بوونێکی تاهەتایی کە بوون و کردەی ئەزموونیی ئەو بە چەشنێکی نایاب و سادە بە گشتیی دادەنرێ[٢٣]، بەڵام چونکە دەگەینە وابەستەبوونی دوو لایەنەی وشیارییەکان دەڵێی ئەو تاکبوونە دەسڕدرێتەوە و "جەماوەر" بە وەبەرچاونەگرتنی ژیانی ئەخلاقی تاکی، فۆڕمی دەوڵەت دادەڕێژن.[٢٤] هێگل هەر لێرەوە لە بنەمای فەلسەفەی سیاسی خۆیدا دەوڵەتی وەك "بوونی خاوەن شکۆی ئەو ئەخلاقە ناساندووە کە دەچێتە ئەو لای ئەخلاقی شەخسییەوە". تیۆری هێگل سەبارەت بە دەوڵەتی مۆدێرن کە لە فەلسەفەی مافدا بە کامڵی ئاراستە کرا ئەوە نیشان دەدا کە ئەقڵ و تێگەیشتن کە بناغەی مۆدێرنیتەن چۆن لە کامڵبوونێکدا جێگیر دەبن و بە تەواوی قبووڵیان دەکا و فۆڕمیان پێ دەبەخشێ. ئەمە کامڵبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە. ئەم دەوڵەتە شوێنی ژیانی رۆحی زەینییە، کامڵترین پێناسەی سیاسی رۆح لە دەوڵەتی مۆدێرندا دەدۆزێتەوە.

## مۆدێرنیتە و گۆڕان

داکۆکیکارانی مۆدێرنیتە کەم نەبوون، بەڵام بە هۆی کانت و هێگلەوە فەیلەسووفانی خۆی دۆزییەوە. لێرەدا خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە فەیلەسووف تەنانەت لەوپەڕی بەرگریکردن لە هەر شتێکدا گومان هەڵدەخڕێنێ. هێگل زۆر بەباشی بەرگیی لە مۆدێرنیتە کرد. ئەو رایگەیاند کە مێژووی مۆدێرن



جوڵەیەکی بەپڕتاوە بەرەو ئازادی. ئەو لە دامەزراوە سیاسی و دەوڵەتییەکاندا توانی بەئاکام گەیشتنی ئازادی بدۆزێتەوە و لە حکوومەتی ئەقڵ وەك یۆتۆپیایەکی دوورەدەست نا، بەڵکو لە خودی بوون و بەکردەوەبوونی بەرگری کرد. ئەگەر هێگل هەبوونی بە ئەقڵانی دانا و سەرنجی بە بوون و کارابوونی هەموو ئەو شتانەدا کە ئەقڵانی بوون، لەبەر ئەمە بوو کە لە سەردەمای نوێ و دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە داکۆکی کرد. لە سەرەتای دەیەی شێواوی ١٨٤٠دا قوتابیان و لایەنگرە فکرییەکانی هێگل دەستیان دایە هەڵسەنگاندنی سیستەمی فەلسەفی هێگل. گرووپێنگی ئەوان قۆناغێکی داڕشت و ململانێ فەلسەفییەکەیان مەزن بوو. ئەوان رەخنەیان لە بنەمای ئایینی بیری ئەو و رەتکرنەوەی ئایدیالیزم هەبوو (وەکو فویر باخ و مارکس) هەروەها دەرەنجامە سیاسییەکانی فەلسەفەی ئەویان پەسند نەکرد (وەکو برونو بائیر، ماکس ستاینێر، موسا هێس، ئارنۆڵد رۆگێ، کارل مارکس) لە راستیدا رەخنەیان لە بنەمای بڕوای هێگل سەبارەت بە مۆدێرنیتە هەبوو. هێگلییە چەپەکان بەتایبەتی لە ئەندێشەی سیاسی خۆیاندا بە خەستی لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا دابوون. یەکەم وانەیەکی کە لەم "تەقینەوەیەی مۆدێرنیتە"وە فێربوون چوون بوو بەرەو "بارودۆخی حازر". بە وتەی موسا هێس رادیکالیزمی فەلسەفیی ئەوان پشت ئەستوور بوو بە "رەخنەگرتنی بەردەوام و رادیکاڵی ئەو شتەی کە هەیە"، بەڵام لە راستیدا لە بەرامبەر گرینگترین دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە ئەم چەکەی رەخنەگرتنیان دادەنا. برونا بایێر دەیگوت: هەر هەقیقەتێکی کە مێژوو خولقاندبێتی بە ئاگری رەخنە بلێسەی ستاندووە، بەڵام مەزنترین هەقیقەتەکان کە ئێستا - و بە یارمەتی رەخنە - دروستی کردوون، واتە مرۆڤ و ئازادی و وشیاریی ئیتر ناکەونە بەر رەخنە.[٢٥] هەر ئەم بیرمەندە لە لێکۆڵینەوەی گشتیتری کۆمەڵگای مۆدێرندا دەچۆوە سەر یەکێك لە

تیۆرەکانی هێگل: لەخۆنامۆبوون. و لەبەر ئەوەی بیری لە "جیابوونەوەی گەوهەری مرۆڤ لە خۆی، لە سەردەمای نوێدا" دەکردەوە رەخنەی لە "بارودۆخی دژواری ئەمرۆ" دەگرت، بەڵام لە ئاکامدا بە گەشبینییەوە پێی وابوو کە "ئەمرۆ" "رێخۆشکەری قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتی". راستە ئەمرۆ سەردەمی لە خۆنامۆبوون و نەبوونی ئازادییە، بەڵام هەر لەم رۆژەوە قۆناغی دووەم، واتە "سەرهەڵدان و رابوونەوەی تەواوی مرۆڤ" دەست پێدەکا. بابێر نامەیەکی بۆ دۆستی خۆی کارڵ مارکس نووسی: "کارەساتێکی مەزن، تەقینەوەیەك بەڕێوەیە کە دەرەنجامەکانی زۆر بەرفرەترە لە دەرەنجامەکانی مەسیحی بوون". [٢٦]

لە بەرهەمەکانی مارکسدا ئەم رووتێکردنە دوو جۆرییە لە مۆدێرنیتە ـ کە خێرا رێی خۆی لە بابێر و هێگلی گەنج جیا کردبۆوە ـ بە گوڕوتینێکی زیاترەوە هاتە ئاراوە. ئەو لە سۆنگەیەکەوە لایەنگری دەسکەوتەکانی سەردەمی نوێ بوو و لە لایەکی دیکەوە کەموکورتییەکانی دەستنیشان دەکرد. هەر وەکو بابێر ئەو شتەی کە هەیە بە رێخۆشکەری سەردەمێکی باشتری دادەنا و بەمجۆرە لە بەرامبەر سیستەمی کۆندا بەرگریی لێدەکرد، بەڵام لە هەمبەر داهاتوودا رەخنەی لێ دەگرت. دەتوانین ئەم خاڵە لەو نامانەدا ببینین کە ئەو لە مارس هەتا سێپتەمبەری ساڵی ١٨٤٤دا بۆ ئارنۆڵد روگێی نووسی و لە بڵاوکراوەی روگێدا چاپ بوو. لەم نامانەدا باسی بارودۆخێکی تایبەتی کردووە: هەلومەرجی رزگاربوون هاتۆتە ئاراوە، بەڵام تەنیا بە رەتکردنەوەی هۆی ئەم هەلومەرجەوە رزگاریی مسۆگەر دەبێ. دنیای کۆن بنەماکانی دنیای نوێی داڕشتووە. ئەرکی سەرشانمانە کە "تیشکی دنیای نوێ" لە دژی دنیای کۆن گەشتر بکەین.[٢٧] ئەم ئیدە گشتییە لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست (١٨٤٨)دا (کە مارکس هاوڕێ لەگەڵ ئەنگلس نووسی) بە شێوەیەکی ئاشکراتر و روونتر ئاراستەکراوە.



کۆمەڵگای مۆدێرنی ئوروپایی، واتە کۆمەڵگای بۆرژوازی کە لە سەر وێرانەکانی کۆمەڵگای فیۆدالیدا دروست کراوە، گەشەی بە پیشەی نوێ داوە و بازاڕی جیهانیی پێکهێناوە: "بورژوازی شۆڕشگێڕانەترین رۆڵی لە مێژوودا گێڕاوە"[٢٨] و "ناتوانێ بە بێ شۆڕشگێڕانەکردنی بەردەوامی ئامرازی بەرهەمهێنان و لە ئاکامدا پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەر بە پێیە سەرلەبەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونی هەبێ"[٢٩]. یەکەم بەشی "مانیفێست" ناساندنی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مۆدێرن و دەستکەوتە چینایەتییەکانە کە مارکس و ئەنگلس بە هۆکاری مێژوویی مۆدێرنیتەیان داناوە، واتە بۆرژوازی، بەڵام "مانیفێست" بۆ ستایشکردنی بۆرژوازی نەنووسراوە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی نووسەرەکانی سەلماندنی پێویستی لابردنی سیستەمی سەرمایەداریی و کۆمەڵگای بۆرژوازییە. بۆرژوازی بە چەوساندنەوەی چینی کرێکار توانیویەتی گەشە بە هێزەکانی بەرهەمهێنان بدا. ئەم ئێستاکە هەلومەرجی رزگاریی کرێکاران ئامادەیە. ئەوان بە گۆڕینی تەواوی هەلومەرجی ژیانی خۆیان، دەتوانن بە مەبەستی سەرەکیی شۆڕشە بۆرژواییەکان بگەن ـ مەبەستێك کە تەنیا راگەیاندراوە، بەڵام بە هۆی دابەشکردنی کاری سەرمایەداری و هەروەها بە هۆی چەوساندنەوەوە دەست پێی راناگا ـ بەمجۆرە دەتوانین بەم دەرەنجامە بگەین کە پاش چەند سەدە کە بۆرژوازی هۆکار و پەرەپێدەری مۆدێرنیتە بوو، ئەم ئێستاکە لە هەلومەرجی نوێدا پرۆلیتاریای پیشەیی و هاوپەیمانەکانی کە لە روانگەی مێژووییەوە دەسکەوتی سەرمایەدارین، بوونەتە هۆکار و راسپێردراوی سەرەکیی مۆدێرنیتە. شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە ئامانج کە سەردەمی نوێ هەنگاوی بۆ ناوە و بۆ گەیشتنی تەواو بە دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتە، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. دەسکەوتەکانی بۆرژوازی و کۆمەڵگاکەی لە هەمبەر کۆمەڵگای داهاتوودا کە کرێکاران پێکی دێنن

دەسکەوتی کۆنن: "بەجێی کۆمەڵگای کۆنەی بۆرژوازی، بە هەموو ئەو چین و دژایەتییە چارەسەرنەبووە چینایەتییەی کە هەیەتی، ئێمە کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکمان دەبێ کە تێیدا گەشەی ئازادیی تاك دەبێتە مەرجی گەشەی ئازادی هەمووان [٣٠].

بە گوتەی ئالێت تۆرێن "مارکس بە شێوەیەك مۆدێرنێکی تەواوە، چونکە ئەو کۆمەڵگای وەکو بەهەمێکی مێژوویی لە کردەی مرۆڤی پێناسە کردووە، نەك وەك سیستەمێك کە لە چوار دەوری بایەخە کولتوورییەکان یان تەنانەت پێگەی کۆمەڵایەتی پێکهاتبێ، بەڵام ئەو پێی وانەبوو کە روانگەی مۆدێرنیستیی تاکخوازیی یەك شتن. بەپێچەوانەوە باسی مرۆڤێکی دەکرد کە مرۆڤی کۆمەڵایەتییە و بە پێی پێگەکەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دنیای تەکنۆلۆژیك و دانوستانی ملکایەتیدا پێناسە دەکرێ، مرۆڤێکی کە بە هۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناسرێتەوە، نەك ئەوەی بە هۆی گەڕان بە دوای بەرژەوەندیی تاکخوازانەوە بێ"[٣١]. ئەگەرچی دەتوانین مارکس بە "بیرمەندی مۆدێرنیتە" دابنێین، بەڵام ئەم سەردێڕە بە واتای لایەنگریی بێئەملاوئەولای دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنیتە نییە. رەخنەگرتن لەو ئایدیالۆژییەی مارکس دایڕشت رەخنەیە لە زەینی مۆدێرن. لەو سەرەوە ئەو بە پێچەوانەی لایەنگرە گەرموگوڕەکانی مۆدێرنیتە پێی وانەبوو کە پێشکەوتن بە واتای "سەرکەوتنی ئەقڵ" یان "بەئاکام گەیشتنی رۆحی رەها"یە، رەخنەی لە بڕوا بە پێشکەوتوویی خۆڕسك و ئۆتوماتیکی کۆمەڵگای نوێ هەبوو و ئەو روانگەیەی کە گەشەکردنی بە حاشاهەڵنەگر و حەتمی دەزانی بە نێوی " وشیاریی درۆزنانە" وەلانا. بە بۆچوونی ئەو پێشکەوتوویی، بەئاکام گەیشتنی چەمکێکی ئەخلاقی لە مرۆڤ نەبوو، بەڵکو دەرفەتی دەستڕاگەیشتن بوو بە بەختەوەری، دەرفەتێکی زادەی گەشەی هێزە ماددییەکان کە وشیاریی درۆیین



یان ئایدیۆلۆژییەکەی رەت دەکردەوە. ئەگەرچی لە سەرلەبەری ژیانی هزریی مارکسدا بۆچوونی ئەو سەبارەت بە زۆر دیاردەی فەلسەفی گۆڕدرا، بەڵام هەمیشە وەکو ماتریالیستێك مایەوە و درێژەی بە شەڕ لەگەڵ ئەوەدا کە پێی دەگوت "زەینخوازیی ماتریالیستی". ئەو هیچ کات ئەو بیرمەندەی بە جیدی نەزانی کە دەسپێکی بیرکردنەوەکەی وشیاریی یان بایەخ یان کردەی مەبەستدار یان ئیدەکانی بێ و وەکو هەمیشە بە چەشنێکی توندڕەوانە رایگەیاند کە ئەم شێوە تێڕوانینە تەنیا بەکەڵکی کارێك دێ و ئەویش شاردنەوەی سەرچاوە نایابە ئابوورییەکانە و هیچی تر. ئێستاکە ئێمە لە "زانست خوازیی" و تێڕوانینێکی کە بە شێوەیەکی ناڕەخنەیی بەدەست هاتووە دوور کەوتوینەتەوە، لەوە دەگەین کە گرینگترین دەستکەوتی مارکس لە رەخنەکەی لە سەر ئابووریی سیاسی نا، بەڵکو لە نووسینەکانی سەردەمای گەنجی سەبارەت بە دەوڵەت و لەخۆنامۆبوون و "بە شتبوون" دا بوو. هەر ئەم نووسینانەش کۆڵەکەی سەرەکیی رەخنەی ئایدیالۆژی و بە چەشنێکی تایبەت رەخنەی ئایدیۆلۆژیی مۆدێرنیتەیە. تێگەیشتنی مارکس لە گەشە و پێشکەوتن بە چەشنێکی قوڵ پشت ئەستوور بوو بە تێگەیشتنی رۆشنگەران. ئیدەی ئەو گەشەکردنە بووبە خاڵی ناوەندیی کە بیرمەندانی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە توانیان بەهۆیەوە "یاسا سروشتییەکان" بهێننە بواری کاری خۆیانەوە. مارکسیش هەر لەم ئیدەیەوە دەستی پێکردبوو. بە بۆچوونی ئەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە کرێکاریی نیشاندەری راستەقینەی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانە و دەتوانێ دژایەتییە دەروونییەکانی سەرمایەداریی چارەسەر بکا. ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە ئەو ئازادییەی کە رزگاریی کرێکارانی "هەقدەستی رۆژانە"ی بەدواوەیە، گەڕانەوەیە بۆ سروشت و سروشتی مرۆڤی. مارکس لە پێشەکی کورت و لە روانگەی میتۆدناسانەی زۆر گرینگی خۆیدا کە بۆ کتێبی " خوێندنەوەیەك بۆ

ئابووریی سیاسی" (١٨٥٩) نووسی و لێرەدا بە "پێشەکی ١٨٥٩" ناوی دێنین، دەڵێ: لەمپەرێك لە سەر ڕێی "گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان"ە کە دەبێ لابرێت: لەمپەری پێوەندیی کۆنی کۆمەڵایەتی. ئەو پێوەندییانەی بە هۆی ئەوەی لەگەڵ پێگەییني هێزە بەرهەمهێنەرەکان نین لە ناو دەچن و "سەردەمی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان"دێننە ئاراوە و لە ئاکامیشدا پێوەندیی بەرهەمهێنانی نوێ دەبنە ڕێخۆشکەری پێگەیشتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان.[٣٢] ئەم دیدە بۆ گەشەی هێزە بەرهەمهێنەر و سروشتییەکان لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتنی "کۆندریسە" سەبارەت بە تێگەیشتن زۆر نزیکە. ئەو درککردنانەی کە هەر چۆنێك بێنە ئاراوە وابەستەن بە مێژوویی بوون. ئەوانە بە هەر شێوەیەك دەرکەون پشت ئەستورن بە ئیدەی ئۆتۆریتە. مارکس ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرلەبەری کۆمەڵگای بە بەرهەمی دژایەتییەك دادەنا: دژایەتیی گەشە نائاقڵانەی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ پێوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سەرمایەدارییەکان کە لە ڕاستیدا پێش بە سەرهەڵدانی فۆڕمی ڕاست و ئەقڵانی ئەو گەشەکردنە دەگرن و هۆکاری ئەم پێشگرتنەش سازوکاری قازانج بەخشی و خولقاندنی زێدەکرنی بایەخ و دەسەڵاتی کاری پەسیڤە بە سەر کاری ئەکتیڤدا، واتە دەسەڵاتی سەرمایە بە سەر هێزی کاردا. لەم تێڕوانینەدا ئیدەی ئۆتۆریتە دەورێکی گرینگی هەیە. ڕاست بەو واتایەی کە دواتر گیۆرگ لۆکاچ لە دیارترین فەیلەسووفانی مارکسیست ناوی "ئۆتۆریتەی دیار"ی لەسەر دانا.

ئەگەرچی گەوهەری درکی مارکس لەگەڵ تێگەیشتنی ڕۆشنگەران لە گەشە، جیاوازییەکی نییە، بەڵام سەبارەت بە "هۆکاری گەشە" لەگەڵ ئەوان نییە. ڕۆشنگەران بە هێنانەئارای ئاوەز وەکو "هۆکاری سەرەکیی پێشکەوتن، بوونە ڕێخۆشکەری هێگل هەتا باسی پاشاگەردانی ئەقڵ بکا. لە فەلسەفەی هێگلدا ـ



بە پەیڕەویکردن لە باس و تێگەیشتنی ڕۆشنگەران ـ هۆی گەشەکردن ئاوەزە و مارکس ڕاست ڕەخنەی لەم خاڵە هەیە و وەك "کۆد و هێمای ئەقڵ" ئاماژەی پێدەکا[٣٣]. هێگل بوونی وەك بوون نا، بەڵکو بە ئەندێشەی دەناسی. واتە ئەو شتێکی بەرتەسك و ئەزموونی و ئامادە دەکاتە شتێکی بێ سنوور و ئاسمانی و دەست پێڕانەگەیشتوو. بەمجۆرە مرۆڤە زیندووە بەرهەمهێنەرەکان دەبنە شتێکی ناخود (و دژەخود)، واتە دەبنە ئەندێشەی گشتی و ئەم ئەندێشەیە بە شێوەیەکی هەڵە بەتایبەت دادەنرێ و بابەت یان Subjectum کە شتێکی تایبەت و ئەزموونی و مسۆگەرە دەبێتە شتێکی گشتی و گوزارە وەکو شتێکی تایبەت پێناسە دەکرێ. هێگل لە پێشدا ئیدە وەك گەوهەر وێنا دەکا و دواتر ڕاستەقینە بە فۆڕمی دەرکەوتەی ئەم گەوهەرە دەناسێنێ. ئەمە ڕەخنەیەکە کە مارکس لە "ڕەخنە لە خەسڵەتی هێگل سەبارەت بە دەوڵەت (١٨٤٣) دا ئاراستەی کردووە و چەندین ساڵ دواتر لە پاشەکی دووەم چاپی بەرگی یەکەمی "سەرمایە" دیسان دووپاتی دەکاتەوە. بە بۆچوونی هێگل گەوهەر یان ڕۆح یان ئیدەی سەردەمی مۆدێرن شتێکە دەست پێڕانەگەیشتوو و بە بۆچوونی مارکس زۆر سادە بڵێین مرۆڤ کۆمەڵایەتییە، سەرقاڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتی ـ چینایەتییەکانی بەرهەمهێنان و نامۆ لە بەرهەمی کاری خۆیەتی، لە ئەنجامدا نامۆ لە کەوتنە بان بوونی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و هێزە خولقێنەرەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنانی و لە ئەنجامدا نامۆ لە دەرفەتی ڕزگاری و بەختەوەری، بەڵام هەر ئەو مرۆڤە دەتوانێ و دەبێ ڕێی پێشکەوتنی مۆدێرنیتە خۆش بکا. پێوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانە کۆنەکان هەڵوەشێنێتەوە و کۆتایی بە قۆناغی شکستی بۆرژوازی بێنێ. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە ئاڕمانە مەزنەکانی مۆدێرنیتە بەکردەوە دەبن. کەسێ نییە کە درێژەی ئەم هەقایەتە تاڵەی نەبیستبێ.

## مۆدێرنیته و ئەفسوون سڕینەوە

له باسی ئێمه لەسەر رەخنەی مۆدێرنیته، ماکس وێبر پێگەیەکی گرینگی هەیە. هەڵوێستی گشتی ئەو لەمبارەیەوە تا رادەیەك له تێروانینەکانی مارکس دەچێ، واته له هەمان کاتی که له گرینگی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیته دەدوێ کەموکورییەکانیشی دەخاتەڕوو. مارکس به نێوی داهاتوو رەخنەی له سەردەمی مۆدێرن گرت، بەڵام وێبر ئەم کارەی به نێوی "ئەمڕۆکە" ئەنجام دەدا. ئەم بیچمی کۆمەڵگایەکی وێنا کردبوو که به چییەتییەکی جیاواز له کۆمەڵگای هەنووکه دروست بێ و تێیدا کەموکورتییەکانی ژیانی مۆدێرن لەناو بچێ، بەڵکو لێکۆڵینەوەی له سەر ئەو شته دەکرد، که هەیه و توانست و لاوازییەکانی وەبەرچاو دەگرت. وێبر بڕوای به رزگاریی مرۆڤ له ڕێی گۆڕینی سیستەمی ملکایەتی و دامەزراندنی پلانێکی سەقامگیری دەوڵەتی نەبوو و زۆر جار ئەم چەشنه بڕوایانەی که مارکس و سۆسیالیستەکان ئاراستەیان دەکرد به خەیاڵیی دادەنا. وێبر زاراوەی خەیاڵیی تەنیا به مەبەستی روونکردنەوەی جیاوازیی روانگەکان ئاراسته نەکرد، بەڵکو به بەکارهێنانی ئەم وشەیە مەترسی گەلێکی وەبیر دەهێنایەوە که به کردەوە تووشی ئەوانە دەبێ که تووشی خەیاڵی بوون. مێژووی هاوچەرخ به باشی ئەم "مەترسیانە" دەسەلمێنێ. وێبر واقع بین و رەشبین بوو و هەمیشە پێداگریی له سەر ئەوە دەکرد که رووتێکردنەکەی له کۆمەڵگای مۆدێرندا "پراکتیك" دەکرێ. کاری وێبر سەبارەت به کۆمەڵگای مۆدێرن له دوو سۆنگەوە له کاری باقی بیرمەندانی سەردەمای خۆی جیاوازە:

١. ئەو باسی مۆدێرنیته گەڕاندەوە بۆ گرینگترین خاڵ و هەوێنە فەلسەفییەکەی، واته بۆ راسیۆنالیته و رەسەنایەتیی ئاوەز، ئەو خاڵەی که گرینگییەکەی له باس و خواسە فەلسەفی و کۆمەڵناسانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پاش گوێ خرابوو.



٢. ئەو دەریخست که مۆدێرنیته دیاردە و میتۆدێکی تاك و گشتگیر نییە و له یاسامەندییە هەمیشە یەکسانەکان پەیڕەوی ناکا.

وێبر گرینگی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنبوونی گشت کۆمەڵگایەکی ناسی و ئاماژەی به جۆرەکانی مۆدێرنیته کرد. باسی گرینگیی خودی خۆی که به چەشنێکی تایبەت دەڕوانێته ئەورووپای ناڤین و باکووری و به تایبەتی ئەڵمان له کتێبی ناسراوەکەیدا واته "ئەخلاقی پرۆتستانی و رۆحی سەرمایەداریی" [٣٤] (١٩٠٥ ـ ١٩٠٤)دا هاتووە. وێبر به چەشنێکی دیار دەیسەلمێنێ که کارکردی کۆمەڵایەتی و بەکردەوەبوونی بڕوا ئایینزاکان له جێگیربوونی سەرمایەداریی، هەمیشە و له گشت شوێنێکدا یەکسان نەبووە. ئەم خاڵه هەر تەنیا هەڵگری بایەخی میتۆدناسانه و مێژوویی نییە، بەڵکو له باسی ئەمڕۆژیندا سەبارەت به "مۆدێرنیته وەکو بەئاراستەبوون" ، رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ.

تێڕوانینێکی سادەخواز له کۆمەڵناسی رادەگەیەنێ که مرۆڤی مۆدێرن هی جیهانێکه که به یاساگەلێکی تۆکمه به بارتەقای یاسا سروشتییەکان بەڕێوەدەچێ. یاساگەلێکی که ئاوەزی مرۆڤ دەتوانێ بیاندۆزێتەوە. ئەگەرچی بۆ خۆی له ئاکامدا رەچاویان ناکا و له چەند بابەتی دەگمەنیشدا دەتوانێ بۆ کامڵبوون یارمەتیان بکا. چەمك گەلێکی که رۆشنگەری ژیانی کۆمەڵایەتین، لەو پەیکەربەندییە کۆمەڵایەتییەن که بۆ خۆیان به پێی یاسا سروشتییەکان کار دەکەن. دەتوانین و دەبێ شتی رەمزاوی لەم چەمکانه دابماڵین که فۆرمی جۆراوجۆری دەسەڵاتی سوننەتەکانیان به یارمەتی دامەزراوەی بەهێزی وەکو دەوڵەت و کەنیسە، خولقاندووە. مرۆڤی ئاقڵ هەر که لەگەڵ یاساکانی کامڵبوون و سروشتی ئاشنا بێ، دژ بەو راز و هێمایانە رادەپەڕێ. وێبر ئەمەی سەلماند که تێڕوانینێکی ئەوتۆ سادەخواز و هەڵەیە. له بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی پرۆتستانیزم دەورێکی گرینگی بۆ هێنانەئارای سەرمایەداریی مۆدێرن

هەبووە. مۆدێرنیتە یان نوێبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری بە هیچ شێوەیەك بە واتای هەڵوەشانەوەی حەتمی و تەواوی "بابەتی پیرۆز" نییە. ئەو بەربەرەکانییە مانەویەی ئاوەز لەگەڵ بابەتی پیرۆز کە تاقمێك لە رووناکبیرە مۆدێرنەکان هێنابوویانە ئاراوە و ببووە کەڵکەڵەیەك، لە شتێکی خەیاڵی زیاتر نەبوو. دەتوانین فۆرمگەلێك لە نوێبوونەوەی کۆمەڵگاکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەندێشەکان بدۆزینەوە کە لەواندا بنەماکانی فکری سوننەتی و کۆن لەگەڵ ئارمانج و بڕوای نوێ بوونەتە هاوڕێی یەکتر. لەم بابەتانەدا ئەو بنەمایانە بە هەمان رادە گۆڕدراون کە ئارمانج و بڕوا نوێییەکانیش جیاواز بوون، واتە شوێنەواریان لەو بنەمایانە وەرنەگرتووە. ئەو شتەی کە لە کتێبی گرینگی وێبر وەك گریمانە و پێشنیارێکی کۆمەڵناسانە ئاراستە کرا، لە کتێبی "هانس بلوومەن بێرگ" واتە "مەشروعبوونی سەردەمای مۆدێرن" (١٩٦٦)دا رێچکەی گیراوە. لەم کتێبەدا بلوومەن بێرگ بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر پێوەندیی مۆدێرنیتە لەگەڵ گۆڕانەکانی ئەندێشەی ئایینی کردووە. بەشی یەکەمی کتێبەکە (کە بەشێکی کورتیشە) بە شێوەیەکی روون، باسی بەدنیایی بوون و چاککردنی ئەو خراپ تێگەیشتنانە کردووە کە سەبارەت بە مۆدێرنیتە هەن. بە پێی ئەم بەشە لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا دەتوانین دژوازی گەلێك کە لە ئەندێشەی مۆدێرن لەبارەی بەدنیاییبووندا سەریهەڵداوە زیاتر بخوێنینەوە.

بە بۆچوونی وێبر چەمکی سەرەکی و کلیلی لە مۆدێرنیتەدا راسیۆنالیتە و ئەقڵانیبوونە. بەکارهاتنی ئەقڵی مرۆڤی ئەگەرچی بە شێواز و فۆرمی جۆراوجۆرە، بەڵام لە ئاکامدا بە پێی حوکمی سەردەمی مۆدێرن بۆتە دەسەڵاتداری چارەنووسی مرۆڤی کۆمەڵایەتی. لۆژیکی سادە و بە وتەی وێبر "فۆرمی"ی ئەم راسیۆنالیتەیە، ئاراستەی کردەکانی مرۆڤییە بەرەو ئەو رێسایانەی دەپێورێن و چەندایەتی و ئامرازیین. وێبر ئاماژەی کردۆتەوە کە لەم



نێوەندەدا رێسای سەرەکی هەر ئەمەیە و هیچی تر: سەرەنج نەدان بە شەخس. بەو مەرجە بوار بە پێشکەوتنی زانستخوازی و تەکنۆلۆژی دراوە کە سەرنج بەم فەلسەفەی مرۆڤ تەوەرە نەدرێ. ئەم لایەنە ویشك و بێ قاعیدەیە کە راسیۆنالیتە بەرەو پێش دەبا، واتە وەبەرچاونەگرتنی هەموو شتێکی "نائاقڵانە" و هەموو توخمێکی پێشبینی نەبوو و رەمزاوی. بە کورتی رزگاربوونە لە ئەفسوونی نائاقڵانە. شتێکی کە وێبر پێی گوتووە Entzabureung یان "سڕینەوەی ئەفسوون".

پشتبەستنی کردە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان بە ئەقڵی مرۆڤی هەمیشە ـ و نەك هەر تەنیا لە مێژووی مۆدێرندا ـ "ئەفسوونی سڕیوەتەوە". خاڵێکی گرینگ کە وێبر پێداگری لە سەر کردووە ئەمەیە کە ئایینزا یان ئەخلاقی پرۆتستانی لە کامڵبوونی خۆیدا، ئەو کاتەی لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریی مۆدێرندا رووبەڕوو دەبنەوە، کە "سڕینەوەی ئەفسوون"ی قبووڵ کردووە، واتە ئەرێی بە زۆربەی پێویستییە دنیایی و ئەقڵ ئامرازییەکانەوە گوتووە. لە یەکێك لە ناسراوترین بەشەکانی "ئەخلاقی پرۆتستانی و رۆحی سەرمایەداری" دا دەخوێنینەوە:

ئاوایە کە پرۆسەی بەرینایی ئەفسوون سڕینەوەی دنیا کە لە مێژووی ئایینەکاندا بە سەرهەڵدانی ئایینزا کۆنەکانی دەستی پێکردبوو و هاوتەریب لەگەڵ ئەندێشەی زانستی یۆنان گشت کەرەستە سیحراوییەکانی گەیشتن بە رزگاری و هەموو خورافە و شتی بێ ناوەرۆك فرێدەدا، کۆتایی پێدێ. لایەنگری رەسەنی ئایینزای پورتین تا ئەو جێیە پێداگریی لە سەر بڕوای خۆی دەکرد کە هەر چەشنە گومانێك بۆ وەلانانی مەراسیمە ئایینییەکانی کاتی ئەسپاردەکردنیشی لە خۆی دوور دەخستەوە. ئەو تەرمی خزمانی خۆشی بە بێ خوێندنەوەی هیچ ئایەتێك ئەسپاردە دەکرد تا مەترسی نەمێنێ و هیچ چەشنە

خۆرافە و هیچ جۆرە متمانەپێدانێك كار نەكاتە سەر دۆعا و پەرستنەكان بۆ رزگاریی رۆحی مردوو.

وێرنێر سومبارت لە "سەرمایەداریی مۆدێرن" (١٩٠٢)دا نووسیویەتی كە ئایدیالۆژی مۆدێرنیست دەربڕی نوێبوونەوەی پێوەندییەكانی بەرهەمهێنان و ئابوورییە. ئەو دواتر لە كتێبی بۆرژوا كە لە سەروبەندی شەڕی یەكەمی جیهانی دا بلاو بۆوە ئەم بڕیارەیدا كە ئەم ئایدیالۆژییە لە هەمان یەكەم چرۆكانی گەشەی ئابووریی كالایی و بازاڕدا هاوتەریب لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیدەی "سوود بەخش" پێكهاتبوو و بە كامڵبوونی نیشانیدا كە دەسەڵات و چاودێریكردنی هێزە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان لە سەر "ژیانی ئابووری" لەناوچووە یان دەبێ لەناو بچێ. لە راستیدا وێبر دژی ئەم بۆچوونە بوو. ئەو لە "ئەخلاقی پرۆتستانی و رۆحی سەرمایەداریی" و هەروەها لە "ئابووری كۆمەڵگا"دا (١٩١٧) پێداگری لە سەر ئەوە كرد كە سەرمایەداری "هەر تەنیا لە چوارچێوەی نایابی ئابووریدا بناسرێ و پێناسە بكرێ"، چونكە ئەم دیاردەیە "فۆڕمبەندییەكی كۆمەڵایەتی و كولتووریی نوێ"شە. بەبۆچوونی وێبر كاری گرینگ و دژواری تێگەیشتن ئەمەیە كە لە نێوان نەریتە هزری و ئایینییەكاندا كام گروپ لەگەڵ بە "زەمینی بوون" و "راسیۆنالیتەی نوێ" و "ئەفسوون سڕینەوە" دێن و كام گروپ ئەم "نوێبوونەوە"یە پەسند ناكا. بێجگەلە ئەو باس و خواسانەی كە لە نێوان كۆمەڵناسانی هەنووكەیی سەبارەت بە تێگەیشتنی وێبر "لە پرۆستانیزم لە گشت و شێوازی كالون" بە شێوەی تایبەتی لەئارا دایە[37]، خاڵێكی كە بەتایبەتی لە روانگەی شێوازناسییەوە گرینگە بنچینەی فكری ئەوە: زەمینی بوون و راسیۆنالیتە بنچینەی مۆدێرنیتەن، بەڵام بە بانگەواز بۆ چالاكی لە دنیادا كۆتایی پێدێ، هەستێكی كە بە تەواوی نەیار و دژی "كۆمێدی خودایی" دانتییە. هەستێكی نیشاندەری ریفۆڕمی ئایینی و سەرمایەداری.



بە بۆچوونی وێبر پرسیاری سەرەكی ئەوە نییە كە بڕوای ئایینی چۆن دەبێتە رێخۆشكەری هەستی زەمینی و بەرژەوەندخواز، بەڵكو ئەوەیە كە چۆن ئیمان دەگۆڕدرێ هەتا بەش بە حاڵی خۆی هەستی زەمینی پێك بێنێ. خاڵی سەرەكیی لێكدانی بابەتی پیرۆزە لەگەڵ بابەتی زەمینی، رێگەیەكی ئیمان نا بەڵكو "كولتووری ئایینی" پێوا هەتا "بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی" كە بڕوا بە خودا و دنیای دیكە پێی پشت ئەستوور بوو بگۆڕێ و دنیایەك دروست بكا كە تێیدا لە نێوان ئەقڵ و بڕوادا هیچ دژایەتییەك نەبێ. ئێستا دەبێ بزانین كە كام یەك لە دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان و بە پێی چ ریسایەك ئەم لێكدراوەیان پەسند كردووە. واتە بە هاوئاهەنگ بوونی بابەتی پیرۆز لەگەڵ بابەتی زەمینی و بڕوا لەگەڵ سەرمایە رازی بوون. هەڵبەت هزری وێبر جەختی لە سەر واتایەكی ورد و كامڵ لە مۆدێرنیتە نەبوو، بەڵكو پرسی سەرەكی ئەو سەرمایەداری بوو، واتە فۆڕمبەندی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیالۆژییەكی تایبەتی كە لە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا پرۆتستانیزم ئەخلاقێك یان ethosێكی نوێی خوڵقاند. رەنگە بتوانرێ مۆدێرنیتە بە رادەی ئەم ئەخلاقە پێناسە بكرێ، ئەخلاقێك كە ئاراستە سەرەكییەكەی تاكخوازییە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە ئەو فۆڕمە سەرمایەدارییەی وێبر لێكیداوەتەوە تاكە فۆڕمی ئابووریی مۆدێرنیتە نییە، بەڵكو "چەمكێكی تایبەتە لە مۆدێرنیتە كە تا رادەیەك بە چەشنێكی رێژەیی پشت ئەستوورە بە لێكترازانی ئەقڵ لە بڕوا و تەواوی فۆڕمەكانی دەركەوتی كۆمەڵایەتی و كولتووری بڕوا.[38]

وێبر ئەوەی ئاراستە كرد كە لە كولتوورەكانی پێشوودا هەر لە بوروكراسی چینیی كۆنەوە بگرە هەتا دەگاتە دانانی دەستوری رۆمی، لایەن و توخم گەلێك لە ئەفسوون سڕینەوە و راسیۆنالیتە هەبوون، بەڵام ئەم راسیۆنالیتەیە لە سەردەمای مۆدێرندا بە فۆڕمێكی ورد و كامڵ گەیشت. ئەو هۆیەی كە وێبر

سەبارەت بە سەرکەوتنی حەتمی ئەقڵ لە سەردەمی مۆدێرن دەستنیشانی کردووە ئەمەیە کە لە تەواوی بابەتە مێژووییەکانی پێشوودا پاشماوەکانی سوننەت لەگەڵ ژیانی ئابووری دەگونجان، مەگەر لە سەرەتاکانی ریفۆرمی ئایینی ئەورووپادا نەبێ. لەم رووەوە ئەخلاقی پرۆتستانی وەکو گۆڕانی تەواوی سوننەتە ئایینییەکان لەگەڵ نیازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا دەگونجان. واتە "ئەخلاقی ئەقڵخوازی کالونی" لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بوو بە کلیلی مۆدێرنیتە. رێکخستنی ئەقڵانیی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگا و ئەقڵانی بوونی کارکردی دەوڵەت و قبوولکردنی دەسەڵات بە رادەی یاسای ئابووری (کە هەڵبەت لەگەڵ خۆی پاساودانەوەی پێگەی بوروکراسی دێنێ) پشت ئەستور بوون بە کولتووری پرۆتستانی. یاسای بنەڕەتیی بوروکراسی، واتە بالاترین رادەی توانستی گشت کۆمەڵگای وەخۆگرت، لە دەوڵەت و کەنیسە و سەربازیگەرییەوە بگرە تا دەگاتە بنەماڵە و سیستەمەی پەروەردە، بەڵام حکوومەتی ئەقڵ ئەو ئازادییەی نەبوو کە بەڵێنی درابوو. بە ئاسانی دەتوانین لەوە بگەین کە هیوا و ئارەزووی رۆشنگەران هیچ شتێك نەبوو بێجگەلە خەون و خەیاڵ. کامڵبوونی ئەقڵی زانستی و دەسکەوتەکانی تەکنۆلۆژی و گەشەی راسیۆنالیتەیان بە مەرجی رزگاریی مرۆڤ دادەنا، بەڵام گشتی ئەمانە نەبووە هۆی رزگایی مرۆڤ، بەڵکو دەرەنجامەکەی بووە ئەو شتەی کە وێبر پێی گوت "بەرفرەبوونی ئەقڵ ئامرازی" کە چاودێریکردنێکی زیاتری شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. پێگەیینی راسیۆنالیتەی ئامرازی نەتەنیا بەئاکام گەیشتنی ئازادیی هەموان نەبوو، بەڵکو بە وتەی بەناوبانگی وێبر "قەفەزێکی ئاسنین"ی دروست کرد کە راسیۆنالیتەی بوروکراتیك ئامادەی کردبوو. ئەوەش بۆ ئەوە بوو هەتا لە ناوەوەی رێگەیەکی راکردن نەمێنێتەوە[٣٩]. تەمسیلی " قەفەزی ئاسنین" کە لە کۆتایی "ئەخلاقی پرۆتستانی و رۆحی



سەرمایەداریی"دا هاتووە ئەوە دەردەخا کە مۆدێرنیتە بە ئاراستەی ئەقڵانی بوونی ئامرازەوە دەناسرێتەوە نەك بە لایەنەکانی ئەقڵانی بایەخەکان، دەرەنجامەکەی ئەخلاقی بەڵێن و بەرپرسایەتییە. رەخنەگرانی وێبر ئەم لایەنە گرینگەی باسی ئەویان فەرامۆش کردووە، کە دەیگوت مرۆڤ زیندانیی ئەو بارودۆخەیە کە پێکهێنەری بایەخە ئەخلاقییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەون. ئەم "ئەقڵانییەتەی ژیانی رۆژانە" لەگەڵ توانستەکانی سوژە یەکتر ناگرنەوە. بەم پێیە کە هەر شتێکی مەعنەوی دەبێتە تاکی بە لایەنی کۆمەڵایەتی ناگا. ماکس هورکهایمر بەم هۆیە نووسی کە "مرۆڤی مۆدێرن نوستالۆژی عەینیبوونی هەیە"، عەینیبوونی کۆمەڵایەتی یان بەئاکام گەیشتنی ئەقڵ لە بازنەی ژیان و ئەندێشەی تاك ئەولاترە، واتە لە بازنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتی.[٤٠]

ماکس وێبر لە ناسینی دوو جۆری مۆدێرنیتەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دنیای مۆدێرن کرد و بەکارهێنانی خەیاڵ و ئەفسانەی سەبارەت بە "رزگاری و بەختەوەری" وەلا نا. راستە کە ئەو روانگەی دەوڵەتی خۆشگوزەران و کۆمەڵگای بەکارهێنەری نەدیتبوو و وێنای خۆشگوزەرانیی جەماوەریی تەنیا بە وەهم دەزانی، راستە کە ئەو بڕوای بە کەمبوونەوەی جیاوازی و دژایەتییە چینایەتییەکان نەبوو، بەڵام کارەکەی بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی مۆدێرنیتە دیار بوون. ئەو بەش بەحاڵی خۆی رێی بۆ رەخنە لە ئایدیالۆژی خۆش کرد و دەتوانین کاریگەریی ئەندێشەی بەهێز و بەڵگەداری ئەو لە سەر نووسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ببینین. لە "دیالێکتیکی رۆشنگەری"دا تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هورکهایمر زۆر لەو زیاتر قەرزداری وێبرن کە تا بەئێستا زانراوە. ئەندێشەی وێبر یەکێك لە کۆڵەکە فکرییەکانی رەخنەی یورگن هابرماسە و دەتوانین ئەم خاڵەش لە تیۆری کردەی پێوەندی (١٩٨١)دا بدۆزینەوە...

مارکس مۆدێرنیتەی قبووڵ دەکرد، بەڵام لە قەیرانەکانی دەدوا و خوازیاری گەشەکردنی دەبوو و لە راستیدا وەك رێیەکی نوێ بوو، کە کرێکاران رێیان بۆ خۆش دەکرد. وێبر مۆدێرنیتەی قبووڵ دەکرد و تا رادەیەك چاوپۆشی لە کەموکورتییەکانی (دەرەنجامەکانی دەسەڵاتداریی ئەقڵ ئامرازی) دەکرد، بەڵام هەرچۆنێ بێ رێی بۆ رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە خۆش کردبوو. ئەمانە لە دوالێکدانەوەیاندا لایەنگری مۆدێرنیتە بوون، بەڵام لە چەند دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا فەیلەسووفێك بەرهەمەکانی بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ دژی مۆدێرنیتە بوو و پێی وابوو کە "رەخنەی تەواو و بێبەزەییانە لە مۆدێرنیتە" یەکێکە لە ئەرکەکانی. فریدریش نیچە بە چەشنێکی تایبەت "ئەوپەڕی چاکە و خراپە" (١٨٨٦)ی خۆی بە رەخنە لە مۆدێرنیتە و لە حوکمی "ناکوتنی رەها"ی دانا [٤١] و دەتوانین لە تەواوی بەرهەمەکانیدا رەخنەیەکی توند لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مۆدێرن و ئەندێشەی راسیۆنالیتەدا بدۆزینەوە.

لە "ئێوارەخوانی بوتەکان" ١٨٨٨ دا بڕگەیەك هەیە بە نێوی "دنیای راستەقینە چۆن لە ئاکامدا دەبێ بە ئەفسانە؟ بەسەرهاتی هەڵەیەك". لەم بەشەدا نیچە لەوە دواوە کە ئەفلاتوون بەر لە هەموو کەس دنیای هەستپێکراوی وەلانا بۆ ئەوەی دنیای ئیدەیی قبووڵ بکا. ئەو لە فەلسەفەدا هەرێمی ئاسمانیی جێگیر کرد و ئەمە یەکەم دەرکەوتی خواستی هەقیقەت لە ئەندێشەی رۆژئاوا بوو، واتە خواستی راڤەی دنیا لە پەیکەری دەربڕینی مرۆڤی، کە بەناچاری دەگەیشتە ئەمە: "من هەقیقەتم!..." لە هەنگاوی دواتردا دنیای ئیدەکان بوو بە خودا، واتە بە بابەتێکی درکنەکراو و دنیای مەسیحی دەستی پێکرد. خودا بە هەقیقەتێك پێناسە کرا کە رەتکردنەوە یان بڕوا بە بوونی



لەگەڵ تاوان یەکسان بوو. لە هەنگاوی دواتردا تاوان بوو بە شتێکی "باکووری، کونیسبێرگی". کانت (کە شوێنی لە دایکبوونەکەی کونیگسبێرگ بوو) ئەوەی نیشاندا کە ئێمە ناتوانین دنیا لە خۆماندا هەر بەو شێوەیەی کە هەیە بە تەواوی بناسین. ئەقڵی مرۆڤی و زانابییەکەی تەنیا دنیای دیاردەیی و دنیا درك دەکا، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ رێساکانی خۆیدا سیستماتیك بووە. بەمجۆرە هەر شتێکی ئەولاتر لە ئەقڵ بێ بە بێ ئەوەی بمانەوێ لە رووی ئەقڵەوە بیسەلمێنن دەپەرسترێ. بەمجۆرە دنیای راستەقینە بە نەناسراو مایەوە، لە پێشدا وەکو دنیای خودایی وێناکرا و دواتر وەلا نرا. بە کوشتنی خودا مرۆڤ، واتە بکوژی ئەویش کوژرا. بە وەلانانی ئەو شتەی کە پێی کوترا "دنیای راستەقینە" هەر بەو جۆرەی کە دێتە بەرچاوی ئێمە لەکیس دەچێ. لە بەرامبەردا دنیای بایەخەکان (دنیای مۆدێرنیتە) بەهێز دەبێ.

دنیای راستەقینە کە وەلانرا دنیای بایەخەکان (کە جاری وابوو بە دنیای زانست ناودێر کراوە) بەهێزەوە پەیوەیست بوو. هەڵبەت نەك بەم واتا سادەیە زانست هێز دەهێنێت، یان دەسەڵاتی زانست بەکرێ وەردەگرێ، بەڵکو بە واتایەکی پڕپێچ و پەناتر: خواستی دەسەڵات بوو بە خواستی فۆڕمدان بە شتێك: "لە ئێمەدا هێزێك هەیە بۆ سیستماتیك کردن، سادەکردنەوە، ناڕاست نیشاندان، بە دەستکرددانان و جیاوازیی دانان" [٤٣] بەمجۆرە "زانست وەکو ئامرازی دەسەڵات وەگەڕ دەکەوێ" [٤٤] زانست دەخوازێ دنیا بە شێوەیەکی تایبەت رێك بخا بۆ ئەوەی "دنیا مرۆڤی بکا، واتە ئێمە بکاتە ئەربابی دنیا" [٤٥] و مۆدێرنیتە لە مرۆڤ ئەربابی دنیای دەوێ. بگۆڕی دنیا، بوونەوەرێك کە دەبێ توانستە مرۆڤییەکان بۆ واتاسازی و رێکخستن و سیستماتیك کردن هەبێ. زانست (زانستی مودێرن) کاری بە دنیای راستەقینە نییە، دنیایەك

دەڕازێنێتەوە کە لەوێدا ئەزموونی ئێمە دەتوانێ هەبێ، دنیایەکی کە بەراورد بکرێ، سادەخواز بێ و درك بکرێ [٤٦].

ئەمە خەسڵەتی ئاسانسازیی مۆدێرنیتە بوو کە دەبووە هۆی ئەوەی نیچە بە سوك سەیری سەردەمی نوێ بکا. بە پێی هەر ئەم خەسڵەتە بوو کە پاشماوەکانی سوننەت سەرەڕای گشت بانگەشەکان، لە شتە نوێیەکاندا دەمێننەوە. نیچە بێزار بوو لە شتە مامناوەندەکان، هەر بۆیە بە سوکیی سەیری مۆدێرنیزم و ئیدە مۆدێرنەکانی دەکرد. شتگەلێکی کە پێی دەڵێ: "بەدەزگابوونی بێ بایەخبوون لە فۆڕمی دیموکراسی"دا. هەست بە ژێردەستبوون هەستکردنە بە بێزاری، هەستێك کە ئەخلاقی کۆیلەکان ساز دەکا و نیچە پێی گوتووە[٤٧] entiment و لە ئارمانجی "یەکسانیی براکان"دا ڕەنگ دەداتەوە، ئارمانجی یەکسانی لە نزمی و چروکیدا. ئەمە بنچینەی بێزاربوونی نیچەیە لە دیموکراسی: "ئەخلاق لە ئوروپای ئەمڕۆژیندا ئەخلاقی زیندەوەری مێگەلییە" و دیموکراسی لەو سەرەوە کە مرۆڤی وەك زیندەوەرێکی مێگەلیی دەوێ "نە تەنیا فۆڕمێکی نزمی ڕێکخراوی سیاسییە، بەڵکو فۆڕمێکە لە خەساری مرۆڤ[٤٩] بەم پێیە:

ئەمرۆکە، واتە لە سەردەمێکدا کە لە ئەورووپا هەر تەنیا ڕێز لە ئاژەڵی مێگەلی دەگیرێ و ئەوە کە ڕێزلێنانەکان دابەش دەکا، لە سەردەمێکدا کە "یەکسانبوونی ماف" بە ئاسانی دەتوانێ لەگەڵ ناهەق هاوتا بێ ـ واتە دەتوانێ ببێتە شەڕێکی گشتگیر لەگەڵ هەر شتێکی کە ناڕاست و نامۆ و نایابە (ببێتە) شەڕێك لەگەڵ مرۆڤی مەزنتر، ڕۆحی بەرزتر، ئەرکی مەزنتر، لەگەڵ خولّقاندنی بەهێز و لێزانانە ـ لە سەردەمێکی ئەوتۆدا مەزن بوون و بۆ خودژیان و توانستی وەك خودژیان و لە سەر پێی خۆ ڕاوەستان و ژیانی خۆبەڕێوەبردن بەشێکە لە چەمکی "مەزن بوون". [٥٠]



لە "زانستی شاد"دا (١٨٨٢) نیچە نووسیویەتی کە هەرچی وشیاریی زیاتر بێ ئەگەری هەڵەکردنیش زیاتر دەبێ. مۆدێرنیتە خواستی سەرکەوتنی وشیارییە. واتە سەرکەوتنی وزە کە سەرچاوەکەی نامۆییە. بە گەڕانەوە بۆ ژیان و خواستی دەسەڵات و دەسەڵاتی ئوستورەیی، سەرکوت دەکرێ. گەڕانەوە بۆ ئەو شتەی کە لە بزۆکیی تراژیدیادا بە سەرخۆشی و شادیی دیونیزوسی دادەنرا: غەریزە، هێز، مەیل. نەفرەتی نیچە لە ئۆپێرای "پارسیفاڵ" (١٨٨٢ ـ ١٨٧٧)ی واگنێر بێزاربوونی ئەوە لە ئەخلاقی کۆیلەکان و ئارامبوونەوەی مەسیحی ـ عاریفانە. دڵخۆشبوونە بە ژیانی نیو مێگەل و ستایش و ئەشق بە قوربانی بوون و خۆبەخت کردن. ئەم هەستە مەسیحی و ئایینییە لە بەرامبەر یاساغترین غەریزە و ئەشقەکانی چوار ئۆپێرایی "گروپی نیبلونگەکان" (١٨٦٧ ـ ١٨٦١) دابنێین. شادمانی پاڵەوانی گەنج لە زیگفرێددا وەبیر بێننەوە، کاتێ شمشێرەکەی بەدەستەوەیە و هێزە حیماسییەکەی کاتێ کە هەژدیها دەکوژێ و دەبێتە پۆڵایین و بە ئاوازی جادوویی دارستان وەخەبەر بێنێ. بێگومان لە هۆگری و گەرم و گوڕیی نیچە بە مۆسیقای (گروپی نیبلونگەکان)دا دەتوانین زایەڵەیەك لە دژایەتیی ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکان لەگەڵ ئەقڵی ڕۆشنگەریدا بدۆزینەوە. دەبێ سەرچاوەی دوژمنایەتیی نیچە لەگەڵ مۆدێرنیتە لە بەرهەمی ڕۆمانتیکەکان و لە ئەشقی ئەوان بە وڵات و زێددا بدۆزینەوە. شێوازی پەخشان نووسین کە نیچە بە بێ هیچ زێدەڕۆییەك بەوپەڕی خۆی گەیاند ڕەگی لە پەخشانی ڕۆمانتیکەکاندا هەیە. لێرەدا مەبەست تەنیا شێوەی دەربڕین نییە ـ کە گرینگییەکی لەرادەبەدەری هەیە ـ بەڵکو لەم شێوە نووسینەدا دژایەتیکردن لەگەڵ سیستەم و سیستەم سازیدا شاراوەیە. نیچە کەمتر بە شێوەی سیستماتیك نووسی و هەمیشە گوتی: خواستی سیستەم لە نەبوونی هێزی توانەوەوە سەرچاوە دەگرێ.[٥١]

لە "لە دایکبوونی تراژیدی" (١٨٧١)دا رۆحی دیونیزوسی، ئەو ئوستورەیەی کە لە پەیکەری هونەردا زیندوو و ئازاد دەردەکەوێ یان بە وتەی نیچە سەما دەکا، لەگەڵ هەستێکی نیهیلیستیی سەردەمای نوێ لە شەڕدایە. لەم شەڕەدا هونەری کەونارا نا، بەڵکو "هونەری ئەمرۆژین" (مەبەستی نیچە یەکەم ئۆپێراکانی واگنێرە) دەخارێ. لە شەڕێکدا کە مەزنایەتییەکەی هاتنی ئارمانجی جوانییە بۆ گۆڕەپانی شەڕ و نیچە لە شیلێرەوە فێری ئەمە بوو. شیلێر بە "فێرکردنی جوانی" دەیویست ئەخلاقێکی نوێ دابڕێژێ کە بە سەر بەرتەسکیی تاکبووندا زاڵ بێ. شیلینگ هاوڕێ لەگەڵ شیلێر لە "سیستەمی ئایدیالیزمی مەزن(١٨٠٠)دا تا ئەوجێیە چووە پێش کە پێی وابوو هونەر مەبەستی فەلسەفەی نوێیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێ بە سەر "یەك ئاراستەبوونی رۆحی سوبژکتیو"دا زاڵ بین. ئەمانە "هەستی سەردەماکان"یان دەربڕی. هەستێکی کە دەتوانین لە داکۆکیکردنی فریدریش شێلگل لەسەر سەربەخۆیی هونەردا بیدۆزینەوە و تێیدا دیسان زایەڵەی دژایەتیی لەگەڵ رۆشنگەریدا ببیستین: "یەکگرتوویی هەقیقەت و جوانی و چاکە" لە ئاکامدا رەشبینی و دوژمنایەتییەکانی دنیای نوێ دەبەزێنێ. دژ بە بشێویی ئەم دنیایە دەتوانین و دەبێ بگەڕێینەوە بۆ رەسەنایەتی رابوردوو. "رەسەنایەتیی رابوردوو" ئەم شتە بوو کە نیچە قەت قبووڵی نەکرد. دژایەتیکردنی نیچە لەگەڵ مۆدێرنیتە بووە هۆی دژایەتیکردنیشی لەگەڵ سوننەت. ئەو قەت لە بەر دنیایەکی لەکیس چوو یان مەعنەوی و رەسەنایەتیی ونبوو دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتە نەکرد.

خواستی دەسەڵات روانینە بۆ داهاتوو. سۆپەرمەن لە داهاتوو دایە. خواستی دەسەڵات هێزێکە داهێنەر (و بەو واتایە هونەرێ) کە لە دەربڕیندا بە پێشەنگی هونەری دادەنرێ. رووبەڕووبوونەوەی داهێنان (شیعر) لەگەڵ زانست، دەرفەتی هاتنەئارا بە زانستێکی نوێ و زانایانی نوێ و فەیلەسووفانی داهاتوو دەدا.



کەسانێکی کە "دەبنە داهێنەری بایەخی مەزنتر". بایەخگەلێکی هێشتا نەناسراو. نیچە لە باسوخواسی سەبارەت بەم "فەرماندەر و یاسادانەرانەی داهاتوو" بە حوکمێکی گرینگ دەگا:

ئەوەندەی زەمان تێپەڕ دەبێ زیاتر بۆ من دەردەکەوێ کە فەیلەسووف لە پلەی مرۆڤێکی کە بەناچار هی سبەینێ و سبەینێکانی ترە، هەمیشە پێی وابووە کە لەگەڵ ئەمرۆکەی ناکۆکە و دەبێ ببێ: دوژمنەکەی دایمە ئارمانجی ئەمرۆکە بووە.[٥٢]

بودلێر دەیگوت کە هەموو شتێکی مۆدێرن لەگەڵ سوننەت (دوێنێ) نا، بەڵکو لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی (ئەمڕۆ)دا بەکێشە دێ. نیچە لەگەڵ مۆدێرنیتە بە واتای "ئەمرۆژین بوون" بەشەڕدێ. پێیوایە کە ئارمانجی ئەمرۆکە لاواز و بێ بناغەیە. نیچە پێداگریی دەکا ـ رەنگە ئەو لە سەر هیچ ئیدەیەك ئاوا توندوتیژانە پێداگریی نەکردبێ ـ کە سوننەتەکان لە مۆدێرنیتەدا زیندوون، ئەگەرچی ئەمە بانگەشەی ئەوە دەکا کە دەتوانێ سوننەتەکان لەناو بەرێ. سوننەتەکان مەسخی دەکەن و بێ ناوەڕۆك بوونی بانگەشەکانی دەسەلمێنن. ئەخلاقی مۆدێرن هەمان ئەخلاقی مەسیحی و خواستەکانی مرۆڤی مۆدێرن هەمان نیازە بچووکەکانی مرۆڤن. بۆ مرۆڤەکانی ئەمرۆژین روانگەی داهاتوو هەر ئەوەیە کە یەکەم "کۆیلە مەسیحییەکان" کێشایانەوە.

لەم رووەیە کە نیچە دەڵێ ئێمە لە سەر رێبازێکی سەهۆڵیندا راوەستاین و پێداگریی دەکرێ (ئاگاداری دەکاتەوە) کە سەهۆڵەکە زۆر تەنکە و زوو دەشکێ: "ئێمە کەسانێکی بێ پشتیوان و بێ ماڵ و حاڵین.. ئێمەی منداڵانی داهاتوو چۆن دەتوانین لە سەردەمی خۆماندا ماڵێ بدۆزینەوە؟ ئەو سەهۆڵە کە تا بە ئێستا خەڵکی دەپارێزێ تەنك بۆتەوە، بای سەهۆڵ تاوێن دەشنێتەوە. ئێمە کە بێ شوێنین بووینەتە هێزێك کە سەهۆڵ و گشت "راستەقینەیەکی تەنك

دەشكێنێ"[٥٣]. فەیلەسووف سەهۆڵەكان دەشكێنێ هەتا ئەوە نیشان بدا كە مەترسیی زۆر نزیكە. لە شوێنێكی دیكەدا ئەو نهیلیزمی بە "فوهن"، بایەكی گەرم و ویشك شوبهاندبوو كە لەناكاو لە كوێستانەكانی ئەلپەوە دەشنێتەوە و خەڵك شێت دەكا.

شێتبوون، رزگاربوون لە ئەقڵی مۆدێرن. لە "زانستی شاد"دا شێتێك لە نێو بازاڕدا دەنگ هەڵدەبڕێ كە بە دوای خودادا دەگەڕێ و دەنەڕێنێ كە ئەو مردووە، ئێمە ئەومان كوشتووە. زەردەشت، چونكە لە لوتكەی شاخەكانەوە دێت دڵنیایە كە ئەو مردووە و ناشیرینترین مرۆڤ لە دوایین بەشی "وەهای گوت زەردەشت"دا (١٨٨٥) دەڵێ: خودایەكی كە هەموو شتێكی دەبینی، لەوانە مرۆڤ، دەبێ بمرێ. مرۆڤ تاقەتی ئەوەی نەبوو كە شاهیدێكی لەو جۆرە زیندوو بێ".[٥٤] دیسان لە "زانستی شاد"دا دەخوێنینەوە: "خودا مردووە، بەڵام هەر بەو چەشنەی كە نەریتی مرۆڤەكانە ئەشكەوت گەلێك دروست دەكەن هەتا هەزاران ساڵ نسێكەی نیشان بدەن"[٥٥] ئەشكەوت و نسێ، تەمسیلی ئاشنا و كۆنی فەلسەفە، لە هەنووكەدا بە چەشنێكی دیكە بەكار دێن. فەلسەفەی مۆدێرن ئەم ئەشكەوتانەیە و تەنانەت لادەرترینی ئایینەكانیش لەو نسێیانە را ناكەن. دەتوانین لە ئارەزووی هەموو بڕوایەك بۆ دۆزینەوەی حەشارگەیەك لەم دنیایەدا، ئەو نسێیە بدۆزینەوە.

مۆدێرنیتە وەكو پێش گریمانەیەك هەڵگری سەروەریی مرۆڤ و باڵادەستیی ئاوەزی مرۆڤییە. هەركەس بە پێی ئەم پێش گریمانەیە كار دەكا، بەڵام بە هۆی هێزگەلێكی نائەقڵانی، نەخۆش، بێبەرپرسایەتی و دوژمنەوە. **نیهیلیزم** لێرەیە: لە نەدیتنی ئەو هێزانەدا، ئەو هێزانەی بۆ ئەنجامدانی هەموو كارێك هەن. نیهیلیزم كۆتایی مۆدێرنیتە نییە بەڵكو، هاوڕێی هەمیشەییەتی. مۆدێرنیتە بڕواهێنانە. بەشێكی ئەندێشەنەكراوە. بایەخدانان بۆ ئەو شتانەی كە بە شێوەی



گونجاو نەنرخێندراون. مۆدێرنیتە كە بۆ خۆی وەكو هۆیەك بۆ هەڵبژاردنی شێوەیەك لە ژیان دەردەكەوێ، پێویستی بە بەڵگەیە. نیچە نیشانی دەدا كە ئێمە بڕواكان، عادەتەكان و رێسا پراگماتییەكان و بنەڕەتە ئەخلاقییەكان قبووڵ دەكەین پێش ئەوەی بە دوای هۆیەكانیاندا بگەڕێین یان بیانزانین. هەموو شتێك دەبنە عادەتە دووەمەكانی ئێمە بێ ئەوەی بۆ ئێمە روون بووبێتنەوە. ئەی ئەمە كوێی وشیارییە؟

هەستكرد، ناسینی خود، بیركردنەوە لە خود، ئەمانە بانگەشە سەرەكییەكانی مۆدێرنیتەن. دەتوانین دیاردەناسیی هێگل بە "زانستی ئەزموونی وشیاری"ی دابنێین: " هەولێك بۆ هەستكرد، بەڵام نیچە ئەم بانگەشە ئەندێشەگەرانەیەی مۆدێرنیتە قبووڵ ناكا. رەچەڵەكناسیی ئەخلاق ئەوە دەردەخا كە بایەخە ئەخلاقییەكان لەگەڵ "دركی شوناسی سوژە" بوونەتە یەك. هەولێكە بۆ دۆزینەوەی "نەفسی نوێ"، بەڵام نەك لە زیندانی دركی هەستكرددا. "ئێمە خۆمان نەناسیوە" ئێمەی خەڵكی زانا، بە هۆگەلێكی راست خۆمان ناناسین".[٥٦] بە چ شتێك دەبێ خۆمان بناسین؟ زمان. واتە بە كۆیەك هێما و ئاماژە كە هەڵبەت هیچ كات لەگەڵ راستەقینە نابنە یەك. بە پێی چی دەیناسین؟ بە پێی بایەخ گەلێك كە هیچ پێوەندییەكیان بە جیهانەوە نییە [٥٧]. شت گەلێك بە جیهانەوە دەبەستینەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین چ شتێك بگەڕێنینەوە سەر خۆمان؟ راست كاتێ كە دەمانەوێ خۆمان بناسین (واتە حوكمی سوقرات "ئەم خودایەی كە رایسپارد خۆت بناسە"[٥٨] بەكار بێنین) لەوە دەگەین كە ناتوانین شتێك بناسین. هێگل رۆحی داهێنا هەتا خۆی بخاتە بان خۆیەوە، بەڵام ئەم داهێنانەی ئاڵۆزیی بەدیهێنا و هەموو شتێكی شێواند. نیچە دەڵێ: "بەناچاریی لە خۆمان نامۆین. خۆمان درك ناكەین. ناچارین سەبارەت بە خۆمان هەڵە بكەین [٥٩]. هەولدان بۆ دۆزینەوەی وشیاریی

سەبارەت بە خود و (نەفس) ناچار خودێکی دەروونی دەئافرێنێ (نەك ئەوەی بیدۆزێتەوە). سوژەی مۆدێرن ساز دەکرێ. بە وتەی یەکێك لە گەورەترین قوتابییانی نیچە، واتە میشێل فۆکۆ، سوژە دادەهێندرێ و دەرەنجامی هەوڵدان بۆ دروستکردنی سوژە چەمکێکی هەڵە لە کۆمەڵگای مۆدێرن خۆ دەگرێ.

فەلسەفەی سەردەمای نیچە پشت ئەستوور بوو بە بانگەشەی خۆئەندێشەکردن و هەستکرد. ئەمە درێژەی نەریتێك بوو کە هێگل لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا داڕشتبوو. فەلسەفەی زانستییش کە نیچە بە سووکایەتی پێی دەگوت "فەلسەفەی کارگوزارانی فەلسەفە"[٦٠]، بە بانگەشەکردنی ناسینی ئۆبژە دەیویست درککردنی خودی سوژە درك بکا، بەڵام فەلسەفە بۆ نیچە سنووری دڵنیابوونی "زانستی"ی نییە، بەڵکو پانتاییەکە کە تێیدا زنجیرەیەك لە "هەقیقەتە زانستییەکان" بکەونە گەڵ کۆیەك لە بایەخەکان. نیچە ئەوە قبووڵ ناکا کە بە زانراوە فەلسەفییەکان بگوترێ "بنچینەی حەتمی و راستیی گشتی". ئەمە رەتکردنەوەی "خۆئەندێشەکردنی فەلسەفە"یە، بەڵام ئەمجارەیان بە واتایەکی نوێ. پێداگریی نیچە لەسەر جیابوونی لە فەیلەسووفانی تر و پێویستیی بنچینەی "فەلسەفەی سبەینێ"، لەم جیاکردنەوەیەدا دەردەکەوێ: جیاوازیی نێوان ئەم خۆئەندێشەکردنە فەلسەفییە کە نیچە دەیهێنێتە ئاراوە و ئەو هەستکردە فەلسەفییەی کە دەتوانین نموونەیەکی تەواوی لە سیستەمی هێگل دا بدۆزینەوە.

"خۆئەندێشەکردن" یان "بیرکردنەوە لە سەر بنچینە "چەمکێکی رەخنەگرانەیە کە بە هۆیەوە دەتوانین رەخنە لە پانتایی زانایی بگرین. ئەمە توانستێکی نوێ نییە، لە سەردەمی کانت و هێگلەوە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر کرابوو و ناسرا بوو. کاتێ هێگل چ لە دیاردەناسیی رۆح و چ لە بەرهەمەکانی دیکەیدا رەخنەی لە کانت و شیلینگ دەگرت، ئاگای لەم کارکردە



رەخنەگرانەیەی "خۆئەندێشەکردنی فەلسەفی هەبوو، بەڵام ئەوشتەی کە نیچە ئاراستەی کردەوە و نوێیە، رەخنە لە تیۆرە فەلسەفییەکانی پێشینیان نا، بەڵکو رەخنەگرتنە لە ئەقڵی فەلسەفی یان باشترە بڵێین رەخنەیە لە بانگەشەکانی فەلسەفە.

ئایا فۆڕم گەلێکی کە دەکرێ لە نێوانیاندا ئەندێشە روو بدا، دەتوانن ببنە بابەتی ئەندێشە؟ ئەگەر ببنە بابەتی ئەندێشە ئەم چەشنە لە ئەندێشە چۆن بەدەست دێ؟ هێگل پێشتر لە رەخنەگرتن لە سەر مەعریفەناسیی کانتدا نیشانی دابوو کە "بەشێك لە فۆڕمەکان" کە کانت بوونی ئەوانی بۆ ناسین بە پێویست زانی بوو (بەڵام بۆ خۆیان نەدەناسران) لە پێشکەوتنی باسی فەلسەفەی رەخنەیی کانتدا دەبوون بە "بابەتەکانی ناسین". بە گشتی ئەقڵی فەلسەفیی هەوڵی دابوو پارادۆکسە لۆژیکییە بنەڕەتییەکان چارەسەر بکا کە بە هۆیانەوە بەرهەم هاتبوو: لەو پارادۆکسانەی یۆنانییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، وەکو یاریی نێوان ئاشیل و کیسەڵ، یان پیاوێکی خەڵکی کێرت کە دەیگوت تەواوی خەڵکی کێرت درۆزنن هەتا، ئەم بانگەشەیەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی کە "تەنیا ئەو گوزارانەی لە دیدی ئەزموونییەوە ئەرێنیی واتادارن" ـ حوکمێکی کە بۆ خۆی لە دیدی ئەزموونییەوە بە هیچ شێوەیەك ئەرێنی نییە.

گرینگیی کاری نیچە لەمەدایە کە بانگەشەکانی فەلسەفەی بە پێچەوانەی باقی فەیلەسووفان نە تەنیا بە زانستی نەزانین، بەڵکو تەنانەت بە بایەخداری دانەنان. خۆئەندێشەکردنی فەلسەفیی بەجێی هەوڵدان بۆ راکردن لە چنگی پارادۆکسەکان، وەك ئەوە وایە کە دەسەڵاتداریی ئەوان قبووڵ بکەی.

ئەندێشەی زانستیی هاوچەرخیش بە قوڵبوونەوە لە "بنچینەی تۆکمە بە دژوازییەکانی لۆژیکی زانستی" لە روویەکی دیکەوە هاودەنگی نیچەیە. لە بەرهەمەکانی تامسۆن کۆهن و پەوڵ فیرابند وردبنەوە. دوو بیرمەند ـ بە شێوەی

کەم تا زۆر جیاواز ـ پێیان وایە کە زانست تەنیا لە رێی رەوتەکانی سەلماندنی ئەقلانییەوە گەشەی نەکردووە. "فیرابند" هەتا ئەو جێیە دەچێتە پێش کە دەڵێ لە بنەڕەتدا شتێك بەنێوی دواسەلماندنی ئەقلانی بوونی نییە. هەر کولتوور و قۆناغێك ئەزموونی تایبەتی خۆی لە "ئەقلانی بوون" و "سەلماندن یان پاساودانەوەی ئەقلانی"ی پێك دێنێ. مەبەستی خۆئەندێشەکردنی فەلسەفی و زانستی ناتوانێ راکردن بێ لە پارادۆکسەکان ـ بەڵکو هەر ئەم خاڵە کە لە هەر قۆناغێکدا دەکەوینە پارادۆکسێکی نوێوە، ئامانج دەکاتە هەوڵگەلێکی بەرتەسك (و مێژوویی)، بەڵام نیچە بۆچوونێکی سەبارەت بە دوائامانج هەبوو، ئامانجێك کە فەلسەفە بە تەواویی بەجێدێڵێ و خواستی دەسەڵات دەربڕینی ئەمەیە: سوپەرمەن. کە بە وتەی هایدگێر بە پردی زەماندا تێپەڕ دەبێ و دەچێتە ئەوبەرەوە.

بەڵام بە بۆچوونی نیچە ئەو رێیەی کە کولتووری ئوروپایی پێدا دەڕوا ئاراستەیەکی دیکەی هەیە. چەند نووسەرێك ئاماژەیان بەوەکرد کە لێدوانی نیچە سەبارەت بە نیهیلیزمی ئوروپایی ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی ئاپوکالیپتیکی ئەندێشەی رۆمانتیکی ئەڵمانی سەبارەت بە داهاتوو. ئەوان تەنانەت ئاگرتێبەربوونی دنیای خودایی و مرۆڤیان لە "شەوەخوانێکی خوداکان"ی واگنێردا بە نموونەیەك لە تێڕوانینی ئاپوکالیپتیك زانیوە. ئەگەرچی نیهیلیزم بە تەواویی لەم بنەما فکرییە جیا نییە، بەڵام لە رێیەکی ترەوە ناسراوە. رێگەیەکی کە لەگەڵ واتا روسییەکەشی جیاوازیی گرینگی هەیە. لە بەشی پێنجەمی "باوکان و کوڕان"ی تورگنیف دا، باسی بازارۆف، پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکرێ. باسێك لە نێوان هاوڕێیی بازارۆف، ئارکادی لەگەڵ باوکی و مامی: "ئەو نیهیلیستێکە" بەرواڵەت دوو پیرەپیاوی نیهیلیست، واتە کەسێکی کە بڕوای بە هیچ شتێك نییە و رێز بۆ هیچ شتێك دانانێ، بەڵام بە



وتەی ئارکادی، نیهیلیست واتە "کەسێکی کە بە دیدی رەخنەییەوە سەیری گشت شتێك دەکا". مامی لێی دەپرسێ : "مەگەر جیاوازیی هەیە؟ " دوای بڵاوبوونەوەی "باوکان و کوڕان" ١٨٦٢ واتای نیهیلیست لە ئەدەبیاتی سیاسی روسی و ئوروپاییدا بۆ یەك دەیە لایەنی سیاسی توندتری بە خۆیەوە گرت. بوو بە وشەیەکی هاوسەنگ و کەم تا زۆر هاوتای تیرۆریست.

نیچە لە دوایین نووسینەکانیدا نووسی: "نیهیلیزم لەبەر دەرکە راوەستا: کە ئەم میوانە بانگهێشت نەکراوترینە کەی دەچێتە ژووری؟" و هەروەها دەڵێ لە گەورەترین هەڵەکانە ئەگەر، هۆکاری نیهیلیزم "بە پشێوی کۆمەڵایەتی یان دژە نۆرمی فیزیولۆژیك" دابنێین [٦٢]. هەرچۆنێ بێ دژە نۆرمیی هۆکاری نیهیلیزم نییە، بەڵکو هۆیەکەی بابەتێکی میتافیزیکییە. نیچە دەپرسێ: "بەڵام واتای نیهیلیزم چییە؟" و بۆ خۆی وەڵام دەداتەوە "ئەوەی کە مەزنترین بایەخەکانی خۆیان بێ بایەخ بکەن. مەبەستەکەشی روون نییە. (ئەگەر پرسیاری کرد) بۆچی؟ وەڵامێکی نەدەدۆزییەوە"[٦٣]. کاتێ دەڵێین "هۆی نیهیلیزم بابەتێکە میتافیزیکی" واتایەکی نوێمان سەبارەت بە نیهیلیزم هەیە. هەڵبەت نیچە خۆی زیاتر لە جارێك واتایەکی میتافیزیکی لە مرۆڤ رەتکردەوە: "لە زانستی شاد"دا دەخوێنینەوە سوقرات هەقی بوو کە تەمەنی لە هەبوونەوە تا مردن، بە سەردەمی نەخۆشیی زانیبوو. مرۆڤێکی نەخۆشی دەناسی، نەخۆشە. نیچە سەبارەت بە مرۆڤ پێناسەیەکی ناسراوی ئاراستە کردووە: مرۆڤ، واتە ئاژەڵی نەخۆش. ئاژەڵێك کە لە تۆکمەیی ئایدیاکان بە دوای ساخڵەمیدا دەگەڕێ. بە راگەیاندنی ئەوەی کە خودا مردووە هەرێمی ئیدە ئەفلاتوونییەکان، واتە پانتای پێکهێنەری دەرەنجام و چاکەکارییەکانیش بە لە ناوچوو رادەگەیەندرێ.

مارتین هایدگێر لە وتاری "کەلامی نیچە: خودا مردووە" (١٩٤٣)دا دەنووسێ کە نیهیلیزمی نیچە بۆ خۆی زادەی کەوتنەداوی ئەندێشەیە لە

زیندانی میتافیزیکدا [٦٤]. میتافیزیك قۆناغێکی مێژووییە کە تێیدا تەقدیری ئیدەکان، چاکە، یاسای ئەخلاقی و ئۆتۆریتەی ئەقڵ، پێشکەوتوویی، زیاترین بەختەوەریی بۆ زیاترین خەڵك، کولتوور و شارستانییەت لاواز دەکا. هەموو هێزی پێکهێنەری خۆیان لە کیس دەدەن و بێسوود دەبن. بەم واتایە نیهیلیزم ناوەندی بەهێزی مێژووی میتافیزیکی رۆژئاوایی و لە راستیدا "لۆژیکە دەروونییەکەیەتی". لەم مێژووەدا ئیدەکان سەرچاوەی ئەو بایەخانەن کە ئێمە دەیانخەینە پاڵ شتەکانەوە. نیچە پێی وابوو کە چوارچێوەی چەمکیی وشیاریی نا، بەڵکو ژیانە. ژیان تەنیا لە دەکرێ دا دەناسرێ. خواستی دەسەڵات ئیرادەیە بۆ دۆزینەوەی واتای ئەم کرانە کە بە تەواویی سەربەخۆیە لە بایەخەکان. بایەخە مەزنەکان ئەوشتە داهێنراوانەن کە ژیان بێ ناوەڕۆك دەکەن. ناتوانین بایەخەکان لە دنیادا بەدەست بێنین. میتافیزیك بایەخە ئاسمانییەکان دەئافرێنێ. بەمجۆرە "بێبایەخبوونی بایەخە ئاسمانییەکان" شەڕکردنە لەگەڵ میتافیزیك، بەڵام نیچە لەوە زیاتر هەنگاو نانێ. ئەو بە هێنانەئارای خواستی دەسەڵات (لەو سەرەوە کە ویست دەسەڵاتە، ئەم خاڵە، واتە خواستی خواست) ملکەچی چەشنێك مسیانیزم دەبێ. ئەگەر مرۆڤ لە خۆی ئەولاتر بڕوا (سوپەرمەن) و خواستی خۆی بەوجۆرەی کە هەیە بناسێ، دنیایەکی دیکە دەست پێدەکا. بەم پێیە زەردەشت مامۆستای گەڕانەوەی هەرمانی، دەبێتە "مژدەبەخشی ئەسپە شێی سوپەرمەن". هایدگێر دەنووسێ کە هەر کام لەم دوو چەمکە لە رێیەکی تایبەتەوە بەرەو مەبەستێك هەوڵ دەدەن کە "مەزنترینی هیواکانە". زەردەشت / نیچە دەڵێ "چونکە رسکانی مرۆڤ لە قین پردێکە بەرەو مەزنترین هیواکانی من و پەلکەزێڕینەیەکە لە نێو رەشەبا درێژخایەنەکان"[٦٥] و هەڵبەت نابێ قین بە واتا دەروونناسانەکەی بناسین، بەڵکو دەبێ بیخەینە چوارچێوەی میتافیزیکەوە: لە هەر کوێ ناعەدالەتی هەبێ، سزاش هەیە (یان دەبێ هەبێ)



و دەخوازرێ کە وابێ. ئەم خاڵە لە بنەڕەتی خۆیدا ئیدەیەکی ئەفلاتوونییە، تێگەیشتنێکی میتافیزیکیە لە هەقیقەت: ئیدەی عەدالەت. نیچە لەم رووەوە لە واتای "بابەتی بوون" تێپەڕ نەبوو. بوون بۆ ئەو هەمیشە بیچمێکی مرۆڤی بوو: بوون ئەو شتەیە کە هەیە. بەمجۆرە لە بەندی "تێڕوانینی ئەنتیك" دا گیری خواردبوو و وەکو ئەفلاتوون بیری "لە بوونی بالادەست" دەکردەوە: ئارمانجی بوون کە واتای ژیانی مرۆڤی گەرەنتیی دەکا و دەیخاتە سەرپێ. بنچینەی ئەندێشەی نیچە لەم رووەوە ـ بەو واتایەی کە هایدگێر ئاراستەی دەکا ـ میتافیزیکییە.

نیچە دەڵێ کە "دەنگبێژی مێژووی دوو سەدەی داهاتووە"

ئەو شتەی کە من دەیگێڕمەوە مێژووی دوو سەدەی داهاتووە. من ئەو شتانە وەسف دەکەم کە بە رێگەوەن، ئەو شتانەی کە ئیتر ناتوانن جۆرێکی تر بن: هاتنەئارای نیهیلیزم. ئەم ئێستاکەش دەتوانین لەم مێژووە بدوێین، لەبەر ئەوەی ئەم ئێستاکە پێویستە. هەنووکە بە هەزاران نیشانە ئاماژە بەم داهاتووە دەکرێ. ئەم ئێستاکە ئەم تەقدیرە لە هەموو شوێنێکەوە خۆی نیشان دەدا، هەر لە ئێستاوە گشت گوێچکەکان بۆ ئەم مۆسیقایەی داهاتوو هەستیارن. ماوەیەکە سەرلەبەری کولتووری ئوروپایی ئێمە بەخێرایی بەرەو کارەساتێك دەڕوا. جارلەگەڵ جار خێراتر، لە دەیەیەکەوە بۆ دەیەیەکی تر، بێ ئۆقرە، شەڕانی، وەکو چۆمێکی کە دەیەوێ بە کۆتایی بگا، بە هیچ شێوەیەك وەرناسوورێ، دەترسێ کە وا بکا.

کولتوورێکی کە وەڵامی نیازەکانی ئەم دنیا و دنیای دیکە دەداتەوە، بایەخگەلێك دەخولقێنێ کە لەگەڵ ئەم "وەڵامدانەوەیە"دا بگونجێ، لەگەڵ ئەو نیازانەی کە نایانناسێ ناگونجێ، ئەو نیازانەی کە هەن، بەڵام نابینرێن. نیازگەلێکی چالاك، بەڵام نەك بەو جۆرەی کە تەنانەت بناسرێن و بزانرێن.

بەمجۆرە گشت بایەخەکان بێ بایەخ دەبن و نیهیلیزم بێ ناوەڕۆك بوونی بایەخەکانە. رادەیەك کە ئیتر بە کاری پێوەربوون نەیەت. بایەخەکان کە بە هەر هۆیەك "بە بایەخدار" دادەنران دەیاننێرێتە هەرێمی نیهیل (nihilo) وە. بەمجۆرە بایەخەکان لەگەڵ خودای مەسیح کە ئاواتی رزگاریی دەکردە هاوڕێی قبوولی رەوتی کۆیلەتی، مردوون و سەردەمای نیهیلیزم لەبەر ئەوەش دەستپێدەکا، چونکە نەك هەر بەم مەرگە زانراوە، بەڵکو خواستراویشە. شێتۆکەی "زانستی شاد " باسی ئەو خودایەی دەکرد کە کوشتوومانە و لە "دەسەڵاتداریی نیهیل" دەدوا.

سەد ساڵ پاش نیچە، لە کۆتایی سەدەیەکی کە ئەم ئێستاکە دوایین ساڵەکانی تێپەڕ دەکەین (کاتی نووسینی ئەم وتارە ١٩٩٤ -) با سەرنج بە پێشبینی ئەو سەبارەت بە مێژووی داهاتوو بدەین: خەڵکان بە نێوی دژایەتیی چینایەتی، نەتەوەیی و نەژادی و بە هۆی بڕوا یان تێگەیشتنەکانیان یەکتریان کوشت، لە کۆتایی هەر کوشتارێکیشدا زیندووەکان بەوەیان زانی کە ئەمە یاسای یاریی نیهیل بوو، لە پێناویدا نرخێکی قورس دەدا نەك هەر تەنیا بە پێی یاسا و بایەخەکانی داهاتوو، بەڵکو بە پێی ژیانی ئەمڕۆکەش ئەو شتەی کە تێپەڕ بوو لە "بەدیل بوون" و گەمژەیی و لاوازیی دەدوێ. با واز لە دڵسۆزی و بەزەیی بێنین (نیچە دەیگوت بەزەیی بە مرۆڤ بوو کە خودای کوشت)، بەڵام ئەو هەروا دەمێنێتەوە: لەبەر ئەوەی ویستمان دنیایەکی ئەقڵانی و سروشتی و ئەخلاقی پێکبێنین "سزا"مان بە شێوەی جۆراوجۆر بەکارهێنا. لێرەدا رەخنەگرتنی نیچە لە مۆدێرنیتە بە کاری یەکێك لە دوایین رەخنەگرانی سەردەمی نوێوە گرێ دەدرێ، واتە میشێل فۆکۆ....



## تاکخوازیی مۆدێرن

یەکێك لە بنەما گرینگەکانی مۆدێرنیتە تاکخوازییە. بنەمایەکی کە لە سەردەمی رێنیسانسەوە بەملاوە هەمیشە لە سەر گرینگییە فەلسەفییەکەی باس و خواس دەکرا و لە ئەنجامدا ئابووریی سیاسیی کلاسیك متمانەی پێدا. هێگل ئەم متمانەپێدرانەی گەڕاندەوە سەر چەمکی رۆحی سوبژکتیڤ، بەڵام رۆمانتیکە ئەڵمانییەکان لە بەرامبەریدا داکۆکیان لە سەر دەکرد و لەم ئاراستەیەوە تاك چووە نێو پانتایی فەلسەفەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە. ماکس ستایرنێر و سورێن کیرکێگارد بەرگریان لە تاك بوون کرد و کیرکێگارد بە راشکاوییەکی بێوێنەوە نووسی: "تاك زیاتر لە چەشن بایەخی هەیە" [٦٧] و رایگەیاند کە مرۆڤ لەم رووەوە کە وەك تاك بوونی هەیە لە زیندەوەران جیا دەکرێتەوە: تاك بابەتی دەستنیشانکار و بنەڕەتیی مەسیحی بوونە" [٦٨] و مەسیح رووی لە گشت تاکێك دەکرد. بەم پێیە کیرکێگارد تاکە فۆڕمی بڕوای فۆڕمە تاکییەکەیەتی.

ئەم خاڵە کە چەمکی سوژە گرینگترە لە زەین و زیاتریش و ئەمە لە خۆیدا دەردەخا کە بایەخی سوبژکتیڤیتە تەنیا بە ئازادیی ئەندێشە بەرتەسك ناکرێتەوە. سوبژکتیڤیتە وابەستەیە بە هێزوەرگرتنی عەینی ئازادیی مرۆڤ. چەمکێك کە لە "مافە دیموکراتییەکانی شارۆمەندی"دا رەنگیداوەتەوە. نووسەرانی تەڤگەڕی ناسراو بە "رەخنەکاریی کولتووری"یش جیاوازیان دانا لە نێوان لایەنی کۆمەڵایەتیی کولتوور کە پێمان دەگوت "Kultur" و لایەنی تاکیی کولتوور کە دوابەدوای "گوتە" پێمان دەکوت "Bildung". لە ململانێی نێوان تاکخوازان و کۆخوازاندا لایەنێك لە سەر گرینگیی تاکبوون وەکو چەمکێکی مۆدێرن داکۆکی دەکرد و لایەنەکەی دیکە پێیوابوو کە تاکبوون و دوورکەوتنەوە لە ئیرادەی گشتی (کە بە زادەی هاوپشتییە

جەماوەرییەکەی دەزانی) سەرچاوەی لەخۆنامۆبوونە. رەخنەی کۆخوازان لە لایەنگرانی رەسەنایەتیی تاك ئەمە بوو کە بە رەتکردنەوەی ئیرادەی گشتیی ئەوان لە راستیدا یاسای گشتی و گشتگیری مۆدێرنیتە رەت دەکەنەوە. لە بەرامبەردا تاکخوازان ئاماژەیان بە ئارمانجەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە دەکرد، واتە هیومانیزمی رێنیسانس. ماکس ستایرنێر لە بەرسڤی بە لایەنگرانی رەسەنایەتی کۆدا دەیگوت هەر فۆڕمێك رەگی کۆمەڵایەتیی نەبێ نابێتە لەخۆنامۆبوون: تۆ وەکو تاکێك خاوەنی ئەوشتەی کە هی تۆیە، ئەو شتەی تۆ لە خۆت دادەبڕێنێ کۆمەڵایەتییە. ئەو دەیگوت :"تۆ کۆیلەی کارکردنی، بەڵام کارکردن لە کوێدا واتای هەیە؟ لە کۆمەڵگادا. ئارتور شوپنهاور لە سۆنگەیەکی دیکەوە هێرشی دەکردە سەر رەسەنایەتیی تاك. ئەو دەیگوت خەسڵەتی تاکی راست وەکو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی دەتوانێ پێکهێنەر و خولقێنەری خراپە بێ. بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ "دیلی ئەسڵی تاکی"ی (Principum Individuotionis) و ناتوانێ بەو کەلەبەرەدا تێپەڕ بێ کە لە ئەوانی تری جیا بکاتەوە، بەڵام لە هەمان حاڵدا ناتوانێ بەختەوەریی خۆی لە دەرەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دیتران وێنا بکا، ئەوانەی بە تەواوی لەگەڵی جیاوازن: دیتران هەڵەیەکن کە هەم مەترسی و هەم ئازادی لەگەڵ خۆیان دێنن. ئەم نیازە بەویتر، پێکهێنەری فۆڕمێکیشە لە ئازار. خواستی هەبوون لەگەڵ ئەویتر پەژارەیە. قەدەغەبوون و پێشگرتن لە چێژ لەگەڵ ئەو خواستە دێ، بەڵام چێژ بە بێ ئەویتر هەست و ئەزموون ناکرێ[٦٩]. بەمجۆرە تاکخوازیی مۆدێرن رۆشنکەرەوەی لایەنی ناکامڵی ژیانی مرۆڤییە. پێشڕەوانی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە شوپنهاورەوە فێری ئەم واتایە بوون. ناوەندی سەرەکی بادنبروك ـ ەکان (١٩٠١) یەکەم رۆمانی **توماس مان** هەر ئەوەیە: توماس بادن بروك لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی شوپنهاوردا ئەوە



دەدۆزێتەوە کە لەسەر رێی بەختەوەربوونی فرێدریش بێجگەلە لەمپەر و کۆسپ شتێکی دیکە نییە. ئەوەش تێدەگا کە ئازادیی تاکی تەنیا لە رێی خولقاندن و دۆزینەوە و شهودی هونەرییەوەیە کە بە چەشنێکی تەواو دەزانرێ و دەردەبڕدرێ، نەك ئەوەی وەچنگ بکەوێ. پێوەندیی ئازادیی تاك لەگەڵ داهێنانی هونەریی خاڵێکە کە نیچەش لە "لە دایکبوونی تراژیدی"(The Birth of Tradgedy)دا وەسفی کردبوو. هونەرمەندی دیونیزۆسی لە هونەردا هەست دەکا بە تاکبوونی خۆی و هەروەها ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە نێوان ئەم تاکبوونە و تاکبوونێکی کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا هەیە. تاکبوونی هونەرمەند لە خواستی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە. لە (Human, AllTooHuman" ١٨٧٨)دا نیچە بنەڕەتی کۆمەڵگای مۆدێرن بە "داهێنانی تاکی و ئیدەی مافی یەکسان" دەزانێ ئەمەش بە بۆچوونی ئەو دەبێتە خستنەوەی سستی. ئەم فۆڕمە لە تاکبوون لەگەڵ تاکبوونی مرۆڤی مەسیحیدا دەگونجێ. گەر هەر تاکێك بزانێ یان تێبگا کە لە "خزمەتی بەختەوەریی هەمووان" دایە بە واتای بەختکردنی بەختەوەرییە، راست بەو جۆرەی کە تاك دەیناسێ. لە "زانستی شاد" دا سەرەڕۆیی ستەمکار لەگەڵ ئانارشیست جیاوازیی نییە، چونکە هەرکیان فیداکردنی تاك بە کامڵبوونی تاکبوون دادەنێن و دەیناسێنن. نیچە لە دوایین ساڵەکانی کارە فکرییەکەیدا، تاکخوازیی بە "فۆڕمی لە خۆبوردوو و هێشتا ناوشیاریی خواستی دەسەڵاتی" ناساند[٧٠].

تەنیایی گرینگترین دەستکەوتی ئەخلاقی تاکخوازییە، بەڵام هەر وەکو خودی تاکخوازیی، بە دوو شێوەی جیاواز پێوەندی هەیە بە سەردەمی مۆدێرنەوە. دەتوانێ "نەخۆشی یانی نوێ" بێ و دەشتوانێ ببێتە "بنەمای سەرەکی و کۆتایی کولتووری رەسەن". نیچە گوتویەتی "تەنیایی بۆ کەسێك راکردنی نەخۆشە و بۆ کەسێکی دیکە راکردنە لە نەخۆشەکان"[٧١] تەنیایی

زەردەشت لە چەشنی دووەمە کە دەڵێ: "تەریك بوونێکی دیکەیە و تەنیاییەکی تر، ئێستا فێری ئەوە بووی؟ و هەروەها ئەوە دەزانم کە لە نێو مرۆڤەکاندا هەمیشە کێوی و نامۆیی دەبێ. [٧٢] ئەم سروودی ستایشەی زەردەشت کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ "ئەی تەنیایی! ئەی ماڵی من، تەنیایی. دەنگت چەندە خۆشە و بلاوێن لەگەڵم دەدوێی... لە لای تۆ فراوانی و رووناکیی هەیە. لێرەکانە سەعاتەکانیش بە نەرمی تێپەڕ دەبن"[٧٣]. لە "ئەو کاتە مرۆڤ"دا (١٨٨٨) نیچە دەنووسێ: "سەرلەبەری زەردەشتی من شتێك نییە بێجگەلە سروودی ستایشی تەنیایی" و "لە راستیدا من پێویستیم بە تەنیایی هەیە، دەبێ بلێم کە تەنیایی چاکبوونەوەی منە، گەڕانەوەمە بۆ خود و دەروونی ئازاد و مەند و هاروهاجم"[٧٤].

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، واتە لە قۆناغی ناسراو بە مۆدێرنیزمدا هونەرمەندان بوون بە هۆگری تەنیایی. وەکو ئارمانجێك باسیان دەکرد و ئەمەشیان نەك هەر لە نیچە، بەڵکو لە شاعیرێکی مەزنی سەدەی پێشووش فێر ببوون: "بلێمەت یەك کەسە، بەم پێیە تەنیایە. شانازیش یەك شتە، بەڵام بێتامیان کردووە". نیچە لە دوایین نووسینەکانیدا ئەم وتەیەی شارڵ بودلێری بە زمانی فەڕانسەیی گێڕابۆوە. ئەو لە زستانی ١٨٨٨ ـ ١٨٨٧ دا لە **بیتس** تەواوی بەرهەمەکانی بۆدلێری خوێندەوە و دواتر نووسی کە "لە خەسڵەتی بەرەو تەنیایی شاعیر دەترسێ و هەروەها هۆگریشی بووە. ژان پەول سارتر سەبارەت بە تەنیایی بۆدلێر نووسیویەتی کە نەیتوانیوە بەرگەی ئەم تەنیاییە بگرێ، بۆیە بەردەوام لەبارەیەوە دواوە هەتا بتوانێ خۆی لەبەر راگرێ" [٧٥]. ئێستاکە با لە لایەنێکی دیکەی تاکبوون وردبینەوە. کۆمەڵگای پیشەکاریی لە سەرێکەوە بەرهەمهێنەری "دنیای بەرژەوەندییە ماددییەکان" بوو کە لەوێدا بەرژەوەندیی شەخسی بە وروژێنەری سەرەکیی ژیان دادەنرا (دنیایەکی کە



شوپنهاور "لە روانگەی ئەخلاقی و جوانیناسییەوە" بە شەرمەزاری دەزانی) و لە لایەکی دیکەوە "بەرهەمهێنەری دنیای شەخسیی خواست و تامەزرۆیی" بوو، بەم واتایە کە مەیلی سەرەکیی ژیانی تاکی لە دەرەوەی ئیختیار و توانای تاك دادەنا، بەڵام ئەم بۆچوونەی لە تاکدا دەخولقاند کە ئەم دنیایە دەستەمۆی ئەوە یان دەستەمۆی دەبێ و ئەو چاودێریی گشت شتێك دەکا. بارودۆخی تراژیکیی مرۆڤی مۆدێرن ئەمەیە کە لە پرۆسەی پێشکەوتندا مەیلی بەژیان لەگەڵ دیتران (هەر بەوجۆرەی کە ژیانکردن وەلام بە مەیل و شەهوەت و غەریزەکەی دەداتەوە) دەگا بە قبوولکردنی وەردە وردەی تەریك کەوتنەوە و تەنیایی. بۆ تێگەیشتن لە خواست و ئیرادەی خود دەبێ ئیرادەی تر قبووڵ بکەم و لە ئەنجامدا دەبێ چاوپۆشی لە خواستی خۆم بکەم. مافی هەڵبژاردن و ئازادی لە تاکبووندا بە واتا دەگەن، بەڵام لە ژیانی مۆدێرندا کەس ناتوانێ لە تاکبوونی خۆیدا بمێنێتەوە. بەمجۆرە خواستی ژیان لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و هونەریدا، لە باشترین (کامڵترین) فۆڕمی خود کە بیرکردنەوەیە لە مردن، دروست دەبێ. لەم پارادۆکسانەدا شەرمەزاربوونی تاك بە تاك ژیانی (تەنیایی) سەرهەڵدەدا و تەنیایی دەبێتە ژێدەری خواستی ژیان: "ژیانی مرۆڤی، بەژانترین فۆڕمی ژیانە: لە رەنجکێشانەوە دەگا بە تەریك بوونەوە و دڵەڕاوکێ"[٧٦]. مرۆڤەکان لە ترسی ئەم تەریك بوونەوەیە روو دەکەنە ژیانی گروپی و ئەم ژیانە دەبێتە هۆی چەند قاتی تەریك بوونەوە:

"غەریزەی مرۆڤ بۆ راکردن لە ژان، تەنیا سیمای ژان دەگۆڕێ"[٧٧]

شوپنهاور دووربوونی خۆی لە ئەقڵ و زانست و تەکنۆلۆژی و مۆدێرنیتە نەدەشاردەوە. دەیگوت کە ئەمانە ژیان لە ژێر چاودێریی ئێمە دوور دەخەنەوە. ئەزموونی راستەقینەی ئێمە (ئەزموونی رێچکەگرتوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی) کە تاکی و شەخسی نییە، تایبەت بە تاك نیشاندراوە و خواست و وشیاریی و

توانستەکانی ئێمە بەرتەسك دەكاتەوە. دنیای بەڕاستی مسۆگەری ئێمە دنیایەکە کە بەکردەوە هەیە، ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینەیە"[٧٨] ئەو شتەی کە لە حاڵەتی ئاساییدا بە پۆزەتیڤ دادەنرێ و ئێمە پێی دەڵێین بوون، لەگەڵ ئەزموون (ئەزموونی لە دنیای بووندا) بە لایەنی نێگەتیڤ دەگا. نیچە بە یارمەتیی بەرهەمەکانی شوپنهاور لەگەڵ ئەم لایەنەی تاکبوون ئاشنا بوو. دنیای مۆدێرن، ئەو دنیایەی کە ئێمە تێیدا خودامان کوشتووە بانگهێشتمان دەکا بۆ تاکبوون. "ئێمە وەکو گشت بکوژێك تەنیاین". بەئاسانی دەتوانین دەنگی داستایوفسکی ببیستین: لە دنیای بێخودادا هەرچی بتەوێ دەكرێ. ئاوەژووکردنەوەی بایەخەکانیش لێرەدا هەیە. هەمان شت کە نیچە پێی دەڵێ Uinwertung. دەبێ تەنیا بین لەو شوێنەدا و تەنیا بە سەر ئێمەدا دەسەپێ کە ژیان گروپییە و تەواوی بەپرسایەتییەکان لەم ژیانە گروپییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم چەشنە ژیانی ڕاستەقینەمان کردووە بە ژیانی ئەفسانە. دنیای بەرژەوەندیی تاکی و "بەرژەوەندخوازی"ی (کە نیچە بەرقەوە پێی دەگوت "ئەندێشەی ئینگلیزی") نیشاندەری ئەم ئاوەژووبوونەوەیەی بایەخەکانە. بە وردبوونەوە لە "ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق" و بایەخەکان تێدەگەین کە دنیای ئێمە زۆردار و لاوازە. حاکم و مەحکوم و هەڵۆ و بەرخ هەن. پێوەندییەکی مادی لە نێوان ئەمانەدا هەیە و ئەخلاق بۆ شاردنەوەی ئەم پێوەندییە هەوڵ دەدا. کەسی داماو بۆ ڕاکردن لەم پێوەندییە لە توانست تێناگا، بەڵکو دەسەڵات دەخاتە شوێنی و بە خراپەی دادەنێ. هەوڵ دەدا هەتا شوناسێکی سەربەخۆ بەخۆی بدا: باسی کردەوەکان، خواستەکان و گەوهەرێکی تاك دەکا کە لە ڕاستیدا نین. ژیل دۆلۆز لە "نیچە و فەلسەفە" (١٩٦٢)دا نووسی کە وشیاریی قەت سەربەخۆ لە خۆی نییە، بەڵکو وشیاریی لە منەوەیە کە پێوەندیی هەیە بە شت یان ئەو کەسەی بە سەرمدا زاڵە. "وشیاریی کەمتر بە شێوەی ڕاستەقینە لە پێوەندیی لەگەڵ



شتی دەرەکی پێناسە دەکرێ و زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ باڵادەستی بۆ دەربڕینی بایەخەکان دێتە ئاراوە... لە لای نیچە وشیاریی هەمیشە بندەستە"[٧٩] وشیاریی، وشیاریی خوداکان نییە، بەڵکو وشیاریی عەبدە. بەمجۆرە ئەندێشەی بێزاربوونە کە بارودۆخی بندەست بەدیدێنێ.

پۆل ریکۆر لە وتارێکیدا لەسەر کتێبی "چەند نامیلکەیەك سەبارەت بە تاکخوازیی" لە نووسینی لویی دۆمۆن باسی "قەیرانی شوناس"ی کردووە کە دەتوانین لە ڕوویەوە قەیرانی مۆدێرنیتە بناسین" [٨٠] بە بۆچوونی ریکۆر چەمکی شوناس لە چەمکی تاکبوونەوە دەستپێدەکا. شوناسی گروپی تەنیا دەربڕینێکە کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و هیچی تر. تاك لە یەکەم هەنگاوی دۆزینەوەی خۆیدا (کە هەنگاوێکی مەعریفەناسانەیە) خۆی وەکو "کەسێك" لە هاو"چەشن" جیا دەکاتەوە. ئەمە چەشنێك جیابوونەوە یان باشترە بڵێین "بەتاك بوون"ە، بەڵام ئەم بەتاك بوونە لەکردەوەدا بەواتا دەگا، لە کردەوەی ئاخافتندا کاتێ دەڵێین "بینیم کە..." جێناوی شەخسی "من" وەکو یەکێك لە جۆرەکان نا، بەڵکو وەکو تاکێك دەخولقێنێ. ئەمە فۆڕمێکە لە بەشوناس گەیشتن. هەر کەسێ بە گوتنی "من" شوناس بەخۆی دەدا، بەڵام ئەم شوناسە لەگەڵ ئەو "شوناسی گێڕانەوە"یە کە من بە خۆمی دەدەم جیاوازە. لەم قۆناغە سەرەکییەدایە کە من دەبم بە خۆم. بەمجۆرە بە شوناس گەیشتن لە تاکی مرۆڤەوە بۆ تاك دەڕوا و دواتر دەبێت بە شوناسی گێڕانەوەیی. جولەکەیەك، لەو جولەکەیەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە دەڕوات بەرەو مرۆڤێکی تاك و دواتر شوناسێکی گێڕانەوەیی. هەر کام لەو قۆناغانە دەتوانن خۆ نەگرن یان کرچ و کاڵ بن. لێرەدایە کە "قەیرانی شوناس" سەرهەڵدەدا. فۆڕمی حەتمیی ئەم قەیرانە کاتێ دەردەکەوێ کە شوناس وەك "کارکردی گێڕانەوە" بەدەست نەیەت. هەر تاکێك خۆی بە هۆی ئەو شتەوە دادەڕێژێ کە سەبارەت بە خۆی

دەیگێڕێتەوە (و هەروەها بە گێڕانەوەی دیتران سەبارەت بە خۆی). بە وتەی ویلهۆڵم شاپت (خوێندکاری هۆسرێل) تاك شوناسی نییە، بەڵکو "شوناس خۆی لە گێڕانەوەی خۆیدا دەدۆزێتەوە". شاپت باسی دۆزینەوەی خودی لە گێڕانەوەدا کردووە: "من لە خۆیدا بەتاڵە، لە بەسەرهاتی خۆیدا دەدۆزێتەوە"[٨١] لەم ئەدەبیاتەدا ئەمەیە رازی گرینگی ژیاننامەی خودنووسین و بیرەوەریی شەخسی لە ئەدەبیاتی مۆدێرن و رازی توانستی بەکارهاتنی کەڵك وەرگرتن لە جێناوی "من".

گیۆرگ سیمل-یش باسی پێوەندیی تاك بوون و قەیرانی شوناسی کردووە. دەسپێکی کاری ئەو بەراوردکردنی تاکبوونە لەگەڵ لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیان. ئەو بۆ روونکردنەوەی ئەم بەراوردکردنە لە نێوان تاکبوونی چۆنایەتی و تاکبوونی چەندایەتیدا جیاوازیی داناوە. بەبۆچوونی ئەو تاکبوونی چەندایەتی لە سەدەی هەژدەیەمەوە هێشتا ماوە. هەر تاکێك کۆیەك لەو بایەخانە قبووڵ یان رەت دەکاتەوە کە گروپ دروستی کردوون و ئەو بوونی خۆی لەو قبووڵ یان رەتکردنەوەیەوە بەدەست دێنێ. تاکبوونی چۆنایەتی دەرەنجامی سەدەی نۆزدەیەمە: تاك لەوپەڕی ئەو رۆڵەی کە لە گروپدا دەیگێڕێ، لە خۆیدا بە تاکانە دادەنرێ. ئەو بۆ "خود" گرینگە. کەسێکە کە ناتوانرێ کەسی تر لە جێگەکەی دابنرێ. "ئەو لە خۆیدا تاکە متمانەکردن بەخۆی دەدۆزێتەوە"[٨٢] دەتوانین بڵێین کە پێوەندیی تاك لەگەڵ گروپ فۆرمێکی نەگۆڕی هەیە کە بەندە بە تاکبوونی چەندایەتییەوە و فۆرمێکی رووڵەگەشەی هەیە، کە چاو لە دەستی تاکبوونی چییەتییە. وشیاریی مرۆڤی مۆدێرن بە هۆی وابەستەبوونەکانی بە سوونەتەوە هێشتا بەوە نەگەیشتووە کە بە گرینگبوونی تاکیی چییەتییەکەی خۆی بزانێ. [٨٣] بەڵام هەر چۆنێ بێ لە بەرامبەر بارودۆخی نوێدا چەشنێك کردەوەی هەیە: بەم پێیە بەردەوام "لە بنەڕەتییە هەمیشەییەکان" دوور دەبێتەوە و "بنەڕەتی



تاکی" دادەڕێژرێ: "تاکبوون هێزێکە پێش بە توانەوەی یەکجارەکیی (ئێمەی گروپدا) دەگرێ [٨٤]. مرۆڤی مۆدێرن لەبەر ئەوەی تاکە بەرپرسی ئەو بایەخانەیە کە خولقاندوونی، هەمیشە تەریك کەوتوو و هەراسانە.

رۆحی مۆدێرن هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دایە: سیمل ئاماژەی بەوە کردووە کە لە بەرهەمەکانی "رودەن"دا هاوسەنگی نییە و ئەمەی بە تایبەتمەندیی مۆدێرنی بەرهەمەکانی "رودەن" زانیوە[٨٥]. کۆمەڵگای نەریتی پێویستی بە دەروونزانی نەبوو نەك هەر لە بەر ئەوە کە گروپ پێشی بە هاتنەئارای دەروونی تاکی دەگرت، بەڵکو لە بەر ئەم هۆ گرینگترەیە کە تاك بە ئاسانی و خێرا لەگەڵ ئەو شوێنە دەگونجا کە کۆمەڵگا بۆی دیاری دەکرد. بێ ئۆقرەیی رۆحی مۆدێرن زادەی نەگونجانی تاکە لەگەڵ گروپ و کۆ، بە بۆچوونی سیمل "رودەن" هەوڵی داوە لە پەیکەرەکانیدا ئەم خاڵە دەربخا: دەروونزانیی گەوهەری مۆدێرنیتەیە، هەموو شتێك لە ناخی ئێمەدا روو دەدا". [٨٦] سیمل لەگەڵ رای بیرگسۆن بوو کە سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی دەروونزانی، چونکە "ئیتر ئەمە روون بۆتەوە کە تاکخوازیی ئاراستەی رێنوێنی مۆدێرنیتە دیاری دەکا" . بەم هۆیە کاتێ لە قەیرانی ژیانی مۆدێرن دەدوێین باسەکە بەرەو لای "قەیرانی تاکبوون" و "قەیرانی شوناس" دەروا کە ئەمانیش لە قەیرانی کولتووردا خۆیان دەردەخەن.

قەیرانی کولتوور هەوێنی سەرەکیی ئەندێشەی سیملە سەبارەت بە مۆدێرنیتە. بە بۆچوونی ئەو گەوهەری قەیرانی سەردەمای مۆدێرن لە کولتووردا شاردراوەتەوە. کولتوور بانترین دەربڕینی ژیانی خولێنەرە، بەڵام ئەم ژیانە دەروونییە و ئەم گەشە نایابەی دەروونزانانە" شتێك دروست دەکا کە بۆ خۆی ژیان نییە و ژیان لەوێدا مەبەستەکەی بە تەواویی لە کیس دەدا و لەگەڵ خواستەکانی ژیان بەکێشە دێ".

کولتوور بە پێی ئاماژەی تاڵی سیمل" دەبێتە ئاژاوەیەکی بەردەوام لە نێوان فۆڕمە ئەتۆمیزەکراوەکاندا" [٨٧].

مرۆڤ ئیتر ناتوانێ فۆڕمە تازەکانی بڕوای ئایینی بخولقێنێ، هونەر ئیتر دەربڕ نییە. فەلسەفە لە قەیران دایە و بە وتەی سیمل لە نێوان چوارچێوە یۆنانییەکەی و راستەقینەی بەردەستدا کەلەبەر دروست بووە. سیمل کە بەردەوام ئاماژە بە ئەفلاتوون ـ فەیلەسوەفە خۆشەویستەکەی ـ دەکا دەنووسێ کە هێزی ئافرێنەری هونەرییش ناتوانێ دژایەتیی ئافراندنی تاکی و "ویژدانی گروپی"ی چارەسەر بکا. بەمجۆرە "قەیرانی کولتووری مۆدێرن باسی گەوهەری دژوازیی ژیان دەکا"[٨٨].

سیمل نەتەنیا یەکێك لە یەکەم ناڕەزایەتییە سیستماتیکییەکانی دژ بە کولتووری مۆدێرنیتە دەربڕی، بەڵکو ژمارەیەك لە لایەنە سەرەکییەکانی ژیانی مۆدێرنی خستۆتە بەردەست کە بەتایبەتی ئەمڕۆکە بە گرینگیی زۆر گەیشتوون. یەکێك لەم لایەنانەی جیاوازی و نایەکسانیی، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاوانە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا. ئەویتریان شارنشینییە و دژوازییەکانی ژیانی نێو شارە گەورەکانە. لەم وتەیەی دوسرتۆ دا کە "شار سەرچاوەی سەرەکیی مۆدێرنیتەیە و پاڵەوانەکەی" دەتوانین زایەڵەی وتەی سیمل ببیستین" [٨٩]. سمیل لە وتاری "شاری گەورە و ژیانی زەینی"دا (١٩١١) باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئێمە وەڵامی ئەو جۆراوجۆرییانەی ئەزموونەکان دەدەینەوە کە ژیان لە شارە گەورەکاندا "دایدەسەپێنن" و لە رووی فکری و دەروونییەوە دەیکەن بە بارودۆخێکی "دەروونی". لە شاری گەورەدا ئێمە لە کۆت و بەندی "وابەستەبوونەکانی دولایەنە و سوبژکتیڤ" رزگار دەبین یان لانیکەم کەمتر هەست بە گوشارەکانیان دەکەین، بەڵام ئەم ئازادیانەمان بە نرخی وەبەرچاوگرتنی دیتران وەك ئامراز و شتەکان بەدەستهێناوە. ئەویتریان تەنیا لە



بەراوردە وشك و بێ سۆزییەماڵییەکان یان بە وتەیەکی باشتر لە دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیدا شکڵ دەگرێ. تەنانەت تێگەیشتنی ئێمە لە زەمان و شوێن لەگەڵ راسیۆنالیتەی ئامرازی و ئابووری ناتەبا نابێ. سیمل یەکەم کۆمەڵناسیك نەبوو کە باسی لە پێوەندیی شاری گەورە لەگەڵ مۆدێرنیتەی هونەریی کردووە، بەڵام یەکەم بیرمەندێك بوو کە هۆکاری نەتوانین لە دەربڕینی گەڕاندۆتەوە سەر ژیان لە شاری مۆدێرندا: "نزیك بوونەوەی جەستە و بەرتەنگیی فەزا مەودای دەروونی بەرچاوتر دەکا... هیچ کەس لە هیچ شوێنێکدا بەقەد شاری گەورە هەست بە تەنیایی و سەرلێشێواوی ناکا... گرینگترین هۆیەکی کە شاری گەورە تایبەتترین خەسڵەتی بوونی تاك پێك دێنێ، خەسڵەتی کولتووری مۆدێرنە، واتە زاڵبوونی رۆحی عەینی بە سەر رۆحی زەینی دا" [٩٠] لە شاردا هەموو شتەکان لەگەڵ مۆدەکانی رۆژ بە پێوەندییەکی درۆیین گەیشتوون: " هەرچی سەردەمایەك دەمارگرژتر دەبێ مۆدەکانی خێراتر دەگۆڕێن، چونکە نیاز بە دەرخستنی جیاوازییەکان ـ یەکێك لە گرینگترین هۆکارەکانی مۆدـ هاوڕێ لەگەڵ وزە دەمارییەکان گەشە دەکەن"[٩١] وتاری سیمل سەبارەت بە مۆد یەکێك لە یەکەم نموونەکانی لێکۆڵینەوەی "گۆڕانی مۆد"ە . دەبێ لە تێگەیشتن لە "گرایش تاکی" لەگەڵ "گرایش کۆمەڵایەتی"ی کولتووردا بە دوای گرینگی ئەم وتارە دابگەڕێین، واتە لە چەشنێك درککردنی دوو جۆریی شاراوە لە ژیانی مۆدێرندا. نزیك بە نیو سەدە کە لە نووسینی وتاری سیمل تێپەڕ دەبوو، رۆلان بارت کتێبی "سیستەمی مۆد"ی (١٩٦٧) نووسی: "یەکەم هەنگاوێکی جیدی لەم بوارەدا کە دوای سیمیل نرا.

**سەرچاوە:**

مدرنیته و اندیشەی انتقادی / بابك احمدی / چاپ چهارم اسفند ۱۳۸۰، نشر مرکز، تهران.

## له مۆدێرنیتەوە بـــۆ پۆست مۆدێرنیتە

### دەیڤید هێڵد

بە باوەڕی ***فۆکۆیاما*** یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە، سەرکەوتوویی چەمکێکی تایبەتە لە دیاردەی سیاسی و سیاسەتیش، واتە سەرکەوتوویی تێگەیشتنێکی لیبراڵ لە مۆدێرنیتە. مۆدێرنیتە بریتییە لە سازبوونەوەی جیهان بەپێی بنەما و بنچینەکانی لیبرالیزم. ***ئەلێکس کالینیکوس*** پێیوایە کە مۆدێرنیتە بریتییە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی. ئەمەش شوناسی سەرمایەدارانەی کۆمەڵگای مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرنە کە کەسایەتی و دەورگێڕیی سەرەکیی ئەوان دیاری دەکا. ***ئانتونی گیدینز*** لەو کەسانەیە کە لە هەمبەر هاوتەرازکردنی مۆدێرنیتە لەگەڵ لیبرالیزم یان مۆدێرنیتە لەگەڵ سەرمایەداریدا وەستاوە. ***گیدێنز*** لەچاو بیرمەندان و فەیلەسووفانی دیکە لەرادەبەدەر لەسەر دەنگ و ئەندێشەکانی مارکس داکۆکی دەکا، هەروەها بە شێوەیەکی رەخنەگرانەش لەسەر تایبەتمەندی یان خەسڵەتی چەند رەهەندیی مۆدێرنیتە، وێنە (علّی)یە ئاڵۆزەکانی مۆدێرنیتە، لۆژیکی سەقامگیری مۆدێرنیتە و تایبەتمەندیی بنەڕەتی و پێویستی زاتیی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش پێداگری دەکا.

لە روانگەی ***گیدێنز***ەوە چوار لایەن یان رەهەندی سەرەکیی سەقامگیر بۆ مۆدێرنیتە هەیە:

**أ** ـ لایەنی سەرمایەداری (سیستەمی بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بازاڕ کە تێیدا ئەو کارەی هەقدەستی دەدرێتێ بەچەشنێ کاڵا دادەنرێ).



**ب** ـ لایەنی پیشەخوازی (بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکانی هێز جگە لە هێزی بوونەوەر یان مرۆڤ، ئەویش لە رێی ئامراز و تەکنیکە پێکهێنەر و داهێنەرەکانەوە بۆ گۆڕین و ئاڵوگۆڕیی سروشت).

**ج** ـ لایەنی هێزی بەڕێوەبەری ئامادەکراو کە لە رێی چاودێری و پاراستنەوە سەقامگیر کراوە (کۆنترۆڵکردنی زانیاری و چاودێری و پێداچوونەوە بەسەر چالاکییەکانی جەماوەری چالاك لە لایەن دەوڵەت و باقی رێکخراوەکانەوە).

**د** ـ لایەنی هێزی سەربازی (سەقامگیرکردنی ئامرازی گوشار و توندوتیژیی بە دەستی دەوڵەت).

هیچکام لەم بابەتە چوار رەهەندییە سەقامگیرەی مۆدێرنیتە جێگای ئەویتر ناگرێتەوە، چونکە فۆڕم و لۆژیکی هەرکامیان لەگەڵ فۆڕم و لۆژیکی سێ لایەنی دیکە جیاوازە. بۆ وێنە گەشەسەندن و تۆکمەبوونی دەسەڵاتی سەربازی و چەك و چۆڵ لەسەر فۆڕم و پێکهاتەی گەشە و کامڵبوونی سەرمایەداری و هەروەها لەسەر وێنەی توێژ و دژایەتیی چینایەتیدا شوێنی داناوە و بۆتە یاریدەدەری سیستەمی دەسەڵاتێك بۆ ئەوەی شوێنی سەرمایە بگرێتەوە ـ واتە یارمەتی داوە بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان. بەم پێیە بەسەرنجدان بە لۆژیك و گەشەی سەرمایەداریی ناتوانین بەئاسانی لەم فۆڕم پێدان و خولقاندنی سیستەمی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و دامەزراندنی سیستەمی هێمنایەتیی و نەبوونی ئاسایشی نێونەتەوەیی تێبگەین.

***گیدێنز*** پێیوایە هەرکام لە لایەنە سەقامگیربووەکانی چوار چەشنی ناوبراو هەڵگری کۆیەك لە رەوت و پێکهاتە علی ـ یە دیار و تایبەتەکانی خۆیانن. بەڵام بە گشتی ئەم چوار لایەنە چوارچێوەیەك دادەڕێژن بۆ ئەوەی لە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان و رەوتەکانی پێشکەوتن و گەشە و کێشە حازرەکانی نێو کۆمەڵگای مۆدێرن تێبگەین.

**گیدێنز** بانگەشەی ئەوە دەکا کە لێکدانەوەی مارکس سەبارەت بە میکانیزم و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دانوستانی سەرمایەداری و دۆزینەوەی فۆڕمەکانی دەسەڵاتداری و چەوساندنەوەی چینایەتی تەنانەت ئەمڕۆکەش گرینگیی و هەنووکەیی خۆی پاراستووە. ئەگەرچی **گیدێنز** پێیوایە کە لێکۆڵینەوەی مارکس زۆر گرینگە، بەڵام لە ئەندێشەی مارکس و بە شێوەی تر لە مارکسیزمدا خاڵە شاراوە یان کەلەبەرەکان دەچنەوە سەر لایەنی جۆراوجۆری مۆدێرنیتە کە بریتین لە:

ـ هەڵنەسەنگاندنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ورد و ئەرخەیانبەخش، بەتایبەتی دەسەڵاتی سەربازی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی گوشار و توندوتیژی لە لایەن تاك و کۆمەڵگا و دەوڵەتەکانەوە، لێکدانەوەی بە پەلە و نادروست لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەر و ڕەنگدانەوەی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا و خۆبواردن لە هەڵسەنگاندن یان وەبەرچاوگرتنی سەرچاوە و فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی دژایەتی و سیستماتیك کە نابێ پێمان وابێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توێژەکاندا پێوەندی هەیە.

بە بۆچوونی **گیدێنز** دەبێ لە هەر کوێیەکی سەقامگیری مۆدێرنیتە وەکو هەرێمی دژایەتی یان جیاوازی، تێبگەین. بزووتنەوەی چینی کرێکار یان بزووتنەوەی کرێکاریی هەمیشە چەشنێ وەڵامی گشتییە بە ڕەوتی گۆڕانێك کە لە هەلومەرجی مۆدێرنەوە هەڵقوڵیبوو. مارکس بە هۆی هاوتاکردن یان بە هاوچەشن دانانی سەرمایەداریی لەگەڵ مۆدێرنیتە و وەکو یەك زانینی بەرەکانی چینی کرێکار لەگەڵ بەرژەوەندیی پێشەنگ و پێشکەوتوخوازانەی بە دوور لە تاقم و دەستەخوازی ـ واتە بە تێگەیشتن لە ڕوانگەی بزووتنەوەی کرێکاریی وەکو ڕوانگەیەکی گشتگیر و جیهانی ـ ئەم دوو بابەتە تەوەرییەی فەرامۆش کرد:



**یەکەم:** ئەوەی کە چەند جۆرە سیاسەتێك هەیە، کە ناتوانرێ تەنیا هەر لە ڕوانگەی چینایەتییەوە تێیبگەین.

**دووەم:** ئەوەی کە هەرچەشنە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە مۆدێرنیتە دەبێ هەڵگری دەلاقە یان ڕوانگەیەکی زۆر بەرفرە و بەربڵاوتر لە بەرژەوەندییە کرێکارییەکان بێ هەتا بتوانێ نوێنەرایەتی **سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و عادیلانە** وەئەستۆ بگرێ.

**گیدێنز** لە نێوان چوار لایەنی تەوەریی مۆدێرنیتە و چوار جۆرە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا پێوەندی گەلێك دەدۆزێتەوە کە هەم پێکهاتەی ئەم چوارلایەنیەن و هەم لە دووبارە فۆڕمبەندی کردنی ئەواندا بە کارگێڕ یان دەست و پێوەندیی هەڵسوڕ دادەنرێن. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاریی وەکو بەرهەمی بڕیاری سەرمایەداری و وەڵامێکی ڕەخنەیی یان کردەوەیەکی توندوتیژانە لە بەرامبەر مۆدێرنیتەدا سەرهەڵێنێ، بزووتنەوەی ناوچەیی بە بەرهەمی ئاوابوونی بزووتنەوەی ناوچەناسیی و قەیرانێکی دژ دادەنرێ کە دوای هاتنەئارای پیشەخوازیی وەگەڕ کەوتووە.

لە سیستەمەکانی دەسەڵاتدا شوێن و جێگەی بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی و مافی مرۆڤ ناسەلمێندرێن و هیچ چەشنە ئەرکێك وەخۆ ناگرن. کەچی بزووتنەوەی ئاشتیخوازیی بەرهەمی پێکهاتەی هاوچەرخی هێزی سەربازی بووە و وەکو هێزێکی دیار لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێ.

سەبارەت بەم بزووتنەوانە، بە لێکدانەوەی بواری پێکهاتەیی سەردەمای تێپەڕین کە لە لایەن دامەزراوە مۆدێرنیتەکانەوە ئاراستە کراون ـ ئەو ڕوانگە یان دەلاقەیەی کە **گیدێنز** پێی دەڵێ ***ڕیالیزمی خەیاڵی*** ـــ پێوەندیدانی ڕوانگە بەدیلەکان دەبنە چەمکسازی یان نووسینەوەی چەمك بۆ شتێك کە دەتوانێ ببێتە ئەوپەڕی مۆدێرنیتە.

لە ئاستی خوارەوەدا چاومان بە بزووتنەوەی جێگیر بووی مۆدێرنیتە دەکەوێ کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی پرۆژەکانی داهاتوو و هەروەها تۆخمی جێگیربووی سیستەمێکی پۆست مۆدێرن.

***گیدێنز*** پێیوایە کە ئەندێشەی دووبارەی سۆسیالیزمی شۆڕشەکانی ١٩٩٠ـ١٩٨٩ بە مانای دۆزینەوەی پرەنسیپی سەقامگیر و جێگرە بۆ هەرکام لە لایەنە گرینگەکانی مۆدێرنیتە. تەنیا وەها دۆزینەوەیەك دەتوانێ ئێمە بەرەو ئەوپەڕ مۆدێرنیتە و دیمەنی سیستماتیکی پۆست مۆدێرن ببا. وێناکردنی نەزمێکی ئەوتۆ زۆر دژوارە، هەروەها بەئاکام گەیشتنی وەها نەزمێك زۆر لەوە ئالۆزترە کە سۆسیالیستەکانی پێشوو یان ئارمانخوازانی بیریان لێ دەکردەوە، بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە داهاتووخوازەکان و تێگەیین لە گەشەی سەقامگیریی مۆدێرنیتە دەبنە هۆی کرانەوەی چەند ڕێیەکی نوێ، کەچی نەزمی پۆست مۆدێرن بۆ سەقامگیربوون نەزمێکی ئالۆز دەبێ، بەڵام نەزمی پۆست مۆدێرن لە چوارچێوەی ئەو چوار ڕەهەندییەدا کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەبێتە نیشاندەری بزووتنەوەیەکی باڵاتر لە مۆدێرنیتە.

لە هەلومەرجی هاوچەرخدا گەشەی شێواو و بێ قاعیدەی سەرمایەداری، تەواو بە ڕادەی مانەوەی کۆمەڵگا سۆسیالیستە دەوڵەتییەکان بابەتێکی بێ بەقایە و متمانەی پێ ناکرێ. ئەگەر سۆسیالیزم بە واتای ***بەرهەمێکی تەواو گەڵاڵەدار بێ*** ئەوکات دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم سیستەمە ئیتر ناتوانێ بمێنێتەوە.

لە کۆتاییدا ***گیدێنز*** پێیوایە بەشێك لە بزووتنەوە تێکدەرەکان وەها بە ئیکۆسیستەمی زەویدا ڕۆچوون کە ئاوەژوو ناکرێنەوە، لە هەمان حاڵەتیشدا ڕێژەیەك نەیاری بزووتنەوەکان هەن کە لە لایەن کۆی سەقامگیربوونی نەزمێکی پۆست مۆدێرنیتەوە پشتگیری دەکرێن و دەپارێزرێن. هەرچەندە بە هیچ چەشنێ



وا دانانرێ کە ڕووداوەکانی جیهان بەرەو شوێنی بڕوا کە ڕێگاکەی لە لایەن ئەمجۆرە ڕوانگە ئارمانی یانەوە دەست نیشان کرابێت. بەڵام ***گیدێنز*** پێیوایە کە سەرجەمی ئەو باسانەی ئەگەری بوونی ئەم بابەتە ئاراستە دەکەن لە زاتیاندا دەتوانن کاریگەر بن بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی سەبارەت بە مۆدێرنیتە وەکو پرۆژەیەکی حەتمی وایە و بە هیچ چەشنێ خۆی لێ لانادرێ.

لێرەدا بۆ تێگەیشتنی وردتر و باشتر لە چەمك و واتاکان کە لە وتاری بەردەستدا هاتە ئاراوە دەبێ وتاری ***گیدێنز، سۆسیالیزم، مۆدێرنیتە*** و ***ئارمانخوازیی*** بخوێنینەوە و بەوردی بیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و سەرنج بدەینە ئەو هۆکارانەی کە ***گیدێنز*** بۆ خاڵەکانی خوارەوە پێشکەشیان دەکا، ئەم خاڵانە بریتین لە:

١- دۆزینەوەی تایبەتمەندی و دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە وەکو دیاردەیەکی چەند لایەنی.

٢- دابەشکردنی دەسکەوت و ئاستەنگ و بەرتەسکیی چەشنەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

٣- داکۆکیکردن لەسەر ئەوە کە سۆسیالیزم ئیتر بە ڕادەی ***زاڵبوون بەسەر سەرمایە*** دانانرێ.

٤- ڕوانگەی ***ڕیالیزمی خەیاڵی*** یان ئارمانیی ڕوانگەی ***گیدێنز*** سەبارەت بە لایەنی دووری مۆدێرنیتە.




بەرنامەی گیدێنز: لەمۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیتە



## وەڵامی ڕەخنەیی

داکۆکیکردنی **گیدێنز** لەسەر چۆنیەتی چەندرەهەندی یان چەند لایەنی مۆدێرنیتە، هەروەها لەسەر وێنەی جیاواز و ئاڵۆزی **مۆدێرنیتە** کە باسی گۆڕانکاری و گەشە دەکا لە چەند لاوە لە بۆچوونەکانی تر بەهێزترە، بۆ وێنە ئەو بۆچوونانەی کە لەبەر داکۆکیکردن و سەرنجدانی یەکلایەنە بە زاراوە ئاشکراکان (وەکو شۆڕشی چینایەتی)، دەور و گرینگیی بەرچاوی دامەزراوە تایبەتەکان (وەکو هێزی سەربازی) وەبەرچاو ناگرن یان بە هیچی دەزانن یان لەو گریمانانەی سەرترە کە لە ڕۆڵی ئەو دیاردە تایبەتانەی پێوەندیان لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکاندا هەیە حاڵی نابن.

بەم پێیە بە سووک و ئاسانی بە پەنای کێشە گرینگەکان (وەکو پێوەندیی نێوان ئازادیی ئابووری و ئازادیی سیاسی)دا تێپەڕ دەبن. بەمجۆرە ڕوانگەی **گیدێنز** سەبارەت بە پێوەندی و یەکێتیی دوولایەنەی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگا و بۆچوونی ئەو سەبارەت بە تێکەوە پێچران و تێکهەڵکشانی ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ خۆگرتنی چاخی مۆدێرن بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ڕوانگە و بۆچوونە سەرەکییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست کە باسی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن، ڕوانگەیەکی پێشکەوتووترو گەشەخوازترە. ئەمەش دەبێ لە ڕەوتە ناوەکییەکانی پەیوەستی کۆمەڵگا، واتە لە پێکهاتەکانی هێزی لیبرالیزم یان پێوەندییە بەرهەمهێنەکانی مارکسیزمدا بدۆزرێتەوە. سەرجەمی ئەم گۆڕانکاریانەش لە زۆر بواردا شوێنی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتین. لە لایەکی دیکەوە هەوڵی هەمیشەیی **گیدێنز** بۆ ئەندێشەی لایەنی دووری مۆدێرنیتە (***Far side***)، واتە سەرجەمی ئەو شتانەی دەکەونە ئەوپەڕی مۆدێرنیتەوە لە پەنای چەند تەوەرێکی سەقامگیردا، ڕوانگە و بۆچوون گەلێکی گرینگ سەبارەت بە سەربەخۆیی و هەروەها لە بارەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕیی (بۆ

وێنە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا پشت ئەستوورە بە سیاسەت یان ئابووری، پشت ئەستوورە بە هۆکارە پێکهاتەییەکان یان ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان) ئاراستە دەکا.

هەڵوێستی تیۆریی بەرفرەی **گیدێنز** لە هەڵوێستی زۆربەی ئەو نووسەرە هاوچەرخانە نزیکە کە لە مۆدێرنیتە دەدوێن. بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی کتێبێکی چوار بەرگییان سەبارەت بە ***پێشەکی بۆ تێگەیین لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان*** نووسیووە. ئەمە تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ سەر چاوخشاندنەوە و ئەندێشەکردنەوەیەکی گشتی سەبارەت بە سوننەتی کۆمەڵناسیی کلاسیك لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ڕەوتێك کە بۆتە هۆی نزیکایەتیی ڕوانگە و بۆچوونەکان لەسەر چەند کێشەیەك. داکۆکیکردنی **گیدێنز** لەسەر شکڵگرتن، خولقاندن و پتەوکردنی مۆدێرنیتە بە یارمەتیی کۆیەك لە دامەزراوەکان، بەتایبەتی تێکەڵاو بە ڕوانگەی بەشێك لە نووسەرانی بەرگی یەکەمی کۆمەڵەی ناوبراو دەبێ، واتە کتێبی فۆڕم بەندییەکانی مۆدێرنیتە. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە کە لە وێنەی **گیدێنز**دا بەشێك لە لایەنە سەقامگیرەکان و شوێنە دیاریکراوەکانی چالاکیی دەوریان نییە. بۆ وێنە یاسا، کولتوور و جیاکردنەوەی شوێنە گشتی و تایبەتییەکان کە ڕەنگە بابەتی تایبەتی یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە بن (بڕوانە بەشی چواری بەرگی یەکەم، کتێبی چوار بەرگی ناوبراو، بەشی یەکەمی بەرگی سێ). ئەم خاڵە شاراوە یان بۆشاییانە پرسیارگەلێك سەبارەت بە گشتی بوونی هەڵسەنگاندنی **گیدێنز** و توانستی ئەو بۆ ڕەتکردنەوەی بەشێکی گواستنەوە تەوەرییەکان لە سەر پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاراستە دەکەن:

لەوانە" وێنە و چوارچێوە بگۆڕەکانی مافی گشتی و گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لە شوناسی نەتەوەیی کولتووری، چاوخشاندنەوە و بنیاتنانەوە لەسەر پێوەندیی



نێوان هەرێمەکانی بنەماڵە و کاری هەقدەست و سیاسەت، یان ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بیڕوانین: گواستنەوە یان گۆڕانی نێوان پێوەندیی جنسی و شارومەندی، بەشداریکردن لە سیاسەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

هەربەم شێوەیە و لە بەرنامەی **گیدێنز**دا زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەور یان شوێنێکیان لە ئەستۆ نییە، هەروەها دەبێ وەبیر بێنینەوە کە چوارچێوەی تیۆری یان چەمکی ئەویش لە کەلتوور و سیاسەتی هاوچەرخدا جێیەکی تایبەت بۆ بەشێك لە خاڵەکانی گوشاری کلیکی وەبەرچاو ناگرێ. لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە لە بەرنامەی **گیدێنز**دا جێگایەك بۆ ئەم جۆرە بزووتنەوە یان ڕێکخراو و دامەزراوانە دیاری نەکراوە چونکە بە پێی بۆچوونەکانی **گیدێنز** بزووتنەوە و ڕێکخراوە ناوبراوەکان بە بەشێك لە مۆدێرنیتە و گەشەسەندنی دانانرێن.

بێجگەلەمە ئەو پێوەندیانەی کە **گیدێنز** لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵە سەقامگیرەکاندا سازی دەکا، پێوەندی گەلێکی ڕوون و ئاشکرا نین. بزووتنەوەی جۆراوجۆر، هەڵوێستی بگۆڕ لە درێژەی زەمان ( لە کێشە شارستانییەکانەوە هەتا دەگاتە بابەتە بەربڵاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان)و ئاست یان شوێنی سەقامگیر و جۆراوجۆری ئەوان لە هەر ساتێکی دیاریکراو (ئابووری، سیاسەت، کۆمەڵگای ناوچەیی و تاد) بە ئاسانی لەو بەرنامە تیۆرییەدا جێگیر نابن کە لە بنەڕەتدا پێوەندی نەگۆڕ و حازری نێوان کۆمەڵە سەقامگیرە تایبەتەکان و دەستەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێژێ.

ئەگەرچی **گیدێنز** بە دروستی داکۆکی لە سەر ئەوە دەکا کە گرینگایەتیی گواستنەوە و باوەڕپێکراوی (علّی) دەبێ، لە درێژەی زەماندا تایبەت بکرێن بە ڕەهەندە سەقامگیرە تایبەتەکان. بەمحاڵە لێکدانەوەی ئەو سەبارەت بە چەند کێشەیەك، تاڕادەیەك شاراوە و لێڵە. بەهیچ چەشنێ ئاڵۆزیی بابەتەکان نابنە

سەلمێنەری کامڵبوون و وردبینیی لە بابەتە کلیل ـ ییەکان. بۆ وێنە **گیدێنز**، بە دروستی روونی ناکاتەوە کە دەوڵەتی مۆدێرن چۆن و تا چ رادەیەك کەوتۆتە دوای سەرمایەداریی پیشەکاریی و تا چ رادەیەك دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕانی سیاسی. هەڵوێستی **گیدێنز** لە نێوان تێگەیین لە دەوڵەت وەکو ***دەوڵەتێکی سەرمایەداری*** و ***تێگەیین لە دەوڵەت*** وەکو سیستەمی دەسەڵات لە هاتووچۆ دایە، یان بە واتایەکی تر لە لێکدانەوەیدا کە باسی دەوڵەتە نەتەوەیی و سەرمایەدارییەکان دەکا، باڵادەستی دژایەتییە چینایەتییەکان لە بەرامبەر دژایەتییە ناچینایەتییەکان و دەسەڵاتی ئابووری لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، لێڵ و شاراوە دەمێننەوە.

ئاکامی ئەم شاراوەییە زۆر گرینگە، چونکە ئەگەر تایبەتمەندیی ناسەرمایەدارانەی دەوڵەتی مۆدێرن بە شێوەیەکی گونجاو دابەش نەکرێ و بەجیاواز دانەنرێ ناتوانین لە زۆربەی تونخمە دیارەکانی مۆدێرن — بۆ وێنە بەناوەندبوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی گشتی و قەوارەی سەقامگیر و رەنگاورەنگی دەسەڵاتێك کە لە ژوور و دەرەوەی دەوڵەت کۆبوونەتەوە ـ تێبگەین. هەروەها لە زۆربەی هۆکارە تەوەرییەکان بۆ خۆگرتنی رسکان و فۆرمەکانی سیستەمی دەوڵەتی حازر حاڵی نابین، واتە هۆکارانێك کە راستەوخۆ دەلکێندرێن بە پێوەندی دوو لایەنەی دەوڵەتەکان، تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی سیستەمی سیاسیی نێونەتەوەیی و دیاردەی ئاسایشی پێش دەوڵەتە مۆدێرنەکان، کە ئەمەش ناچاریان دەکا هەتا بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی، ئامادەی شەڕ بن. ئەگەر بە دروستی لەم هۆکارانە تێنەگەین، تێگەیشتنی دروست و گونجاو لە لایەنی **دووری** مۆدێرنیتە دەکەوێتە شك و گومانەوە.

لە کۆتاییدا ئەو دژواریانەی سێ بابەتی تریش دەبنە هۆی کەمتر رازیبوون لە بۆچوونی **گیدێنز** سەبارەت بە نەزمی پۆست مۆدێرن.



**ـــ یەکەم** ئەوەی کە تێگەیینی **گیدێنز** پشت ئەستوور نییە بە هیچ تیۆرێکی سیاسی هەتا ببێتە هۆی بەردەوامی و خۆڕاگریی تێگەیشتنەکە، واتە تیۆرێك کە بتوانێ بە شێوەیەکی سیستماتیك مانای ***خێری سیاسی*** سەبارەت بە دامەزراو و بابەتە تێکهەڵکێشراوەکانی بەردەمی ئێمە دابڕێژرێ و بنیاتی بنێتەوە. تێگەیشتنی خودی **گیدێنز** لە بارەی نەزمی کۆمەڵگایەکی مرۆڤی و عادیلانە، کەڵکەڵەی هاوبەش و گشتی لە هەمبەر چاوەدێریکردنی هەمیشەیی سەرچاوەکانی جیهان و سیستەمی ئابووری، لە باشترین ئاستیدا تێگەیینێکی زۆر روون و ئاشکرا نییە.

ـ **دووهەم**، ئەو بەرنامە و گەڵاڵە سەقامگیرانەی کە **گیدێنز** ئاراستەیان دەکا دەروەستی چاوخشاندنەوە و پێداچوونەوەن، چونکە پێوەندیی کۆمەڵە سەقامگیرەکان لەگەڵ یەکتر بە دژواری تیۆریزە کراوە و بەم هۆیە دەستنیشان کردن یان زانینی ئەمە کە لۆژیکە سەقامگیرەکان چۆن پێکەوە دادەنیشن، تا رادەیەکی زۆر ئاستەمە.

ـ **سێهەم**، ئەمە گرینگە کە کام هۆکار یان کارگێڕ دەتوانێ رێگایەك لە مۆدێرنیتە بە واتای لایەنی دوور مسۆگەر بکا ـ واتە بابەتی سەرەکیی قۆناغەکانی تێپەڕبوون ـ هەروا بێ وەڵامە. تەنانەت کەمترین سەرنجیشی پێنەدراوە.

بە کورتی، لە بەرنامەی **گیدێنزدا** چەند گرێ و بابەتی بنەڕەتی وەلانراون و سەرنجیان نەدراوەتێ. هەڵبەت داڕشتنی پرسیاری دژوار لە بەرامبەر نووسەرێکدا زۆر سانایە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی کە نووسەر دەبێ وەڵامی گشت پرسیارەکان بداتەوە، چاوەڕوانییەکی نەگونجاوە. هەروەها داڕشتنی کێشە و بابەتە جۆراوجۆر و بەربڵاوەکان لە هەمبەر تیۆریسیەنێکی وەکو ***گیدێنزدا*** زۆر بێ جێیە و نایەنە بەرچاو، دروست هەر بەم هۆیە کە ئەم تیۆریسیەنانە روانگە و

بۆچوون گەلێك سەبارەت بە جیهان پێشکەش دەکەن کە نە تەنیا بە هەمان قەوارەیە، بەڵکو بە جۆرێکە کە دەتوانێ و دەبێ ببێ. ئێمە پێش ئەوەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوان وەکو نیشاندەری ڕێی خۆمان قبووڵ بکەین دەبێ لە ڕێکوپێکی و هەمیشەیی بوونی دەسەڵاتی ئەوان دڵنیا بین.

***پەراوێزەکان:***

١) D.Held, from Modernity to Post modernity in stuart Hall, id Held& Tony Mc Grew(eds): understaning Modern societes: An Introductin,Vol. ٤, Modernity and Its futures, (Cambridge: polity press ،Basil- Black well, The open Univer sity ،١٩٩٣), PP.٣٢□٣٨.□

٢- بۆ وێنە بڕوانە:

- Anthony Giddens, The consequences of Modernity, Cambridge: Polity, Press, ١٩٩٠.□
- stuart Hall& Bram Gieben, Understanding modern societies, Book١: formations of Modernity, (Cambridge: polity press ١٩٩٥), ch.٢.

٣) J.Bennett, & S.George, The Hunger Machin (Cambridge: polity press ١٩٨٧).□



٤)A.Giddens,The consequences of modernity (Cambridge: polity press. ١٩٩٠) P.١٧١.□

٥)stuart Hall( series editor), understanding moderi societes: An Introduction (Cambridge: polity press ١٩٣٣):□

in ٤ Vol.١: formations of Modernity, (ed) stuart Hall & Bram Gieben.

Vol.٢: political & Ecomonic forms of modernity, (ed) John Allen, peter Braham & Paul lewis.□

Vol.٣: social & Gulitural forms of modernity (ed) Robert Bocock & Kenneth Thompson.□

Vol.٤: modernity & Its future ،(ed) stuart Hal, David Held & Anthony McGrew.□

٦) David Held, Political Theory & the modern state (cambridge: polity press, ١٩٨٩).□

٧) B.Jessop, Capitalism, Nation-States and Surveillance in Held, D.& Thompson, J.B(ed) Social Theory of Modern Societies: Giddens & his Critics, (Cambridge: Cambridge University Press, ١٩٨٩), P.١٢٢.

***سەرچاوە:***

مدرنیته و مدرنیسم، مجموعهء مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نظریەهای اجتماعی/ ترجمه و تدوین: حسینعلی نوذری- چاپ اول ۱۳۷۹- انتشارات نقش جهان، تهران.

## جوگرافیای مۆدێرنیزم

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیزم بەرفرەیی جوگرافی و چەند میللەتی بوونیەتی. بە لێکۆڵینەوە لە پانتای گەشەکردنەکەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لە روسیاوە بگرە تا دەگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەتوانین سەرهەڵدانی دیاردەگەلێکی هونەرمەندانە، تەقینەوەی وشیاریی و شەڕانیی بوونی بەرەیەك لە هونەرمەندان ببینین کە ئەگەرچی هەمیشە هاوسەردەم نەبوون، بەڵام هاوشێوەی ئاشکرایان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. هەرچەند هەر کام لە وڵاتانی بەشدار لەم تەڤگەرەدا میراتی کولتووری، لایەنگریی سیاسی و هونەریی تایبەت بە خۆیان هەیە و وێدەچێ تایبەتمەندییەکانی خۆیان بە سەر مۆدێرنیزمدا سەپاندبێ، بەڵام لە هەر چەشنە تێڕوانینی نەتەوەیی و لایەنگر خۆیان دەبوارد. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم حاشالێکردنە ـ هەر بەوجۆرەی **مەڵکۆم برادبوری** لە وتاری خوارەوەدا ئاماژەی پێدەکا ـ ئەوەیە کە مۆدێرنیزم پێگەی سروشتیی خۆی لە شارەکاندا دۆزییەوە، ئەو شارانەی کە بوونە ناوەندە نێونەتەوەییەکان. وتاری خوارەوە دەپەرژێتە سەر ئەم کۆمەڵگا شارییانە و هەروەها رادەی کاریگەرییان لەسەر مۆدێرنیزم.



## شارەکانی مۆدێرنیزم

مەڵکۆم برادبوری

ئەدەبیاتی ئەزموونی مۆدێرنیزم کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدە بەدیهات و لە سەدەی ئێستادا ("سەدەی بیست" و. کوردی) بەرفرە بۆوە، لە زۆر سۆنگەوە هونەرێکی شاریی بوو، بە تایبەتی شارە چەند زمانەکان کە بە هۆی جۆراوجۆری مێژوویی وەك ناوەندەکانی رووناکبیری و ئاڵوگۆڕی کولتووریی، بە ناوبانگێکی مەزن گەیشتن و ببوونە گۆڕەپانی چالاکییە خێرا کولتوورییەکان. لە پایتەختە کولتوورییەکاندا کە زۆربەیان پایتەختی سیاسیی ئەوروپاییش بوون، ئەندێشە تازەکان و هونەری نوێ، گوڕ و تینێکی وەگەڕخست کە هێزی بزوێنەری نە تەنیا نووسەرە خۆجێیەکان و ئەوانەی کە لە ناخداهەڵگر نووسەرن، دابین دەکرد، بەڵکو هونەرمەندان، گەڕیدە ئەدەبییەکان و شاربەدەرانی وڵاتانی دیکەش تێیدا بەشدار بوون. لە چاپخانە و کاباڕاکاندا، لە چاپەمەنی و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و گەلەرییەکانی ئەم شارانەدا گەوهەری جوانیناسییەکی نوێ بەدیهات. نوێنەران و تەڤگەرە جۆراجۆرەکان سەرقاڵی مشتومڕ و ململانێ بوون و ناکۆکییەکانیان لەسەر بزووتنەوەی شێوازە نوێیەکان بوو. کاتێ بیر لە مۆدێرنیزم دەکەینەوە ناتوانین بیر لە بارودۆخ و هەلومەرجی ئەو شارانە، رێباز و ململانێکان و فەیلەسووفان و سیاسەتوانانی نوێ نەکەینەوە کە لەم شارانەدا سەریان هەڵدا: **لە بەرلین، ڤیەننا، مۆسکۆ، سێن پیترزبورگی ساڵانی کۆتایی سەدەی (١٩) هەتا ساڵانی سەرەتای شەڕ، لە لەندەنی ساڵانی پێش شەڕ، لە زوریخ، نیۆیۆرك و شیکاگۆ لە ماوەی شەڕ و لە پاریس بۆ هەمیشە.**

هەڵبەت ئەم شارانە شتێك زیاتر لە شوێنی كۆبوونەوەی رێكەوت و یەكگرتنەوە بوون. شوێنی لە دایكبوونێك بۆ هونەری نوێ و خاڵی ناوەندیی كۆمەڵگای روناكبیری و لە راستیدا شوێنی دەستەویەخەبوونی بیروڕا و ناكۆكییە هزرییەكان بوون. بە گشتی شارگەلێك بوون بە رۆڵی جێگیری مرۆڤیی. ناوەندگەلێك بوون لە كولتووری سوونەتی، پێگەگەلێك بوون بۆ هونەر و زانست و ئەندێشە. هەروەها زۆربەیان شوێنگەلێكی نوێ بوون و ئاڵۆزی و ناكۆكیی ژیانی مۆدێرنی گەورەشارانیان هەڵگرتبوو، بۆیە ئاوا قورس بوون بە رەخسێنەری زەمینە بۆ ویژدانی مۆدێرن و نقیسارە مۆدێرنەكان، هەمیشە پێوەندییەكی نزیك لە نێوان ئەدەبیات و شارەكاندا هەبووە. لە شارەكاندا دامەزراوە ئەدەبییە گرینگەكان شوێنی دیاریان هەیە: بڵاوكەرەوەكان، یارمەتیدەرانی دارایی، كتێبخانە، مۆزەخانە، كتێبفرۆشی، هۆڵەكانی نمایش و گۆڤارەكان. هەروەها چڕیی وەبەریەككەوتنی كولتووری و سنوورەكانی ئەزموونیش لە شارەكانن. گوشارەكان، تازەگەریی، مشتومڕ، ئاسایش، پوڵ، گۆڕانی خێرای كارگێڕان، قەرەباڵغی و موسافیرەكان، ژاوەژاوی زمانە جۆراوجۆرەكان، دانوستانی ئاشكرای ئەندێشە و شێوازەكان و دەرفەت بۆ پسپۆڕیی هونەریی. لە مێژە كە نووسەران و روناكبیران ترس و بێزاریی خۆیان لە شار دەربڕیوە. خەونی راكردن لە شار، لە خێرایی، لە ناكاوی و ریتم و نموونەكەی لە مرۆڤ بۆتە بنەمای نارەزایەتیی قووڵی كولتووریی كە لە كۆنترین شێوازی ئەدەبیی، واتە ئەدەبیاتی **شوانكارەیی** Pastoral دەتوانێ رەخنەیەك بێ لە شار یان نرخاندنێكی سادە بۆ شار و زۆرجاران واهاتۆتە بەرچاو كە شێواز و بنەماكانی خودی كولتووریش لە ئەنجامدا گرێدراوی دەرەوەی سیستەمی شارنشینی بووبێت Morton and lucia white, The Intellectual Versus the City.



بەم حاڵە نووسەران و روناكبیرانی هەڵوەدای هونەر، ئەزموون، مێژووی هونەر و مسۆگەربوونی تەواوی دەرفەتە لە ناخداهەڵگرەكانی هونەر، بەردەوام سەردانی ئەوێیان كردووە. ململانێی شار، سەرنجڕاكێشی و كۆسپەكانی، هەوێن و ئاراستەگەلێكی هێناوەتە ئاراوە كە تا قووڵایی ئەدەبیات رۆچوون و شار ئیتر نەك وەك شوێن، بەڵكو وەك خوازەیەك هاتۆتە ئاراوە. لە راستیدا لە روانگەی زۆربەی نووسەرانەوە شار وردە وردە بۆتە نموونەیەك لە فۆڕم ـ بە بۆچوونی **پۆپ، جانسۆن، بودلێر و داستایۆفسكی، دیكینز و جۆیس، ئێلیوت و پاوند** ـ بەڵام هەر بەوجۆرەی كە بەرفرەبوونی ئەم پێویستییە دەریدەخا شار نەبۆتە شتێكی تاك و هەروەها فۆڕم و ئەگەر مۆدێرنیزم هونەری تایبەتیی شار بێ تا رادەیەك لەبەر ئەمەیە كە هونەرمەندی مۆدێرن هەر وەكو هاوشارییەكانی خۆی، لە بازنەی شاری مۆدێرندا گیری خواردووە، لە ئیرادەیەكی شارییدا كە خۆی ئیرادەی كۆمەڵگای پیشەكاریی مۆدێرنە. شاری مۆدێرن زۆربەی كردە و پێوەندییەكانی كۆمەڵگا، بەشی مەزنی جەماوەرەكەی و زیاترین رادە لە ئەزموونی پیشەكاریی، بازرگانی، تەكنیكناسیی و روناكبیرییەكەی تایبەت كردووە بە خۆی. شار گۆڕاوە بۆ كولتوور یان ئاژاوەی پاش كولتوور. شار زاتی مۆدێرنیتە، وەك كردەیەكی كۆمەڵایەتییە، لە هەمانكاتی كە جەرگەی نەزمی زاڵی كۆمەڵایەتییە لوتكەی گەشە و گۆڕانكارییەكەشییەتی.

ئاوایە كە هونەری مۆدێرنیست پێوەندییەكی تایبەتی لەگەڵ شاری مۆدێرن هەبووە، و شار رۆڵی خۆی وەك مۆزەخانەی كولتووری و هەروەها وەك ژینگەیەكی نوێ گێڕاوە. مەیلەكانی مۆدێرنیست رەگ و ریشەی قووڵی لە پایتەختە كولتوورییەكانی ئەوروپادا هەیە. پایتەختە كولتوورییەكان هەر بەوجۆرەی كە كۆمەڵناسەكان بە ئێمەی دەڵێن لەو شارانەن كە بەشێك لە كردەكانیان تایبەت دەكەن بە خۆیان و دەبنە ناوەندگەلێك بۆ ئاڵوگۆڕی

کولتووری، شوێنگەلێك کە لەوێدا سوننەت لە بوارێکی تایبەتدا دەپارێزرێ. هەولی گرینگ دێننە ئاراوە. لە چاو شوێنەکانی دیکەدا پسپۆڕان لەوێکانە زیاترن و دەرفەت بۆ تازەگەریی زیاترە، بەڵام زۆربەی ئەم پایتەختە کولتووریانە لە راستیدا شارەکانی چەشنێ مۆدێرن بوون، کە بە هەمان رادەی گۆڕانیان لەسەر دەست بوو، درێژەشیان بە مانەوە دەدا. ئەم شارانە سەردەمایەك کە توێژی رووناکبیر پەرەی دەستاند، ناوەندی چالاکیی روناکبیریی بوون. لە پلەی توێژێکدا بە وشیاریی زیاتر دەگەیشت. رۆژ لەگەڵ رۆژ لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان دادەبڕا و زیاتر لە جاران بەرەو بڕوا بە گۆڕان و بڕوا بە داهاتوو دەچوو. ئەم شارانە ناوەندەکانی کۆچکردن لە گوندەکان، ناوەندەکانی زۆربوونی جەماوەر، هەڵچوونی نوێی رۆحی، جوانکاری و شێوازە تازەکان، هەرێم گەلێك بوون بۆ رزگاری و هەروەها بۆ بێدەمامککردنی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر گوشاری قۆناغی دووەمی شۆڕشی پیشەکاریی زیاتر و زیاتر روویانکردە جەماوەر و خەڵك سالاری. ناوەندگەلێك بۆ کردەی نوێی سیاسی و گروپینگەکان. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بۆ زۆر کەس روون بۆوە کە شار بەشێك بوو لە وەرچەرخانی بنەڕەتیی بۆ هەڵوەشانەوەی عەشیرەیی کۆن، پێوەندیە چینایەتییەکان و کۆت و بەندەکان. ئەم وەرچەرخانە بە نۆرەی خۆی کاریگەریی لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی هونەرمەندان لە خۆیان دانا و ئەوانی هاندا هەتا لەم ناوەڕۆکی بگۆڕ و داماڵدراو لە دەمارگرژییەکی کە ئێمە دەیخەینە پاڵ شاری مۆدێرنەوە، بە شوێن جۆرێك جوانیناسیدا بگەڕێن.

رێکەوت نەبوو کە سەدەی نۆزدە لە هەمانکاتی کە سەدەی مەزنی شارنشینیی رۆژئاوایی بووە، سەدەیەکیش بووە کە تێیدا نووسەران و هونەرمەندان بە دابڕان لە یارمەتیی ئابووری و لایەنگریی تایبەتییە کولتوورییەکان لە تەواوی توێژی بەردەنگدا، خۆیان لە هەلومەرجی دژوازی



سەربەخۆیی و ئیختیاری کۆمەڵایەتیدا دەدۆزییەوە، کە ئەمڕۆکە زۆربەمان پێی دەڵێین **لەخۆنامۆبوون**. دیسان ئەمەش رێکەوت نییە، کە گەشەی شارەکان وەك کۆمەڵی مەزنی مرۆڤی بە رۆڵ و بارودۆخی تەواو دژواز و لەم رووەوە وەك شوێنگەلێك بۆ ململانێ و گۆڕان و وشیاریی نوێ، دەبێتە هاوکات لەگەڵ مەیل بە تازەگەریی توندڕەوانەی کولتووری و هەروەها هەستکردن بە قەیران لە بایەخ و دەربڕیندا کە بەتایبەتی بوارە هونەرییەکانی تەنیوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەو شوێنەی کە دەکرا دیاردەی خێرای شارنشینیی بە توندڕەوترین شێوە ببینین، **جۆزیا سترۆنگ** Josiah strong شارە مۆدێرنەکانی ـ لەگەڵ پرسە بەرەو زیدەبووەکانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ هێزی یەکسانکردنی چین و نەژادەکان، لەگەڵ دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئاوێتەبوونی زاتیی ئاوات و بێ هیواییەکان، و لەگەڵ گەشەی شێرپەنجە ئاسا و شاراوەیان ـ پێی گوتن **"ناوەندەکانی رەشەبای شارستانییەت"** و بەم چەشنەبوون: **شارستانییەتیان بە واتای کولتوور خولقاند و وێرانیشیان کرد**. زایەڵە فەرمییەکانی ئەم وەرچەرخانە لە فۆرم و بێ فۆرمییەکان، لە دانان و هەڵوەشاندنەوەی هونەری مۆدێرنیستدا ئاشکرایە. ئەم ئاژاوە کولتوورییەی کە شاری پڕ لە جەماوەری روو لە زێدەبوو، ئەم تاوەری **بەیبڵە** چەند زمانە و قورسە، لە دەقە مۆدێرنەکان و لە شیوازی شێوەکارییەکانی مۆدێرنیست، بە ئاژاوەی هاوشێوە و فرە و ئەگەری بوونێکی هاوشێوە داڕشتووە.

هونەری مۆدێرنیزم یەکەم هونەرێك نەبوو، کە بە قۆناغێکی لەم چەشنە گەیشت. ئەم وشیارییانە لە ریالیزم و ناتۆڕالیزمیشدا هەیە، رەنگە بتوانین بڵێین ئەگەر نەدرکاندنی شاری مۆدێرن پێوەندیی تۆکمەی لەگەڵ هاتنەئارای راستەقینەترین، بەرفرەترین و بەرژەوەندیخوازترین فۆڕمە ئەدەبییەکان، واتە رۆماندا هەیە، بەدڵنیاییەوە زۆربەی ناوەڕۆکەکانی رۆمان، لە سووربوونی

ریالیستیی لەسەر زاڵبوونی هەقیقەتی نوێوە هەتا داکۆکیی ناتۆرالیستی لەسەر هێزی دەرەکی، تەڤگەڕی جەماوەر، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکان، کردەوەگەلێکن لە هەمبەر ئەندێشەی شاری مەزنی ژیانی مۆدێرن. بۆ نموونە **لە بەرهەمەکانی ستاندال، بەلزاک، دیکێنز، زۆلا، داستایوفسکی و ستێپان کرین** دا دەبینین کە فۆڕمی ڕۆمان خوازەی شارنشینی بەرفرە دەکاتەوە یان بە دوای ئەزموونی شارنشینیدا دەچێ و ئەو ڕۆلانە وەئەستۆ دەگرێ ـ **ڕۆڵی ڕۆژنامەوان، زانای زانستی کۆمەڵگا غەیببێژ یان پێغەمبەری سوریالیستی، مرۆڤی ژێرزەمینی** ـ کە بە باشترین شێوە دەتوانێ ناخی ئەگەریی بوون، چەندجۆری، بنەماکانی دژوازی و گەشەی ژیانی شاری پێکبێنێ. **جۆرج گێسینگ** نووسی: "**من ناچارم لە لەندەن بم، چونکە دەبێ بۆ دابینکردنی هەندێك ماتریالی نوێ هەوڵ بدەم، شار بە هەر کام لە واتاکانی خۆیەوە، ئەو ماتریالانە بوو، کە بەتایبەتیی فۆڕمی هونەریی دروست دەکرد.**

(**زۆلا** نووسی: **نزیکایەتییەك ساز دەبێ، چیرۆك لە گشت تێبینییە گەلاڵەکراوەکان ساز دەبێ، گشت پەراوێزەکان کە لەگەڵ خودی شەیدابوونی کەسایەتییەکانە و ئەمیان دەبێتە ئەوی دیکە و جگە لە دەرەنجامێکی سروشتی و ناچاری هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نییە**). بەم حاڵە وێدەچێ کە مۆدێرنیزم ئەو دەرەنجامە سروشتی و ناچارییەی وەلاناوە، هەتا شاری "**ڕاستەقینە**" لە جێگاکەی دابنێ ـ ئەو ژینگە زاڵە مادییەی کارگەکانی یەکبوون و میوانخانەکان، سندووقی ئاوێنەی دوکان و چاوەڕوانییەکان کە **زۆلا** یان **درایزێر،** بۆ نموونە ئاوا مامۆستایانە وەك بواری گشتی، کردە بۆ ئیرادە و هەوەسی مرۆڤەکان مانادار دەکەن. شوێنی خۆیان دەدەن بە شاری "**ناراستەقینە**". ناوبراو تماشاخانەی هەڵکردن و خەیاڵکردن بە دەمامکی نامۆ و جیاواز بۆ شاردنەوەی کەسایەتییەك کە **داستایوفسکی و بودلێر و کۆنراد و ئێلیوت، بیلی**



**و دۆس پاسۆس** وەکو کاریگەریی فرەبوو و زیندوو ئاراستەی دەکەن. **ڕیمۆند ویلیامز** Raymond Williams, The English Novel From Dickens to Lawrence ـ پێمانی دەڵێ: **ڕۆمانی مۆدێرنی شاریی چەشنە وشیارییەك ئاشکرا دەکا. چڕ و لە توپەت، تەواو زەینی، بەم حاڵە بە هەمان زەینییەتەوە دیترانیش وەخۆ دەگرێ، کە هەنووکە لە کاری بینا، دەنگە دەنگ، دیمەنەکان و باشی و بۆنخۆشییەکانی شارن و بەشگەلێك لەم وشیاریی تاکانە و بەپڕتاو پێکدێنن.**

**ڕیالیزم** بەمرۆڤبوونی لەبەر چاوە، **ناتۆرالیزم** زانستی بوون دەکاتە ئامانج، بەڵام مۆدێرنیزم مەبەستییەتی بە فرەیی و ئەوپەڕ ڕاستەقینە بگات. لەو شوێنەدا کە زۆربەی بەرهەمە هونەرییە ریالیستەکانی شار سنووری رزگاری و خاڵی گەیشتنە بە دەرفەت و بوارە هیوابەخشەکان و لە بەرهەمەکانی ناتۆرالیستدا سیستەمێکی بەرفرەیە کە هەم زیندووە و هەم بە ئیرادەی مرۆڤیدا تێپەڕ دەبێ، (مۆدێرنیزم) جەنگەڵی، مەترسیدار یان جەنگییە، لە بەرهەمە مۆدێرنیستەکاندا هەرێمێکە لە وشیاریی شەخسی، کاریگەرییەکی بەجریوەیە، شاری خەڵکانی بودلێرە، ڕووبەڕووبوونەوە ژێرزەمینییەکانی داستایوفسکییە، ئاوێتەبوونی ناشەرعیی هەموو شتێکی کوربێر و ئێلیوتە. Corbiere,s Melange adultere du tout.

نڤیسارە مۆدێرنیستییەکان مەیلێکی گەرمیان هەیە بۆ بەندکردنی ئەزموون لە ناو شارەکاندا و یەکێك لە فۆڕمە سەرەکییەکانی، نووسینی ڕۆمانی شاری و شیعری شارییە. بەم پێیە نڤیسارە ژێرزەمینییەکانی داستایوفسکی، **برسێتیی** هامسۆن، **شازادە خاتوونی کازاماسیمای** جەیمز، **ماگی** ی ستێپان کرین، **مەیدانی ئەلێکساندەر بێرلین** بەرهەمی دوبلین، **سێن پێترزبورگی** بیلی، **پۆلیسی نهێنیی** کۆنراد، **هیوسۆلوین**-ی موبێرلی پاوند، **گورگی بیابانی** هێسێ،

شیعرەکانی مایاکۆفسکی، ڕۆمانەکانی تێری یێست-ی سویڤۆ، **وێستلەندی** ئێلیوت، **پۆل هارتی** کرین، **گواستنەوەی مانهاتان**-ی دوس پاسۆس، **خاتوو دالووی** ویرجینیا وۆلف، **چاوبەستێنی** کانێتی، **پاتێرسۆنی** ڤیلیام کارلۆس ڤیلیامز و **هێلنجی** سارتر گشتیان بە جۆرەکانی پێوەندیدار بە مۆدێرنیزمەوە گرێدراون. ئەوەی بەتایبەتی گرینگە ئەوەیە کە گریمانەی گشتگیری ئەم بەرهەمانە لە بارەی سروشتی ناچاری شاریی ئەو روانگەیەی ئێمە تێیدا دەژین، تێڕوانینێکە کە لەوێدا شار هەر بەو جۆرەی بە پێداگرییەوە وەبیریان هێناوینەتەوە "سیستەمێکە لە ژیان بە پێی بنەمایەکی تەواو نوێ"، تێڕوانینێك کە هونەرمەندی مۆدێرن دەکاتە خۆجێیی شاری، نەك بەو هۆیەی کە شار تێڕوانینی ئەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە کە شار روانگەی مۆدێرنییەتی. زیاتری هونەری مۆدێرنیستی ئەم پێگە و ئەم تێڕوانینەیان لە چەشنێکی تایبەت لە دوورەپەرێزی یان دۆخی شاربەدەریی وەرگرتووە ـ دوورکەوتنەوە لە سەرچاوەی خۆجێیی، پێوەندیی چینایەتی، ئەرك و بەڵێنی ئەو کەسانەی رۆڵێکی لە پێشدا دەستنیشانکراویان لە کولتوورێکی یەك پارچەدا هەیە. هونەرمەند لە قووڵبوونەوەی روو لە زێدەبووی لە شاردا وردە وردە خۆی لەگەڵ دۆخی رووناکبیران رێکدەخا و راست هەر بەوجۆرەی کە رووناکبیرە مۆدێرنەکان بوونەتە شتێکی وەکو گروپێکی بێچین و توێژ، خۆیان بۆ تازەگەریی تەرخان کردووە و هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی (ئاستی) وشیاریی بەرنەسەرێ، هەتا چەشنێك نیگای سەربەخۆی فۆتۆریستی لە سەرەوە دابین بکەن، هونەرمەندە مۆدێرنیستەکانیش کە زۆربەیان وەکو **ستێپان دادالوس** خۆیان لە بنەماڵە و رەچەڵەك و ئایین دابڕیوە هەتا ویژدانی نەخولقاوی خۆیان ساز بکەن ـ دۆخێکی هاوشێوەیان هەیە. ئەمە بۆتە هۆی وروژاندنی زۆر باس و خواسی جوانیناسیی پسپۆڕیی و هەستیاربوون بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جوانکاری و شێوازەکان کە نوێنەری



بەشێکە لە مۆدێرنیزم. بەڵام ئەمە هاوتەریب بۆتە ئەو دۆزینەوەیەی ژینگەی کولتووری کە تازەگەریی کولتووری لە ناخییەوە بۆ دەرەوە بڵاوبۆتەوە. ئەگەر یەکێك لە هەوێنەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنیست دابڕانی تێکەوتبێ و دۆڕان بێت، هەوێنەکەی دیکەی رزگاربوونی هونەرمەندانەیە ـ هەر بەوجۆرەی کە نە تەنیا **دادالوس** لە وێنەی هونەرمەندا لە پلەی پیاوێکی گەنج بەڵکو **پەول مور** لە کوڕان و ئاشقان، **جۆرج ویلارد** لە واینزبێرگ، ئۆهایۆ و زۆربەی پاڵەوانەکانی دیکەی ئەدەبیی لە کۆتایی ئەم رۆمانانەدا کەوتنە سەرەتای چەشنێك پێناسەی نوێی شاریی خۆیان ـ دەڵێی پشکنینی خود و هونەر بەیەکەوە و تەنیا لە ژێر تیشکی رووتی بوون و کوێرکەری شار دەتوانێ بەئاکام بگا، لەو شوێنەی بە چەشنێك کە **جولیس هارت** لە وتەیەکی هەژێنەر لە شیعرەکەیدا بە نێوی سەفەر بۆ بێرلین ئاماژەی بۆ دەکا، مرۆڤ **"بە توندوتیژییەوە دەکەوێتە خشتی ژیانی مێگەلییەوە"**.

ئەمە هەمان وێنەیە کە هونەر بە شارەکان و شارەکان بە هونەر ئاراستە دەکا، چونکە مۆدێرنیزمی هونەر دایکی شارییە، واتە هونەری گروپی، هونەری پسپۆڕی، هونەری رووناکبیری، هونەرێك بۆ هاوچەشنە هونەرییەکان، کە سەرەڕای گشت دژوازییەکانی وەبیرهێنەرەوەی جەبری شارستانییەتە و لە راستیدا زۆریش **دایکشار** نییە، بەڵکو **جیهان وەتەنە:** لە سەفەری جوانیناسیی ئاشکرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی فۆڕم لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەچێ. نووسەر رەنگە بە شوێنەوە بنووسێ، هەر بەو جۆرەی کە **جۆیس** بە دوبلین و **هەمینگوای** بە دارستانی میشیگانەوە نووسا، بەڵام دیدی ئەوان لە مەودای دیدی رەتکەرەوەی شارەزایە بە جوانیناسیی نێونەتەوەیی.

سەرەڕای ئەمە، نووسەر رەنگە ئەو چەشنە نووسەرە مۆدێرنیستە بووە کە **جۆرج ستاینێر** لە کتێبی (١٩٧٢ George Steiner Extraterritorial)ی

خۆیدا وەك نوێنەری چاخی ئێمە دیتوویەتی: نووسەری بێماڵ و حاڵ، نووسەرێکی کە بۆ خۆی زمان بە چەند زمانە دەبینێ ـ یان هەر بەوجۆرەی کە **وایلد** دیتی کاتێ **سالومەی** بە فەڕانسەیی نووسی، یان **پاوند** بە شیعرە چەند زمانەکانی یان **بێکت** و **نابۆکۆف** کە بە چەندین زمان کتێبیان نووسیوە، و ئەمەی ئاوێتەی سروشتی زمان کردووە. بەمجۆرە زۆرجاران ئەوە روویداوە کە کۆچکردن یان شاربەدەریی بە مەرجی پێویست زانیوە بۆ وەرگرتنی هاوڵاتیبوون لە وڵاتی هونەرەکان، وڵاتێك کە شاهیدی سەفەری زۆربەی نووسەرانی مەزنی دنیا بووە: جۆیس، لارێنس، مان، برێشت، ئودن، نابۆکۆف، ئەم وڵاتە روانگە، جوگرافیا، کۆمەڵە ناوەندییەکان، شوێنەکانی شاربەدەریی تایبەتی خۆی دۆزیوەتەوە ـ **زووریخ** لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، **نیۆیۆرك** لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی، نووسەر بۆ خۆی دەبێتە ئەندامی گروپێکی سەرگەردان و لە رووی کولتوورییەوە سەرنج دەدا ـ بە شاربەدەریی زۆرەملیی (وەکو شاربەدەریی **نابۆکۆف** پاش شۆڕشی روسیە) یان بە پلان و مەیلی شەخسییەوە. شوێنی داهێنانی هونەریی دەتوانێ یۆتۆپیایەکی دوورەدەست بێ، ئەو شوێنەی کە بە داهێنەر لە قەڵەم بدرێ، یان ئاژاوەی بەهرەدار بێت و رۆحی جیهان لەگەڕ دابێ. ئاوایە کە **جۆرج مور** باسی رۆحیەیەك دەکا کە یەخەی زۆربەی هاوچەرخە ئینگلیزییەکانی ئەوی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گرت:
(George Moor, Confessions of a Yaung man London ١٨٨٨)

فەڕانسە! ئەم وشەیە لە گوێمدا زرینگاوە و تروسکەی لە چاوم درا. فەڕانسە! گشت هەستەکانم وەکو پۆلی مەلەوانەکان راچڵەکی کە بە هۆی هاواری چاودێر کە **"ویشکانی دەرکەوت"** راپەڕین. دەستبەجێ زانیم کە وا باشترە بچم بۆ فەڕانسە، بچم بۆ فەڕانسە، دەبێ لەوێ بژیم، دەبێ ببمە فەڕانسەیی. نەمدەزانی کەی و چۆن، بەڵام دەمزانی کە دەبێ بڕۆم بۆ فەڕانسە....



**گێرترود ستاین** رستەی گونجاو کورت دەکاتەوە ــ نووسەران دەبێ دوو نیشتیمانیان هەبێ، "یەکیان کە هی **ئەوێن** و ئەوی دیکەیان کە **لێی دەژین**" ـ و سەبارەت بە خۆی وتەیەکیشی پێوە زێدە دەکا: ئەمریکا نیشتیمانی منە، و پاریس ماڵی منە Gertrude Stein Paris France (New York and London ١٩٤٠)"**وڵاتی دووەم**" ماتریالیزمی وڵاتی دووەمی ئارام دەکردەوە، فۆرمی بە ماتریال دەدا، پایتەختی کولتووریی خوێندنگەیەك بوو کە توانستی مۆدێرنی هونەرمەندیی بەکردەوە دەکا. جاروبارە ئەم شارە پایتەختی وڵات بوو کە نووسەرانی لە شارە دوورەکانەوە بەرەو لای خۆی رادەکێشا. لە حاڵەتی دیکەدا دیسان شوێنێکی دیکە بوو: **بێرلین** و **پاریس** بۆ نوسەرانی روسی و سکاندیناڤی، و دیسانەوە پاریس بۆ نووسەرانی ئەمریکایی لە ماوەی دەیەی ١٩٢٠. دەتوانین نەخشەگەلێك بکێشینەوە و ناوەند و ئەیالەتە هونەرییەکان، هاوسەنگیی نێونەتەوەیی دەسەڵاتی کولتووری لەسەری دەستنیشان بکەین ـ کە هەرچەند بێگومان پێوەندییەکی ورد هەیە، بەڵام قەت بە تەواوی ئەو هاوسەنگییە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی نییە. هەر بەوجۆرەی کە جوانیناسی دەگۆڕێت نەخشەکانیش دەگۆڕێن: پاریس بۆ مۆدێرنیزم بێشك هەمیشە ناوەندی زاڵ بووە، سەرچاوەی ژیانی ئازاد، هەڵکردن و شێوەی ژیانی شاربەدەری، بەڵام دەتوانین داکشانی رۆما و فلۆرانس، گەشە و پاشان داکشانی لەندەن، قۆناغی زاڵبوونی بێرلین و میونیخ، هێرشی توند لە لایەن نەرویج و فەنلاند، درەوشانەوەی ڤیەن وەك قۆناغە سەرەکییەکانی گۆڕانی جوگرافیایی مۆدێرنیزم ببینین، کە نەخشەکەی تەڤگەڕی نووسەران و هونەرمەندان، رەوتی شەپۆلەکانی ئەندێشە و تەقینەوەکانی بەرهەمهێنانی پڕبایەخی هونەریی دەیکێشنەوە.

لە ناو شارە گەورەکاندا گوندەکانی جیهان وەتەنیی هونەرەکان هەن، ژینگە و گەڕەکە بێ کۆت و بەندەکان کە لە وێدا بەدوای کارکردی جوانیناسیدا دەچن:

**مونپارناس**، سوهو، گرینویچ و ویلج. پێناسەی جیاکاریی راجێر شاتوك لەم کەشوهەوایە لە لێکۆڵینەوەی ئەو لە پێشەنگیی فەڕانسەیی لە کتێبی "ساڵەکانی جێژن" Rager Shattuck, The Banquet Years: The Arts in France, ١٨٨٥ـ١٩١٨ و گونجاو دەنوێنێ: ئەو لە "ئێقلیمی بوونی ئەم جیهان ـ وەتەن"ی ئەم کۆبوونەوانە دەدوێ، بەڵام ئەم کۆبوونەوانە بەو هۆیە ببوونە جیهان وەتەنی کە کاریگەرییان بڵاو دەکردەوە و پێوەندییان ساز دەکردو بە گشتی بە هۆی ئەم کاریگەربوونەی پێوەندییەکان بووە، کە مۆدێرنیزم تەڤگەڕێکی نێونەتەوەییە. ئەمە نە تەنیا دەگەڕاوە سەر رووداوەکانی شارە تایبەتەکان، بەڵکو پێوەندیی هەبوو بە ئامادەبوونی نووسەرەکانیش کە سەفەری خۆیان هەر بە شارێك تەواو نەکەن و لە شارەکانی دیکەدا درێژەی پێبدەن. لەم رووەوە **گێرترود ستاین** لە ساڵی **١٩٠٣** لە ئەمریکاوە کۆچی کرد بۆ **پاریس** و ئەوکات بیست ساڵ دواتر بوو بە خاڵی سەرەکیی رۆیشتن بۆ بەرەکانی دواتری شێوەکارە کوبیستەکان و رۆماننووسانی ئەمریکایی. **سترین بێرگ** هەر بەم شێوەیە چوو بۆ باشووری ئەورووپا و شانۆیی نووسیی سکاندیناڤی لەگەڵ **ئێکسپێرسیونیزمی** ئەورووپایی گرێدا. **ئیماژیزم** بە گشتی بەرهەمی کاری ئەو ئەمریکاییانە بوو کە لە ساڵانی پاش شەڕ وڵاتیان بەرەو **لەندەن** بەجێهێشتبوو، هەر بەو جۆرەی کە **دادا** بە گشتی بەرهەمی کاری ئەو ئەڵمانیانە بوو کە کۆچیان کردبوو، هەروەها ئەوانەی وا لە ماوەی شەڕدا لە **زوریخ** بوون. لە دەیەی ١٩٢٠دا پاریس وردە وردە بوو بە گەورەشاری **مۆدێرنیزم**، روسییەکان کۆچیان کرد و **دادایستەکانی** لە **زوریخ**، و تەواوی بەرەیەك لە نووسەرە ئەمریکاییەکان کە ملکەچی ئەزموون بوون بەرەو لای خۆی راکێشا. لە هەلومەرجی رووخانی ئابووری و لەرزۆکبوونی رۆحیەی پاش شەڕ هەمان دۆخی پاراست، ئەو دامەزراوە کولتوورییە تا رادەیەك هەمیشەیی و لە هەمان حاڵدا بگۆڕ، کە



پێویستیی نووسەرە گەنجەکان بوو. لە راستیدا پاریس هەم بە ئاژاوە و هەم بە بەردەوامبوونی توانی ببێتە شاری جیهان وەتەنی، کولتووری، **تادار** و چالاك، شۆڕشگێر و لە هەمانکاتدا خۆپارێز. لە شەڕی دووەمی جیهانیدا شاری **نیۆیۆرك** تا رادەیەك توانی ببێتە میراتگری **پاریس**، بەڵام **مۆدێرنیزم** شتێك زیاتر لە هەر کام لەم شارانە بوو، کۆکراوەی زۆربەی پایتەخت و نەتەوە و زۆربەی هەوڵ و تێکۆشانەکان و مەیلە جوانیناسانە و زەینییەکان.

***

**ژێدەر:**

فصلنامەء زندەرود.